هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر

# ڕەهەندی مۆسیقی
# لە شیعرە کوردییەکانی ( صافی ) دا

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر
کراوە وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا

لەلایەن
**عثمان عبدالله فرج** ـ بەکالۆریۆس ـ کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان ـ زانکۆی سەلاحەددین ـ ٢٠٠٥

بەسەرپەرشتی
**پ.ی.د. عبدالله خدر مولود**

جۆزەردان ٢٧١١ کوردی ڕەجەب ١٤٣٢ کۆچی حوزەیران ٢٠١١ زاینی

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانكۆی سەلاحەددین ئامادەكراوە، بەشێكە لە پێویستییەكانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی كوردیدا.

ناو: پ. ی. د. عبدالله خدر مولود
مێژوو: / / ٢٠١١

بە پێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشكەشی لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

ناو: پ. ی. د. نەوزاد وەقاص سەعید
سەرۆكی بەشی زمانی كوردی
مێژوو: / / ٢٠١١

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی تاوتویکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو:
سەرۆکی لیژنە
مێژوو: / / ٢٠١١

ناو:
ئەندام
مێژوو: / / ٢٠١١

ناو:
ئەندام
مێژوو: / / ٢٠١١

ناو:
ئەندام و سەرپەرشتیار
مێژوو: / / ٢٠١١

لەلایەن ئە نجومەنی کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکانەوە پەسەندکرا.

ناو: پ. ی. د. شادان جمیل عباس
ڕاگری کۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سەلاحەددین
مێژوو: / / ٢٠١١

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَاللهُ أَخْرَجَكُمْ مِنْ بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ لاَ تَعْلَمُونَ شَيْئاَ
وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَ الأَبْصَارَ وَ الأَفْئِدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونْ﴾

**(سورة النحل، الاية:٧٨)**

# پێشکەشە بە

❖ بە دایك و باوك و خوشك و براکانم.

❖ بە سەرجەم دڵسۆزانم لە ژیاندا.

❖ بەوانەی داهێنەرن و شەیدای داهێنانن لە ئەدەبی کوردیدا.

❖ بە هەموو ئەو کەسانەی ئەم نامەیە دەخوێننەوە.

// سوپاس و پێزانین

- سـەرەتا و پێش هەموو شتێك لە ناخی دڵمەوە سوپاسی خوای بەخشندە و میهرەبان دەكەم.
- زۆر سوپاس بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی پەروەردە ـ بەشە مرۆڤایەتییەكان، بەشی زمانی كوردی، كە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم.
- سوپاس و پێزانینم بۆ خانەوادەكەم كە بە تەنگ سەركەوتوویی نامەكەمەوە بوون.
- سوپاس و ڕێزی بێ پایانم بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم ( پ.ی.د. عبدالله خدر مولود ) كە بە گیانێكی لە خۆ بردووانەوە سەرپەرشتی كردنی نامەكەی گرتە ئەستۆی.
- سوپاسی زۆرم بۆ هەموو ئەو مامۆستا و كارمەند و لایەنانەی كە هاوكاریان كردووم لە دەست كەوتنی سەرچاوە و سەرخستنی توێژینەوەكەم.
- سوپاس و پێزانینێكی زۆرم بۆ ( م. علی حسین عمر ) كە لە ڕووی كاری كۆمپیوتەری و ( م. میقداد محمد شكر و عیسی بایز ) هەیە كە هاوكاری زۆریان كردووم لە كاری وەرگێڕاندا.

# ناوەڕۆک

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەكی | ١ |
| بەشی یەكەم: هونەر و ئەدەب | ٤ |
| چەمكی مۆسیقی | ٥ |
| چەمكی ڕیتم | ٨ |
| دەنگ | ١٥ |
| هێز و ئاوازە | ٢٢ |
| كێش و ڕیتم | ٢٦ |
| ڕیتم لەنێوان شیعر و مۆسیقادا | ٣٠ |
| هارمۆنیەت لەنێوان شیعر و مۆسیقادا | ٤٠ |
| كێشی عەرووزی و مۆسیقا | ٤٢ |
| وەستانی عەرووزی و وەستان لە مۆسیقادا | ٤٦ |
| بەشی دووەم: مۆسیقای شیعر | ٥٠ |
| تەوەری یەكەم: ڕیتمی دەرەوە | ٥٢ |
| كێش | ٥٢ |
| كێشی عەرووزی عەرەبی | ٥٤ |
| كێشی تێكەڵ | ٦٤ |
| سەروا | ٦٦ |
| تەوەری دووەم: ڕیتمی ناوەوە | ٧٦ |
| دووبارەكردنەوە | ٧٨ |
| ڕەگەزدۆزی | ٩١ |
| دژیەك | ٩٥ |
| بەرامبەری | ٩٧ |
| جێگۆڕكێ | ٩٨ |
| سەرواسازی ناوەوە | ٩٩ |
| كەرتكردن | ٩٩ |
| وشەی هاوكێش و هاوسەروا | ١٠٢ |

| | |
|---|---|
| هاوتەریبی پێکهاتەیی | ١٠٦ |
| **بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەی مۆسیقا لەنێو شیعردا** | **١٠٨** |
| تەوەری یەکەم: ڕەنگدانەوەی زاراوە و ئامێرە مۆسیقاییەکان لە شیعرەکانی (صافی) دا | ١٠٩ |
| تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی مەقام لە شیعرەکانی (صافی) دا | ١٢١ |
| ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە | ١٣٨ |
| سەرچاوەکان | ١٣٩ |
| کورتەی باسەکە بە زمانی عەرەبی ( ملخص البحث) | أ |
| کورتەی باسەکە بە زمانی ئینگلیزی ( Abstract ) | A |

# پێشەکی

# پێشەکی

ڕیتم ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە ئەدەب و هونەردا بە گشتی و شیعر بەتایبەتیدا هەیە، چونکە شیعر هەر لەکۆنەوە پێوەست بووە بە ڕیتم و مۆسیقاوە. ئەمە جگە لەوەی ڕیتم ڕەگــەزێکی سەرەکی مۆسیقایە و لەپاڵ ڕەگەزەکانی تردا ڕۆڵێکی سەرەکی لەمۆسیقادا دەگێڕێت، چونکە لە هەرشوێنێك مۆسیقا خۆی دابڕێژێت، ئەوا بە ڕیتم دەست پێدەکات.

بۆیە ڕیتم خەسڵەتی هاوبەشی نێوان هەموو هونـەرەکانە و تەنیا لە شیعر و مۆسیقادا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو سەرجەم بەشەکانی هونـەر دەگرێتەوە و کاریگەریشیان بەسەر یەکتریەوە هەیە. دیارە هەر کاریگەری زمانی مۆسیقایە کە وای کردووە کاریگەری لەسەر شیعر دروست بکات و هەندێك جار بڵێین: شیعر مۆسیقایە، یان زمانی شیعر لە زمانی ئاخاوتن بەهێزترە، چونکە هەر لەسەرەتای بوونیانەوە وەك دوو دوانە وان بەیەکەوە هاتبن.

هەرچەندە هەریەکە لە شیعر و مۆسیقا تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام هەرگیز شیعر خاڵی نییە لە مۆسیقا و هەردەم مۆسیقا ڕەگەزێکی سەرەکی و پێوەرێکی شیعر بووە. کەوایە ئەوەی مەبەستمانە بەشێوەیێکی گشتی مۆسیقایە و مۆسیقای شیعرە، بەتایبەتی کە خۆی لەهەردوو ڕیتمی دەرەوە و ناوەوە دەبینێتەوە. بۆیە لەبەر گرنگی ڕیتم و پێوەندی پتەوی بە شیعر و مۆسیقا و دەرخستنی بەهاکەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە شیعرە کوردییەکانی سـافـی دەکاتە بابەتی خۆی.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و زیندوویێتی خودی بابەتەکە، چونکە ڕەهەندی مۆسیقی بوارێکی فراوانە و بابەت گەلێکی مۆسیقی لەئامێز دەگرێت. گەرچی لەئەدەبی کوردیدا تا ڕادەیێك لەڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا گرنگی بە مۆسیقای شیعر دراوە، بەڵام هەوڵێکی ئەکادیمی ئەوتۆ نەدراوە کە بایەخی ڕاستەوخۆی بە پێوەندی و کاریگەری نێوان شیعر و هونەری مۆسیقا دابێت.

هەڵبژاردنی سـافـیش لەبەرئەوەیە شاعیرێکی بەتوانای قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردییە و جگە لەوەش سەلیقەی شاعیر و بەهێزی ڕیتمی شیعرەکانی و ژیانی تایبەتی سـافـی لە عیشقی بەرامبەر هونـەر و ئەدەب. ئەوا شیعرە کوردییەکانی بوو بەبابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

ئاشکرایە هیچ کارێکی زانستی هەروا بەئاسانی دەستەبەر نابێت و بێ گیروگرفت نابێت، بۆیە گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەش کەمی سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی بوو کە بە شێوەیێکی سەرەکی ڕەهەندی مۆسیقی کردبێتە تەوەری لێکۆڵینەوەکەی. ئەمەشیان ئەرکی لێکۆڵەری قورس کردبوو لە گەڕان بەدوای زانیاری پێوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمان

داوە بەشێوەیێکی ورد و زانستی ئەو زانیارییانە وەربگرین کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەوە هەیە.

گرفتێکی تری بەردەم لێکۆڵینەوەکە کەمی سەرچاوەی پێویست بوو بەزمانی کوردی کە ناچار دەبووین پشت بەسەرچاوەی عەرەبی و بیانی ببەستین. ئەمەش گرفتێکی ترمان بۆ دروست کردبوو لە وەرگێڕانی دەقە بیانییەکان کە پێوستی بەکاتێکی زۆر هەبوو. هەرچی سەبارەت بەڕێبازی لێکۆڵینەوەکەیە، ئەوا پێڕەوی ڕێبازی ڕەخنەیی شیکاریمان کردووە.

پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەش جگە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوە بەکارهاتووەکان، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە بەم شێوەیە:

**بەشی یەکەم:**

لەژێر ناونیشانی (هونەر و ئەدەب) دایە، کە چەمکی مۆسیقی و چەمکی ڕیتم و دەنگ و هێز و ئاوازەی تێدا ڕوون کراوەتەوە. پاشان باسمان لە پێوەندی نێوان کێش و ڕیتم کردووە. جگە لەدەرخستنی ئەو پێوەندییەی لەنێوان شیعر و مۆسیقادا هەیە و ڕۆڵی هەریەك لە ڕیتم و هارمۆنییەت و وەستانمان لەو نێوەندەدا دیاری کردووە.

**بەشی دووەم:**

لەژێر ناونیشانی (مۆسیقای شیعر) دایە و لە دوو تەوەر پێکهاتووە:

**تەوەری یەکەم:** لەم تەوەرەدا باسمان لە مۆسیقای شیعر کردووە و پاشان باسمان لە ڕیتمی دەرەوە کردووە، کە هەریەك لە کێش و سەروا دەگرێتەوە لەکێشدا باس لە کێشی عەرووزی عەرەبی کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کێش و قالبە کێشەی شیعرە کوردییەکانی سافی خراونەتەڕوو. لەسەرواشدا تیشك خراوەتەسەر ڕیتمی سەرواکان و جۆری ئەو سەروایەی کە شاعیر پێڕەوی کردووە.

**تەوەری دووەم:** لەم تەوەرەدا باسمان لەو لایەنانە کردووە کە ڕۆلیان لە دروست بوونی ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکانی سافیدا هەیە، وەك:(دووبارەکردنەوە و ڕەگەزدۆزی و دژیەك و جێگۆڕکێ و وشەی هاوکێش و هاوسەروا و هاوتەریبی پێکهاتەیی).

**بەشی سێیەم:**

لەژێر ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی مۆسیقا لەنێو شیعر) دایە و لە دوو تەوەر پێکهاتووە:

**تەوەری یەکەم:** لەم تەوەرەدا باسمان لە ڕەنگدانەوەی زاراوە و ئامێرە مۆسیقاییەکان کردووە کە سافی لەشیعرە کوردییەکانیدا ناوی هێناون و تەوزیفی کردوون و هەریەکەیان وەسفێکی لە پلەی کارتێکردن و هەژاندنی داونەتێ و بۆ مەبەستی تایبەت بەکاری هێناون.

**تەوەری دووەم:** لەم تەوەرەدا باسمان لە ڕەنگدانەوەی ئەو مەقامانە کردووە، کە سافی وەك پێشینەیێکی مۆسیقی ناوی هێناون، هەوڵیشمان داوە بەنموونە شیعرییەکانی سافی بابەتەکەمان دەوڵەمەند بکەین و پێشینە و شارەزایی شاعیر لەو بارەوە بخەینەڕوو.

# بەشی یەکەم :
# هونەر و ئەدەب

## بەشی یەکەم:

# هونـەر و ئـەدەب

جێگای خۆیێتی بەرلەوەی بچینە ناو باسەکەمانەوە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە مەبەست لە هونەر و ئەدەب، هونەرە بەشێوەییێکی گشتی و ئەدەبە بەشێوەیێکی تایبەت، چونکە (هونەر وشەییێکە دەگشتێندرێت بەسەر هەرکارێك کە بەکارامەیی ئەنجام بدرێت، دەبینین سەدان جۆر هونەر هەیە وەك هونەری چێشت لێنان، داتاشین...هتد).[1] بۆیە دەبینین هونەر هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە لەسەر گۆی زەوی بەهۆی سروشتەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مرۆڤدا پەیداکردووە. هەرچەندە پێناسەی هونەر بەگوێرەی بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیان دەگۆڕێت. یەکێك لەوانە پێیوایە (هونەر بەرهەمی دەستی مرۆڤە کە لەدەوری ڕەگەزە جوانکارییەکان دەخولێتەوە، یان جوانی لەبنچینەدا لە دەوری بەرهەمەکە دەخولێتەوە).[2] کەوایە (گوزارشتێکی جوانە لە هەڵسوکەوتی مرۆڤێکی بەئەزموون لەکارە تایبەتییەکەیدا لە سروشت و کۆمەڵگە بەهۆکارەکانی ڕەنگ و وشە و شێوە و نەغمە).[3]

هەتا ئێرە قسەکردنمان لەسەر هونەر بوو بەگشتی، کە ئەویش بەسەر دووبەش دابەش دەبێت (هونەرە سوودبەخشەکان وەك: دارتاشی، ئاسنگەری..هتد. هونەرەجوانەکان مەبەست لێیان سوودنییە، بەڵکو مەبەست لێیان جوانکارییە وەك: وێنەکردن و پەیکەرتاشی و مۆسیقا و ئەدەب، هونەرەجوانەکانیش دوو جۆرن: بیستراو کە بەگوێ درکی پێدەکرێت، وەك: مۆسیقا و ئەدەب، بینراو کە بەچاو دەبینرێت وەك: وێنەکردن و پەیکەرتاشی).[4] مەبەستی سەرەکیشمان لە هونەرەجوانەکان ئەدەب و مۆسیقایە کە بە بیستن درکیان پێدەکەین. سەبارەت بە مۆسیقا ئەوا دێینەسەر باسی، هەرچی ئەدەبە کە (ئەداو مەبەستی خۆی بەهۆی وشەوە دەکات).[5] لەزۆر ڕووەوە بەهونەرەجوانەکان پێوەستە بەتایبەتیش لەڕووی ئامانجەوە کە لایەنی جوانکارییەکەی دەگرێتەوە. هەرچەندە هەریەکێك لەو هونەرانە خاوەنی کەرەستەی تایبەتی خۆیانن، بەڵام لەهەمان کاتدا پێوەستیشن بەتایبەتی پێوەندی پتەوی نێوان مۆسیقا و ئەدەب، لە ئەدەبیشدا

---

(١) شوقي ضيف(د)، في الادب والنقد، دارالمعارف، القاهرة، ١٩٩٩، ص ٧١ .

(٢) محمد زغلول سلام، الناشر منشاة المعارف بالاسكندرية، القاهرة، ١٩٨١، ص ١ .

(٣) ميشال عاصي(د)، الفن والادب، دارالاندلس، بيروت ـ لبنان، ١٩٦٣، ص ٣٥ .

(٤) شوقي ضيف(د)، في الادب والنقد، ص ٧١ .

(٥) لاسل ابر كرومبي، قواعد النقد الادبي، ترجمة، محمد عوض محمد، طبعة ٢ ، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٤ .

مەبەستی سەرەکیمان شیعرە کە پشکی شێری بەرکەوتووە و خەسڵەت و بەکارهێنانی خۆی بە جیاوازتر لەچاو هونەرەکانی تری ئەدەبدا هەیە.

## - چەمکی مۆسیقی:

زاراوەی مۆسیقا بۆ ناوی (میوز – muse)ی خواوەندی شیعر دەگەڕێتەوە، کە ئەمیش (یەکێکە لە نۆ ژنە خواوەندە گریکییەکان کە کچانی (زیوس و میخوس)بوون، هەر یەکێك لەمانە سەرپەرشتی چالاکییەك یان هونەرێك دەکات: شیعری داستانی، مێژوویی،[*] شیعری خۆشەویستی، شیعری گۆرانی، مەرگەسات، گۆرانی ستایشی بۆ خواوەندەکان، سەماکردن، ساتیر، ئەستێرەناسی. نەریت وابوو بۆ شاعیر بەتایبەت شاعیری داستان کە پەنا بۆ "میوز" ببات بۆ ئەوەی یارمەتی لەکارەکەیدا بدات).[٦]

هەرچی وشەی "الموسیقی"[**] یە، کە (لەزمانی عەرەبیدا بەهەرشتێك دەوترێت کە مۆسیقای لێوە دەربچێت لەزمانی ئینگلیزیدا بەرامبەر وشەی "music" ڕادەوستێت و لەزمانی فەرەنسیدا "musique"یە، ئەم وشەیەش لەبنچینەدا یۆنانییە بەواتای "موزی" بەشێوەیێکی نیمچە ئەندێشەیی سەیر دەکرا بەوەی کە هونەرێکە خواوەندی هونەر بۆی ڕەوان دەکات، وشەی "موست" بەواتای ژیانەوە دێت، پاشان پیتی ئەلفی بۆ زیادکراوە بووە بە "موسا" واتە ئیلهام بۆ هاتوو)ە.[٧] ڕای تریش هەیە هەر لەم بارەوە پێی وایە کە (لەوشەی "موسا"وە داتاشراوە کە واتای ئیلهام بەخش دەگەیێنێت، لەپاشاندا پیتی "قی"ی خراوەتەسەر و بووە بە "موسیقی" و بە"موسیقا"ش گۆ دەکرێت).[٨] ڕایێکی دووریش هەیە کە لە کتێبی "جواهر الاسرار"دا هاتووە: ("مو" لەزمانی سریانیدا واتە هەوا، "سیقی"یش بە واتای گرێ، واتە مۆسیقازان بە هاوکاری ناسکی کارەکەی لەگوتندا هەواکە گرێ دەدات).[٩] هەر دەربارەی زاراوەی "الموسیقی" لەفەرهەنگدا وا هاتووە کە (بەو کۆمەڵە ئامێرانە دەوترێت کە بەیەکەوە دەژەنرێت)[١٠]. هەرچی مۆسیقایە، ئەوا هونەرێکە بەوە جیادەکرێتەوە کە سروشتێکی تایبەت بەخۆی هەیە وا دەکات

---

(*) خواوەندی پارێزەری مێژوو، بروانە، حسن سعيد كرمی(د) – قاموس الموغنی الاكبر .

(1) J .A . Cuddon, A Dictionary of literary terms, Penguin Books, Andre Deutsch Ltd, 1979.

(**) زۆرینەی ڕای زمانەوانەکانی عەرەبی پێیان وایە کە وشەی (موسیقا) بە ئەلفی مەمدوود بنووسرێت، چونکە لەبنچینەدا عەجەمییە، تێڕوانینێکی تریش هەیە دەڵێت: وشەکە تەعریب کراوە و ڕێزمانی عەرەبی لەسەر پڕاکتیزە دەکرێت، کە پێویستە بە ئەلفی مەقسورە بنووسرێت. احمد رجائي(د)، اوزان الالحان بلغة العروض، ص ٥ .

(٧) هالة محجوب(د)، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، دار الوفاء للنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٧، ص ٢١ .

(٣) محمد محمود سامي حافظ، قواعد الموسيقى الغربية وتذوقها، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ؟ ، ص ١ .

(٩) بهزاد نقيب سردشت، ساز شناسى موسيقى كردى، انتيشارات توكلى، تهران، ١٣٨٥، ص ٣١ .

(١٠) رينهات دوزى، تكملة المعاجم العربية، ترجمه و علق عليه، جمال الخياط، جزء العاشر، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٠ .

دوورترین هونەر بێت کە بتوانین پێناسەیێکی گشتی بۆ بکەین و بەسەری دابڕین، ئەوەش لەبەر ئەو سروشتە تایبەتییەی خودی ئەوە کە پێی جیادەکرێتەوە.

بۆیە مۆسیقا بەرزترین هونەر و لەهەموو هونەرەکانی تر زیاتر تەعبیر لە ڕەها "مطلق" دەکات، لەبەر ئەوەی هونەرێکی تەواو یەکانگیرە. هەرچەندە مۆسیقا پێناسەی جۆراوجۆری بۆکراوە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی کراوە ئەوەیە کە هەموو پێناسەکان لە دوو ئاراستەوە وەردەگیرێن:(١١)

ئاراستەی یەکەی / ئەوەیە کە تایبەتە بەپێناسە خەیاڵییەکان یان شاعیرییەکان.

ئاراستەی دووەم / ئەوەیە کە تایبەتە بەپێناسە واقعییەکان یان زانستییەکان.

بۆیە هونەری مۆسیقا (یەکێکە لە هونەرە جوانەکان کە لە کاتی گوزارشت کردنیدا کاریگەرییێکی قووڵ لەسەر دەروونی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت. مۆسیقا لەگەڵ گەشەکردنی ژیان گەشەی کردووە و لەگەڵیشیدا پێش دەکەوێت. مۆسیقاش هونەری دانان و گونجاندنە لەنێوان دەنگەکان بەجۆرێك کە لەکاتی بیستنیدا هەست بەئارامی دەکەین).(١٢) کەواتە مۆسیقا بەشێکە لە هونەرە جوانەکان وەکو هەر هونەرێك لە هونەرەکانی تری وەك هونەری وێنەکێشان و بەشەکانی تری و هونەری شانۆیی و سەما... هتد. ئەم بەشانەی هونەریش بەگشتی کاریگەرییان بەسەر یەکترییەوە هەیە، جا ئەوان لەسەر هونەری مۆسیقا و مۆسیقاش کاریگەری بەسەر ئەواندا هەیە. بۆیە (مۆسیقا وەکو بەشەکانی تری هونەر پێویستی بە بەهرەیەکی سروشتی هەیە. بۆیە دەڵێن مۆسیقا هونەرە، وە مۆسیقا زانستە، لەسەر بناغەیەکی زانستی بیرکاری و فیزیایی و سروشتی داندراوە، وە مۆسیقا زمانێکی جیهانییە ئەلف و بای تایبەتی بەخۆی هەیە وەکو هەموو زمانەکانی تر ئەنوسرێ و ئەخوێنرێتەوە)،(١٣) بەڵام نەك وەك زمانی ئاخاوتن، بەڵکو زمانی ئاواز و پلەکانی پەیژەی مۆسیقا کە حەوت پلەی دەنگین ئەمانەن: (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا، سی). کەوایە هەریەکێك لەم دەنگە مۆسیقاییانە پێکدێت لە حەوت دەنگی یەك لەدوای یەك کە لەچەپەوە بۆ ڕاست دەخوێندرێتەوە. هەر شێوەیێکیش لەم حەوت شێوە جیاوازە نیشانەیێکی تایبەتی خۆی هەیە کە نرخی کاتێك دەست نیشان دەکات. بۆیە (مۆسیقا بزوێنەری هەستی مرۆڤە و کاردەکاتە سەر بیری، بۆیە دەڵێن مۆسیقا زمانێکی جیهانییە، چونکە لەسەرتاپای جیهاندا تەنها یەك نوسین و خوێندنەوەی هەیە و بە یەك شێوە دەرئەبڕرێ).(١٤) دیارە هەر کاریگەری ئەو زمانەیە کە وای کردووە کاریگەری لەسەر شیعر دروست بکات ، هەندێك جار بڵێین: شیعر مۆسیقایە، یان زمانی

---

(١١) هالة محجوب(د)، جماليات فن الموسيقي عبر العصور، ص ١١ .

(١٢) حبيب ظاهر العباس، اعلام ومفاهيم موسيقية، جزء الاول، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠١٠، ص ٤٣٧ .

(١٣) صلاح رؤوف، تیۆرەکانی مۆسیقا ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٤٥)، ١٩٨٦، ل ٧٦ .

(١٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦ .

شیعر لەزمانی ئاخاوتن بەهێزترە، چونکە هەر لەسەرەتای بوونیانەوە وەك دوو دووانە وان کە بەیەکەوە هاتبن.

هەرچەندە هەریێکە لە شیعر و مۆسیقا تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەڵام هەرگیز شیعر خاڵی نییە لە مۆسیقا و هەردەم مۆسیقا ڕەگەزێکی سەرەکی و پێوەرێکی شیعر بووە. هەر ئەم ڕەگەزەشە بۆتە یەکێك لە پێوەرەکانی شیعر و لەبەرهەمەکانی تر جیای بکاتەوە. بۆیە (شیعریش بە زمان، بیر، مۆسیقا، دارشتن، وێنە و خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگەوە.. بەسەریەکەوە پێی دەوترێ شیعر و لەیەکتر دانـابڕێن، هەروەك چۆن تەواوی ئەندامەکانی لەشی ئادەمیزاد یەك تەنی زیندوو پێك دەهێنن).[(١٥)] ئەوەی ئێمەش مەبەستمانە بەشێوەییێکی گشتی مۆسیقایە و بەشێوەییێکی تایبەت مۆسیقای شیعرە. مۆسیقای شیعریش خۆی لە هەردوو ڕیتمی دەرەوە و ناوەوەی شیعردا دەبینێتەوە. کەواتە بەپێی ئەو بۆچوونانەی کە وەرمان گرت دەتوانین بڵێین: کە ئێمە لێرەدا زاراوەی مۆسیقا وەك هونەری مۆسیقا بەکار دەهێنین کە (بە زمانی ساز و ئاواز وتراوە).[(١٦)] زاراوەی مۆسیقییش بەو زاراوەیە تێیدەڕوانین کە خەسڵەتەکانی مۆسیقییەت لەخۆی بگرێت و مەبەستمان هەرشتێکە کە مۆسیقات پێ ببەخشێت و چێژی لێ وەربگیرێت. هەرچەندە (لە گرنگترین ئامرازە سەرکەوتووەکان بۆ تێگەیشتن لە مۆسیقا و چێژ وەرگرتن لێی، توانا وەرگرتنە لەسەر بیستن، چونکە مرۆڤ بەخۆڕاهێنان لەسەری چێژی زیاتری دەست دەکەوێت و حەز بە زانیارییە شاراوەکانی دەکات. بۆیە پێشینەی مۆسیقی ڕێگاییێکە بۆ پاکژکردنی دەروون و کار بۆ گەشە سەندنی هەستی چێژ و جوانی لەدەرووندا دەکات).[(١٧)] ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەوڵدان بۆ هەڵماڵینی لایەنی جوانکاری مۆسیقی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونی تاکەکەسی و ماوەی هەستی چێژ وەرگرتن لێی. کەواتە مۆسیقی بەهەرشتێك دەوترێت کە مۆسیقات پێ ببخشێت جا ئەم دەنگانە چ لە قورگی[(*)] ئادەمیزادەوە دەربچێت یان لەئامێرە مۆسیقییەکانەوە کە بەکاری دەهێنین، یان لە دەقێکی شیعرییەوە یاخود ئەدەبییەوە پێمان بگات، کەوایە وشەی مۆسیقی ڕەهەندێکی فراوانی هەیە، چونکە زاراوەی مۆسیقی خەسڵەتەکانی مۆسیقییەت لەخۆی کۆدەکاتەوە.

---

(١٥) یاسین عومەر، شێرکۆ بێکەس، چەمکێك هەڤپەیڤین "ئەزمون"، ١٩٨٥ ـ ٢٠٠٠، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ ، ل ١٠–١١ .

(١٦) صلاح رؤوف ، تیۆرەکانی مۆسیقا، ل ٧٦ .

(١٧) محمد محمود سامي حافظ، قواعد الموسيقى الغربية وتذوقها، ص ١٨٩ .

(*) قـورگ وەکو ئامێری موسیقا وایە، دەتوانێت دەنگ بە سـستـی و بە خێرایی و پچـڕپچـڕی و بە لەرزۆکی و بەپـڕ لە عـاتیفە دەربڕێت، ئەم دەنگانەش لەلایەن مێشکـەوە شێوەی ڕێك وپێك لەدەرهاتنی دەنگـەکـان وەردەگرن. بڕوانە، احسان فواد(د)، ئەدەب و ڕەگەزەکانی ئەدەب، ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٦٠٥)، ١٩٨١، ل ٣ .

## ـ چەمکی ریتم :

ڕیتم[*] ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە و لەنێو بنیاتی دەقدا وەکو ئاستێکی سەرەکی لەپاڵ ئاستەکانی تر سەیرکراوە، چونکە ڕۆڵ لە تایبەتمەندی خودی دەقەکە دەبینێت و بەها و چەشەیێکی تایبەتی پێدەبەخشێت.بەرلەوەی چەمکی ڕیتم ڕوون بکەینەوە هەموو ئەو پێناسە و بیروبۆچوونانە بخەینەڕوو کە لەسەر ڕیتم نووسراون، پێمان باشە وشەکە شیبکەینەوە کە ماناکەی لەچییەوە هاتووە، چونکە بەپێی کات و سەردەم گۆڕانکاری بەسەر چەمکەکەیدا هاتووە و واتای نوێی هەڵگرتووە.

وشەی ڕیتم لەبنەڕەتدا (لە وشەی ریثموس ـ ی گریکی یەوە هاتووە ئەویش لە فەرمانی "Rhein" داتاشراوە مانای هەڵڕژان و هەڵقوڵان و هەستانی ڕووبار دەدات)،[١٨] بەڵام لەزمانی عەرەبیدا "ایقاع" بەکاردێت کە لەو زمانەدا هەندێك لە ڕەخنەگران هەردوو وشەی "ایقاع" و "توقیع" بەیەك دەبەستنەوە و بە ڕۆیشتنی خێرای دەزانن جا ئەو ڕۆیشتنە خێرا یان هێواش بێت جولەی تێدا بەدی دەکرێت بە دووبارە و لێکچوونیەوە.[١٩] لەزمانی کوردیشدا بەزۆری ڕیتم بەکاردێت و دەتوانین بڵێین: ئەم زاراوە گریکییە نزیکایەتی فۆنەتیکیشی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە. ئەم زاراوە نوێیەش هەمیشە هەموودەم لە نوێ بوونەوەدایە، بەو واتایەی کە بەردەوام قسە و باسی نوێی لەسەر دەکرێت و بەتێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

بۆیە لەسەردەمی ئەمڕۆماندا چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە. واهاتووە کەوا ڕیتم وشەیێکە لەبنەڕەتدا لەلاتینییەوە وەرگیراوە بەواتای هەڵقوڵین و ڕەوتی ئاو هاتووە، مەبەست بەشێوەیێکی گشتی بەیەکدا چوون و دووبارەکردنەوەی نێوان دۆخە هاودژەکانی وەك: دەنگ و بێدەنگی، ڕووناکی و تاریکی، جولە و وەستان، هێزی و بێ هێزی، گوشارکردن و خاوکردنەوە ، کورتی و درێژی، خێرایی و هێواشی هەڵچوون و هێوربوونەوە.. هتد. واتە ڕیتم نوێنەرایەتی پێوەندی نێوان بەشێك و بەشێکی تر یان بەشێك و هەموو بەشەکان لە کاری هونەری یان ئەدەبیدا دەکات لە قالبێکی بزواو و ڕێکخراودا لەشێوازێکی ئەدەبی یان شێوەیێکی هونەری. ڕیتم خەسڵەتی هاوبەشی نێوان هەموو هونەرەکانە لە هونەرەکانی مۆسیقا و شیعر و پەخشانی هونەری و سەمادا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت. لەهەموو بەرهەمە بینراوەکانیشدا ـ بەجۆرێك لەجۆرەکان هەستی پێدەکرێت، بۆیە بە بارتەقای بناغەیێکە هەرکارێك لەکارەکانی ئەدەبی و هونەری لەسەر

---

(*) لەئەدەبی کوردیدا لەجیاتی وشەی (ایقاع) ڕیتم و ترپە و ڕەزم بەکار دێت ، بەڵام ڕیتم لە هەمووان زیاتر بەکارهاتووە .

(١٨) عزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٧١ .

(١٩) خالد سليمان، الايقاع في شعر خليل حاوي، مجلة الابحاث اليرموك "سلسلة الاداب واللغويات"، المجلد (٧)، العدد(٢)، ١٩٨٩، ص ٧– ٨ .

دامەزرێت، هونەرمەند یان ئەدیب دەتوانێت پەنای بۆ ببات بەپێڕەوکردنی یەکێك لەم سێ ڕێگایانەوە: دوبارەکردنەوە، بەیەکداهاتن، پێکەوە بەستن.[٢٠] بۆیە سەرتاپای ژیانمان پڕە لە ڕیتمی بێ بڕانەوە. کاتێك کە سەیری دیاردە گەردوونییەکانی دەوروبەرمان دەکەین کە چەند بە ڕیتمێکی ڕێك وپێکدا هەڵدەسوڕێن یان دیاردەی بەدوایەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ و وەرزەکانی ساڵ و لێدانی دڵ ڕاستییێکە نکۆڵی لێ ناکرێت. ڕاستیش ئەوەیە کە ڕیتم یەکێکە لەو دیاردانەی کە پێناسەکردنی گرانە، ئەویش لەبەرئەوەی هەمیشە لەگەڵماندایە و کاریگەری بەردەوامە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئێستا هەوڵ نادەین پێناسەیێکی گشتی بۆ بکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین چەند پێناسەیێك بخەینەڕوو کە بەشێوەیێك لەشێوەکان بۆ ڕیتم پێشنیاز کراوە.

کۆنترین پێناسەکانی ڕیتم کە فەیلەسوفەکانی گریك کردوویانە لەدەوری بیرۆکەی جولەدا دەسووڕێتەوە، بۆیە (ئەفلاتون لە زۆربەی بەرهەمەکاندا ئاماژەی بۆ ڕیتم کردووە لە "یاسا" کەیدا وێنەیەکی زۆر گشتی پێشکەش دەکات کە پتر چەمکە فەرهەنگییەکەی "خوڕی و داڕژان" دووپاتدەکاتەوە، بەڵام لە گفتوگۆ "سوقرات" یەکانیدا، شیکردنەوەیێکی بابەتیانەتر دەخاتەڕوو. لەوێدا پاش ئەوەی ڕیتم بە یەکێك لەبنچینەکانی سروود دیاری دەکات باسی سێ جۆر لە ڕیتم دەکات: ڕیتمی لێکدراوی جەنگی، ڕیتمی شیعر و ڕیتمی قارەمانییەتی).[٢١] ئەفلاتون پێناسەی ڕیتمی کردووە دەڵێ: (ئیقاع ڕێکخستنی جولەیە، هەروەها دەڵێ لەفڕینی باڵندە، لە لێدانی دەمارەکانی لەش..لەهەنگاوی هەڵپەڕیندا..لەبڕگەی قسەدا، دەتوانرێ ئیقاع بناسرێتەوە).[٢٢] وەها پێناسەی ڕیتمی کردووە وەك بڵێی هەرخۆی لەبنچینەدا جولەیە. دیسان لە پەڕاوێزەکانی (هونەری شیعر)ی ئەرستۆدا هاتووە: ئەرستۆ لەسەرەتای ئەم بەشەدا دەڵێ: (سەرهەڵدانی شیعر بۆ دوو هۆی سروشتی دەگەڕێتەوە لەمرۆڤدا، بەڵام ئەگەر لەو دوو هۆیە وردبینەوە کە دەیان هێنێت دەتوانین بە چوار شت لێکیان بدەینەوە):[٢٣]

أ. مرۆڤ بونەوەرێکی لاساییکەرەوەیە.

ب. چێژ لەبینینی لاساییکردنەوە وەردەگرێ.

جـ. حەزی لەفێربوونە.

د. بەسروشت حەز لە ئیقاع و کێش دەکا.

---

(٢٠) مجدي وهبة ، معجم مصطلحات الادب، مكتبة لبنان ـ بيروت، ١٩٧٤ .

(٢١) محەمەد بەکر(د)، کێش و ریتمی شیعری فۆکلۆری کوردی ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٣٣ .

(٢٢) ئەنوەر قەرەداغی، ئیقاع و ژیان ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە(٦٤)، ١٩٨٨، ل ٧٣ .

(٢٣) ئەرستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی و پێشەکی پەراوێزی عەزیز گەردی(د)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٣٧ .

بۆیە دەبینین ئەرستۆ لەزۆربەی ئەو هونەرانەی کە لەبواری ئەنجامدانی کاری لاساییکردنەوە دیاری کردووە، ڕیتم بە تەنیا یان لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا هاوبەشە، ئەمەش بۆ گرنگی ڕۆلی ڕیتم دەگەڕێتەوە کە ئەرستۆ ئاماژەی بۆ کردووە، ئەوەی تا ئێستا لەم پێناسە و بۆچوونانە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە ڕیتم بەواتای جولە دێت، سەرەڕای ئەوەی کە جولە هێزێکی بزوتنەوەییە بۆ ڕیتم، بەڵام بەتەنیا بەس نییە بۆ دەرخستنی ماناکەی، چونکە ڕیتم بە تەنیا لەجولە پێك نەهاتووە، واتە: (هەموو جولەیەك پێی ناوترێ ئیقاع گەر شیرازە و ڕێك و پێکی و جڵە و گیری لەگەڵدا نەبێت و چەندجارە نەبێتەوە لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا).[٢٤] لەبەرئەمە زیادکردنی بیرۆکەی "ڕێکخستن" پێویستە بۆ ئەوەی واتای ڕیتم لەمێشکدا ڕوون و ئاشکرابێت. کەواتە ڕیتم (بریتیە لە جوڵانەوە یان هەستی جولانەوە کە بەهۆی ڕێکخستنی بڕگە هێزدار و بێهێزەکانەوە یان ماوەی بڕگەکان دەردەبردرێت).[٢٥] واتە ڕەگەزی جولانەوە و ڕەگەزی ڕێکخستن دوو ڕەگەزی سەرەکی ڕیتمن.

سەبارەت بە (ئاوردانەوەی زانا موسڵمانەکان لە بابەتەکانی کێش و ڕیتم لە شیعر و مۆسیقادا ڕۆڵێکی سەرەکی لە چەسپاندنی بۆچوونەکانی "ئەرستۆ" لە شیعری ڕۆژهەڵاتیدا گێڕا. پێشکەوتنی زانیارییە مۆسیقاییەکان و دۆزینەوە کێشە عەرووزییەکان لەلایەن "خەلیلی فەراهیدی"یەوە زەمینەیەکی لەباریان بۆ بەستنەوەی بەهێزی کێشی شیعر بە ئەدگارە ڕووتەکانی ڕیتم لەمۆسیقادا خۆشکرد، ئەو بەستنەوەیە بەئەندازەیەك پتەو بوو، ئیدی "کێش" وەکو زاراوەیەك تەنیا بۆ شیعر و "ڕیتم"یش تەنیا لە بواری مۆسیقادا پۆلین کران).[٢٦] دەبینین خەریکە لەلایەن زانایانی موسڵمانیشەوە زاراوەی ڕیتم لەسەر مۆسیقا کورت بکرێتەوە. بۆیە لای فارابی ڕیتم (جێگۆڕکێیە لەسەر نەغمەکە لە کاتێك چەندێتیەکەی و ڕێژەکەی دیاری کراوبێت).[٢٧] لەلایەن ابن سیناوەش (دیاریکردنێکە بۆ کاتی لێدانەکان).[٢٨] ئەگەر وردبینەوە لە هەردوو پێناسەکەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە گرنگی تایبەت بەکات دراوە کە هەر نەغمەیێك (نغمة)[*] یان نەقرەیێك

---

(٢٤) ئەنوەر قەرەداغی، ئیقاع و ژیان، ل ٧٣ .

(٢٥) J .A . Cuddon, A dictionary of Library Terms, Penguin Books, Andre Deutsch, L .td, 1979 .

(٢٦) محەمەد بەکر(د)، کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، ل ٣٤ .

(٢٧) ابي نصر محمد بن محمد بن طرخان الفارابي، المتوفي ٣٣٩ هجري، تحقيق، غطاس عبدالملك خشبه، دارالكاتب العربي، القاهرة، ؟ ، ص ٤٣٦ .

(٥) ابن سينا، جوامع علم الموسيقى (من كتاب شيفاء)، تحقيق زكريا يوسف، مطبعة الاميرية، القاهرة، ١٩٥٦، ص ٨١ .

(*) بریتییە لەو دەنگەی کاتێکی دیاریکراو لە تیژی و قورسی دەخایەنێت، کە دەنگێکی بەردەوامە بەبێ گواستنەوەی بۆ هیچ دەنگێکی تر، کەواتە مەبەست لە نەغمە تۆنە، بڕوانە، صبحی انور رشید(د)، تاریخ الموسيقى العربية، ص ٥٥ .

"نقرة"(*) بەسەری دەبات. کیندیش وای پێناسە دەکات کە (ڕیتم بریتیە لە ڕێژەیێکی کاتی یان کات)ە.(٢٩) سەفیەددینی ئەرمەویش هەمان چەمکی کە لەلای ابن سینا و فارابییەوە دووبارە کردۆتەوە، بەڵام بەشێوەیێکی تر کە ڕیتم لەلای ئەو (کۆمەڵێك نەقرەیە لەنێوانیان کات گەلێکە کە چەندێتییەکەی دیاریکراو بێت لەسەر چەند ڕێژەیێك و چەند بارێکی تایبەت بەکۆمەڵە نۆبەتێکی یەکسان، یەکسان بوونی ئەم نۆبەتانەش بەتەرازووی سروشتی بێگەرد و ساف دەناسرێت).(٣٠) ڕیتم ڕەگەزێکی سەرەکی مۆسیقایە هەردەم مۆسیقا ڕیتم لەباوەشی خۆی دەگرێت، کەوایە لەهەر شوێنێك مۆسیقا خۆی دارِشت ئەوە بە ڕیتم دەسپێدەکات. مۆسیقاش جگە لە ڕیتم ڕەگەزی تریشی هەیە، واتە لێرەدا چەند ڕەگەزێکی تر بەشدارن لە پێکهاتەی دروست بوونی زمانی مۆسیقا هەروەکو چۆن چەند ڕەگەزێکی لاوەکی هەیە. ڕەگەزە سەرەکییەکان بریتین لە: ڕیتم، ئاواز، گونجان یان هاودەنگی "هارمۆنی"، وێنە یان قالب. هەرچی ڕەگەزە لاوەکییەکان بریتین لە: ڕەنگی دەنگ، تێکەڵی ڕەنگەکان یان زانستی نووسین بۆ ئامێرەکانی مۆسیقا.(٣١)

هەرچۆنێك بێت ڕیتم یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی شیعر و مۆسیقا دەبینین چۆن مۆسیقا بێ ڕیتم هەڵناکات، ئاواش شیعر دەست بەرداری ڕیتم نابێت. ئاشکرایە ڕیتم لەشیعردا گرنگی سەرەکی هەیە، بەڵام لەمۆسیقادا ڕیتم دیاری کراوتر و وردتر بەکاردێت. بۆیە ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستمانە ڕیتمی شیعرە نەوەك ڕیتمی دیاردە سروشتییەکان یاخود هونەرەکانی تری ئەدەبی کە تا ئێستاش وەك زاراوەیێکی ڕەخنەیی نوێ بەچەند جۆرێك پێناسە دەکرێت بە تەواوی جێگر نەبووە، ناڕوونی زاراوەکەش دەکرێت لەم دوو خاڵەدا کورت بکەینەوە :(٣٢)

أ. ڕیتم وەك زاراوەیێکی ڕەخنەیی تا ئێستا نوێیە و بە واتای نوێ بارگاوی کراوە.

ب. پێشتر بۆچوونە ڕەخنەیی و عەروزییەکان بۆ ڕیتم تاك لایەنە بووە.

هەرچەندە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکان زۆر پێشنیار بۆ چەمکی ڕیتم دیاری کراوە، هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەش کۆك نین لەسەریەك بۆچوون، بەڵکو پێناسەکان لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن، ئەم جیاوازییە بۆ جیاوازی بیرو بۆچوونەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ (جیاوازی لەبازنەی پسپۆڕایەتیان و مەنهەجەکانیان، لەوانەشە هەندێك لە پێناسەکان لەیەك بچن لەبەر لێکچوونی بۆچوونی

---

(*) بریتییە لەماوەی کاتی کە بەهۆیەوە دەنگ دەبیسترێت، جا ئەم دەنگە لە قورگەوە یان لە ئامێرێکی مۆسیقای ژێدار یاخود لە ئاوازێکەوە دەرچووبێت . بڕوانە، صبحی انور رشید، تاريخ الموسيقى العربية، ص ١١٦ .

(٢٩) اسامة اديب المتني، دراسات في علم الايقاع، دار علاءالدين للنشر، دمشق، ٢٠٠٨، ص ٧ .

(٣٠) صفي الدين عبد المؤمن الارموي البغدادي، كتاب الادوار، شرح وتحقيق، الحاج محمدالرجب، دارالرشيد للنشر،١٩٨٠، ص ١٤ .

(٣١) هالة محجوب(د)، جماليات الفن الموسيقى عبر عصور، ص ٢٢ .

(٣٢ ) شاهۆ سعيد فتح الله، دلالة البناء الايقاعي في الشعر، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة السليمانية، ١٩٩٩، ص ٢ .

خاوەنەکانیان و مەنهەجەکانیان).[٣٣] بە تێڕوانینێك بەو لێکۆڵینەوە نوێیانە وا تێبینی دەکرێت هەندێکیان زۆر بەتەسکی بڕواننە چەمکی ڕیتم تا دەگاتە ئەوەی کە لەچوارچێوەی کێش و سەروا تێناپەڕێنن. بۆیە (وەك ئاماژەی بۆ کرا کە لەکۆندا دیاردەکە لە چوارچێوەی زانستی عەرووزدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرا وا دەبینرا کە یەکەی ڕیتمی شیعر پێیەکان "تفعیلە"یە، ڕیتم دووبارەکردنەوەی ئەو ئاوازانەیە کە چەند جارێك لە پێیەکان "تفعیلە" دەردەچێت).[٣٤]

هەر لەبارەی ئەو چەمکە فراوانەی ڕیتم ، هەیانە کە تایبەتی دەکات بە دەنگ وای بۆ دەچێت کە (ڕیتم دیاردەیێکی دەنگییە، مانای زاراوەیی لەسەر مادەی دەنگی وەستاوە و تێناپەڕێت).[٣٥] ڕای تر هەیە فراوانتر دەڕوانێتە چەمکەکەی بەوەی کە (ڕیتم تەنیا خۆی لەدەنگدا نابینێتەوە، بەڵکو سیستەمێکە کە بەپێی ئەو کاریگەرە یەك بەدوای یەکەوە یان بەجێ یەکدا هاتنەوە دێت. جا ئەو کاریگەرییە (دەنگ یان شێوە بێت)، یاخود کەش و هەواییێکی (جەستەیی، فکری، سحری، ڕۆحی)، هەروەها شێوەیێکە بۆ پێوەندییەکان (هاودەنگی، دژیەکی، هاوتەریبی، چوونە ناویەك) لەسەر ئەم بنیاتە ڕیتم سیستەمی شەپۆڵە دەنگیەکان و واتاییەکان و شێوەییەکانە لەبەرئەوەی وێنەش ڕیتمی هەیە).[٣٦] هەر لە هاوبیری ئەو ڕایانەی پێشتر کۆمەڵێك ڕاوبۆچوونی تریش هەن کە هەیانە بە شێوەیێکی فراوان لە ڕیتم دەڕوانن. هەندێك ڕای تریش هەنە لە پێشکەشکردنی چەمەکەکەی بەشێوەیێکی زۆر سنووردارتر، لەوانە کە ڕیتم (جولەیێکی ڕێکە پێوەست بوونی بەشەکانی جولەکە کۆمەڵانێکی بەقەد یەك و وەك یەك لە دروست بوونیان مەرجە بۆ سیستەمەکە و جیاوازی هەندێك بەش لە هەندێکی تر لە هەر کۆمەڵەیێك مەرجێکی ترە، لەبەر ئەوەی زنجیرەی جولەکان یان دەنگەکان، ئەگەر ئەو بەرزییە تایبەتیانەی تێدا نەما دەبێتە تەنیا تەرەددودێك[*] یان لەرەیێك).[٣٧] لێرەشەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە (بیرۆکەی ڕیتم لە دەوری جولەدا دەخولێتەوە، بەڵام جولە بە تەنیا ئەگەر چی هێزی پاڵنەری ڕیتم بێت ناتگەیێنێتە مەبەست، چونکە ڕیتم تەنیا جولە نییە و هەموو جولەیێکیش نییە، بەڵکو جولەیێکی ڕێکخراو و

---

(٣٣) مقداد محمد شكر قاسم، البنية الايقاعية فى شعر الجواهرى، دار دجلة، عمان، ٢٠٠٨، ص ١٧ .

(٣٤) هیوا نورالدین عزیز، بنیادی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی عبداللە بەگی مصباح الدیوان (ئەدەب)دا، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٩ ، ل ٧ .

(٣٥) يوسف اسماعيل(د)، بنية الايقاع في الخطاب الشعري، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٤، ص ٧ .

(٣٦) خالیدة سعيد(د)، حركية ابداع، دراسات في ادب العربي الاحديث، طبعة ٢، دار العودة، بيروت، ١٩٨٢، ص ١١١ .

(*) واتای تەرەددود (التردد) Frequency: ژمارەی سووڕانەوەی تەواوە (الدورات كاملة) لەچرکەیێکدا، بڕوانە: احمد مختار عمر(د)، دراسة الصوت اللغوي، ص ٦ .

(٣٧) شكري محمد عياد(د)، موسيقى الشعر العربي، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٦٨، ص ٥٣ .

تۆكمه (منضبط) بەگوێرەی پێوانەی كاتی).[٣٨] هەر لەكۆنەوە ڕیتم بەجولەوە بەستراوەتەوە. جگە لەوەش ڕیتم بەگوێرەی چەمكە كۆنەكەی بەزۆری پشت بەدووبارەكردنەوە دەبەستێت كە ئەمیش یاسایێكی سەرەكییە بۆی. ئەم دووبارەكردنەوەیەش بۆتە سەرچاوەی دروستبوونی ڕیتم بەگوێرەی چەمكە كۆنەكەی ڕیتم زیاتر پشت بەدووبارەكردنەوە دەبەستێت ئەم دووبارەكردنەوەش وەك یاسایێكی سەرەكی بوو.[٣٩] دووبارەكردنەوەش لە گرنكترین یاساكانی ڕیتمە و لەهەموویان ڕوونترە. بۆیە هەندێك پێیان وایە كە (ڕیتم تەنیا چەند دەنگێكی دووبارەكراوەیە، ئەم دەنگە دووبارەكراوانەش لەدەروونداهەڵچوونێك دەورووژێنێت).[٤٠] مەبەستمان لەدووبارەكردنەوەش، ئەوا دووبارەكردنەوە دەنگییەكانە، چونكە (لەكاتی خوێندنەوەی شیعر وەیان گوێ گرتندا كاتێك دیاردەیەكی دەنگی دەبیستین هەست بە ڕیتمەكەی ناكەین تاكو دووبارە نەبێتەوە لە ماوەیێكی زەمەنیدا، بۆیەشە، چەمكی ڕیتم زیاتر پشت بە دووباركردنەوە دەبەستێ).[٤١]

ئەمە و چەندین پێناسەی تریش لە ئارادان بێنەكایەوە، هۆكارەكەشی ئەوەیە ڕیتم پێوەست نییە بە ڕەگەزێكی دیاریكراو یان تاكە دیاردەیێك دروستی بكات، بەڵكو لە ئەنجامی چەندین بنەما و ڕەگەز و دیاردە دروست دەبێت. ئەمە جگە لەوەی هەر پێناسە و پێشینەی بۆچوونی جیاواز لەخۆ دەگرێت. لەمەشەوە بۆمان دەردەكەوێت، كەوا (ڕیتم سیستەمێكە و خاوەن لێكچوونێكی گشتییە، لەناو خۆیدا جیاوازییێكی بەشی هەڵدەگرێت، ئەم جیاوازییەش خەسڵەتی گونجان بەهێز دەكات. ڕیتم دووبارەكردنەوەیە یان بەنۆبەت هاتنە یاخود دەنگدانەوەیە بۆ دیاردە دەنگییەكان یان بەشێك لێیان لە ماوەیێكی كاتی خولگەیی، ئەو ماوانەش وەك یەك دەبن یان موتەناسب بۆ دروست كردنی گونجان، یاخود بەو شێوەیە نابێت بۆ ئەوەی بێزاری دروست نەكات. بۆیە ئەو دیاردە دەنگیانەی كە ڕیتم پێك دەهێنن، وا پێویستە هەندێك ڕەگەزی لەیەك نەچوویان تێدابێت، نەوەكو بكەوینە ناو دووبارەكردنەوەیێكی ناڕێك كە جوانی و درەوشانەوەی خۆی لەدەست بدات و ببێتە تەرەددودێكی ڕووتی ئامێری. ڕیتم پێش ئەوەی شتێكی هەست پێكراوبێت، لەسەر شێوازی شەپۆڵە دەنگییەكان، ئەوا هێنانە بەرچاوێكی فكرییە، پشت بەگریمانە دەبەستێت، یان پێشبینی

---

(٣٨) بسام قطوس، البني الايقاعية في المجموعة محمود درويش"حصار لمدائح البحر"، مجلة الابحاث اليرموك"سلسلة الاداب و اللغويات"، المجلد(٩)، العـدد(١)،١٩٩١، ص ٤٢ .

(٣٩) مقداد محمد شكر قاسم، البنية الايقاعية، ص ٣٢ .

(٤٠) موسى ربابعة(د)، التكرار في الشعر الجاهلي"دراسة اسلوبية"، مجلة مؤتة للبحوث و الدراسات، المجلد(٥)، العدد(١)، ١٩٩٠، ص ١٦١ .

(٤١) هيوا نورالدين عزيز، بنيادى ڕیتم، ل ٧ .

کردنی ڕووداوەکانە، جا ئەگەر خۆشی دروست بێت بەڕوودانی پێشبینی کراوەکە، یاخود ڕامانێك بەڕوونەدانی پێشبینی کراوەکە).[٤٢]

بۆیە دەڵێین: ڕیتم گرنگترین خاسیەتی جیاکەرەوەی هونەری شیعرە لەچاو هونەرە نووسراوەکانی تر، واتە بەهۆی بەهێزی ڕیتمە کە شیعر لەناو جۆرەکانی تری ئەدەبدا خۆی جیا دەکاتەوە، چونکە هەر لەسەرەتاوە ڕیتم ڕەگەزێکی سەرەکی شیعر بووە و نەیتوانیوە خۆی لێدابڕێت. بۆیە (ئەگەر ڕیتم لە هونەرەکانی تری ئەدەبدا خۆی ئەرکی جیاوازی هەبێت، ئەوا ڕیتم لە شیعردا ئەرکی بەهێزکردنی مۆسیقای شیعرە، جگە لەوە واتا بەشێوەییێکی ئاسانتر بۆ بیسەر دەگوازێتەوە).[٤٣] لێرەدا بەشێوەییێکی فراوانتر دەتوانین هەموو ئەو ڕەهەندانەی پێوەست بوون بە ڕیتم لەوەدا کۆیان بکەینەوە، کە جگە لەوەی ڕیتم خەسڵەتی هاوبەشی نێوان هەموو هونەرەکانە، ئەوا ڕیتم لە گرنگترین خەسڵەتەکانی هونەری شیعرە و شیعریش پێویستییێکی تەواوی بە ڕیتم و مۆسیقا هەیە.

---

(٤٢) مقداد محمد شكر قاسم، البنية الايقاعية في شعر الجواهري، ص ٣٢ .

(٤٣) هیوا نورالدین عزیز، بنیادی ریتم، ل ٧ .

**ـ دەنگ:**

تێڕوانینی زانایان بۆ دیاریکردنی چەمکی دەنگ جیاوازە، هەر یەکێکیان لە سوچێکەوە بۆی دەڕوانی ئەویش بەهۆی جیاوازی ئەو زانستەیە کە لێی پسپۆڕن و جیاوازی لێکۆڵینەوەکانیانە.(*) بۆیە لە ئەنجامدا دەبینین کۆمەڵێك چەمکی بۆ دەست نیشان دەکرێت هەرچەند جیاوازیش بن، بەڵام یەکتری تەواو دەکەن. ئەگەر بە شێوەیێکی گشتی بۆ دەنگ بڕوانین کۆمەڵێك پێناسەی جیاجیا دەبینین کە (دەنگ کۆمەڵە هەژانێکە یان کۆمەڵە لەرەیێکە بە ئیعتیبار شتێکی بیری درك پێ کراوە، ئەمەش لە ساتی گەیشتنی ئەم کۆمەڵە لەرەیە بۆ گوێ و گواستنەوەیان بۆ بنکەکانی بیستن لەمێشکدا دروست دەبێت).[٤٤] لەسەرچاوەیێکی تر هاتووە کە (دەنگ بەرەمەکی بریتیە لەشڵەژانێکی ڕێگە پێدراو لەناوەندێك کە سەرچاوەیێك هۆکارەکەی بێت جا ئەو سەرچاوە ژێی تارێك بێت، لە بزواندنی دەست و پەنجەی مرۆڤێکەوە هێزی وەرگرتبێت یان لەدەنگە ژێی گەرووی مرۆڤێکەوە کە بەهێزی هەوای سییەکانی هاتبێتە دەرەوە. دەشگونجێت ئەو ناوەندە گەیێنەرە گازی بێت، یان شیلەیی، یان هەر کەرەستەیێکی پتەو بێت).[٤٥] لەپێناسەکردنێکی تردا هاتووە کە (ئەو هەوایەیە کە لەسییەکانەوە دەردەچێت و شەپۆلاوییە بەهۆی لێك کەوتنی دوو تەنەوە یان دوورکەوتنەوەیان لەیەکەوە، یان لێدان و هەڵکەندن وەکو هەندێکیان وای دەڕدەبڕن، یان بەلەرینەوەی تەنێك).[٤٦] ئەو پێناسانە و چەندین پێناسەی تر ئەگەر لێی وردبینەوە لەزۆربەیاندا دەبینین کە بیسەر وەك لایەنێکی تەواوکەر و پێویست وایە، کە دەتوانین بڵێین: لەزۆربەی پێناسەکاندا بیسەر بۆتە مەرجێکی سەرەکی. بۆیە لێرەدا بەشێوەیێك دەڕوانینە دەنگ کە دیاردەیێکە هەست بە ئاسەوارەکەی دەکەین و کاریگەری لەسەرمان هەیە و کاریشمان لێدەکات.

---

(*) لێکۆڵینەوەی دەنگ لەڕێگای فیزیاییەوە ـ لێکۆڵینەوەیێکی کردارییە لەسەر زانینی لەرەی دەنگی و چۆنیێتی پێکهاتەیی و پلەی بەرزی و دابەزینی دەنگ و چەندێتی گواستنەوەی ئەو دەنگەیە لە قسەکەرەکەوە بۆ بیسەر. لێکۆڵینەوەیێکیتر هەیە بۆ دەنگ ناونراوە لێکۆڵینەوەی فسیۆلۆجی(النتقیة) لە دەرچوونی پیتەکان لەسەرچاوەی دەرچوونیانەوە و سیفەتەکانیان دەکۆڵێتەوە وەك: شاراوەیی و بڵندی و دەرپەڕیوی..هتد. لێکۆڵینەوەیێکی تریش بۆ دەنگ هەیە. ئەویش لێکۆڵینەوەی دەنگی بیستراو (الصوت السمعی) کە بەسەر دووبەش دابەش دەبێت:

أ – لێکۆڵینەوەی دەنگی بیستراو ، لێکۆڵینەوەی دەروونییە بۆ بیسەران .

ب – لێکۆڵینەوەی دەنگی بیستراو ، لێکۆڵینەوەی فیزیاییە بۆ دەزگای بستراو .

خلدون ابو الهیجاء، فیزیاء الصوت اللغوي ووضوحه لاسمعي، ص ١١ ـ ١٩ . یان، برویز ناتل خانلری(د)، ترجمة و دراسة محمد محمد یونس(د)، حول وزن الشعر، ص ٧٩ .

(٤٤) برویز ناتل خانلري(د)، حول وزن الشعر، ترجمة ودراسة، محمد محمد یونس(د)، المجلس الاعلاء لثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣، ص ٧٩ .

(٤٥) جلوریا ج. بۆردن (د) و کاترین س . هاوس و لۆرنس ج رافائیل، اساسیات علم الکلام، ترجمة، محی الدین حمیدی، دار المدی للثقافة و النشر، دمشق ـ سوریا، ١٩٩٨، ص ٥٣ .

(٤٦) یحیی عبدالرزاق الغوثاني، علم التجوید، طبعة (٤)، مؤسسة الرازي للطباعة، دمشق ٢٠٠٤، ص ٦٣ .

کەوایە (دیارە مرۆڤ هەر لە ئەزەلەوە بەدوای ئەو دەنگانە گەڕاوە، کە وەك پێداویستیەکی ڕۆحی و زەینی ونی کردبوون، بەڵام نەیدەزانی ئەو دەنگانە چین کە لەناو رەحمی سروشت دا ئاوا بەو هێز و گوڕەوە دەورووژێن و پەی بە نهێنیەکانیان نابات، هەر بۆیەش لە هەوڵ و تەقەللادابوو، کە سەرچاوەی ئەو ئاوازە دەنگانە بدۆزێتەوە و بەرجەستەیان بکات).(٤٧) بێگومان هەموو ئەو دەنگانەی پێوەستە بەبوونی لەشێکی جولاو یان هەژاوەوە، ئەو لەرینەوانە سەرچاوەی دەنگن کە دەگوازرێتەوە لەناوەندی گازی و شلی و ڕەقیدا هەتا دەگاتە گوێی مرۆڤ.(٤٨) هەواش لەزۆربەی کاتەکاندا بۆتە نێوانێك بۆ گواستنەوەی ئەو لەرانە لەسەرچاوەی دەنگەوە بەشێوەی شەپۆڵ بۆ گوێچکەی ئادەمیزاد، ئەمەش نیشانەیە کە (سەرچاوەی دەنگ هەمیشە لەباری لەرینەوەدایە و کار لەسەر بەرهەم هێنانی شەپۆلی دەنگی دەکات).(٤٩)

کەوایە سەرچاوەی دەنگ (ئەو مادە جولاوەیە کەوا لەرە دروست دەکات لەناو کەمینەکانی ئەو ناوەندەی کە بەرگوێ دەکەوێت، بەشێوەیێك کە گوێ بەو لەرەیە کاریگەری لەسەر دەکرێت و دەبێتە هەستی بیستن)،(٥٠)بەڵام مرۆڤ مەرج نییە هەموو ئەو دەنگانە ببیستێت، چونکە تەنیا ئەو دەنگانە دەبیستێت کە ژمارەی لەرینەوەکانیان لەنێوان (٢٠ — ٢٠٠٠٠) لەرەیە لەچرکەیەکدا، واتە ماوەی نزمترین لەرینەوە کە گوێی مرۆڤ هەستی پێدەکات لە نزیکەی (٢٠) لەرە لەچرکەیەکدایە و بەرزترین لەرینەوەش کە گوێ هەستی پێ بکات لە (٢٠٠٠٠) لەرە لەچرکەیەکدا تێناپەرێت.(*) ماوەی ئەو دەنگانەی لە خوارەوە ئەو پێوانەن بە ژێر دەنگییە بیستراوەکان " subsonc sounds" ناودەبرێت، ماوەی ئەم دەنگانەی لە سەرووترن بە سەرووی دەنگە بیستراوەکان "ultrasonic sounds" ناو دەبرێت.(٥١) دەنگەکانیش لەسێ ڕووەوە جیاوازن: (لەڕووی هێزەوە، لەڕووی پلەوە، لەڕووی جۆرەوە، کە بەر ئەم سێ جیاوازییە بنچینەیێکی ماددی لەکاری ئامێرە دەنگ دەرەکانەوە هەیە، جا ئەگەر دەنگەکان لە ئامێرەکان دەربچن یان لە کاری دوو وەتەرە دەنگییە ژێیەکانی قورگ و لەگەڵ هەموو کۆئەندامەکانی دەنگی یارمەتیدەر پێك بێ

---

(٤٧) کەریم دەشتی، "موزیك، دەنگ، رۆح"، گۆڤاری چلاوێ، ژمارە(٥٦)، ٢٠١٠، ل ٤٨ .

(٤٨) ابراهيم أنيس(د)، الأصوات اللغوية، مكتب الانجلو المصرية ، مصر، ٢٠٠٧، ص ٩ .

(٤٩) حيدر عبدالمجيد المومني، الصوتيات والاستوديیات الاذاعية ، دار التنوير العلمي للنشر، الاردن ، ١٩٩١، ص ١٣ .

(٥٠) خلدون ابو الهيجاء(د)، فيزياء الصوت اللغوي و وضوحه لاسمعي، ص ١٧ .

(*) هەندێك سەرچاوە ماوەکەی بە ( ١٦ بۆ ٢٠٠٠٠ ) لەرە لەچرکەیەکدا دیاری دەکەن، چونکە ئامێرە مۆسیقاییەکان ماوەی خولی دەنگە لێدەرچوونەکانیان دەگاتە نزیکە( ١٦ ) کیلو هیرتز. هەندێك بەرزترین ئاست بۆ ئەم ماوەیە (٢٣٠٠٠) لەرە لەچرکەیەکدا لە تەمەنی لاوێتیدا و بۆ نزمترین ئاست ( ١٢٠٠٠) لەرە لەچرکەیەکدا لە تەمەنی ٦٠ساڵیدا دیاری دەکەن. بڕوانە، حيدر عبدالمجيد المومني، الصوتيات والاستوديیات الاذاعية، ص ١٧ . یان احمد مختار عمر(د)، دراسة الصوت اللغوي، ص٧ ـ ٨. یاخود، خلدون ابو الهيجاء(د)، فيزياء الصوت اللغوي و وضوحه لاسمعي، ص ٥٨ .

(٥١) خلدون ابو الهيجاء(د)، فيزياء الصوت اللغوي و وضوحه لاسمعي، ص ١٧ .

دەربچێت).(٥٢) بۆیە توندێتی دەنگ و شەپۆلەکەی و بەهێزی تیژی لەدەوروبەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوور و نزیکی بیسەر لە سەرچاوە دەنگییەکەوە یان بەهێزی دەنگەکە بەند دەبێت بەڕادەی لەرینەوەی شەپۆلە دەنگییەکە، کەواتە هەرچەند گوێی بیسەر لە سەرچاوەکەوە نزیك بێت، ئەوا دەنگەکە ڕوونتر و بەهێزتر دەبێت، هەرچەندیشە ڕادەی ئەو شەپۆلە دەنگییە دوورتر بێت، ئەوا دەنگەکە ئەو ڕوونی و بەهێزیەی نامێنێت،(٥٣) بەلام پلەی دەنگ ئەمەیان پێوانەیێکی زیاتر مۆسیقییە و لە پلەی دەنگی قورگی مرۆڤیشەوە بەدی دەکرێت. بۆ نموونە: (ئەگەر هاتوو پەستیت خستەسەر دوو پەنجەی پیانۆ بەشێوەیێکی یەکسان. بۆیە جیاوازی نێوان دوو دەنگە مۆسیقییەکە وا دەردەکەوێت کە یەکێکیان بەرزتر بێت لەویتر لە پلەی دەنگیان، ئەمـەش جیاوازییێکی سەرەکی نێوان هەردوو چینە دەنگی ك "C" لە ناوەراست و "C" لە سەرەوەی پەیژەی پیانۆ، دەتوانین بلێین: یەکسانن لە ئاستی ڕوونی دەنگییان، بەلام جیاوازن وەکو دەنگ، چونکە یەکێکیان بەرزترە لەویتریان لەسەر پەیژەی مۆسیقا).(٥٤)

سەبارەت بەپلەی دەنگی قورگیش، ئەوا (پلەی دەنگی مرۆڤ لەسەر تەمەن و ڕەگەز وەستاوە کە مندالان و ئافرەتان دەنگیان تیژترە لە پیاوان، لەبەرئەوەی دەنگە ژێیەکان چ لە مندالان و چ لە ئافرەتان کورتر و باریکترن، بۆیە لێرەدا خێرایی زیاد دەکات و ژمارەی زۆرتر لەرینەوە دروست دەکات لە چرکەیەکدا)(٥٥)، بەلام لەڕووی جۆری دەنگەوە دەبینین دەنگەکان هەمەجۆرن هەر دەنگە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە کە هەر یەکێکیان ناودەبرێت و دەناسرێتەوە، واتە (جۆری دەنگ ئەو سیفەتە تایبەتییەیە کە دەنگێك لەدەنگێکی تر جیادەکاتەوە، ئەگەر لەپلەی بەهێزیشدا یەك بگرن).(٥٦)

بۆیە زۆرجار دەبیستین کە دەنگی مرۆڤەکان لەیەکتر جیادەکرێنەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو زەنگەوە(*) دەبێت، چونکە هەر دەنگێك زەنگە دەنگی تایبەتی خۆی هەیە پێی دەناسرێتەوە. هەر بەهۆی ئەم زەنگە دەنگیەوە زۆرجار سیفەت دەدرێنە دەنگە مرۆییەکان بەوەی کە ئەو دەنگە سازە یان ناسازە یان ناسکە، تیژە، ڕەقە، مەردانەیە، ژنانەیە، زولالە.... هتد. هەر لەبارەی هەمە

---

(٥٢) شكري محمد عياد(د)، في الموسيقى الشعر العربي، ص ٣٤ .

(٥٣) ابراهيم انيس(د)، الاصوات اللغوية، ص ٩ .

(٥٤) بيتر لادفوجد، ترجمة، محمد العناني(د)، عناصر صوتيات موجات الكلام، دار جرير للنشر، الاردن، ٢٠٠٩، ص ٢٥ .

(٥٥) ابراهيم انيس(د)، الاصوات اللغوية، ص ١١ .

(٥٦) سەرچاوەی پێشوو، ص ١٠ .

(*) زەنگی دەنگ: جیاوازییێکە لەنێوان دوو دەنگ دیاردەکەوێت کە لە پلە و بەرزی ڕێك دەکەون و لە سەرچاوەی ڕوودانیانەوە جیاواز دەبن، لەڕێگای زەنگەوەش دەتوانرێت جیاوازی لەنێوان دەنگێك و دەنگێکی تر بکەین . محمد علی خولی(د)، معجم علم الاصوات، ص ٥٥ .

جۆری دەنگەوە، ئەگەر بڕوانینە ئامێرە مۆسیقاییەکان و گوێ لەژمارەیێك ئامێری جۆر بەجۆر بگرین. جا ئامێرە مۆسیقییەکان چ  ئەوەی ژێداربن یان هەوایی یان... هتد.[*] دەبینین هەر یەکێکیان خاوەن دەنگێك و تام و چێژێکی تایبەتی خۆیانن، یان ئەگەر بێت و هەر بەو ئامێرە مۆسیقییانە ئاوازێك بژەنرێت. جا لەهەر مەقامێك لە مەقامەکانی ڕاست، حیجاز، بەیات بژەنرێت، دەبینین مەقامەکە هەمان ئەو مەقامەیە، کەچی هەر ئامێرێك و جۆرە چێژێك بە مەقامەکە دەبەخشێت کە یەك لەوی تریان جیاواز دەبێت. ئەو سێ کاریگەرە "عوامل": بەرزی و پلە و جۆرییێتی، باشترین ڕێگا بۆ جیاوازی کردن لە نێوان هەموو دەنگەکان پێك دێنن، دەکرێت بە سێ ئامراز بژمێردرێن کە دەنگەکان لە ڕێگای ئەوانەوە جیاوازییان لەنێوانیاندا دیاری بکرێت بە بەراورد کردنیان لەڕووی ئەم سێ لایەنەوە.[٥٧]

بۆیە لای هیگل (شیعر هونەری دەنگە– بە پلەی یەکەم شیعر دەچێتە سەر ڕەگەزەکانی کات. ڕەگەزی دەنگیش لەناو گۆتەییەکانی ژیانی ڕۆحی"الالفاظ الحیاة الروحیة" بڵاو دەبێتەوە، بۆیە لە بنەڕەتدا باشتر وایە گوێ بۆ شیعر بگرین نەك بیخوێنینەوە)،[٥٨] چونکە شیعر بۆ خۆی (هونەرێکە لە هونەرە دەنگیەکان و ئەگەر بە شێوەی نووسراویش بخرێتە بەردەست خوێنەر، ئەوا هەردەبێ وەك هونەرێکی دەنگی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت).[٥٩] کەواتە (وشە بە دەنگ دەست پێ دەکات و هەر بەویش کۆتایی پێدێت، هەر دەنگیش میراتگەری سەرەکی ئەوە و سەرپەرشتی دواهەمینییێتی).[٦٠]

وشەکانیش لەیەکگرتنی کۆمەڵێك دەنگ پێك دێن و هەر دەنگێکیش کاریگەرێتی خۆی هەیە و بەگوێرەی شێوەی زار و سازگەیان دەگۆڕێت، واتە (وشە پێکهاتووە لە کۆمەڵە دەنگێك کە ئاماژە بەبوونی توخمێکی ناو مێشکی مرۆڤ دەکا، ئینجا توخمەکە واتایی بێ یان بەرجەستە، ئەم دەنگانەی لە تەك یەك ڕیزبوونە، شێوازی جۆراوجۆریان هەیە لەڕووی لەرینەوەی تاڵە ژێیەکان کپ و گڕیان هەیە لەڕووی ڕێژەی کرانەوەی دەم بزوێن و نەبزوێنیان هەیە).[٦١] زمانی کوردیش وەك گشت زمانێك بەپێی دابەش بوونی بزوێن و نەبزوێنی دەنگەکان دابەش بوونە بۆ دەنگی گڕ و کپ و لەریوەکان و بێ لەریوەکان، سووك، کراوە، قورس، لێوی، قورگی.. هتد. بەرامبەر ئەو دەنگانەش کۆمەڵێك پیت دانراوە (ئەم تیپانە هەریەکە بە تەنیا ئەتوانین بڵێین دروست کردنیان بەهۆی

---

(٥٧) بیتر لادفوجد(د)، ترجمة، محمد العناني، عناصر صوتیات موجات الکلام، ص ٢٧ .

(٥٨) سید شحاته(د)، علم جمال الموسیقی، مطابع الاهرام التجاریة، مصر، ٢٠٠٦، ص ١٣٩ .

(٥٩) دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ١٠٠ .

(٦٠) قاسم البرسیم(د)، منهج النقد الصوتي في تحلیل الخطاب الشعري، دار الکنوز الادبیة،  ؟ ، ٢٠٠٠، ص ١٣ .

(٦١) عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤١ .

ئالەتەکانی ناودەم شتێکی قورسە بۆیەش بۆ کردنی هەر تیپێك بەهۆی دەمەوە، بۆ ئەوەی ببێ بە دەنگ، جا ئەو تیپە بێ دەنگ بێ یان دەنگ داربێ، پێویستی بە هاوڕێکەی هەیە).[٦٢] تیپیش بە تەنیا هیچ مانایێکی نییە، بەڵکو تەنیا شێوەی دەنگێکە.

دەنگی مرۆڤیش وەکو هەر دەنگێکی تر سەرچاوەی دەنگی خۆی هەیە، (سەرچاوەی دەنگی مرۆڤ لەزۆربەی کاتەکاندا قورگییێتی یان بەدەربڕینێکی تر ئەوا دەنگە ژێیەکانییێتی، لەرینەوەی ئەو دوو دەنگە ژێیە لەدەم و لووت دەردەچێت، ئینجا لەڕێگای هەوای دەرەکی دەگوازرێتەوە).[٦٣] بۆیە دەنگەکان لەگەرووی مرۆڤەوە دەردەچێت لەڕێگای ئەو هەوای دەرەکیەی کە دەیگوازێتەوە، (لەسەر شێوەی شەپۆلەکان هەتا دەگاتە گوێی مرۆڤەکان و لەوێوە بۆ مێشك و لەوێش وەردەگێردرێت و شی دەکرێتەوە. بیستنیش هەستێکی سروشتیە ئەوا هەردەبێت لەو دەنگانە بگات).[٦٤] بێگومان دەنگی مرۆڤ کاریگەری بەسەر ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنەکانیەوە هەیە، چۆنیش ئەو کاریگەریە هەیە، ئەوا (دەنگیش کاریگەری بەسەر مرۆڤەوە هەیە هەتا ئەگەر دەنگەکەش شاراوەبوو، ئەی چۆن ئەگەر دەنگێکی ڕوون بێت! ؟ کە سەروادار و کێشێکی دیاری کراوی هەبێت.[٦٥]

دەنگ بەشێکی گرنگە لە زمانی شیعری کە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی شیعر و هەر لە زووەوە شیعر و دەنگ پێوەست بوونە بەیەکتر و هەر ئەو خاسیەتە دەنگییەی بووە کە توانیوییێتی بیپارێزێت. دەنگیش نرخی خۆی لەنێو سیاقەوە دەبینێت کاتێك دەنگەکان دەچنە پاڵ یەکتری زنجیرەییێك پێك دێنن لەگەڵ وشەکانی تر. کەوایە بۆ ڕوونکردنەوە و دەست نیشان کردنی ئەم حالەتە وا (پێویستە لە بەرایی دا لەدەنگەوە دەست پێ بکەین ، بەو ئەدگـــارەی کە یەکەییێکی جۆری و بابەتی و سەربەخۆیە ).[٦٦] لەبەر ئەوەی (ئەدگاری دەنگیش ئەگەر لە زمانێکدا نەبوو، یان هیچ سەرەکی نەبوو لە شیعرەکەشیدا بنیاتی ڕیتمەکەی دروست ناکات).[٦٧] دەنگەکانیش لەنێو پێکهاتەی وشە و دەستەواژە و ڕستە و لەسەرتاپای دەقەکەدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن دەبنە کەرستەییێك بۆ نووسەر تا جوان کاری دەقی پێ ببەخشێت و ببنە هۆکارێکی چێژ بەخش بۆ وەرگر لەخوێندنەوە یا بیستن. کەوایە (تیپ ئەو دەنگەیە کە دابەش نابێت، ئەویش نەك هەردەنگێکی هەبێت، بەڵکو ئەو دەنگەی زمانێکی واتاداری لێ دروست بێت ڕاستە گیاندارەکانی تریش دەنگی

---

(٦٢) معروف خزنەدار، کێش و قافیە لە شعری کوردیدا، چاپخانەی وەفا، بغداد، ١٩٦٢، ل ١ .

(٦٣) ابراهیم انیس(د)، الاصوات اللغویة، ص ١١ .

(٦٤) سەرچاوەی پێشوو، ص ١٥ .

(٦٥) اسعد محمد علی، بین الادب والموسیقی"صور و التنوع والاداء"، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٩، ص ٥٥ .

(٦٦) ئازاد احمد محمود(د)، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥-٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٧٨ .

(٦٧) محەمەد بکر(د)، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، ل ٩٥ .

وا دەردەبڕن کە دابەش نابێت، بەڵام ئەمانە هیچیان بە تیپ نازانم. جۆرەکانی دەنگ بریتین لە: بزوێن و نیمچە بزوێن و تیپی بێ دەنگ و ، یان نەبزوێن).(٦٨) بۆیە لەهەموو زمانێکیشدا دوو جۆرە دەنگی بزوێن و نەبزوێن هەیە. ئەو جۆرە دەنگانەش بە پێی ژمارە و سیستەمی دابەشبوونی لە زمانێکەوە و بۆ زمانێکی تر جیاوازی هەیە. ئەوەش دەبێت بڵێین: کە (بزوێن کرۆکی برگە و بنەمای ئاوازە، چونکە لە دەربڕینی ئەم دەنگانەدا جولەی هەوا سەربەستی زیاتر تێدایە تا لەگەڵ نەبزوێنەکان).(٦٩) بێگومان ئەو جیاوازیانەی نێوان بزوێن و نەبزوێنەکانیش (کار دەکاتە سەر جیاوازی دەنگ و برگە و وشە و پێ و دێرە شیعر).(٧٠) شاعیریش لەکاتی دووبارەکردنەوەی ئەو دەنگانە، چ بەشێوەیێکی تایبەت یان بەشێوەیێکی گشتی زیاتر مەبەستی ئەوەیە کە مۆسیقاییێکی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ شیعرەکە دابنێت و خوێنەر توشی بێزاری نەبێت لەکاتی خوێنەوەی هۆنراوەکە و بتوانێت چێژێکی تایبەتی پێ ببەخشێت. لەم بارەوەش شاعیر پێوەست دەبێت بەو بارە دەروونیەی کە تیێدا دەژیت ڕەنگە ئەو سەلیقەی هەییتی لەهەموو کاتێکدا لە ئاستێکی باشدا نەبێت.

تا ئێستاش بە بەردەوام باس و خواس لەسەر پێوەست بوونی دەنگ بەواتایەکەیەوە دەکرێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی زمانەوانەکان لێی بکۆڵنەوە و لەسەری بدوێن و تێڕوانینی خۆیان لەسەر بدەن. بۆیە هەندێکیان بەو ئاراستە دەچن کە دەنگ و واتاکەی پێوەستن بەیەکەوە وەکو زۆربەی بیرو بۆچوونە دێرینەکانی پێش خۆیان کە هەمان بۆچوونیان هەبوو، هەندێکیشیان بەو ئاراستە دەڕۆن کە هیچ پێوەست بوونێك لەنێوانیان نەبێت (بێ گومان ئەوانەی نکۆڵی لە پێوەندی نێوان دەنگەکان و واتاکان دەکەن ئەوانەن کە نزیکن لەتێگەیشتنی سروشتی زمانەوانی، ئەوانەن کە دیاردە زمانەوانییەکان دادەماڵن لەهەموو لێڵیەك).(٧١) ئەم بۆچوونەش دژی ئەو ئاراستەیە دەوەستێت کە بەیەکەوە پێوەستیان دەکەن ئەم بیر و بۆچوونەش کاریگەری بیری زمانەوانە نوێیەکانیان بەسەرەوە هەیە، بەڵگەی ئەو هاوبیرانەی کە دژی پێوەست بوونی دەنگەکان بە واتاکانەوە هەن ئەوەیە: (٧٢)

١ـ بێگومان یەك وشە لەیەك زماندا ڕەنگە چەندین واتا هەڵبگرێت "ئەوانەش هاو وشەن".

---

(٦٨) ئەرستۆ، هونەری شیعر، وەرگێران و پێشەکی و پەراوێزی عزیز گەردی(د)، ل ٧٣–٧٤ .

(٦٩) عزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، ل ٢٩٦ .

(٧٠) سەرچاوە پێشوو، ل ٢٩٥ .

(٧١) ابراهيم أنيس(د)، من اسرار اللغة، طبعة ٨، مكتبة انجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٣، ص ١٢٣ .

(٧٢) عبدالكريم المجاهد، العلاقة بين الصوت و المدلول، مجلة الاقلام، عدد (٨–٩)، ١٩٨٢، ص ٨٣ .

٢ـ بەیەك واتا ڕەنگە گوزارشت بەچەند وشەیێکی جیاواز لەدەنگ بکرێت، ئەمەش پێی دەوترێت هاوواتا.
٣ـ بێگومان دەنگ و واتاکان ملکەچ دەبن بۆ پێشکەوتن، ڕەنگە دەنگەکە پێش بکەوێت، بەڵام واتاکەی وەك خۆی بمێنێتەوە وەك چۆن ڕەنگە واتاکەی بگۆڕێت و دەنگەکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

بۆیە دەبینین ئەم ئاراستەیە بە شێوەیێکی یەکجاری ئەم پێوەست بوونە ڕەت دەکەنەوە، بەڵگەشیان بۆ قسەکانیان هێناوەتەوە، کەواتە هیچ پێوەست بوونێك لەنێوان دەنگەکان و واتاکانیان بەدی ناکرێت.

## ـ هێز و ئاوازە :

هەر وەكو ئاشكرايە كە (كێشەی هێز لەشیعردا بەشێوەیێكی ڕیشەیی بە كێشەی هێز لەزمانەوانیدا بەستراوەتەوە).[٧٣] واتە (زمان خاڵی نییە لە هێز، هەر وەكو زمان لە ئاوازە خاڵی نییە، ئاوازەكانیش یارمەتی دەرن بۆ دەرخستنی بارودۆخی قسەكەر لە ڕاگەیاندن یان پرسیاركردن، یان سەرسوڕمان...هتد).[٧٤] لەم بۆچوونەدا دیارە گفتوگۆكردن لەسەر هێزی شیعر بەبێ بوونی هێز لەزمانەوانیدا كارێكی ئەستەمە، بەڵام مەرجیش نییە ئەمە بەشێوەیێكی ڕەها سەیربكرێت. ڕەنگە بە بوونی دیاریكردنێكی تەواوی هێزی زمانەوانی یارمەتیمان بدات بۆ گفتوگۆكردن لەسەر هێزی شیعر، بێ ئەوەی بە مەرجی ڕەهاشی دابنێین. یاخود لەوانەیە لێكۆڵینەوە لە هێزی شیعر یارمەتی دەرمان بێت لەڕاستیدا بۆ تێگەیشتن لە زۆربەی ئەو خەسڵەتانەی كە لە هێزی زمانەوانیدا هەیە لەڕێگای وەبەرهێنان و شیكردنەوەی نموونە شیعرییەكان و پێوانەكان.

بۆیە دەتوانین بڵێین: هێزی شیعری خەسڵەتی جیاكەرەوەی هەیە لە خودی ئەو پێوەندییە مشت و مڕكارییەی كە لەگەڵ هێز لە زمانەوانیدا هەیەتی، واتە هێزی شیعر لەوانەیە بگونجێت لەگەڵیدا، لەوانەشە ئەم سنوورە ببەزێنێت لەگەڵ هێز لەزمانەوانیدا.[٧٥] بۆیە (ئاساییە كە شیعر هێزی یان چەندی نەبێت هەتا وەكو ئەو زمانەی كە شیعرەكەی پێ دەنووسرێت جەخت لەسەر هێز و چەندێتی لە وشەكان نەكات).[٧٦] واتە هێزی زمانەوانی لە بەرایی هێزی شیعری دەبێت، بە تایبەتی لەو ئاستانەی كە شوێنگەی هێزی شیعری دژ وەستاو دەبێت لەگەڵ هێزی زمانەوانی، هەرچەندیش كە جیاوازی هەیە لەنێوان زمانەكاندا لەبارەی بە هێزی ئەو بڕگە و پارچانەی كە هێزی دەكەوێتە سەر. لەئەنجامدا ئەوە دەڵێین: (هێزی شیعری و هێز لەزمانەوانیدا دەكەونە یەك شوێنەوە، تێكدەچڕژێن لە زۆربەی بوارەكاندا).[٧٧] واتە هەردووكیان تەواوكەری یەكترن و هەریەكێكیان ڕەنگدانەوەی ئەوی تریانی لەسەر دیارە. بۆیە (گرنگی سترێس لەگەڵ بەكارهێنان و چۆنیەتی و جۆری بڕگەی زماندا دەرئەكەوێ، چونكە هەر ناوی سترێسمان هێنا ئەبێ ناوی بڕگەشی لەگەڵدا بهێنین. بۆ نموونە ئەڵێین بڕگەی هێزدار و ناڵێین وشەی هێزدار).[٧٨] واتە هێز بە بڕگەوە بەستراوەتەوە. ڕەنگە بڕگەكانیش لەزمانێكەوە بۆ زمانێكی تر وەكویەك نەبن و بگۆڕێن. بەو پێیەی هێز بیر و بۆچوونی جیاوازی لە سەرە، ئەویش بۆ جیاوازی پسپۆڕایەتیان دەگەڕێتەوە

---

(٧٣) كمال ابو ديب(د)، في البنية الايقاعية الشعر العربي، طبعة ٣، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٧٨، ص ٢٨٩ .

(٧٤) شكرى محمد عياد(د)، موسقى الشعر العربي، دارالمعرفة، القاهرة، ١٩٨٦، ص ٣٦ .

(٧٥) كمال ابو ديب(د)، في البنية الايقائية الشعر العربي، ص ٢٩٠– ٢٩١ .

(٤) احمد مختار عمر(د)، دراسة الصوت اللغوي، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٧٦، ص ١٩٠ .

(٧٧) كمال ابو ديب(د)، في البنية الايقاعية للشعر العربي، ص ٢٩١ .

(٧٨) غازى فاتح وەيس، فۆنەتيك، چاپخانەی (الاديب البغدادى)، بەغدا ، ١٩٨٤، ل ٨٢ .

که کۆمەڵێك چەمکی بۆ دیاریکراوە، دەبینین لە فەرهەنگی زاراوەکان وا هاتووە که  هێـز (هێزێکـی گۆکردنی ڕێژەییە، دەخرێتە سەر ڤاوڵی هەر بڕگەیەك لە بڕگەکانی وشە یان ڕستە، پلـەی هێـزیش کاردەکاتە سەر درێژی و بـەرزی دەنگـە ڤاوڵەکـە).[79] لـەم پێناسـەدا شـوێنی هێـزی بڕگـەمان بـۆ دیاری دەکرێت کە هەمیشە دەکەوێتە سەر دەنگی ڤاوڵەکـە و سـیمای درێـژی و بـەرزی بـە دەنگـە ڤاوڵەکە دەبەخشێت.  هەندێکی تریشیان بۆ ئەوەی هێز بناسێنن ڕوویان کردۆتـە پێوەنـدی نێـوان هێز و واتا، چونکە ئەوان پێیان وایە کە هێز واتا دەگۆڕێت یان دەوری  لە واتا گۆڕیندا دەبێت.[80]

بۆیـە (لـەزمانی کوردیـدا بـەڵکو لەهـەموو زمانێکـدا، ئـاوازە بەسـتراوە بـە نەغمـەی  قسـەی قسەکەرەوە، ئەم نەغمەیە جۆر و حالـەتی قسـەکەری تێدا دەرئەکـەوێ وەکـو تـووڕەیی و نـەرمی سەرسووڕمان ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە بە گۆڕینی ئاوازە جۆری ڕستەکە ئەگۆڕێ وەکو ڕستەی پرسـیارکردن و حالـەت و ئـەمر...هتـد ).[81] بۆیـە وشـە کەسـایەتی یـان واتـای لەدەسـت دەدات، ئەگەر بێت و بەئاگاییەوە دەرنەبڕێت یـان واتـا دەگۆڕێـت ئەگـەر شـوێنی هێـزی بگۆڕێـت. کەواتە هێز وەك بۆمان دەردەکەوێت کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە لەزمانەکەدا و بە گۆڕینی هێـز کاریگەرییێکی تەواو دەکرێتە سەر بڕگە و وشە و ڕستەکە، کەوایە (ئەو وشەیەی کە بریتیە لەدوو یا زیاتر لە دوو بڕگە بڕگەیەکیان هێزی ئەکەوێتـە سـەر و بـە گـۆڕینی ئـەو هێـزە لـە بڕگەیەکـەوە بـۆ بڕگەیەکی تری ئەو وشەیە ئەبێتە هۆی گـۆڕینی واتـای ئـەو وشـەیە یـا ئەبێتـە هـۆی گـۆڕینی ئـەو وشەیە لەڕووی ڕێزمانییەوە).[82] بۆیە هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان چـوار جـۆری لـێ دەسـت نیشـان دەکەن: هێزی سەرەکی و هێزی ناوەند و هێز لەپلەی سێیەمدا و بێ هێز.[83] یان هەیانە بـۆ (سـێ جۆر کە سەرەکی و ناوەندی و بێ هێزە، هەندێکیشیان بۆ دوو جـۆر کـە هێـزدار و بـێ  هێـزن).[84] ئەم جۆرە هێزانەش تەنیا لە کاتی درکاندن و خوێندنەوەی شیعرەکەدا بـە دیاردەکـەوێت، چـونکە هێز ڕەگەزێکی کاریگەرە لەخوێندنەوەی شیعریدا. شاعیر بەمەبەست بۆ جوانکاری شیعرەکە ئەمـە دەکات، تا مۆسیقاییێکی سەرنج ڕاکێش بە شیعرەکە ببەخشێت. جگە لەوەش هێز ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێـت بـۆ زیـادکردنی ڕیتمـی نـاوەوەی جۆراوجـۆر لەدێرێکدا بـۆ دیارخسـتنی ئاسـتی واتـایی یەکسان، بە ئاستی دەنگ و ڕیتمی لـە دەقێکدا یـان بـارە دەروونییـەکان کـە بـوار دەدەن ڕیتمـی

---

(٧٩) تالیب حسێن علی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە(٢٨)، هەولێر، ٢٠٠٥ ، ل ١٩٢ .

(٨٠) عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، ل ٢٢ .

(٨١) غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، ل ٨٤ .

(٨٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤ .

(٥) محمد على الخولي(د)، الاصوات اللغوية، مكتبة الخريجى للنشر، الرياض ، ١٩٨٧، ص ١٧٢ .

(٦) عبدالرحمن تبرماسين(د)، العروض وايقاع الشعر العربي، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣، ص ٩٣ .

بـیری بـەیتێك یـان دەقێکـی شـیعری لەسـەر بنیـات بنرێـت.[٨٥] بۆیـە ("هێـز" و "ئـاواز" گشـتین universal واتا لە هەموو زمانێکدا هەن).[٨٦]

بێگومـان ئـاوازەیش هـەروەکو هێـز ڕۆڵێکـی گـرنگ و کاریگـەر لـەناو دێـرە شـیعرییەکاندا دەگێڕێـت. ئەمـەش لـەنێو خوێندنەوەیدا هەسـتی پێـدەکرێت کـە مۆسـیقاییێکی سـەرنج ڕاکـێش و چێژبەخشت پێدەبەخشێت، کەوا لەخوێنەر دەکـات هەسـت بـە بێـزاری نـەکات و هـۆگری بێـت کـە ئەمەش دەوەستێتە سەر خوێنەرەکە، چونکە هەر خوێنەرێك بـە شـێوەیێك دەریـدەبڕێت کـە جیـا دەبێت لەو شوێنە ئاوازەییەی شاعیر خۆی مەبەستێتی، لەبەر ئەوەی کـەس نازانێـت شـاعیر لـە چ شوێنێك ئاوازەکەی مەبەستە و چ لە ناخیدایە و چۆن دەریدەبڕێت تا لە مەبەستەکەی بگەین. بۆیە لەلای پسپۆرەکان دەبینین ئـاوازە (مۆسـیقای ئاخاوتنـە و سـەرجەم کەرەسـە ناکەرتیـەکانی تـری تیـادا ڕێکـدەخرێن و ڕەنـگ دەدەنـەوە و زنجـیرە دەنگـەکان لـە یەکەیـەکی ئـاوازەداری ڕازاوە و هاویەکی پڕ بەرزی و نزمی پەیامگەیێن پێشکەش بەگوێگر دەکا و بەهرەمەندی قسـەکەریش ڕۆڵـی خۆی دەبینێ).[٨٧] سەرەڕای ئەمانەش (تێکڕای لڤینەکان ڕایەڵەکانی ئاواز ڕێکیـان دەخـات لەگـەڵ هەست و نەستی شاعیر هاوسەنگ دەبن. واتا سەرجەم جولەکان لەڕێگەی ڕیتم و دەلالـەتی تـۆن و ئاوازەوە، چەقێکی جێگیر لەناوەندی هەستی شاعیر داگیر دەکەن).[٨٨]

جگە لەوەش هێز و ئاوازە وەك کەرەستە ناکەرتیەکان ڕۆڵێکـی گرنگیـان لەشیعریشـدا هەیـە (پێوەندی نێوان ئاواز و هۆنراوە یەکێك بووە لـە تێڕوانینـە ڕەخنەییـە دێرینـەکان و کـەم و زۆر لـە بەرهەمی ڕەخنەگراندا ڕەنگـی داوەتـەوە دیـارترین هـۆی ئـەم گرنگـی پێدانـەش لـەوەدا بـووە کـە هەردووکیان سـەر بـەو چەشـنە هونـەرەن کـە بـە هونـەرە دەنگییـەکان نـاودەبرێن).[٨٩] هـەر ئـەم پێوەندیەشـــە کـــە ڕەخنـــەگرانی یەکخســـتووە، (چـــونکە تێڕوانینیـــان دەربـــارەی هـــۆنراوە و تایبەتییەکانی هەرچی یەك بوو بێت ئەنجام لەوەدا یەکدەگرنەوە کە ئـاوازی هـۆنراوە دیاردەیـەکی دلگەشـی ئەوتۆیـە کـە گیـان دەکـات بـە بـەر وشـەکاندا و ئەوەنـدەی تـر مانـا و مەبەسـتەکانیان بەرجەستە دەکات).[٩٠] دەنگناسەکان بۆ ناسـینی ئـاوازە پێناسـەی جۆراوجـۆر دەکـەن، چـونکە پێناسەکردنی یەکە ناکەرتییەکان بە گشتی و ئاوازە بە تایبەتی کارێکی ئاسـان نییـە، ئەمـەش بـۆ ئەو پێوەندییە ئاڵۆز و ئەرکە جیـاوازەی دەگەڕێتـەوە کـە ئـاوازە لەگـەڵ ئاسـتەکانی تـری زمانـدا

---

(١) شاهۆ سعید فتح الله، دلالات البناء الایقاعی فی الشعر، ص ١٨٧ .

(٨٦) وریا عومەر ئەمین(پ)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس ـ ژمارە(٢٣٩)، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٢٨٤ .

(٨٧) عەبدولوەهاب خالید موسی، هێز و ئاوازە لە دیالێکی کوردی ژووروودا، ل ٧٧ .

(٨٨) ئازاد ئەحمەد مەحمود(د)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥ – ٢٠٠٥، ل ٩١ .

(٨٩) دلشاد عەلی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ٨٦ .

(٩٠)دلشاد عەلی(د)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، ل ٨٦ .

هەیێتی. بۆیە (دەست نیشانکردنی "نۆتەی" هەر ڕستەیەك واتا و ئاوازەکەی و سروشتی هەر بڕگەیێك بە بێ ئامێری spectrogram ناکرێ. لە ڕاستی یا ئەم لایەنەی زمان ئەوەندە سرکە، تازەترین و پێشکەوتووترین ئامێریش ناتوانێ هەموو لایەنەکانی بە وردی دەست نیشان کات).[(٩١)]

ئاوازە لە پێناسەیێکیان بەم چەشنە هاتووە کە بریتییە لە (بەرز و نزمی دەنگ لەکاتی ئاخاوتندا، بەتایبەتی ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر واتای وتە گوتراوەکە).[(٩٢)] یاخود لەپێناسەیێکی تردا هاتووەکە (زاراوەیێکە کە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەجیاوازی ئاوازەی دەنگی قسەکەر. ئاوازە دیاردەیێکی هزرییە، بنەما بەرجەستەییەکەی لەرەی دەنگی قسەیە).[(٩٣)]

ئاوازەیش بەهۆی ئەو ڕۆلەی دەیگێڕێت واتاش دەگۆڕێت، چونکە (قسەکەری هەر زمانێ دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازە ڕستەکەی چەمکی سەرسوڕمان و تیز و گاڵتە پێکردن و ڕەزایی و ناڕەزایی و ... هتد، دەردەبڕدرێ و دەریخا مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە).[(٩٤)] واتە دەرخستنی جۆری ئاخاوتنەکەی دیاری دەکرێت و جگە لەوەش دەرخستنی باری دەروونی قسەکەر بەئاشکرا دەردەکەوێت کە "دڵخۆش – دڵتەنگ – ترساو"، کەواتە (چۆن مەفهوومی زەنگ لە خاسییەتی بیستنی دەنگدا شتێکی بنەڕەتی بوو، بەهەمان چەشن مەفهوومی ئاوازیش لەخاسیەتی ڕستەدا شتێکی سەرەکی یە ئەویش، چونکە ئاواز ساز و کێشی پێکهاتنی ڕستە دیاری دەکا).[(٩٥)] جگە لەوەش ئاوازە سەرەڕای ئەرکە جۆر بەجۆرەکانی دیکەی ئەرکێکی سەرەکی جوانکاری شیعریش دەگرێتە ئەستۆی خۆی و دەبێتە مۆسیقاییێکی خۆش ئامێز بۆ دەقە شیعرییەکە.

## - کێش و ڕیتم :

کێش تایبەتە بەشیعر بەتایبەتیش لەکۆندا هەر کە باسی شیعریان کردبێت لەگەڵ کێشدا پێکەوەیان لکاندوون، چونکە کێش وەك تەرازوویێك وایە کە شیعر لە لەنگی ڕزگار دەکات یان وەك چوارچێوە و دەستوورێك وایە بۆ شیعر ئەگەر لەو یاسا و دەستوورە لا بدات، ئەوا ئاوازی شیعری ناساز دێتە بەر گوێ و ئەو چێژ و هەست بزوێنییەی نامێنێت. بۆیە یەکێك لەو هۆیانەی شیعر بەرە

---

(٩١) وریا عومەر ئەمین(پ)، ئاسۆیەکی زمانەوانی، ل ٢٩٠ – ٢٩١ .

(٩٢) A .S . Hornby- Oxford Advanced Learner's Dictionary, Oxford University Press, 2000 .

(٩٣) Geoffery Finch, key Concepts in language and Linguistics, Great britain, Creative Print & Design (Wales), 2005, p,48 .

(٩٤) وریا عومەر ئەمین(پ)، ئاسۆیەکی زمانەوانی، ل ٢٩٠ .

(٩٥) ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، بەرهەمە زمانەوانییەکانم " نوسین و وەرگێڕان"،بەرگی یەکەم "کتێب و نامیلکە"، چاپخانەی ئاراس، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٢٨٨ .

و نوشستی دەبات وازهێنانە لەکێش،  شیعریش کە لەکێشت دابڕی، ئەوا لە پەخشان یان هەر دەقێکی تری ئەدەبی نزیك دەکەوێتەوە لە خانەی شیعری دەردەچێت.

کێشیش هەر لەکۆنەوە باس و خواسی لەسەر کراوە لەپێناسە کۆنەکاندا گرنگی زۆریان بە کێش داوە، بەڵام ئەریستۆکسنوس کە قوتابی ئەرستۆ بوو زۆر بەوردی چۆتە ناو بابەتەکە و بەزەمەنی گرێ داوە کە دەڵێ: (کێش خوێندنەوەییێکی تایبەتە لەزەمەندا).[٩٦] لەپاشاندا دەتوانین بڵێین: زۆربەی پێناسەکانی تر لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیەدا خۆی دەبینێتەوە، زانایانی ئیسلامیش لەپێناسەکردنیدا هەمیشە کێشیان بە پێویستییێك زانیوە بۆ شیعر،[٩٧] چونکە کێش لەهەموو زمانێکدا هەیە و هەر لەناو جەرگەی زمانەوە کێش سەرهەڵدەدات. بۆیە (بەم جۆرە کێش بە تەنیا وەك مەرجێکی سەرەکی قالبی شیعری هەموو نەتەوەکان بەکاردێ، بەڵام  هەریەکە و بەپێی تایبەتێتی خۆی و بەگوێرەی سەردەمی خۆی).[٩٨] کەواتە  کێش پێوەرێکی سەرەکی شیعرە پێی دەناسرێتەوە و لەبەرهەمە ئەدەبییەکانی تر جیادەکرێتەوە. بۆیە کێش (بریتییە لەسەرجەمی ئەو پێیانەی "التفعیلات" دێرە شیعرێك دروست دەکەن).[٩٩] هەرچی ڕیتمە دووبارەکردنەوەی ڕێك یان نارێکە بۆ بارێك یاخود ناوەندی هێزێك بۆ واتایێك  یان جولەیێك یەکێکیشە لەجۆرەکانی یەك پارچەیی، چونکە جەختکردنە لەسەر جولە یا نەغمەیێك و وشەیێکی تایبەت. ڕیتم دەردەکەوێت لە: بەنۆبەت هاتنی جولە و وەستان، ڕووناکی و سێبەر، گەڕانەوەی سەرەتا لەکۆتاییدا و گەڕانەوەی قەرار لەگۆرانیدا، سەروای جووت ئەڵقە "رد الصدر علی العجز" دووبارەکردنەوەی یەك سەروا یاخود چەند سەروایێکی بەنۆبەت هاتوو، گەڕانەوەی نەغمەیێك، یاخود ڕستەیێکی مۆسیقی لە پارچە مۆسیقاییێکدا.[١٠٠]

لێرەدا پێویستە بەر لە هەموو شتێك جیاوازی بکەین لە نێوان کێش و ڕیتم بەرلەوەی بکەوینە هیچ هەڵەیێکەوە کە کێش و ڕیتم بەیەك بزانین، چونکە کێش وێنەیێکە لە ڕیتم. ئەوەش دەبێت بڵێین: کێش ڕەگەزێکی زیادکراونییە بۆ زمان، بەڵکو هەر خۆی ڕەگەزێکە لە زمان مەبەستیش لە کێش ئەوەیە کە ژمارەی بڕگەکان لە دێرە شیعرییەکاندا یەکسان بێت. کەوایە (کێش یەکسانی دووبارەکردنەوە بەخۆیەوە دەگرێ لەشیعردا ئەو یەکەیەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەین بڕگەیە، بەم شێوەیە لە کێشی شیعردا هەمان ژمارە بڕگە لەهەردوو نیوە دێری شیعریدا دەپارێزێت).[١٠١]

---

(٩٦) پرویز ناتل خانلری(د)، وزن شعر فارسی، چاپ هفتم، چاپخانه حیدری، تهران، ١٣٨٦، ص ١٣ .

(٩٧) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣ .  یان شوقي ضيف(د)، في الادب والنقد، ص ٩٧ .

(٩٨) عەزیز گەردی، کێشی کلاسیکی کوردی، ل ٦٨ .

(٩٩) محمود فاخوري(د)، موسيقا الشعر العربي، مطبعة الروضة، دمشق، ١٩٩٦، ص ١٦٥ .

(١٠٠) روز غريب، تمهيد في النقد الحديث، دار المكشوف، بيروت — لبنان، ١٩٧١، ص ١٠٧ .

(١٠١) عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا(د)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانییەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،

بۆیە لە هەر ئاخاوتنێکی کێشدار ئاوازە و کێش لە دووبارەکردنەوەی بەنۆبەت و یەك بەدوای یەکی بڕگە یەکسان و دابڕاوەکانی دێتە دی، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئاوازەی هەر زمانێك پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕۆنانی زمانەکەوە هەیە، ئەم کێشە لە شیعری هەر زمانێك لە تایبەتمەندی ئاوازەی ئەم زمانە دێتە دی. بەپێی ئەم تێڕوانینە ئاخاوتنی کێشدار و شیعری هەر زمانێك خاوەنی تایبەتمەندی خۆییتی کە زانایانی زمانەوانی ئەمەیان دەستنیشان کردووە و شیان کردۆتەوە.[١٠٢]

ڕیتم بنەمایێکی سەرەکی جوانکاری پێك دێنێت لەکاری ئەدەبیدا، ئەوا (مەبەست لێی، دووبارەکردنەوەی یەکەی نەغمەیە بەشێوازێك لەئاخاوتندا یاخود لەدێرە شیعرێکدا، واتە بەدوای یەك هاتنی بزواو و نەبزواو، بەشێوازێکی ڕێکخراو لەدوو پەرەگراف یان زیاتر لەپەرەگرافەکانی ئاخاوتندا یاخود لەدێرەکانی قەسیدەدا).[١٠٣] کەوایە کێش و ڕیتم هەردووکیان پشت بە دووبارەبوونەوە دەبەستن، لەوکاتەی کە ڕیتم هەڵدەستێت بە دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێك لە بڕگە سنووردارەکان، ئەوا کێش هەڵدەستێت بە دووبارەکردنەوەی نەقرەکان لەڕیتمدا.[١٠٤] دیارە پێوەندییێکی توندوتۆڵ کێش و ڕیتم بەیەکەوە گرێ دەدات. کەوایە (کێش و ڕیتم لەشیعردا تەواوکەری یەکترن، بە هەردووکیان ئەو زەنگ و ئاوازە تایبەتیە بە شیعر دەدەن کە تەوژمێکی دەربڕین و کارتێکردنی پێدەدەن).[١٠٥] سەرەڕای ئەم پێوەندییە توندوتۆڵەی نێوان کێش و ڕیتم دەتوانین سنووری نێوان هەر یەکێکیان دیاری بکەین. هەرچەندە ئەمە شتێکی نوێی تێدا نابینین ئەگەر بڵێین: سنووری ڕیتم لەشیعردا لەسنووری کێش بەرفراوانترە، چونکە ئەمە ڕاستییێکە و ڕای زۆرینەی لێکۆڵەرەوەکانە لەگەڵ هەندێك بیر و بۆچوونی جیاوازتر کە هەیە. بۆیە لە جیاوازی نێوان کێش و ڕیتمدا هاتووە دەڵێ: (ڕیتم چەند جۆر و هونەرێکە و لە هەر جۆرێکیان بواری کارکردنیان تێدا هەیە بەشێوەییێکی هونەرییانە و هەمە جۆر، بۆ نموونە کێش یەکێکە لەهونەرەکانی ڕیتم کە شێوە و وێنەی جۆراوجۆر وەردەگرێت).[١٠٦] نەرێ کردنی ڕەگەزەکانی هەریەك لە: کێش و سەروا، پارچە دەنگییەکان، دووبارەکردنەوەی دەنگەکان، واتای ئەوە نییە کە هەموویانی لەبازنەی ڕیتمی وەدەرنابێت، بەڵکو پێیوایە نابێت ناوی ڕیتمی لێبنێین، چونکە ڕیتم گشتگیرترە و کێشیش

---

٢٠٠٨، ل ١١٠ .

(١٠٢) محمد حسین خان محمدی، آشنایی با عروض و قافیە، چاپخانە جهاد دانشگاهی، اورمیة، ١٣٨٣، ص ١٢ .

(١٠٣) محمود فاخوري(د)، موسیقا الشعر العربي، ص ١٦٤ .

(١٠٤) محمد صابر عبید، القصیدة العربیة الحدیثة بین البنیة الدلالیة و البنیة الایقاعیة، منشورات اتحاد الکتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١، ص ٢٠.

(١٠٥) عەزیز گەردی، کێشی کلاسیکیی کوردی، ل ٧٣ .

(١٠٦) روز غریب، تمهید في النقد الحدیث، ص ١٨٦ .

بەشێکە و یەکێکە لەڕەگەزەکانی دروست بوونی ڕیتم.[(١٠٧)] واتە (کێش شوورەی گشتی هۆنراوەیە لێ ناگەڕێ  هۆنراوەکە بپچڕێ وبپرژێ، کێش تەنیا مۆسیقای زەقی دەرەوەیە، ئەمەش بەشێکی میکانیکییە لەسەراپای کێش و ئاوازی هۆنراوە و ئەرکی سەرەکی پاراستنی قالبی گشتی هۆنراوەیە، کەچی ڕیتم جولەی هەستان و نیشتنەوەی سۆز و خرۆشانی دەروونە و لە بزووتنەوەی ئازادانەی ناو قالبی میکانیکی کێشدا خۆی دەنوێنێ).[(١٠٨)]

گۆڕانی کێشیش کارێکی ئاسان نییە ئەگەر بمانەوێت بیگۆڕین، چونکە بۆ گۆڕینی کێش ماوەیێکی زۆری دەوێت. کەچی(ڕیتم بنچینەی هەموو شتێکی شاعیرانەیە).[(١٠٩)] واتە وەك هەویرێك وایە بەدەست شاعیرەوە چۆنی بوێت ئەوەهای دێنێتە بوون، چونکە پێوەستە بەناخی شاعیرەوە. کەوایە (کێش کە قالبی ئامادەیە شتێکی بابەتییە بەگوێرەی یاسا کار دەکات و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کەچی ڕیتم شتێکی خودییە و بە گوێرەی سروشتی زمانەکە و کەسێتی شاعیرەکە جۆری بابەتەکە دەگۆڕێ، هەر بۆیەش دەشێ یەك قالبی کێش زۆر ڕیتمی جۆرا وجۆری لەڕووی زمان و بابەتی جیاوە بڕژێتە ناو).[(١١٠)] بۆیە دەتوانین بڵێین: کێش جێگیرترە لە ڕیتم و ڕیتمیش لە گۆڕانی بەردەوام دایە چەمکی ڕیتمیش بەرفراوانترە لەچەمکی کێش، چونکە ڕیتم لەزۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکان دەبیندرێت. هەرچی کێشە نابێت لەگەڵ چەمکە فراوانەکەی ڕیتم تێکەڵاو بکرێت. کەوایە (کێش و ڕیتم دوو دیاردەی فرە پێوەندن، بەڵام ڕیتم بۆ خۆی ڕەگەزێکی بنچینەییە لە هەموو وێنەکانی ژیاندا سیمایەکی ڕیتم دەبیندرێت).[(١١١)]

دەربارەی کاریگەری کێش بیر و بۆچوونی هەمەجۆر هەیە کە کێش جگە لەوەی لاسایی کردنەوەی ئاوازەی شەوق و خولیابوونە هۆکار و ئامرازێکە بۆ دەست پێوەگرتنی دیققەت و تێڕوانینی بیر و زەین. ئەو چێژەی لێی وەردەگیرێت بەهۆی ئاوێتەبوونی وشەکان بەپێی کێشێکی ئاشنا لەگەڵ یەکتردا تاکو بیر و زەینی مرۆڤ ساکارتر درکی پێوە بکات و بەو هۆیەشەوە لە ڕادەی هەوڵ و تەقەلای زەین بۆ لەبەرکردنی وشە و واتاکانی کەم بکاتەوە.[(١١٢)]

لەبەر ئەو کاریگەریەشە هەر لەکۆنەوە باسی شیعر و کێش بەیەکەوە کراوە، چونکە (ئاخاوتنی کێشدار سەرنجمان ڕادەکێشێت بەشێوەیێکی سەرسوڕهێنەر بەهۆی پێشبینی کردنی بڕگە تایبەتییەکان، کە دەگونجێت لەگەڵ ئەوەی گوێبیستی دەبین، لەهەموو ئەوانەشدا

(١٠٧) عبدالرحمن تبرماسين(د)، العروض والايقاع، ص ٨٥ .

(١٠٨) عەزیز گەردی، کێشی کلاسیکیی کوردی، ل ٧٣ .

(١٠٩) غيورغي غاتشف، ترجمة، نوفل نيوف، الوعي والفن، مجلة عالم المعرفة، عدد (١٤٦)، الكويت، ١٩٩٠، ص ٦٣ .

(١١٠) عەزیز گەردی، کێشی کلاسیکیی کوردی، ل ٧٤ .

(١١١) محەمەد بکر(د)، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، ل ٣١ .

(١١٢) پرویز ناتل خانلری(د)، وزن شعر فارسی، ص ١٥ .

زنجیرەیێك دروست دەبێت كە ئەڵقەكانی جیاوازییان نییە بەژمارەیێكی دیاریكراو لەبڕگە دەنگییەكان كۆتایی دێت كە پێی دەڵێین سەروا).[١١٣] یان لەبەرئەوەی (شیعری كێشدار مۆسیقاییێكی دڵگیر و ڕووحێكی سیحراوی هەیە).[١١٤] كەوایە كێش و ڕیتم لەشیعردا لە پێناوی ئەوە كاردەكەن كە بەیەكەوە ئەو واتا و مەبەستە بگەیێنن. هەرچەندە لەڕووی فراوانی سنووریانەوە جیاواز بن، ئەوا هەروا بە یەكەوە كۆك دەبن.

## - ڕیتم لەنێوان شیعر و مۆسیقادا:

شیعر و مۆسیقا لەدێر زەمانەوە وەك دوو ڕەگەزی داهێنەر لەیەكەوە نزیكن، بۆیە شتێكی نامۆ نییە كە پێوەندی و بەیەكەوە بوون و كاریگەری دیاریان بەسەریەكەوە هەبێت.[١١٥] واتە دیرۆكی شیعر لەگەڵ مۆسیقادا مێژوییێكی زۆر كۆنی هەیە و دەست نیشانكردنی ئەو سەرەتایەش كارێكی ئەستەمە، چونكە (مۆسیقا ڕەگەزێكی پەنهان و ئاشكرایە لەشیعردا، شیعریش ڕەگەزێكی

---

(١١٣) ابراهيم انيس(د)، موسيقى الشعر، طبعة ٥ ، مكتبة الانجلو مصرية، مصر، ١٩٧٨، ص ١٣ .

(١١٤) محمد عبدالمنعم الخفاجي(د)، موسيقى الشعر و اوزانه "دراسات في الشعرالعربي" ، دار الاتحاد التعـــاوني للطباعة، ؟ ، ١٩٩٦، ص ٨ .

(١١٥) اسعد محمد على، بين الموسيقا والادب، ص ٣٧ .

ڕوون و پەنهانییە لەمۆسیقادا).[116] زۆر جاریش وا دێتە ئاخاوتن کەوا شیعر لە مۆسیقا نزیکە و نزیکایەتییێکی واقیعیانە، بۆیە دەبیستین وەها وەسفی وشەکان دەکرێت کە مۆسیقا بەخشن، (وەك زاندراوە مۆسیقا پێوەست بووە بەشیعر هەر لەکاتی دارشتنییەوە، ئەمەش لەلای گریکەکان دەبیندرێت کە هۆمیرۆس شیعرەکانی بە ئامێرێکی مۆسیقای تایبەت دەهۆنییەوە).[117] قسەش تایبەتێتی خۆی وەرناگرێت تاکو مۆسیقا لەئامێزی خۆی نەگرێت و بەناو گیانیدا بلاو نەبێتەوە.

هەر لەبارەی مۆسیقا و پێوەندییە پەنهانییەکەی بەشیعرەوە هەر لەدێر زەمانەوە تا ئێستا زۆر شت لەبارەیان وتراوە بۆ نموونە ئەفلاتون دەڵێ: (موزیك کێشەکانمان چارەسەر دەکا ڕۆح لەڕێی مۆزیکەوە فێری ڕیتم و هارمۆنی و ئەشقی دادپەروەری دەبێ، چونکە گەر کەسێك بەشێوازێکی هاوتەریب و هارمۆنیئامێز پەروەردە کرابێ، ئیدی مەحاڵە ستەمگەربێت..هارمۆنی و هاوتەریبی وەك دوو ڕەگەزی و موزیك ڕێڕەوی خۆیان بەرە و ئاستە پەنهانەکانی ڕۆح دەدۆزنەوە).[118] دەبینین ئەرستۆش دیدێکی لەو جۆرەی هەبوو (کاتێ شیعری لیریکی لەخانەی هونەری شیعردا تەماشا نەکرد، بەڵکو وەك بەشێك لەموزیك ئەژماری دەکرد).[119] لەڕاستیشدا ئەگەر بەوردی سەرنج لەو پێوەندییەی نێوان شیعر و مۆسیقا بدەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مەسەلەکە قووڵە و زۆر کۆنە و بە ئاسانی بۆمان ڕوون نابێتەوە.

هەر سەبارەت بەو پێوەندییە جگە لە فەیلەسوفە گریکییەکان دواتر فەیلەسوفەکانی جیهانی ئیسلامیش هەوڵی دۆزینەوەی پێوەندی نێوان شیعر و مۆسیقایان داوە. بۆ نموونە کیندی پێی وابووە نەغمە لەمۆسیقادا لە چەشنی پیتە لەشیعردا، هەوڵی ئەوەشیداوە هەر هەشت تەفعیلەکەی کێشی شیعر لەسەر بنەماکانی مۆسیقا شیبکاتەوە. هەروەها لەبارەی کۆششەکانی بیریارانی ئیخوانولسەفا لای ئیبن سینا و فارابی و ... هتد [120] جگە لەوەش ڤاگنەری مۆسیقاژەن دەڵێ: "شیعر و مۆسیقا چەشنی گوڵن ـ شیعر جەستەکەیەتی و مۆسیقاش بۆنەکەیەتی" لەشوێنێکی تریشا پێوەندیەکەی بەم جۆرە دەربڕیوە و دەڵێ: "مۆسیقا و شیعر وەك کیژێك و دڵدارەکەی وان مۆسیقا کیژەکەیە و شیعریش دڵدارەکەی".[121] هیگڵیش ڕوونی دەکاتەوە دەڵێ: (پێوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان مۆسیقا و شیعر، هەردووکیان یەك هۆکاری هەستی بەکاردەهێنن کە ئەویش "دەنگە" هەروەها هەردووکیان بۆ بونیات بوونیان پشت بەکێش دەبەستن. هەرچەندە ئەگەر

---

(١١٦) سەرچاوەی پێشوو ، ص ٥٢ .

(١١٧) شوقي ضيف(د)، الفن والمذاهبه في الشعر العربي، طبعة ١٣ ،دار المعارف، القاهرة ، ؟ ، ص ٤١ .

(١١٨) شاهۆ سەعید، ڕیتم لەنێوان شیعر و موزیکدا، گۆڤاری ئاینده، ژمارە (٥٠ – ٥١)، ٢٠٠٠ ، ل ٥٩ .

(١١٩) سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٩ .

(١٢٠) شاهۆ سەعید، ڕیتم لەنێوان شیعرو موزیکدا ، ل ٦١–٦٢ .

(١٢١) باکوری، پێوەندی نێوان مۆسیقاو ئەدەب، گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٢)، هەولێر، ١٩٩٧، ل ١٠٣ .

هەردووكیان جیاوازبن لەڕێگای بەكارهێنانی دەنگەكان و جۆری گوزارشت كردنەكە).[١٢٢] هەر لەبارەی پێوەندی شیعر و مۆسیقا ئەم بابەتی تێكەڵاو بوونە سروشتییەی شیعر و مۆسیقا لەسەرەتاوە لەلای هەموو میللەتاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە. نەك تەنیا لای گریك و عەرەبەكان و...هتد، چونكە هیچ میللەتێك ناناسرێت كەوا خۆی لەمۆسیقا و شیعر بێ بەری كردبێت. كەوایە (دەبێ دان بەوەدا دابنێین كە مۆسیقا دیاردەیێكە لەخەسڵەتی بوونی مرۆڤدا. ئەو هۆكارانەی كە مرۆڤی بەرەو گەڕان لەدووی مۆسیقادا كردووە، هەمان ئەو بەكێشكردنانەیە كە مرۆڤ ناچار بەشیعر گوتن كردووە، هەروەها پێوەندی نێوان ئەم دووانەش زۆر تۆكمەیە).[١٢٣]

بۆیە پێوەندی نێوان شیعر و مۆسیقا پێوەندیێكی مێژووییە، زیادەڕەویی نییە ئەگەر بڵێین كە بەیەكەوە دەستیان پێ كردووە و بە یەكەوە هاتوون، دوو هونەرن كۆكن لەگەڵ یەك زیاتر لەوەی كە جیاوازبن، لەڕووی ماددەشەوە ماددەی مۆسیقا دەنگەكان و ماددەی شیعر وشەكانە، كە شی دەبنەوە بۆ كۆمەڵێك دەنگ.[١٢٤] گەرچی دەشتواندرێت وێنا بكرێت كە لەسەرەتاوە ئەم دووانە جیا لەیەكتری گەشەیان كردبێت و ئینجا پێكەوە بەستراونەتەوە، بەڵام باشتر و ڕاستر وایە بڵێین: لەسەرەتاوە پێكەوە بوون و دواتر لێك جیابوونەتەوە.[١٢٥] كەوایە (ناتوانین قسە لەسەر شیعر بكەین گەر لە تخوبەكانی موزیك نزیك نەكەوینەوە بە هەمان شێوە ناتوانین گوێ لەپارچە موزیكێك بگرین گەر ئەو پرۆسەی گوێگرتنە هاوشانی وێناكردنی هەمان ئەو دنیا زەینییە نەبێ كە شیعر دەیهێنێتەبوون. كاتێكیش بە دوای ڕیشەكانی پەیوەندی نێوان شیعر و موزیكدا دەگەڕێن دەبینین هەردوو كایەكە دەگەڕێتەوە سەر یەك بنەما كە زادەی كاریگەریەكانی ڕیتمی سروشت و ڕیتمە ویژدانی و ناوەكییەكانی مرۆڤە).[١٢٦] هەرچۆنێك بێت ڕیتم یەكێكە لەبنەما سەرەكییەكانی شیعر و مۆسیقا، چۆن مۆسیقا بێ ڕیتم هەڵناكات، ئاواش شیعریش بێ ڕیتم ناچێتە خانەی شیعرەوە هەر لەكۆنەوە تا ئەمڕۆ ڕیتم و ئاوازە بە ڕەگەزێكی جەوهەری بنیاتی دەقی شیعری دادەنرێت. بۆیە بەهۆی ڕیتمە شیعر لە مۆسیقا نزیك دەبێتەوە. لەم ساتەدا شیعر وەك مۆسیقا وایە لەخاڵێكدا یەك دەگرنەوە ئەویش ڕیتمە، كە دەڵێن شیعر وەك مۆسیقا وایە، لەبەرئەوەیە لەشیعردا ڕەگەزی مۆسیقای تێدا زاڵە لەپاڵ ڕەگەزەكانی تر. بۆیە (پەیوەندی وشە و ئاواز و مۆسیقا ئەوەندە بنجی و بەهێزە كە هەر لەگەڵ ئەوەی وشەیەك لەناو مێشكدا سەر هەڵدەدا

---

(١٢٢) سید شحاته(د)، علم جمال الموسیقی، ص ١٣٩ .

(١٢٣) محمد شفیعی كدكنی(د)، موسیقی شعر، ص ٤٤ .

(١٢٤) شوقي ضيف(د)، في النقد الادبي، طبعة (٣)، دارالمعارف بمصر، القاهرة، ؟ ، ص ٩٥ .

(١٢٥) سەرچاوەی پێشوو، ص ٩٧ .

(١٢٦) شاهۆ سەعید، ڕیتم لە نێوان شیعر و موزیكدا، ل ٥٨ .

مۆسیقایەکی لەگەڵ دروست دەبێ کە مانای وشەکە و کاریگەری وشەکە تەواو دەکا).[١٢٧] واتە ئەو پێوەندیە هەر لەزووەوە گرنگی پێ دراوە و باس لەپێوەست بوون و لێك دانەبڕانیان لێوە کراوە، چونکە (لەوەتی شیعر پەیدابووە مۆسیقاش لەگەڵی بووە ناوکی ئەم مۆسیقایەش ڕیتمە، مۆسیقای شیعر بەهۆی ڕیتمی شیعرەوە دروست دەبێت).[١٢٨] شیعریش وەك مۆسیقا لە ڕیتمەوە دەستی پێ کردووە. بۆیە (ڕۆل بینینی ڕیتم لەنێو دەقدا بەشێوەیەك گرنگی هەیە کە بەهای شیعرییەتی دەق بەرز دەکاتەوە، ئەوەی دەبێتە دینامۆی شیعرییەتی دەق ڕیتمە، بۆیە ڕیتم لە شیعر و پەخشان یان هەر دەقێکی تر بێت دەتوانێت ڕۆلی خۆی ببینێ و پێکهاتەی دەقەکە ڕیتم پڕژێن بکات).[١٢٩]

هەرچەندە کاریگەری ڕیتمی شیعر و ڕیتمی مۆسیقا بەسەر یەکەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین، بەڵام دەتوانین بڵێین: لەڕاستیدا کە ڕیتم لەم دواییەدا خۆی لەمۆسیقا جیاکردۆتەوە و ئێستا خاوەنی ڕیتمی سەربەخۆی خۆییتی و دەتوانرێت دیاری بکرێت. ڕیتم لەمۆسیقادا (پەیوەندی دەنگەکانە یەك لەگەڵ ئەوی تریان لەڕووی بەردەوام بوونی هەریەکەیان لەبابەت درێژی و کورتی ئەو مەوداو کاتەی ئەم دەنگە مۆسیقییانە پێیان ئەچێت "ئەی خایەنن").[١٣٠] هەرچەندە پێناسەی تریشی بۆ کراوە بەوەی کە (ڕیتم لە لێدانی کاتی ڕێکخراو دادەنرێت کە کاتی مۆسیقای پێ پێوانە دەکرێت).[١٣١] بەڵام نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئەگەر بێت و لەمۆسیقادا باس لەڕیتم بکەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ (ئەو ترنگە سەرەکییانەی کە دەنگی مۆسیقا یان ئاوازی مۆسیقایان لێ پەیدا دەبێ، ئەو ترنگە سەرەکیانەش ئەمانـەن: ١.دەنگ ٢. کات ).[١٣٢] کەواتە ئەو ڕیتمانەی کە باسیان دەکەین هەمە جۆرن و خۆی لە دوو شێوەدا دەنوێنێت:[١٣٣]

١. **شێوەیەکی ئاشکراو دیار و هەست پێکراو:** ئەم شێوە یەکەکانی بەئاسانی هەستمان دەبزوێنێ و بەپیریەوە دەچین، وەك ئەو ئاوازانەی کە گوێمان لێ دەبێت لەگۆرانیەك یان مۆسیقایەکی

(١٢٧) عەزیز گەردی، کێشی کلاسیکیی کوردی، ل ٧٥ .

(١٢٨) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ١٠ .

(١٢٩) هێمن عمر ئەحمەد خۆشناو، شیعرییەت لە کۆ چیرۆکی "نامەکانی ژاکۆن"ی "جەبار جمال غریب"دا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٣٨ .

(١٣٠) دلێر ابراهیم، تیۆری مۆسیقا، چاپی ٢ ، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١١ .

(١٣١) هالة محجوب(د)، جماليات الفن الموسيقى، ص ٢٢ .

(١٣٢) ئەنوەر قەرەداخی، ئیقاع و ژیان، ل ٧٥ .

(١٣٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥ – ٧٦ .

میللی، بەئاسانی بە چەپڵە یان بە قاچ بە زەویدان یان هەڵپەرین یا بە هەر هۆیەکەوە بێت... بەپیریەوە دەچین و سەرنجمان ڕادەکێشێت.

٢. **شێوەیەکی پەنهانی و شاراوە:** ئەم شێوەیەیان یەکەکانی وەك شێوەی پێشوو دیار و ئاشکرانین و بەئاسانی هەستی پێ ناکەین، بەڵکو لەڕێگەی پێشکەشکردنی بەرهەمەکە پەیوەندی لەگەڵ دەروونی بینەر یان بیسەران هەیە کە پێویستە ئەو کەسانە ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆیان هەبێت تا بتوانن بەتەواوی لێی تێبگەن و بچنە ناوەڕۆکی یەوە ئەو کاتە هەست بەجوانی ئەو ئیقاعە نهێنیە دەکەن کە کەسێکی ئاسایی یان نەشارەزا هەستی پێ ناکات و لێی تێناگات.

ڕیتم بە زمانی مۆسیقا (ئەو چالاکیەیە کە ژیان بە بەر هێما مۆسیقیە یەك بەدوای یەك هاتووە گۆڕاوەکان دەدات. لێرەدا بەکارهێنانی زمانی مۆسیقا سوودێکی زۆری هەیە، لەڕاستیدا دەتوانین مۆسیقای تیۆرییەکە بەکار بهێنین بۆ تێگەیشتنی لەسروشتی ڕیتمی شیعری بەجۆریك بەکارهێنانەکەی دەبێت بەوردی بێ بەبێ زیاد و کەم لەو شیعرەدا).[١٣٤] کەوایە مۆسیقا گاریگەرییێکی سەرەکی هەیە لەدارشتنی شیعری بەشێوەیێك کە بۆتە پایەیێکی بنچینەیی لەکرداری ڕێکخستنیدا. بەم شێوەیەش بێ دەبینین ڕیتمی شیعر و ڕیتمی مۆسیقا پێکدەگەن بەهۆی ئەو کاریگەری و نزیکایەتیەی لەنێوانیاندا ڕوودەدات.

ڕیتم دیاردەیێکی گشتییە لەهونەردا و یەکێکە لە بنچینەکانی مۆسیقا و یەکێکیشە لە بنچینەکانی مۆسیقای شیعر کە لەسەر گونجان یان دانانی دەنگەکان پێدادەگرێت.[١٣٥] بۆیە ڕیتم لەمۆسیقا و شیعردا (بریتیە لە بەدوای یەکداهاتنی یەکە برِاوتە ڕێخراوییەکان لەکاتدا، بەواتای ئەوەی کە ڕیتم لەمۆسیقا و شیعردا دروست نابێت تەنیا لەسنووری کاتدا نەبێت).[١٣٦] لەلاییێکی تریشەوە (ڕەگەزی ڕیتم جەخت دەکاتەوە لەسەر زیادکردنی کێشە شیعرییەکان و ڕیتمی وشەکان بۆ لێدانە نەغمەییەکان و لێدانە دەنگییەکان، ڕەنگە ئەم هۆکارەش لە بەهێزترین ئەو هۆکارانەبێت کە دەبێتە هۆی هاندانی پێوەست بوون لەنێوان مۆسیقا و وشەکان).[١٣٧] بۆیە دەتوانین گرنگی ڕەگەزی مۆسیقا لەشیعردا، لەم وتەی "ئیلیوت"دا کورت بکەینەوە کە دەڵێ: (لەپشت ئازادترین شیعرەوە پێویستە سێبەری کێشێکی سادە خۆی حەشار دابێت، ئەگەر وەنەوز بدەین بەهەڕەشەوە بەرەو ڕوومان دێت، ئەگەریش بێداربینەوە ون دەبێت).[١٣٨] بۆیە دەتوانین بڵێین:

---

(١٣٤) كمال ابو ديب(د)، بنية الايقاعية، ص ٢٣١ .

(١٣٥) روز غريب، تمهيد في النقد الحديث، دار المكشوف، بيروت – لبنان، ١٩٧١، ص ١٧٧ .

(١٣٦) محمد عبدالحميد(د)، في الايقاع، ص ٧٥ .

(١٣٧) عبدالغفور النعمة، الرباط المقدس، ص ٩٣ – ٩٤ .

(١٣٨) رجاء العيد(د)، الشعر و النغم، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٥، ص ١٩ .

هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا شیعر هەر وابەستەی مۆسیقابووە، ناتوانین بەهەر بیانوییێك بێت یەکێکیان لەئەوی تریان جیا بکەینەوە.[١٣٩]

لێرەدا ڕاستییێك هەیە دەبینین کە ڕیتم ڕەگەزێکی هەرە سەرەکی جیهانی هونەر و ئەدەب بە گشتی و شیعر و مۆسیقایە بەتایبەتی کە ئەستەمە بەبێ بوونی ڕیتم بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی بخوڵقێت هەر بەهۆی ڕیتمەوەیە کە هەموویان بەیەکەوە وابەستەی یەکتری بوونە، چونکە ڕیتم لەهەموویاندا بەدی دەکرێت، بەڵام لەیەکێکیان بۆ ئەوی تر ئەو ڕیتمە لەئاستێکی تردا دەبیندرێت. واتە لەهەموویاندا یەك ئاست نابێت، بۆ نموونە (ئەگەر لەهونەرەکانی تری ئەدەبدا ئەرکی جیاوازی هەبێت، ئەوا ڕیتم لەشیعردا ئەرکی بەهێز کردنی مۆسیقای شیعرە، جگە لەوەی واتا بەشێوەیێکی ئاسانتر بۆ گوێگر دەگوازێتەوە).[١٤٠] ناوبانگی شیعریش لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی تر بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕیتمە بەهێزەی شیعر هەیێتی بەرهەمە ئەدەبیەکانی تر لەو ئاستەدا نین.

گریمان هەر شاعیرێك بیەوێت بیرێکی تایبەتی لەشیعرەکانیدا دەرببڕێت، بەڵام ئەم دەربڕینەی لەسەر حسێبی ئاستی مۆسیقییەکەی بێ وەك: کێش، سەروا، ڕیتمی ناوەوە...هتد. ئەو شاعیرە تەواو مەبەستی خۆی ناپێکی، چونکە شیعر تەنیا لەوە بەرپرسیار نییە کە بیرێکی تایبەت دەربرێت، بەڵکو دەبێت ئاگای لەهەموو مەرجەکانی دیکەی شیعرەکە بێت تا شیعرێکی ڕێك و پێك و سەرکەوتووی لێ دەربچێت.[١٤١] کەوایە (شیعر بەبێ مۆسیقایەکی بەهێز کە دڵ و دەروون لەگەڵی نەهەژێ ڕەگەزێکی سەرەکی خۆی لەدەست دەدات، مۆسیقا پایەکی دروستکەری شیعرە جوانی و ڕەونەق بەکاری هونەری دەبەخشێت. جگە لەو ڕۆڵەی کە وەك ڕەگەزێکی دروستکەری هونەری و ئامرازێکە لە ئامرازە هونەرییەکان کە نیزام و زەمەنی خۆی هەیە).[١٤٢] مۆسیقای شیعریش کە بەهۆی ڕیتمی شیعرییەوە دروست دەبێت هیچ کاتێك وەك شتێکی جیا لە واتا نەهاتووە، بەڵکو هەردەم جگە لە ئەرکە تایبەتییەکەی خۆی گەیێنەری واتاش بووە باشترین مۆسیقای شیعریش ئەوەیە کە بەیەکەوە بگونجێن، واتە: مۆسیقا و واتا لەیەك کاتدا هاوتەباییێك دروست بکەن.

لێرەشدا دەوری شاعیر دێتە پێشەوە کە تا چەند دەتواندرێت لەئەزمونەکەی خۆی سەربکەوێت و زیرەکانەش مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات. وەك ئاشکرایە (شاعیر لەهەموو کەس

---

(١٣٩) ابوالسعود سلامة ابوالسعود، الایقاع في الشعر العربي، دار الوفاء، الاسكندرية، ٢٠٠٣، ص ٢ .

(١٤٠) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ٧ .

(١٤١) حوسێن محەمەد عەزیز، یاقووت و زمڕووتی کوردی، بەرگی ١ ، بەڕێوبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ١٣١ .

(١٤٢) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ٧ .

زیاتر هەستێکی مۆسیقایی و گوێچکەیەکی مۆسیقایی هەیە... چەند ئەرکەکەی ئەوەیە بیر و مەبەست و ناوەرۆك بگەیەنێت ئەوەندە پتریش دەبێت کۆرەکان بەهەڵ بزانێت بۆ ئەوەی گوێگر فێر بکات چۆن زەوق لە شیعر وەربگرێت، تێی بگەیەنێت مۆسیقا چ دەورێکی لەشیعردا هەیە و چۆن دەروون و دڵ و گیانیان پاك دەکاتەوە)[١٤٣]، چونکە شاعیر هەموو دەنگە جیاوازەکان بەشێوەیێکی رێك و مۆسیقییانە دێتە بەر گوێی و بەرجەستەیان دەکات. ئینجا رۆڵی ئەو کەسە دێتە پێش کە هەست بەلایەنی یان ئاستی مۆسیقییەتی دەقەکە دەکات بەهۆی گوێچکەییێکی مۆسیقییەوە (جا ئەگەر کەسێك بێت و توانای ئەوەی هەبێ لەو جۆرە دەقانە سترانێك ساز بکات بەشێوەیەك "ئاواز و دەنگ" هاو تەبای ئەزموونی ئەدەبی دەقەکە بن، ئەوا هێندەیتر دەق لەنێو پرۆسەکەدا جوانتر و کاریگەرتر دەبێت و زیاتریش پەیامگر دەوروژێنێت).[١٤٤]

شاعیریش ئیلهامی دەنگی دیاریکراو جا چ لەئاستی ریتمی دەرەوە یان ناوەوە بێت، یاخود ئیلهامی بیری تایبەتی وای بۆ دێت کە شاعیر بەرامبەر بارێکی دەروونی داهێنەرانە دابندرێت و هەر ئەو بارە دەروونییەش کارییگەری خۆی لەسەر بەرهەمەکەیەوە دەبێت، واتە (چۆن ریتمی شیعری دەربڕینی باری دەروونی شاعیرە، ئاواش ریتمی مۆسیقاش دەربڕینە لەدەنگەکان لە هێز و بێ هێزی، خێرایی و هێمنی، خۆشی و ناخۆشیدا).[١٤٥] بۆیە دەبینین خاڵی لێکچوونی سەرەکی لەنێوان شیعر و مۆسیقا خۆی لەریتمدا بەرجەستە دەکات، چونکە ئەم رەگەزە لە شیعر و لەمۆسیقاشدا هەیە (شیعریش هەر وەکو موزیك لەریتمەوە دەستی پێکردووە ئاشکرایە کێش لەشیعری ستوونی تەنانەت لەزۆربەی نموونەکانی شیعری سەربەستیشدا بایەخی تایبەتی هەیە و پێویستە بەوردی لەسەری بوەستین، بۆیە ئەو پێناسەیەی دەڵێ شیعر وتەیێکی کێش و سەرواداره بەناوبانگترین پێناسەیە لەکەلتووری رەخنەیی کۆندا، بەڵکو"کێش و سەروا" پیرۆزییێکی هونەری ئەوتۆی وەرگرتبوو کە هیچ شاعیرێك و هیچ رەخنەگرێك زاتی ئەوەیان نەدەکرد کەمبایەخ تەماشای بکەن).[١٤٦] بۆیە (ریتمی شیعری و ریتمی مۆسیقا لە بیرۆکەییێکی گونجاو بەیەك دەگەن، بەجۆرێك کە ئەو بیرۆکە گەوهەرییە لەهەموو شێوە و جۆرێکی هونەردا هەبێت، بەڵام وێنەی ئەم بیرۆکە تەواو جیاوازە بەجیاوازی کارەکەی، ئەوەی بەشیعر پێوەستە ئەدایەکەی پێك دێت لەو وشانەی کە واتای راستەوخۆ یان ناراستەوخۆی لەخۆدەگرێت بەگوێرەی

---

(١٤٣) ئازاد عبدالواحد، هونەری شیعر خوێندنەوە، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(٤٧٢)، ١٩٧٩، ل ٣ .

(١٤٤) فواد رشید(د)، دەقی ئەدەبی "ئەدگار. چێژ. بەها"، بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە (٦١٩)، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٤ .

(١٤٥) روز غریب، تمهید في النقد الحدیث، ص ١١١ .

(١٤٦) شاهۆ سەعید، ریتم لە نێوان شیعر و موزیکدا، ل٦٠ .

جۆری ئەو پێوەندییانەی کە ڕێکیان دەخات).[١٤٧] بۆیە هەر بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئاستە جەوهەرییەکانی ئەو پێوەندییەی کە لەنێوان شیعر و مۆسیقادا هەیە لەڕووی فەرمانی تەکنیکی هەردوو کایەکەوە دەکرێت ئەم خاڵانە بخەینەڕوو:

١- پلەکانی موزیك لەحەوت پلەی سەرەکی پێك دێن کە بریتین لە (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا، سی) لەبەرامبەردا پیتە بیستراوەکانی شیعر لە ئەلف بێی هەموو زمانەکاندا هەن، واتە هەروەك چۆن بەجێگۆڕکێ لەپلەبەندی نۆتەکاندا شێوازی ئاواز لەموزیکدا دەگۆڕێ بەهەمان شێوە بەجێکۆرکێ لەپیتەکانی زماندا مانای وشەو مانای گشتیش گۆڕانی بەسەردا دێت.[١٤٨]

٢- ڕەگەزە سەرەکییەکانی مۆسیقا بریتین لە: ڕیتم و ئاواز و هارمۆنی و ڕەنگی دەنگ،[١٤٩] بەڵام بنەما سەرەکییەکانی ڕیتمی شیعری یان مۆسیقای شیعری بریتیە لە: ڕیتمی دەرەوە و ڕیتمی ناوەوە... هتد.

٣- چینە دەنگەکانی مۆسیقا لەنێوان دەنگی گڕ و ناسکدا بەسەر ئەم دەنگانە "بێز، تینور، ئاڵتۆ، سۆپرانۆ" دابەش دەبێت.[١٥٠] بەهەمان شێوە لەڕیتمی بیستراوی شیعریش لەپیتە دەنگە کپ و گڕەکان و چەندین دەنگی هەمە جۆر پێك دێت.

٤- دووبارەبوونەوە، ئاوازی کتوپڕ، وەستانی کورت و وەستانی درێژ... لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی پێکهاتەی تەکنیکی موزیکن لەبەرامبەردا ڕەگەزی دووبارەبوونەوە دەرکەوتێکی گرنگی شیعرە، هەروەك چۆن ڕیتمی کتوپڕ و بێدەنگی نێوان سەروا و سەری دێر یان بەیتی داهاتوو ... هتد پێکهێنەرە سەرەکییەکانی بنیاتی تەکنیکی شیعرن.[١٥١]

٥- ئەگەر سەیری جەوهەری شیعر و مۆسیقا بکەین، دەبینین کە شیعر سێ بنچینەی سەرەکی هەیە، "خەیاڵ" کاریگەرە لەناو دەقی شیعریدا، پاشان کاریگەری دەبێت لەسەر بیسەر، "گونجان" لەنێوان وشە و واتادا بەجۆرێك کە وشەیێکی گونجاو هەڵبژێرین بۆ واتایێك کە

(١٤٧) جابر العصفور(د)، مفهوم الشعر، الطبعة ٥ ، مطابع الهيئة المصرية العامة، مصر، ١٩٩٥، ص ٣٠٢ .

(١٤٨) شاهۆ سەعید، ڕیتم لە نێوان شیعر و موزیکدا، ل ٦٣ .

(١٤٩) هالة محجوب(د)، جماليات فن الموسيقي عبر العصور، ص ٢٢ .

(١٥٠) ماسيل دوبري، ترجمة، الاب فليب هيلايي، تحليل التوافق الصوتي (هارموني)، دارالشؤون الثقافة العامة، بغداد ، ١٩٩٠، ص ١٣ .

(١٥١) شاهۆ سەعید، ڕیتم لە نێوان شیعر و موزیکدا، ل ٦٣ .

بەشێوەیێك جیاوازی بکەین لەنێوان لیریکی و درامی لەتایبەتمەندییەکانی گوزارشت کردن، هەروەها مل کەچ بوونی ڕێچکەی شیعری بۆ "کێشێکی تایبەت". هەرچی لەمۆسیقادا دەبینین کە "خەیاڵ" کاریگەرە لەدارشتندا، هەروەها "گونجانی" پەیڤەی مۆسیقا و سروشتی دەنگەکان لەگەڵ واتادا. هەروەها "کێش" و پێوەندی بەڕێچکە و جۆری ئاواز هەیە. بۆیە لێرەدا دەبینین لەبنچینەدا هاوبەشن.(١٥٢)

٦ـ هونەری ئەداکردن لەشیعر و مۆسیقادا وەك یەکە، هەروەك چۆن هۆنینەوەی شیعری لەبنچینەدا بینا دەکرێت لەسەر کەرتکردن و لەتکردنی دێری شیعری، ئەو مۆسیقایەش بنچینەی ئەداکردنەکەی ناسراوە لەکەرتکردنی ڕستە مۆسیقییەکان، پێکەوەلکانی بەشەکانی ڕستەکەی تا دەگەینە وێنەیێکی نواندن لە پارچە مۆسیقایەکە.(١٥٣)

٧ـ دژە پەیوەندی نێوان دەنگەکان "نەشاز" لەموزیکدا هەڵگری بارگەی دەلالی خۆیەتی گەر بەشێوەیەکی هونەری بخرێتە گەر هەروەك چۆن دیاردە گەلێکی وەك "زیحاف، عیللە، پەشێوی لەڕیتمدا..." دەلالەتی خۆی هەیە لەسیاقی شیعریدا.(١٥٤)

٨ـ موزیك پشت بەئاستە جیاوازەکانی سترێس دەبەستێ وەك توخمێکی پێکهێنەری ئاوازی گشتی، ڕیتمی شیعریش پشت بە هەمان توخم دەبەستێ لەڕێگای گوشار خستنەسەر چەند یەکەیێکی ئیقاعییەوە.(١٥٥)

بۆیە پێوەندییێکی بەهێز هەیە لەنێوان مۆسیقا و شیعر هەردووکیان یەك هۆکاری هەستی بەکاردەهێنن ئەویش"دەنگە" هەردووکیان بۆ بنیات بونیان پشت بەکێش دەبەستن، هەرچەندە ئەگەر جیاوازیش بن لەڕێگای بەکارهێنانی دەنگەکان و جۆری گوزارشت کردنەکە، دەنگەکان لەشیعردا لەو ئامێرانە دەرناچن کە مرۆڤ دایهێناوە، بەڵکو لەئەندامەکانی ئاخاوتن دەردەچن کە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ هێما زارییەکان کە نرخەکانیان لەو وێناکردنانە خۆی دەبینێتەوە کە دەنگەکە هێمای بۆ دەکات.(١٥٦)

بۆیە چەندین خاڵی تریش هەن کە دەکرێت بەهەند وەربگرێن لەسەر ڕۆشن کردنەوەی ئەو بیر و بۆچوونانەی سەبارەت بە پێوەندی شیعر و مۆسیقا لە ئارادایە، بەڵام پێویستە ئاماژە

---

(١٥٢) اسعد محمد علی، بين الموسيقا والادب، ص ٥٤ .

(١٥٣) سەرچاوەی پێشوو، ص ٥٤ .

(١٥٤) شاهۆ سەعید، ڕیتم لە نێوان شیعر و موزیکدا، ل ٦٣ .

(١٥٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣ .

(١٥٦) سيد شحاته(د)، علم جمال الموسيقى، ص ١٣٠ – ١٣١ .

بەوەش بدەین کە دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشییەکانی نێوانیان هەروا کارێکی ئاسان نییە بەتایبەتی سەبارەت بەڕەگەزی ڕیتم کە هاوبەشە لەنێوان شیعر و مۆسیقادا. چۆن پێشتر وتمان کە ڕیتمی مۆسیقا ڕوونتر و وردترە، ئاواش دەڵێین: ڕیتمی شیعریش بەتایبەتی لەڕەخنەی نوێدا لەڕووی پێناسەی زاراوەییەوە گشتگیرترە لە ڕیتمی مۆسیقادا.[(١٥٧)]

کەوایە دەکرێت بڵێین: (شیعر و مۆسیقا دوو شتن لە دەروونی مرۆڤدا بۆ هەمان واتا، یان دوو واتان بۆ یەك شت، وەك گوڵ و بۆنەکەی، کە یەکێکیان لاواز بێت، ئەوا بەشەکەی تری دەبێتە وێنەیێکی بێ سوود، ئایا لەخۆتەوە وا هەست ناکەیت؟ شیعر هەر خۆی بریتییە لە کۆمەڵێك جولە و نەغمەی مۆسیقی، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەروون ئاگادار دەکاتەوە بە دەنگەکانی و بە واتاکەشی ویژدان دەوروژێنێت. لە کاتێکدا مۆسیقا بریتییە لە کێشی شیعری، بەڵام بە پێچەوانە کاردەکات، واتە بە دەنگەکانی دەتوروژێنێت و بە واتاکەی ئاگادارت دەکاتەوە).[(١٥٨)] هەرچەندە هەموو بەهرە هونەرییەکان لەبنەڕەتدا بۆ یەك جۆر لەئامادەیی دەگەڕێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین: کاتێك ئەو بەهرە هونەری و ئەدەبییانە بەسەر ژانرەکانیان دابەش دەبن هەر لقێکیان جۆرە تایبەتمەندیێکی پێدەدرێت کە دەرئەنجام بۆمان دەردەکەوێت چەندین ڕەگەزی جیاوازن. بۆیە زەحمەتە بتواندرێت جیاوازییە بنچینییەکانی نێوان دوو ژانر پێکدا بتوێندرێتەوە و لەتایبەتمەندییەکانی خۆی داڕنین و تایبەتمەندی یەك بەسەر ئەویتر دابڕین.

بۆیە چەندین جیاوازی جەوهەری لەنێوان "شیعر و مۆسیقا"دا هەست دەکرێت کە سنوور لەنێوان ئەو دوو جیهانە دەکێشن لەوانە:[(١٥٩)]

١- شیعر مادەکەی وشەیە و وشەش چ لەباری مۆرفۆلۆجیا و چ لەباری سینتاکسدا هەڵگری بارگەیەکە لە دەلالەت، بەم پێیە زمان – وشە لۆژیکی تێدایە لە کاتێك مۆسیقا بریتییە لە "دەنگی ڕووت" بریتیە لە چەند لەرینەوەیێکی پێکەوە جۆشا و لەسەر ئاهەنگێکی تایبەتی کە نە بە "نۆتە"ی تاك نە بە"ئاواز" گوزارشت لەواتایەکی موزوعی ناکات.

٢- شیعر لەناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێ و لە ڕاز و نیاز و ڕوئیا و ئاواتەکانی هەڵکێشراوە، بۆیە کە شیعر گۆ دەکرێ لەگەڵ خۆیدا وێنەی ناوەوە شاعیر کەشف دەکات. واتە شیعر ناخی مرۆڤ بەرجەستە دەکات لەبۆتەی "دەق"دا، بەڵام مۆسیقا لەدەرەوەی ناخدا بنیات دەنرێ لەرەلەرێکی دەرەکی دروست کراوە کە دەکرێ وەك زانست بگوازرێتەوە و لاسایی بکرێتەوە. شیعر هەر موڵکی ئەو مرۆڤە شاعیرەیە کە خوڵقاندوویەتی، لەکاتێکدا مۆسیقا دەبێتە موڵکی گشتی.

---

(١٥٧) شاهۆ سەعید، ڕیتم لە نێوان شیعر و موزیکدا، ل ٦٦ .

(١٥٨) سامی الشوّا، القواعد الفنية في الموسيقى الشرقية و الغربية، مطبعة جبرائيل ف. جبري وولده، مصر، ؟، ص ١٤١ ـ ١٤٢ .

(١٥٩) کارۆخ خۆشناو، شیعر لەنێوان " کێشی مۆسیقی "و" بە مۆسیقابوون "دا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٨٤)، ١٩٩٨، ل ٢ .

٣ـ شیعر هەمیشە بابەتێکی هەیە لێی دەدوێ، لەکاتێکدا مۆسیقا خۆی بابەتی خۆیەتی و لەگەڵ خۆی دەدوێ شیعر دایەلۆگ دەکات، بەڵام مۆسیقا مۆنۆلۆج دەکات.

٤ـ مۆسیقا بەوە خۆی لەهەموو هونەرەکانی دیکە جیادەکاتەوە بەوەی کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هەست و سۆزدا هەیە و ئاستە قووڵەکانی ئیرادەی مرۆڤ بەقسە دێنێ کە هیچ هونەرێکی تر بەو شێوە ناتوانێ بیانهێنێتە قسە. خەسڵەتێکی تری مۆسیقا ئەوەیە کەوا دەکات لەسەرووی هونەرەکانی ترەوە بێت زمانە جیهانیەکەیێتی کە پێویستی بە نێوەندێك و یاخود وەرگێڕێك نییە، بە پێچەوانەی شیعر کە پێویستی بەزمانێکی دیاریکراو هەیە تا بەو نێوەندە تێدەپەڕێت و بەمەبەست بگات یاخود پێویستی بە وەرگێڕێك دەبێت کە بۆ زمانێکی تر وەربگێڕدرێت.[١٦٠]

٥ـ ئاستێکی تری جیاوازی نێوان شیعر و مۆسیقا لەڕووی وەزیفە و گوزارشت کردنەوەیە، چونکە شیعر ئەگەر لە وەزیفە کۆمەڵایەتییەکەشی دابڕنین ئەوا وەزیفەکەی هەر جیا دەبێت لە وەزیفەی مۆسیقا ئەگینا دەبێتە دەلالەتێك بۆ یەك دال.[١٦١] دواجار سەرەڕای ئەم جیاوازییانەش کە لەنێوانیاندا هەیە، شیعر هەروەك نزیکترین هونەر دەمێنێتەوە لەمۆسیقادا.

## ـ هارمۆنییەت لەنێوان شیعر و مۆسیقادا:

پێشتر کاریگەری و پێوەندی نێوان شیعر و مۆسیقامان ڕوونکردەوە بۆیە لێرەدا دەڵێین: (ڕیتمی شیعری لەگەڵ ڕیتمی مۆسیقادا لەگونجان و هارمۆنییەت بەیەکدەگەن،ئەو هارمۆنیەتەش دەگونجێت لە تێڕوانینی ڕەوانبێژییانەی دەقدا ڕەگەکانی بۆچەمکەکانی یەکسانی و دژیەك و هاوسەنگی و دووبارەبوونەوە و بەرامبەری...دا بگەڕێتەوە).[١٦٢] هەرچەندە هارمۆنی ئەدگاری تایبەتی و سەرەکییە لەهەموو لقەکانی هونەرەجوانەکان دەبیندرێت و بەتایبەتی لەمۆسیقادا کە یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی، بەڵام دەتوانین بڵێین: لەئەدەبدا کەمتر خۆی دەردەخات و هەستی پێدەکرێت. بۆیە (هونەر و ئەدەب بەهۆی ئیقاع و زمان و هارمۆنی بەیەکەوە یاخود بەجیاجیا لاسایی ئەکەنەوە).[١٦٣] بۆ نموونە: شمشاڵ و گیتار لێدان بەهۆی ڕیتم و هارمۆنیەوە لاسایی دەکاتەوە، هەرچی سەمایە ئەوا تەنیا بەهۆی ڕیتم لاسایی دەکاتەوە.[١٦٤]

---

(١٦٠) شاهۆ سەعید، ڕیتم لە نێوان شیعر و موزیکدا، ل ٦٦– ٦٧ .

(١٦١) کارۆخ خۆشناو، شیعر لەنێوان " کێشی مۆسیقی " و " بە مۆسیقابوون "دا ، ل ٢ .

(١٦٢) شاهۆ سعید، البنية الايقاعية، ص ١٠٠ .

(١٦٣) حمید عزیز، ئەدەب و هونەر لەلای ئەرستۆ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٦٥)، ١٩٧٨، ل ٦ .

(١٦٤) ارسطو، ارسطوطاليس في الشعر، ترجمة وتحقيق، شكري محمد عياد(د)، دار الكاتب العربي، القاهرة، ١٩٦٧، ص ٣٠ .

ئەم هارمۆنییەت و گونجانەش دەربڕینەکان جوان دەکەن و بەهۆی دووبارەکردنەوەشیان ڕەهەندێکی ئێستێتیکا بەدەقەکە دەبەخشێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەبنە بناغەیێکی بەهێزی دروست بوونی ڕیتم. کەوایە(هارمۆنی ڕێك خستن و ڕێکەوتنێکی ئەندازیاری یانەی وورد و سەرنج ڕاکێشە).(١٦٥) زۆرجاریش ئەدیب و هونەرمەند ڕوودەکەنە هەڵبژاردنی نا هارمۆنییانە ئەمەشیان هەر بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشان و چۆنیەتی دروست بوونی هارمۆنییەتە.(١٦٦)

شیعریش کە ژانرێکی سەرەکی ئەدەبە دەنگ و ئاوازێکی تایبەتی هەیە کە بەهۆی کێش و سەرواوە دروست دەبێت و دەتواندرێت بەئاسانی لایەنی هارمۆنی تێدا دەست نیشان بکرێت بەهۆی (ڕێکەوتنی وشەکان، هەڵبژاردنی جۆری وشە و داڕشتنی، بەو جۆرەی نوێنەری بیر و پەیام و مەبەست بێ، ڕێکەوتنی بڕگەی کورت و بڕگەی درێژ، ڕێکەوتنی دێڕی کورت ودێڕی درێژ، ئیقاعی ناوخۆیی، هەموویان بەشێکن لەو هارمۆنی لەرینەوە و ئاوازە).(١٦٧) هەر ئەم ئاواز و کێش و ڕیتمانەی شیعرەکە زنجیرەیێك لە دەنگی هاوچەشن و هاوئاواز پێك دەهێنێت و شاعیر دەست ڕەنگینی خۆی لەو هاوئاهەنگییەی نێوان وشەکان دەبینێت.

بۆیە مەبەست لە هارمۆنییەت (گونجانی ڕەگەزە جیاوازەکانە بەشێوەیێك کە کۆتایی دێت بەشوێن دەستەیێکی یەکگرتوو).(١٦٨) کە لەمۆسیقادا زاراوەیێکی دیاری بۆ بەکاردێت کە ئەویش "گونجان" Harmony یە، کە (ئەو زانستەیە کە لەجۆر و چۆنیەتی دروستبوون و سازاندنی جۆری ئاوێز "A cord"ی سەر دەنگەکانی پەیژەی موزیك دەدوێ، هەروەها پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی ئەو ئاوێزانە بەیەکدییەوە).(١٦٩) ئامانجیش لەو هارمۆنییە جیاکاری و ڕیزکردنی کۆمەڵێك دەنگی جیاوازە کە لەیەك کاتدا دەبیسترێت بەڕەچاوکردنی ئەو هەستە گونجاندنیەی کە گوێ لەکاتی جێ بەجێکردنی درکی پێ دەکات. ئەو کاتەش ( دەتوانن دەنگدانەوەی بەگوزارشت پێك بهێنن کە دەستەواژەکانیان لەڕووی زەمەنەوە بەوردی دیاری بکرێ. لەبەرئەمە هەمیشە گونجان پێویستی بەڕیتمی تایبەتی خۆی هەیە و ناتوانێ بەبێ ڕیتم واتا ببەخشێ).(١٧٠) ڕیتمیش لەنێوان کێش و ئاوازدا گونجاندن پەیدا دەکات. (ڕەنگە هەندێك جار وا ڕێك بکەوێت کە گوێچکەی بیسەر ئاسوودە بێت بە بیستنی ئاوازێك کە لە سەر دەنگێك بینا کرابێت. دەشگونجێت گوێچکەکان بە بیستنی

---

(١٦٥) احسان فواد(د)، ئەدەب و ڕەگەزەکانی ئەدەب، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٦٠٥)، ١٩٨١ .

(١٦٦) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣ . یان بروانە، علي الشوك، الموسيقى الالكترونية، ص ١٣ — ١٤ .

(١٦٧) احسان فواد(د)، ئەدەب و ڕەگەزەکانی ئەدەب .

(١٦٨) مجدي وهبة، معجم المصطلحات الادبية .

(١٦٩) باراشکیف خاد جییف، وەرگێڕانی، توانا خورشید، هارمۆنی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٥ .

(١٧٠) ئیمۆجن هاڵست، وەرگێڕانی، ع .ج . سەگرمە، چاپی ٢ ، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٩٥ .

چەند دەنگێکی بە یەکداچووی هارمۆنی بێزار بن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گوێگرتنی تاك بۆ ئاوازەکان کە سیفەتی یەك دەنگییان هەیە، یان گرنگی نەدانی تاك بە گوێنەگرتنی بۆ ئەو ئاوازانەی کە دەوڵەمەندن بە ڕەگەزەکانی هارمۆنی).[١٧١]

هەرچی لەڕەخنەی شیعریدا ئەوا زاراوەی هاوئاهەنگ یان شیاو بەکار دەهێندرێت کە (بریتییە لەیەك شێوەیی تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتن لەڕیتم و هێز و بژارکردنی وشەکان و لەبوونی واتا و دەنگی وەك یەك تیایاندا بەشێوەیێك کە کاریگەری باشیان هەبێت لەسەر گوێ یان خانەی مێشك).[١٧٢] بۆیە دەبینین سەروا لەشیعردا دیاردەیێکی ڕیتمییە دەچێتە ناو بناغەی دەق و یارمەتی خۆگری دەقەکە دەدات وەکو دیاردەیێکی هارمۆنی و یارمەتی دەدا لەپێدانی کەشێکی ویژدانی تایبەت بەشیعر.[١٧٣] کەوایە چۆن هەندێك جار لەنێوان وشەکاندا جۆرە ڕیتم و زەنگێك پەیدا دەبێت کە گوێ قبوڵی دەکات ئاواش لەمۆسیقادا هەندێك چینی دەنگ سەرەڕای جیاوازیشیان لەیەکتری، بەڵام تەبایی و هاوئاهەنگی لەنێوانیاندا دەبێت و گوێی مرۆڤیش هەر لەدوورەوە پێشوازییان لێ دەکات.[١٧٤] ئەمەش پێی دەوترێت هارمۆنی.

## ـ کێشی عەرووزی و مۆسیقا:

شیعر هونەرێکی ئاخاوتنییە لەگەڵ مۆسیقادا کە هونەرێکی نەغمەییە هاوبەشە، بەتایبەتیش لەڕەگەزی ڕیتمدا، چونکە (پەیدابوونی شیعر و مۆسیقا پێکەوە وای کردووە ئەوەندە تێك بچرژێن کە پاش لێك جیابوونەوەش نەتوانن بەتەواوی دەست بەرداری یەکتربن بەتایبەتی شیعر ڕەگەزە سەرەکییەکەی کێشە، کە لەمۆسیقاوە بۆی ماوەتەوە).[١٧٥] دەتوانین بڵێین: کێش بۆ تیپەکان بە وێنەی ڕیتم وایە بۆ نەغمە و ئاوازەکان. بۆیە (ڕیتمی کێش لەشیعردا بەرامبەر ڕیتمی ژمارەیی کاتییە لەمۆسیقادا، چونکە لەسەر دووبارەکردنەوەی برگەی لەیەکچووە ڕێکخراوەیی یەکانی بەپێ "تفعیلە" دەوەستێت. بێگومان کێش کاتی خوێندنەوە بۆ خوێنەری شیعر ڕێك دەخات هەر وەك چۆن کاتەکە بۆ ژەنیاری مۆسیقا ڕێك دەخات).[١٧٦] بۆیە (جولە ڕێکخراوەکان بۆ کێش لەگەڵ جولە ڕێکخراوەکانی ڕیتمی مۆسیقا لەیەك دەچن، چونکە هەریەکێکیان لەسەر هەمان بنەما بنیات نراون، ئەویش بریتییە لەگونجانی جولەی دەنگەکان

---

(١٧١) محمد محمود سامي حافظ، قواعد الموسیقى الغربیة وتذوقها، ص ١٨٩ ـ ١٩٠ .

(١٧٢) مجدي وهبة، المعجم المصطلحات الادبیة .

(١٧٣) شکری محمد عیاد(د)، موسیقى الشعر العربي، ص ١١٩ .

(١٧٤) ئازاد دڵزار، ڕیتم و خاڵبەندی لەشیعر و مۆسیقادا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٥)، ١٩٩٨، ل ١٢٢ .

(١٧٥) عەزیز گەردی، کێشی کلاسیکیی کوردی، ل ٧٥ .

(١٧٦) روز غریب، تمهید في النقد الحدیث، ص ١٧٧ .

لەبەدوای یەکدا هاتنیان بەشێوەییێکی ڕێکخراو لەکاتدا ڕەنگە بڵێین ڕیتمی مۆسیقا زیاتر وردتر و ڕێك خراوترە لەڕیتمی شیعردا).(١٧٧)

شیعر و مۆسیقا نرخاندنێکی تایبەتی بەکاتی نەقەراتەکان دەدەن، ئەویش لەکێشدا دەردەبڕێت جیاوازیشیان دەگەڕێتەوە بۆ نرخاندنی جیاوازی دەربڕینی دەنگی لێدانەکان لەهەردوو هونەرەکە، بەڵام پارچەکان لەشیعردا ئازادنین بۆ شێوەی کە دابەشی بکەین بە بەشی بچووکتر لەخۆی. هەرچی لەکێشی مۆسیقادا دەبینین ڕێگا بەیەکگرتنیان دەدرێت بۆ یەکسان بوونیان لەبەشە نەغمەییەکان، چونکە لەمۆسیقادا نەغمەیێکی تەواو کە بە "رۆند" ناو دەبرێت دابەش دەبێت بۆ دووبەش و چوارچواری و هەشت هەشتی...هتد. واتە ١/٢ بۆ١/٤ بۆ ١/٨ کە هەر یەکێکیان ناوی خۆی هەیە وەك: " روند ، بلانش، نوار، کرۆش،...هتد. تا ١/٦٤ کە کواتریبل کرۆشە"ە لەوە زیاتر دابەش نابێت.(١٧٨) کەوایە شاعیر کاتێك شیعرێك دادەنێت، ئەوا مۆسیقا ئاوازی بە بەردا دەکات و یاخود مۆسیقا پێش دەکەوێت و ئاوازێك دادەڕێژێت. ئینجا داوا لەشاعیر دەکات شیعرێکی بۆ دابنێت لەگەڵیدا بگونجێت کە لێرەشدا گرنگی کێشمان بۆ دەردەکەوێت.

بۆیە هەردوو هونەرەکە پێك دەگەن و یەکدەگرن. هەروەکو جاحز چۆن (ئاوازە کێشدارەکانی کەرتکردووە لەسەر شیعرە کێشدارەکان، واتە کێشداری لەسەر کێشدار داناوە).(١٧٩) بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین: کێشی شیعری پێوەستە بەئاوازەکان، هەر یەکێکیشیان کاریگەری بەسەر ئەوی تریان دەبێت لەڕووی کورتی و درێژی نەغمەکان و یان لەڕووی خێرایی و خاوییەوە یاخود لەڕەقی ناسکی و بەرزی و نزمیدا. کەوایە ئەم پێوەندییە توند و تۆڵەی نێوان شیعر و مۆسیقا خۆی لەکێشی شیعری دەبینێتەوە، چونکە بەبێ بوونی هەستمان بە بەشێکی گەورەی لایەنی مۆسیقی نەدەکرد بەجۆرێك لەشیعردا دوو جۆرە مۆسیقا هەیە، یەکەمیان: کێشی عەرووزی، دووەمیان: ڕیتم.(١٨٠)

بۆیە (لەگەڵ بوونی گومان لەسەر خەلیل بۆ هەبوونی زانیاری لەسەر مۆسیقا، بەڵام پێشینەی ئەو بۆ زانستی مۆسیقا لەوەرگرتنی دەنگە کاتییەکان و درێژییان و سروشتی دووبارە کردنەوە یان لەدێرێکی شیعریدا بۆ دڵنیابوون لەمەش لەکاتی بەراووردکردنی پێناسەی نەغمە و ڕیتم دا زیاتر ڕوون دەبێتەوە).(١٨١) بۆیە ڕەوایە گەر بڵێین: خەلیلی فەراهیدی پێشینەیێکی

---

(١٧٧) جابر العصفور(د)، مفهوم الشعر، ص ٢٩٦ . یان، شکري عیاد(د)، موسیقی الشعر العربي، ص ٥٣ – ٥٤ .

(١٧٨) ا . دانهاوزیر، ترجمة، محمد رشاد بدران، نظریة الموسیقی، مکتبة نهضة مصر، فجالة ـ مصر، ؟ ، ص ٩ – ١٠ .

(١٧٩) ابي عثمان عمر و بن بحر الجاحظ (١٥٠ – ٢٥٥ هـ)، البیان و التبین، تحقیق وشرح، عبدالسلام محمد هارون، طبعة ٥، جزء الاول، مطبعة المدني، قاهرة، ١٩٨٥، ص ٣٨٥ .

(١٨٠) محمد عبدالحمید(د)، في ایقاع شعرنا، ص ٢٨ .

(١٨١) حاتم صگر(د)، مالا یؤدیه صدفة " بحث في ایقاع والایقاع الداخلي " ، مجلة الاقلام، عدد (٥) ، ١٩٩٠، ص ٥٨ .

مۆسیقی هەبووە وەك لەوەی لەسەرچاوەكان هاتووە، ئەمەشیان لەنازناوی تەفعیلەكان و بەرهەمەكانی دەردەكەویت. ڕەگ و ڕیشەییێك بۆ ئەو ویناكردنە هەیە كە دەگەڕێتەوە بۆ جاحز كاتێك جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە كێشی شیعری لەڕەگەزی كێشی گۆرانییە، كتێبی عەرووزیش لەكتێبی مۆسیقییەكانە و لەم كتێبانەدا بەوردی و خولیایانە پێناسەی بۆ پێیەكان داناوە.[١٨٢] لەبەرئەوەشە عەرووزناسان كۆكن لەسەر ئەوەی كە (جیاوازییێكی وانییە لەنێوان عەرووزسازی و ڕیتم سازی، تەنیا ئەوە نەبێت ڕیتم سازی كات دابەش دەكات بەسەر نەغمەدا، بەڵام لەعەرووزسازیدا كات بەسەر پیتەكاندا دابەش دەبێت).[١٨٣]

هەر سەبارەت بەو پێوەست بوونەی نێوان شیعر و مۆسیقا زۆر هەوڵ دراوە بەدیدێكی مۆسیقییەوە لەعەرووز بروانن، بەواتاییێكی تر:(زۆر هەوڵی لاوەكی دراوە كە لەڕوانگەی مۆسیقاوە باسی عەرووز بكەن، لێرەدا پێی "foot"ی عەرووزی دەبێ بە "bar"ی مۆسیقی...).[١٨٤] بۆیە زاراوە و ڕەمزی نەغمەی مۆسیقایان بۆ ئەو ئاواز و كێشە شیعرییانە بەكارهێناوە. واتە بۆ هەر بڕگەییێك و نەغمەییێكی مۆسیقی دادەنرێت. بۆ نموونە لەعەرووزی عەرەبیدا كە كێشێكی چەندییە، لەسەر بڕگەی كورت و درێژ دامەزراوە، دەبینین هەر بڕگەییێكی درێژ بەقەدەر دوو بڕگەی كورتە، لەمۆسیقاشدا ئەمە ئاشكرایە بەهای كاتە سادەكانی نەغمەی مۆسیقا كە لە حەوت شێوەی جیاواز پێكدێن، هەر شێوەییێكیش نیشانەییێكی تایبەتی خۆی هەیە و نرخی كاتێك دەستنیشان دەكات، ئەمانەش شێوەكانن:[١٨٥]

| ناوی فەڕەنسی | بە كوردی | وێنەی نیشانەكە | نرخی كاتەكە |
|---|---|---|---|
| **ڕۆند** | پڕ ـ یان ـ خڕ |  | كاتێكی تەواو كە پێك دێت لە چوار لێدانی مۆسیقایی |
| **بلانش** | نیو ـ یان ـ سپی |  | نیوەی كاتی تەواو ـ دوو لێدانی مۆسیقایی |
| **نوار** | تاك ـ یان ـ ڕەش |  | چارەكی كاتی تەواو یەك لێدان |

---

(١٨٢) جابر العصفور(د)، مفهوم الشعر، ص ٢٩٧ .

(١٨٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٧ .

(١٨٤) عەزیز گەردی، كێشی كلاسیكیی كوردی، ل ٧٦ .

(١٨٥) سەلاح ڕەوف، تیۆرەكانی مۆسیقا، ل ٦٤ .

| | | | |
|---|---|---|---|
| **کرۆش** | داندار ـ یەکدان |  | ١/٨ کاتی تەواو<br>١/٢ لێدان |
| **دەبل کرۆش** | دوودان |  | ١/١٦ کاتی تەواو<br>١/٤ لێدان |
| **تربل کرۆش** | سیّ دان |  | ١/٣٢ کاتی تەواو<br>١/٨ لێدان |
| **کواتربل کرۆش** | چوار دان |  | ١/٦٤ کاتی تەواو<br>١/١٦ لێدان |

واتە درێژی کاتەکانی دەنگیش لە پلەیێکەوە بۆ پلەیێکی تر دەگۆرێت. ئەگەر لە"روند"ەوە دەست پیّ بکەین نۆتەکانی تر نرخی کاتەکانیان پلەبەپلە لەکاتی "روند" کەمترە بەواتاییێکی تر دەتوانین بلّێین: هەر کاتێك نیوەی کاتەکەی دوای خۆییێتی، ئەگەر بەشێوەی ئەو ریزبەندییە زانستیەی بێت کە بۆمان دیاری کردووە، وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوە دەردەکەوێت:



کەوایە پێی "مفاعیلن" کە لە برگەیێکی کورت و سیّ برگەی درێژ " ‿ — — — " پێك هاتووە دەشێت بەم شێوەیە نیشان بدرێت (  ) یان بەو شێوە (  ) یە. هەرچەندە

ئەگەر  تێبینیش کرابێت کە مۆسیقاناسان هاوڕانەبن لەچوارلاوە ئەوانیش: کورتی و درێژی نەغمەکە، ناسکی و گڕی، بەرز و نزمی، سەرچاوەکەی، ئەوا دەتوانین تێبینی ئەمانە لەشیعریشدا بکەین بۆ نموونە: هەندێك تەفعیلە درێژترن وەك "مفاعلتن" لەدەریای کامل یان کێشی کامل درێژترە لە "فعولن" لەکێشی موتەقاریب. هەندێك وشەی بەهێز و ڕەقە هەندێکیشیان ناسك و شیرینن. هەندێك شیعر لەکاتی هۆنینەوەیدا پێویستە بە ئاشکراو بە دەنگێکی بەرز بوترێت وەك شیعری حەماسی هەندێك شیعریش لەکاتی هۆنینەوەیدا کەشێکی ئارامی پێویستە وەك لاواندنەوە.(١٨٦) کەوایە لەزۆربار‌دا شیعر و مۆسیقا لێك نزیك دەکەونەوە، لەشیعردا دەبینین دێرەکانی لەسەر زانستی عەرووز بنیات دەنرێت وەك لەمۆسیقادا لەسەر زانستی کێش و لێدانە مۆسیقییەکان بنیات دەنرێت.(١٨٧) لێرەشدا شیعر و مۆسیقا کۆك دەبن.

## ـ وەستانی عەرووزی  و  وەستان لەمۆسیقادا :

وەستانی عەرووزی مەبەستمان لێی، (وەستانە بەهۆی کۆتایی هاتنی "پێی" ناو دێرە شیعرێك، ئاسایی شیعرێکی عەرووزی لەژمارەیێك"پێ ـ تفعیلە" پێکهاتووە، لەدووبارەکردنەوەی "پێ"یەکانی ناو دێرە شیعرێك ڕیتم دروست دەبێت).(١٨٨) واتە ئەو وەستانەیە کە لە شوێنە جیاوازەکانی هەر نیوە دێرێك یان دێرێکدا هەیە بەتایبەتیش ئەو وەستانەی کە بەهۆی سەرواوە لە کۆتایی نیوە دێر یان دێرێك دا دەست نیشان دەکرێت. وەك:

______________________________+
______________________________+

یان شاعیر زۆر جار جگە لەم شێوەیە، سوود لەم جۆرە وەستانانە وەردەگرێت وەك:

___________+    ______________+
___________+    ______________+

---

(١٨٦) شوقي ضيف(د)، في النقد الادبي، ص ٩٧ .

(١٨٧) محمد محمود سامي حافظ، قواعد موسيقى العربية و تذوقها، ص ١٩٣ .

(١٨٨) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ١٠٣ .

یاخود دەتواندرێت زیاتر سوود لەو شێوەیان وەربگرێت تا زیاتر ڕیتمی شیعرەکە پێ بەهێزتر بکات، چونکە مۆسیقای شیعرەکەی لەڕێی ئەم جۆرە وەستانە لەئاستێکی بەرزدا خۆی دەنوێنێت وەك:

+____ +____ +____ +____
+____ +____ +____ +____

بۆیە (بەم شێوەیە جۆرێك لەدووبارەبوونەوەی بەدووری "فاصلە"کانی دیاریکراو لەنێوان وەستانەکاندا هەیە و ئەگەر بتواندرێت ئەم دووریە کەم بکرێتەوە مۆسیقایەکە دیارتر و خۆشتر دەبێت، بەڵام نابێت ڕێکخستەنەکە تێك بچێت بەڵکو دەبێت بپارێزرێت).(١٨٩) واتە لەتکردنی وشەکان و دابەش کردنیان بەگوێرەی سیستەمی "پێ"یەکان، ئەوەندەیتر جۆش و خرۆش دەداتە مۆسیقاکەی ئەگەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی "پێ"یەکان لەدێرە شیعرێکدا، وشەش لەگەڵ "پێ"یەکەدا کۆتایی پێ هات، بەڵام (ئەگەر لەکۆتایی "پێ"، کۆتایی وشە و لەهەمان کاتدا واتاش کۆتایی پێ بێت، لەوحاڵەتە سێ ڕیتمی دەبێت "کۆتایی پێ، کۆتایی وشە، کۆتایی واتا").(١٩٠) ئەوەش دەبێت بڵێین: کە (لە کوردی دا بەپێچەوانەی عەرەبی پشووی نێوان پێ ـ تفعیلەکان تا ڕادەیەك دیارەو زۆربەی جار ناکەوێتە ناوەند وشەیەکەوە).(١٩١) بۆیە لەئەنجامی دووبارەکردنەوەی ئەم وەستانانە بەشێوەیێکی ڕێك و بەردەوام بە ئاستێکی بەرزی مۆسیقی دەگەین.

جگە لەوەش ئەم وەستانانە (ماوە دەداتە خوێنەر بۆ قوڵبوونەوەی زیاتری خەیاڵ و ڕوانینەکان، ئەمە جگە لەوەی پشوویێك بە خوێنەر دەدات، لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا، واتە لەسەر لاپەڕەکەدا وەستانێك لە واتا و ئاوازی شیعرەکە دروست دەبێت).(١٩٢) هەروەك ئاشکراشە کە لەشیعری ستوونیدا زۆرترین گرت بوونەوەی مۆسیقی و وەستان دەکەوێتە "عەرووز و زەرب"ەوە، بە بەراوورد لەگەڵ "حەشوو"دا. لێرەشدا دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە دوو جۆرە وەستانمان هەیە:(١٩٣)

---

(١٨٩) عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا(د)، شیکردنەوەی دەقی شیعری، ل ١١٤ .

(١٩٠) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ١٠٤ .

(١٩١) عبدالرزاق بیمار، سێ کێشی عەرووز لە هەڵبەستی کوردی دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٠)، ١٩٨٦، ل ٧٨ .

(١٩٢) جەبار ئەحمەد حوسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی " کوردستانی عیراق ١٩٥٠ ـ ١٩٧٠"، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٨٥ .

(١٩٣) عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا(د)، شیکردنەوەی دەقی شیعری، ل ١١٥ .

١ـ وەستانی شیعری.

٢ـ وەستانی واتایی.

وەستانی واتایی ئەوا بەپێی واتا دیاری دەکرێت و واتا تێك نادات، بەڵام وەستانی شیعری"عەرووزی"  کە ئێمە مەبەستمانە لە ئەنجامی وەستانی "پێ"یەکان دروست دەبێت دەبێتە هۆی تێکدانی واتا.

سەبارەت بە وەستان لەمۆسیقادا مەبەست لێی لەو هێمایانەیە کە لەسەر پەیژەی مۆسیقا بەکاردەهێنرێت بۆ دیاری کردنی کاتی وەستانەکانە "Rests" لەو پارچە ئاوازەدا. واتە هەر کاتێکی مۆسیقا بەرامبەری پشوویێکی تایبەتی خۆی هەیە و کاتی پشوودانەکەی بە ئەندازەی کاتە مۆسیقایی یەکەیێتی وەکو لەم خشتەیەدا: [١٩٤]

| کاتە مۆسیقاییەکە | هێماکەی ( پشوودان) | ژمارەی پشوودان |
|---|---|---|
| رۆند |  | پشووی کاتی تەواو<br>٤ ژمارە وەستان |
| بلانش |  | پشووی نیوکـــات<br>٢ ژمارە وەستان |
| نوار |  | پشووی چارەك<br>١ ژمارە پشوو |
| کرۆش |  | ١/٨ پشووی کاتی تەواو<br>١/٢ ژمارەی پشوو |
| دەبل کرۆش |  | ١/١٦ پشووی کاتی تەواو<br>١/٤ ژمارەی پشوو |
| تربل کرۆش |  | ١/٣٢ پشووی کاتی تەواو<br>١/٨ ژمارەی پشوو |
| کواتربل کرۆش |  | ١/٦٤ پشووی کاتی تەواو<br>١/١٦ ژمارەی پشوو |

(١٩٤) سەلاح رەوف، تیۆرەکانی مۆسیقا، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٥٣) ، ١٩٨٧، ل ٦٦ .

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە لەکاتی وێنەکێشانی هێماکانی وەستان لەسەر پەیژەی مۆسیقا گرنگی بەشێوەی نووسینیان بدرێت.[*]





وەستانیش لەمۆسیقادا بەواتای لەئەنجامێکی وەستاو لەنێوان نیشانەکانی مۆسیقا دێت کە دەتوانین بڵێین: ڕستەی مۆسیقی جۆری وەستانەکە و کاتەکەی دیاری دەکات.[١٩٥] هەرچی سەبارەت بەوەستانی شیعرییە بەشێوەیێکی گشتی ئەوا ڕای جیاواز بەخۆیەوە دەگرێت، چونکە سەرەڕای جیاوازی لەبیر و بۆچوونەکان ئەوا لەبناغەی شیعریشدا یەك جۆرە سیستەم پێڕەو ناکرێت. بۆیە یەك لەم بیر و بۆچوونانە پێیوایە کە (وەستان لەبنەڕەتدا وەستانێکی پێویستە بۆ ئاخێوەر کە هەناسەیێکی تر وەرگرێت، لەدوایشدا وەستان تەنیا دیاردەیێکە لەدەرەوەی دەقەکە، بەڵام بەسروشتی خۆی بارگاوییە بەواتای زمانەوانی)،[١٩٦] بەڵام بەشێوەیێکی تر لەفەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەبییدا بەواتای (وەستان، هەڵوەستە، وەستان لەپیت و لەوشەکاندا، فورسەتێك، وەستان لەنێوان دوو مەقام، لەزاراوەی عەرووزیشدا ئەو کرداری هەناسەدانەیە لەکۆتایی دێر و نیوە دێری شیعردا ڕوودەدەن).[١٩٧]

وەستانی عەرووزیش هەندێك جار لەگەڵ تەواوبوونی پێیەکان واتا کۆتایی نایەت. لێرەشدا ئەو مەودا دیاری کراوەی نێوان وەستانەکان دووردەکاتەوە و ڕیتمی شیعرەکە سست و خاودەبێتەوە، چونکە وەستانی عەرووزی پشت بەوەستانی تەفعیلە دەبەستێت، نەك بەواتایی،

---

(*) بۆ زیاتر زانیاری لەسەر تێکەڵ نەکردنی شێوەکان و دانانیان لە شوێنی خۆیان، بڕوانە، ولیەم لۆڤەك، وەرگێڕانی، ع .ج سەگرمە، ل ٤٥ – ٤٦ .

(١٩٥) اسامه ادیب المتنی، دراسات فی علم الایقاع، ص ٢٤ .

(١٩٦) عبدالرحمن تبرماسین(د)، العروض و الایقاع، ص ٨٩ .

(١٩٧) سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ سوم، انتشارات مروارید، تهران، ١٣٨٥ .

بەڵام هەروەکو باسمان کرد ئەگەر بێت و لەکۆتایی پێیەکان، وشەکان و واتاکانیشیان کۆتایی بێت، ئەوا هەر سێ ڕیتمەکە یەك دەگرن و مۆسیقاییێکی بەهێز بەشیعرەکە دەبەخشن. کەوایە وەستان لەشیعر و مۆسیقادا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، بەڵام ئەوەی جێی باسە ئەوەیە ئەم ڕۆڵەی لەمۆسیقادا هەیێتی زۆر گەورەترە.

# بەشــی دووەم

# مۆسیقای شیعر

## تەوەری یەکەم : ڕیتمی دەرەوە

**بەشی دووەم:**

## مۆسیقای شیعر

مۆسیقای شیعر یەکێکە لەڕەگەزە بنەڕەتییەکانی شیعر و ئەو پێکهاتە جوانکارییەیە کە کاردەکاتە سەر هەستی خوێنەر و بیسەری شیعر و چێژێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت. جگە لەوەش ڕۆلێکی کاریگەری هەیە وەك ڕەگەزێکی بنیاتی هونەری. بۆیە مۆسیقای شیعر (هەرشتێکە لەشیعردا کە تایبەتمەندی دەنگی هەبێت و خاوەن کاریگەری جوانکاری و گوزارشتی بێت).(١٩٨) مۆسیقای شیعریش خۆی لە کرۆکی شیعرەکەدا دەبینێتەوە کە هەڵقوڵاوی ناخی شاعیرە و لەشیعرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، هەرناخی شاعیرەکەشە کە ڕادەی مۆسیقای شیعرەکە لەڕووی بەهێزی و بێ هێزییەوە دیاری دەکات، چونکە ئەو هەست و سۆزە شتێکی سروشتی و خودییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگوێزرێت.

بەدرێژایی مێژوو شیعر ئاوێتەی مۆسیقا بووە، واتە پێوەندییەکی پتەو و کاریگەر لەنێوان شیعر و مۆسیقادا هەبووە، چونکە بەبێ بوونی ئەو مۆسیقایە شیعر لایەنێکی گرنگی خۆی لەدەست دەدات، ئەو هێز و هەست و چێژەی نابێت کە هەیێتی. هەر لەبەر ئەوەشە کە لێکۆڵەرەوان مۆسیقای شیعر بە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشان دادەنێن، هەرچەندە لەپەخشانیش لایەنی مۆسیقی بەدی دەکرێت، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە لەشیعردا هەیە.

سەبارەت بە پێوەندی پتەوی نێوان شیعر و گۆرانی دەبیستین کە شیعر گۆرانییە، گۆرانیش مۆسیقایە، بەبێ مۆسیقاش نە گۆرانی و نە شیعرمان دەبێت. چونکە شیعر و گۆرانی (پێکەوە لەسۆز و عاتیفەوە دەردەچن و گوزارشتیشی لێدەکەن. هەروەها هۆکارەکانی گۆرانی هەمان هۆکارەکانی شیعرن، لەگۆرانیدا مۆسیقای ئاوازەکان هەیە و لەشیعریشدا مۆسیقای وشەکان و کێشەکان).(١٩٩) لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مۆسیقای شیعر هەڵقوڵاوی ناخی شاعیرەکەیە، مۆسیقاش ئەو ڕەگەزە سەرەکییە کە کاریگەری خۆی هەیە، هەر لەبەر ئەو ڕۆڵەشە زۆرجار دەبیستین کە (شیعر لەڕاستیدا تەنیا ئاخاوتنێکی مۆسیقییە و دەروونەکان دەبزوێنێت و دڵەکان پێی کاریگەر دەبن).(٢٠٠) بۆیە دەڵێین: مۆسیقای شیعر (هەست کردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی و دەروون و مانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی برگەکان و پێکهاتنی پێیەکاندا بە کێشی هەڵبەستەکەی دەدەن).(٢٠١) بۆیە

---

(١٩٨) علی یونس النقد الادبي، و قضايا الشكل الموسيقي فى الشعر الحديث، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٨٥، ص ٦ .

(٢) ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر، چاپخانەی خانی ، دهۆك، ٢٠٠٩، ل ١٠٧ .

(٣) ابراهيم انيس(د)، موسيقا الشعر، ص ١٧ .

(١) عبدالرزاق بيمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، ل ١١ .

دەبینین کە شێخ نوری شێخ ساڵح باس لەپێوەندی نێوان مۆسیقا و وشەکان دەکات، دەڵێ: (اکر فکریکی جوان بە طرزیکی اهنکدار بیان و افادە بکین، لە روحی قارئین یاخود سامعین دا دوو نوع تأثیر حاصل اکا، ئەوی تریشیان افادە او فکرەیە کە بەچند کلیمەیکی موزون و قافیەدار و اهنگدار بیانی اکەین کە امەیان عینا وکو موسیقی لە روح سامیعەدا تأثیریکی بدیع حاصل اکا).(٢٠٢)

واتە پێیوایە دەربڕینی فیکرێکی جوان و ئاوازدار، دوو جۆر کاریگەری لەسەر خوێنەر یان بیسەران پەیدا دەکات، یەکێکیان لە ئەنجامی فیکرەکە دەبێت و ئەویتریان لە ئەنجامی مۆسیقاکەیەوە.

بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین هەموو ئەو لایەنە ڕیتمییانەی کە لەشیعرە کوردییەکانی سافیدا هەیە دەست نیشانیان بکەین و بتوانین شیان بکەینەوە بە شێواز و ڕێگاییێکی دیاری کراو، بەڵام دەبێت دان بەوەش دابنێین کە هەرچەندە جددیش بین لەسەر کارەکەمان ئەوا ڕەنگە نەتوانین بەشێوەیێکی تۆکمە هەموو لایەنە ڕیتمییەکانی دەربخەین بە تایبەتیش سەبارەت بەڕیتمی ناوەوە کە زۆر گشتگیرە، چونکە مۆسیقای شیعر تەنیا لەعەرووز گرد ناکرێتەوە و بەس! بەڵکو زۆر فراوانترە بەتایبەتیش ڕیتمی ناوەوە کە پێوەندی بە هەست و سۆزی شاعیرەکەوە هەیە.

سافیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بایەخێکی تایبەتی بە ڕیتمی شیعرەکانی داوە، کە خاوەنی ڕیتمێکی بەهێزن و لەکاتی بیستن یان خوێندنەوەی شیعرەکانی بیسەر هەست بەجۆرە مۆسیقاییێك و ئاهەنگێکی خۆش و چێژ بەخش دەکات. زێدە ڕۆیی نییە ئەگەر بوترێت هەندێك جار مۆسیقای شیعرەکەی پێش واتاکەی کەوتووە و دوور نییە بە چەشنێك ڕیتمی هەندێك لە شیعرەکانی سافی پێش وشەکان هەڵقوڵابێت. هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین شیعرەکانی زۆربەی کراون بە گۆرانی. جگە لەوەش شاعیر لەزۆر شوێندا باسی مەقام و ئامێرە مۆسیقییەکانی کردووە، کە ئەمەش بەڵگەیە کە شاعیر خاوەنی هەستێکی مۆسیقی بووە و حەزی بەو جۆرە شیعرانە کردووە. بۆ ڕوون کردنەوە ڕیتمی شیعرەکانی سافی بەسەر دوو تەوەردا دابەش دەکەین:

یەکەم: ڕیتمی دەرەوە.

دووەم: ڕیتمی ناوەوە.

## تەوەری یەکەم:

## ڕیتمی دەرەوە

(٢٠٢) م. نوری، ئەدەبیاتی کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٧)، ١٩٢٦، ١٩٢٦، ل ٢ .

بەپێی زۆربەی ڕایەکانی ئەم بوارە "کێش و سەروا" بە بنەمای پێکهاتنی ڕیتمی دەرەوەی دادەنێن، واتە مەبەست لێی کێش و سەروایە. دووبارەکردنەوەی کێش بە پێی یاساکانی عەرووز و سەرواش بە پێی ئەو یاساییانە دەبێت کە بۆی دیاری دەکرێت.

## ـ کێش:

کێش وەك یەکێك لەکۆڵەگە سەرەکییەکانی بنچینەی پێکهاتنی شیعر لە قۆناغە جیا جیاکانی مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنیدا هەر لەکۆنەوە باس و لێکۆڵینەوەی گرنگی لەسەر کراوە بە تایبەتیش پەیوەندی لەنێوان شیعر و کێش و بەستنەوەیان بەیەکتری دا.[(٢٠٣)] کەوایە مەرجی خۆبەستنەوەی شاعیر بە کێش پێویستییێکە و ناکرێت چاوپۆشی لێبکرێت. بۆیە (جا هەڵبەست چار نی یە دەبێ کێشی هەبێت، کێشەکەشی دەبێ لەسەر بناغەی هاوئاهەنگی و ترپە دامەزرابێت و، لەخوێندنەوەدا ئاواز و هەوایەکی تایبەتی مۆسیقا هەست پێ بکرێت و هەربۆشە سەرجەمی کێشی هەڵبەست بە مۆسیقای هەڵبەست ناودەبرێت).[(٢٠٤)]

بۆیە دیارترین دابەشکردنی ئەدەب هەر لەکۆنەوە بۆ دوو بەشی سەرەکی شیعر و پەخشان بووە، ئەو ڕەگەزە سەرەکییەی کە لێکیشیان جیادەکاتەوە کێشە، چونکە کێش تایبەتییێکی بنچینەیی ناسینەوەی شیعرە کە ئەمە لەپەخشاندا نییە، یاخود بەو جۆرە نییە. هەرچەندە لەپەخشانیشدا جۆرە ئاوازەییێکی تایبەتمەندی تێدایە چ لەئاوازەی دەنگی وشەکان یان دووبارەکردنەوەی "سەجع" دا دەردەکەوێت، بەڵام نەخراوەتە قالبێکی ڕێك و یاسای پێك هاتنی نییە، هەرچی مۆسیقای شیعرە جۆرێکی لەمە بەرزترە و یاسای تایبەتی خۆی هەیە.[(٢٠٥)]

لەم قسانە ئەوە دەردەکەوێت هەر لەسەرەتاوە کێش خاڵی بنچینەیی لێك جیاکردنەوەی نێوان شیعر و پەخشان بووە، بەم پێیەش کێش دەبێتە بناغەی شیعر و لەسەری دادەمەزرێت. بۆیە ناتوانرێت ڕەچاوی نەبوونی کێش بکرێت.

کەوایە کێش بریتی یە لەبوونی جۆرێك لەڕێك و پێکی لەدەنگەکانی ئاخاوتن کە بە هۆی ئەو کاریگەرییە خەیاڵاوییەی کە تێدا بەدی دەکرێت، تەنانەت لەلای لۆژیکییەکانیش بە بەشێك لەپێکهاتەی شیعر دەژمێردرێت. سەرەڕای ئەمەش شێوە و قالبێکی دیاریکراو بە ئاخاوتن

---

(١) پەرێز سابیر(د)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٣٥١ .

(٢) عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، ل ١٠ .

(٣) عەزیز گەردی کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، ل ٦٧ .

دەبەخشێت کە جۆرێك لە هاوسەنگی و هاوئاهەنگی تێدا دروست دەكات.(٢٠٦) سەبارەت بە کێشی شیعر شێخ نووری شێخ سالّح دەلّێ: (وزن ـ لە لغتدا بەکرانی و ثقلت الین. فقط نظر بە ایضاحاتی سرەوە لە لسانی ادەبیاتدا کلمەیکە لەمعنای معیار، مقیاس، ترازودایە. لەم ایضاحاتەوە وا در اکەوی کە وزن "ترازوی اهنکە" مقصد لەم ترازوە اوەیە لەوقتیکدا کە سلسلە افکارمان بیان کرد و نوسی، جملەکانی موعین و بە طرزیکی اهنکدار تقسیم بکا).(٢٠٧) کێش لەشیعردا چەند جۆرێکی هەیە بە پێی سروشتی زمانەکە و قۆناغەکانی پەرەسەندی شیعری هەر میللەتێك دەگۆڕێت، بەلاّم مەرج نییە هەر زمانێك یەك جۆر کێشی شیعری لەگەلّدا بگونجێت و بەکار بهێندرێت، ڕەنگە چەند جۆرێك بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە لەشیعری کوردیدا دەتوانین بلّێین: بەزۆری کێشی چەندێتی کە لەعەرووزی عەرەبیەوە وەرگیراوە یاخود بڕگەیی یا پەنجەیی بەکارهاتووە.

سافیش (یەکێکە لەو شاعیرانی پێڕەوی مەرجەکانی شیعری کلاسیکی کوردی کردووە).(٢٠٨) کەوایە لەڕووی بەکارهێنانی کێشەوە پێڕەوی کێشی چەندی کردووە. ئەم کێشەش (هەولّدەدات بە دابەش کردنی یەکەکان و ڕێکخستنیان لەسەر بنەمای ماوەی زەمەنی).(٢٠٩) واتە پەروەردەی کێشی عەرووزی بووە و شارەزایی و بەکارهێنانی و بەرهەم بەخشیینی بەم شێوازە کە کێشی چەندییە، بەلّگەی بەتوانایی شاعیرمان بۆ دەردەخات.

## ـ کێشی عەرووزی عەرەبی:

کێشی عەرووزی عەرەبی زانستێکە تایبەتە بە شیعری عەرەبی کە وەك پێوەرێکی زانستی شیعری پێ دەپێورێت. ئەم زانستەش دەدرێتە پالّ خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدییەوە. (کێشە عەرووزیەکان هەمووجارێك وەکو چۆن لەناوبازنەی خۆیاندا هاتوون ئەوها بەکارنایەن، بەلّکو بەزۆری دەکەونە قالبی جۆراوجۆری جیاواز لەئەسلّی وشەکە. ئەو قالّبانەش بەهۆی هەندێ زیحاف و عیللەوە دروست دەبن کە لەسەرەتای هۆنراوەکە تاکۆتایی لەنگەری پێ و ئاوازەکانی هۆنراوەکە ڕادەگرن).(٢١٠) هەرچەندە عەرووز لەبنجدا زانستێکە تایبەتە بە شیعری عەرەبی، بەلاّم ئەم عەرووزەی کە لەکوردیدا بەکاردێت مەرج نییە ڕێك وەکو عەرووزە عەرەبیەکە بێت، چونکە هەر زمانێك و خاسیەتێك و تایبەتمەندی خۆی هەیە جیا لەزمانێکی تر، بۆیە دەتوانین بلّێین: ئەم

---

(١) عبدالمحسن زرین کوب، شعربی دروغ شعربی نقاب، چاپ هشتم، چاپخانه مهارت، تهران، ١٣٧٩، ص١٠٥ .

(٢) م . نوری، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە (٢٧)، ١٩٢٦، ل ٢ .

(٢٠٨) مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، بلاوکراوەی ئاراس، ژمارە(٣٦٥)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٣٢٦ .

(٢٠٩) علی یونس(د)، دراسات عروضیة، دار غریب للطباعة والنشر والتوزیع، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ١٣٥ .

(١) عەزیز گەردی، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی"لێکۆلّینەوەی ئەدەبی"چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٤٦ .

زانسته ڕاستەوخۆ لەعەرەبییەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو لەڕێگای شیعری فارسییەوە هاتۆتە ناو شیعری کوردییەوە[*] ئەویش لەبەرئەوەی خاسیەت و تایبەتمەندی زمانی کوردی و فارسی لەیەکەوە نزیکن و سەر بەیەك خێزانی زمانین. هەرچەندە کە (بنەماکانی عەرووزی کوردی ڕێك وەك بنەماکانی عەرووزی فارسییە).[٢١١] بەڵام ناتوانین بڵێین: کت و مت وەکو یەکتر بوونە، جگە لەوەش (ئەو دەستەی کە عەرووز خستیە ناو هۆنراوەی کوردییەوە گەلێ کورتر بووە لەوەی کە خستیە ناو زمانێکی وەکو فارسی).[٢١٢]

شاعیرانی کوردیش کێشەکانیان وەك خۆیان وەرنەگرتووە و بەڵکو دەست کارییان کردوون تا لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا بگونجێت، واتە ئەو کێشانەیان زیاتر بەکارهێناوە لەگەڵ سیستەمی دەنگی زمانەکەیان گونجاوە (بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە لەیەك جۆر "پێ" پێکهاتوون و لەدروست کردنی نیوە دێرێکدا چەند جارێك دووبارە دەبنەوە، لەوانەش "هەزەج، ڕەمەل، ڕەجەز، موتەقاریب"، بەڵام ئەوکێشانەی لەدوو پێی جیاواز پێك دێن، وەك "موزاریع خەفیف" بەڕێژەیێکی کەمتر بەکارهاتوون).[٢١٣] ئەگەر تەماشای شیعرە کوردییەکانی سەر بە عەرووزدا بکەین و هەوڵی پۆلین کردنیان بدەین دەبینین کە هەردوو کێشی "هەزەج و ڕەمەل" لەچاو کێشەکانی تر زۆرتر بەکارهاتووە، ڕەنگە ئەمەش لەبەرئەوە بێت کە ئەم کێشانە سووك و خۆش ئاواز بن و گورجتر خۆیان بدەن بەدەستەوە، بە تایبەتیش "هەزەج"، چونکە لەزرنگانەوەی دەنگ دەچێت و ئاوازێکی خۆش دروست دەکات. جگە لەوەش سروشتی زمان و فۆنەتیکی کوردی زیاد لەهەر کێشێکی تر لەگەڵ هەزەج دا دەگونجێت.[٢١٤] بۆیە (ئەم کێشە لەکێشە هەرە باو و بڵاوەکانە لەشیعری کوردی دا ڕەنگە هۆی بڵاویشی لەکوردی دا ئەوە بێ کە لەگەڵ خاسیەتی دەنگی زمانی کوردیدا دەگونجێت).[٢١٥] سافی هەر وەکو شاعیرانی پێش خۆی کێشی عەرووزی بەکارهێناوە و بەتایبەتیش لەهەزەج زیاتر خۆی تێدا نواندووە و لەگەڵ بەکارهێنانی هەندێك لەو کێشە باوانەی کە لەشیعری کوردیدا بەکارهاتون. سافی وەکو زۆربەی شاعیرانی تر شارەزایی لەزانستی عەرووزدا هەبووە و ئاگاداری دەستوور و بنەماکانی ئەم زانستە بووە، بەڵام ئەم زانین و شارەزاییە مەرج نەبووە و مەرجیش نییە کە هەموو شاعیرێك بیزانێت.[٢١٦] بەڵکو دەتوانین بڵێین:

---

( * ) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل ٢٩٤ .

(٢) عبدالخالق پرهندی، وزن شعر کردی، چاپخانه سحاب– صحافی، تهران، ١٣٨٥، ص ١٥٤ .

(٣) علائەدین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی معارف، بەغدا، ١٩٦٩، ل ٢٦ .

(٤) پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانە ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٥٧ .

(١) نزار سابیر، گەشت لەگەڵ دوو کێشی عەرووزدا بەناو گوڵزاری شیعری کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٧٥)، ١٩٨٩، ل ٢٩ .

(٢) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل ١٣٨ .

(٣) حەمە نوری عومەر کاکی، شێواز لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٨١ .

زۆربەیان (ئەوەندەش زیاتر دەسەڵاتیان بەسەر شیعر و موفرداتیدا دەشکێ و دەتوانن شیعری پڕ لەهەست و سۆز، ناوەڕۆك گران و بەمانا، وشە و دێرەکان ناسك و جوان، بێ گرێ و ئاوازەدار دابرێژن. نووسین و دانانی ئەم جۆرە شیعرانەش دیارە پلە و پایە و ژیری شاعیر دەردەخا).(٢١٧)

کەواتە سافی لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی شیعری داڕشتووە و بەزۆری لەسەر کێشی هەزەج شیعرەکانی نووسیوە و پێڕەوی هەندێك کێشی وەك: ڕەمەل و ڕەجەز و موزاریع و موتەقاریبی کردووە. پێڕەوی سەروای کردووە و جگە لەوەش چوارین و پێنجین و پێنج خشتەکیشی هەیە. بۆیە بەپێی ئەم لێکدانەوانە (کێشی عەرووزی یەکێکە لەکێشەکانی شیعر، کە سیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە و خاوەنی ژمارەیەك بەحری لەیەك جیایە، بەوانە مۆسیقای شیعرەکان دەگۆڕێن و چەشە و جوانی جۆراوجۆر دەبەخشن.(٢١٨) بناغەی ئەم کێشە عەرووزییەش لەسەر ئاواز و مۆسیقا داڕژاوە و هەر بەگوێرەی ئاوازە کێشانە دەکرێت، لێرەشدا ڕۆڵی گوێچکەی مۆسیقی دێتە پێشەوە، چونکە (چونکە عەرووز پێوانەیێکی بیستەنی) یە.(٢١٩) بۆیە گوێش ڕۆڵێکی باڵای هەیە لەکێشانە کردنیدا. ئاشکراشە کە کێشی عەرووز وەك چوارچێوەیێك وایە بۆ شیعر پارێزگاری لێ دەکات. کەوایە (هەر ئەو تایبەتمەندییەی کێشە کە تەمەنی شیعری ڕەسەن درێژ دەکا و نەمری پێ دەبەخشێ).(٢٢٠)

بۆیە دەڵێین: (عەرووز زانستە و زانستەکەشی تایبەتە بە کێشی شیعر، ئەم زانستە سنووری کێشەکان دیاردەکا و زیحاف و عیللەکان ڕوون دەکاتەوە و دروستی و نادروستی شیعر لەڕووی کێشەوە دیاری دەکا).(٢٢١) سافی لەتەواوی شیعرە کوردییەکانیدا کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێڕەوی کێشی عەرووزی عەرەبی کردووە و بەگشتی ڕیتمی کێش و قالبە کێشەکانی کە بەکاری هێناون بریتین لە:

## ١ـ کێشی هەزەج:

یەکێك لە کێشە باوەکانی شیعری کوردی کێشی هەزەجە، هۆیەکەشی ئەوەیە کە کێشێکی سووك و ئاوازدارە، ڕەنگە هۆی بڵاویشی ئەوە بێت، (چونکە گورج و سووك و بە ئاهەنگە پەسند کراوە و شاعیران زۆر بەکاریان هێناوە).(٢٢٢) سەرەڕای ئەوەش ئەم کێشە (زۆرتر دەگونجێ لەگەڵ

---

(٤) عەبدوڵڵا خدر مەولوود، الا یا ایها ساقی و دە بابەتی تر"لێکۆڵینەوەی ئەدەبی"چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٣١ .

(٥) ئیدریس عەبدوللا مستەفا، ئەحمەدی خانی و زانستی عەرووز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٧)، ٢٠٠٧، ل ٨١ .

(٦) محجوب موسی، المیزان، الناشر مکتبة مدبولی، القاهرة، ١٩٩٧، ص٤٤ .

(٧) عبدوڵڵا خدر مەولود، کێشی شیعری دیوانی حەمدی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٧)، ١٩٩٧، ل ١٨ .

(١) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، ل ١٠٥ .

(٢) عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، ل ٦٧ .

خەسایسی فۆنێتێکی زمانی کوردیدا).[٢٢٣] بۆیە دەبینین کە (ئەم کێشە ساف و ئاهەنگدارە لە دووبارەکردنەوەی" مەفاعیلن" کە بڕگەیەکی کورت و لە سێ درێژ پێك هاتووە لەگەڵ زەوقی گۆرانی کوردی دا گونجاوە).[٢٢٤] هەر بەهۆی ئەو ناسکی و ئاوازداری و پەرش و بڵاوییەی کە ئەم کێشە هەیێتی لای زۆربەی شاعیرانی تریشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە لێرەدا ئەو قالبە کێشانەی هەزەج لەشیعرە کوردییەکانی سافیدا هاتووە، بەم شێوەیە دەخەینەڕوو، هەروەها بۆ هەر یەکێکیان تەنیا نموونەیێك دەهێنینەوە.

**أـ هەزەجی هەشتی تەواو:** (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن )

ڕیتمی ئەم قالبە کێشە بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٤ ٤ )

دڵم پەژموردەیە ئێستێ دەخیل موطریب سەدایێ بێ
لەدەست هیجرانی یارم نیو نەفەس ماوە وەفایێ بێ ٢٤٠(*)

ᴗ – – – ᴗ – – – ᴗ – – – ᴗ – – –

مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن

کەوایە ئەم کێشە لەرینەوەی تێدا دەبێت، بەهۆی هاتنی بڕگەیێکی کورت و سێ بڕگەی درێژ بەدواوەی کە دەنگەکان درێژ دەکەنەوە و دووبارەکردنەوەی چواریەکەی ڕیتمی" مفاعیلن" بەشێوەیەکی یەکسان بەدوای یەکەوە ڕیتمێکی بەهێز بە کێش دەبەخشێت بەهۆی ئەو زەمەنە دووبارە کراوەی کە ڕوودەدات.

**ب ـ هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف:** ( مفعول مفاعیلُ مفاعیلُ فعولن )

ڕیتمی ئەم قالبە کێشە بەم شێوەیە: ( ٣ ٤ ٤ ٣ )

ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەموو دوشمنی دینە
ئەو زولف و ڕووە ئافەتی سەر ڕوویی زەمینە ٢٠٦

---

(٣) ئیحسان فوئاد(د)، دوو کێشی عەرووزی لە شیعری کوردی تازەدا، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە(١٥)، ١٩٧٢، ل ٣-٤ .

(٤) عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، ل٦٨ .

(*) ئەو ژمارانەی بەرامبەر دێرەکانن هێمان بۆ لاپەڕەی دیوانەکەی سافی .

ـ ـ ب    ب ـ ـ ب    ب ـ ـ ب    ب ـ ـ

مفعول    مفاعيلُ    مفاعيلُ    فعولن

**ج ـ هەزەجی هەشتی ئەخرەب:** (مفعول مفاعيلن مفعول مفاعيلن )

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە: ( ٣ ٤ ٣ ٤ )

**لەم ڕۆژە لەعەشقی یــار سەودایــی سەرێکم بوو**

**ئەمما بە سەبەب ئەغیار بۆجان خەطەرێکم بوو** ١٨٩

ـ ـ ب    ب ـ ـ ـ    ـ ـ ب    ب ـ ـ ـ

مفعول    مفاعيلن    مفعول    مفاعيلن

ڕەنگە کەمی ڕێژەی ئەم قالبە کێشە پەیوەندی بە ڕیتمی قالبەکە و ناخی شاعیرەوە هەبێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەم قالبە بەهۆی ئەوەی دوو یەکەی سێ بڕگەیی (ـــ ـــ ب) دوو یەکەی چوار بڕگەیی (ب ـ ـ ـ) دووبارە دەکرێنەوە بە نۆرە بەشێوەیێکی ڕێك و یەکسان، ئەوا ڕیتمی تایبەتی خۆی دەبێت، سەرەڕای ئەمەش ئەم جۆرە یەکێکە لەقالبە کێشەکانی هەزەج کە لەرینەوەی خۆی هەیە.[٢٢٥] ڕێژەی ئەم قالبەش لەشیعرەکانی سافیدا زۆر کەمە.

**د ـ هەزەجی هەشتی موسەببەغ:** (مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلن مفاعيلانْ )

ڕیتمی ئەم قالبە بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٤ ٤ + ٠ )

**لەبەینی ئێمە شەرط وابوو جودایی یەك نەکەین هەرگیز**

**وەفای عەهدت نەبوو قوربان بەجێت هێشتم بە تەنهایــی** ٢٥٧

ب ـ ـ ـ    ب ـ ـ ـ    ب ـ ـ ـ    ب ـ ـ ـ .

مفاعيلن    مفاعيلن    مفاعيلن    مفاعيلانْ

**هـ ـ هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور:** (مفعول مفاعيلُ مفاعيلُ فعولانْ)

ڕیتمی ئەم قالبە کێشە بەم شێوەیە: ( ٣ ٤ ٤ ٣ + ٠ )

---

(١) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ٨٤ .

ئەی بادی صەبا هەستە لەحالّم بەوە هوشیار

شەرحی دڵی ماتەم زەدەکەی من بەرە بۆ یـار ١٦٣

ــ ــ ب ب ــ ــ ب ب ــ ــ ب ب ــ ــ .

مفعول مفاعیلُ مفاعیلُ فعولاْنْ

**و ـ هەزەجی شەشی مەحزووف:** (مفاعیلن مفاعیلن فعولن)

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٣ )

حەبیبـا دڵ گـەڵێ بیـــــمارە بێ تۆ

لەبەر دووری لەرووح بێزارە بێ تۆ ١٩١

ب ــ ــ ــ ب ــ ــ ــ ب ــ ــ

مفاعیلن مفاعیلن فعولن

ئەم جۆرە کێشـەش لـەدیوانی شـیعری کوردیـدا نموونـەی زۆرە، ئـەمیش کاتێـك دەبێـت کـە پێـی "زەرب و عـەرووز" واتـە دوا تەفعیلـەی دێرەکـانی شـیعر تووشـی حـەزف "حـذف" دەبێـت، کـەوا بڕگەیێکی درێژی لێ فڕێ دەدرێت.[٢٢٦]

**ز ـ هەزەجی شەشی مەقسوور:** (مفاعیلن مفاعیلن فعولاْنْ )

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٣ + ٠ )

ئەگەرچی دڵ بەڕۆژی عاریزت سووت

بەلـێ وا عـادەت بـۆ عـاشیقی ڕووت ١٥٨

ب ــ ــ ــ ب ــ ــ ــ ب ــ ــ .

مفاعیلن مفاعیلن فعولاْنْ

دەشگونجێت (لەم قالبەدا، عەرووز لەباتی مەقسوور، مەحزووف "فعولن" بێ).[٢٢٧] هـەروەکو ئـەم نموونەی پێشتر کە هێنابوومانەوە.

---

(١) عبدالزراق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، ل ٧٠ .

(١) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، ل ١٤٨ .

## ٢ـ كێشی ڕەمەل:

ئـەم کێشـە لەبنەڕەتـدا یـان لەبازنـەی خـەلیل دا بـە سـێ جـار دووبارەکردنـەوەی، پـێ ی "فاعلاتن" دروست دەبێت، ڕەمەلیش هەروەکو کێشی هـەزەج کـە لەشـیعری کـوردی و فارسـی دا بەشێوەی چوار پێییە لەهەر دێڕێکی شیعریدا لەکاتی بەکارهێنانی ئەم کێشەدا، ڕەمـەل لەکوردیـدا یەکێکە لەکێشە زۆربەکارهاتووەکان. واتە جگـە لەهـەزەج ئـەوا ڕەمـەلیش لەکێشـە زۆر بڵاوەکانـە (بەتایبـەتی قـالبی شەشـی مـەحزووف و مەقسـووری ئـەم کێشـە زۆر سـووك و سـوارە).[٢٢٨] ئاوازەییێکی چێژداری هەیە. ڕەمـەل بـەزۆر واتـا هـاتووە، بـەڵام وابـاوە کـە لەبەرئـەوە (نـاونراوە ڕەمەل، چونکە ڕەمـەل جۆرە گۆرانیەکـە و لەسـەر ئـەم کێشـە دەڕوات).[٢٢٩] یـان لەبـەر ئـەوەی (کێشی ڕەمەل زۆر لەگەڵ ڕیتمـی گـۆرانی دەگـونجێ).[٢٣٠] بۆیـە لێـرەدا ئـەو قالبـە کێشـانەی کـە لەشیعرەکانی سافی هاتووە بەم شێوەیە دەخەینە ڕوو:

**أ ـ ڕەمەڵی هەشتی تەواو:** ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن )

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٤ ٤ )

**دولبەرا دڵ بێ قـەرارە چاوەکانم گریە بارە**

**سینەکەم هەرداغدارە یار یەکە غەم سەد هەزارە**



ـ ᴗ ـ ـ ـ ᴗ ـ ـ ـ ᴗ ـ ـ ـ ᴗ ـ ـ

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن

هەرچەندە پێی کۆتایی بەبڕگەی کـورت کۆتـایی هـاتووە، بـەڵام ئـەو شـێوەیە بـە "تەواوـ سـالم" دادەندرێت، چونکە(ە) ی پێی کۆتایی حسێبی (ا)ی درێژی بۆ دەکرێت.

**ب ـ ڕەمەڵی هەشتی مەحزووف:** ( فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن )

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٤ ٣ )

---

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩ .

(٣) الخطيب التبريزي، كتاب الكافي في العروض والقوافي، تحقيق، الحساني حسن عبدالله، طبعة ٣، الناشر مكتبة الخانجى،، القاهرة، ١٩٩٤، ص ٨٣ .

(٢٣٠) عەبدوڵا خدر مەولوود(د)، عەرووز یا کێشناسی، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٥٢ .

وردە خاڵی ئێستەکێش نازی لەسەر پەروین دەکا

چاوی بازی دائیما بـازی بە ئاهـووی چیـن دەکا ١٤٣

ـ ب ـ ـ   ـ ب ـ ـ   ـ ب ـ ـ   ـ ب ـ

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن

هەرچەندە کێشی ڕەمەل خۆی کێشێکی سووك و سووارە، بەڵام بـەهۆی ئـەوەی کـە پێـی کۆتـایی تووشی حەزف دەبێت، ئەوا ڕیتمەکەی کەمێك خێراتر و زووتر پێیەکانی کۆتایی دێت.

**ج ـ ڕەمەلی هەشتی مەقسوور:** (فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلانْ)

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٤ ٣ + ٠)

شادیی قەلبی حەزینم نووری چـاوانم ئەتۆی

مەرهەمی زام و برینم دەرد و دەرمانم ئەتۆی ٢٥٣

ـ ب ـ ـ   ـ ب ـ ـ   ـ ب ـ ـ   ـ ب ـ.

فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلانْ

بۆیە دەشگونجێت لەم قالبەدا عەرووز لـەباتی حـەزف، قەسری بێتـە سـەر و ڕیتمەکـەی بگۆڕێـت، واتە لەگەڵ ڕەمەڵی هەشتی مەحزووف جیاوازییەکـەی تـەنیا لـە" پـێ" ی کۆتـای دایـە کـە فـاعلن دەبێتە فاعلان.

## ٣ـ کێشی ڕەجەز:

بۆیە ڕەجـەزی پـێ دەوترێـت لـەرزین و لەرینـەوەی تێدایـە، (چـونکە دەشـێ هەریەکـە لـە پێیەکانی دوو تیپی لێ فرێ بدرێ، یان چونکە سەرەتای هـەر پێیـەکی دوو سـەبەبی سـووکە).[٢٣١] واتە لەم کێشە تیپەکان کەم و دێرەکانیشی کـورت دەبـن. وتـراوە کـە (ناوەکـەی لـەناوی وشـتری لەراوە وەرگیراوە کە کاتێك هەڵدەستێت خۆی دەلەرێنێتەوە، ئەمەش لەئەنجامی نەخۆشـییێکە کـە پێوەی دەناڵێنێت).[٢٣٢] گەرچی لەعەرەبی دا زۆر بەکارهاتووە، بەڵام دەتوانین بڵـێین: لەکوردیـدا بەو زۆریە نییە بەتایبـەتی بەبـەراورد لەگـەڵ هـەزەج و ڕەمـەل. بـەکارهێنانی ئـەم کێشـە لەلایـەن

---

(١) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، ل ١٥٣ .

(٢) احمد سليمان ياقوت(د)، التسهيل في علم الخليل، دار المعرفة الجامعية، مصر ١٩٩٩، ص ٦٧ .

سافییەوە بە دوو شێوەیە یەکەمیان هەشتی و دووەمیان چوارییە، لەهەردوو حاڵەتیشدا ڕیتمی کێشەکە لەچاو ڕیتمی بنچینەییەکەی جیاواز دەبن.

**أ ـ ڕەجەزی هەشتی مەتووی مەخبولی موززال:** (مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن)

ڕیتمی ئەم قالبە بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٤ ٤ )

**"صافی" لەدەردی فیرقەتا چارەیی حالّی زەحمەتە**

**زامی بە ئێش و ئەزیەتە دڵ بە برین و ئێش و ژان ١٨٨**

**– ⏑ – ⏑    – ⏑ ⏑ –    – ⏑ – ⏑    – ⏑ ⏑ –**

**مفتعلن مفاعلن مفتعلن مفاعلن**

**ب ـ ڕەجەزی چواری مورەففەل:** (مستفعلاتن مستفعلاتن)

ڕیتمی ئەم قالبەش بەم شێوەیە: ( ٥ ٥ )

**وەرنـە تەمـاشـا دۆسـت و ئەحـیـبان**

**ئەو بێ ڕەحمییەی دیم لە موحیبان ٢٦٩**

**– – ⏑ – –    – – ⏑ – –**

**مستفعلاتن مستفعلاتن**

**٤ـ کێشی موزاریع:** (مفاعیلن فاع لاتن مفاعیلن فاع لاتن)

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە: ( ٤ ٤ ٤ ٤ )

لەم کێشەدا شاعیر یەکەیێکی ڕیتمی بۆ ڕیتمە بنەڕەتیەکەی خۆی زیاد دەکات. ئەم کێشەش لە فارسی و کوردیدا بە پێچەوانەی عەرەبی زۆر بەکارهاتووە، زۆر بەکارهاتنەکەشی بۆ ئەو پێیانە دەگەڕێتەوە کە موزاریع پێك دەهێنێت "مفاعیلن، فاع لاتن". واتە هەرئەوانەن کە لەهەزەج و ڕەمەلدا بەکاردێت.[٢٣٣]

---

(١) عەزیز گەردی، شیعری کلاسیکیی کوردی، ل ١٨٤ .

هەرچی سافییە ئەوا لە شیعرەکانیدا تەنیا یەك قالبی لەم کێشەدا بەکارهێناوە، ئەویش "موزاریعی هەشتی ئەخرەب"ە، لەم کێشەدا شاعیر یەکەیێکی ڕیتمی بۆ ڕیتمی بنەڕەتی کێشەکە زیاد دەکات، بەم شێوەیە: (مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن)

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە دەبێت: ( ٣ ٤ ٣ ٤ )

یاران کوژاوی نازم صەبرم لەدڵ نەماوە
عاشق بەچاوی بازم کەی روو دەکا بەلاوە ٢١١

ـ ـ ٮ ـ ٮ ـ ـ ـ ـ ٮ ـ ٮ ـ ـ ـ ـ

مفعول فاع لاتن مفعول فاع لاتن

**٥ـ کێشی موتەقاریب:** (فعولن فعولن فعولن فعولن)

ڕیتمەکەی بەم شێوەیە :( ٣ ٣ ٣ ٣ ) یە.

ئەم کێشە لە کوردی و عەرەبیدا هەشت "پێ" یە، بەتایبەتی لەکوردیدا تا ڕادەیێکی باش بەکارهاتووە و زۆربەی شاعیران لایان لێ کردۆتەوە و شیعریان پێ نووسیوە. سافیش لەشیعرەکانیدا چەند قالبێکی لەم کێشەدا بەکارهێناوە.

**أ ـ موتەقاریبی هەشتی تەواو:** ( فعولن فعولن فعولن فعولن )

کەوا خانە وێرانە سافی لە دونیا
لەتاوی گوڵی ڕووت بووە شێت و شەیدا ٢١٦

ٮ ـ ـ ٮ ـ ـ ٮ ـ ـ ٮ ـ ـ

فعولن فعولن فعولن فعولن

**ب ـ موتەقاریبی هەشتی موسەببەغ:** ( فعولن فعولن فعولن فعولاْنْ )

لە عەشقت دوو چاوم هەموو دەم بەگریان
لەتاوت هەناوم هەموو بوویتە بریان ٢١٠

ٮ ـ ـ ٮ ـ ـ ٮ ـ ـ ٮ ـ ـ .

فعولن فعولن فعولن فعولاْنْ

## ـ کێشی تێکەڵ:

مەبەست لەکێشی تێکەڵ بەکارهێنانی چەند کێشێکە لەشیعرێکدا، واتە شاعیر بەمەبەست دوو کێشی جیاواز لەشیعرێکدا ئاوێتەی یەکتر دەکات. ئەم تێکەڵ کردنەش بەزۆری لەو کێشە بڵاوانەوە دەبێت کە لەیەکەوە نزیکن. ڕەنگە شاعیر ئەم کارەش بۆ سێ مەبەست ئەنجام بدات. کە ئەمانەن: (٢٣٤)

١. دوورخستنەوەی خوێنەر لە وەڕسی و بێزاری بەدەست یەك تاکە ئاوازەوە.

٢. دەوڵەمەندکردنی ئاوازی هۆنراوەکە.

٣. پیشاندانی توانای شاعیر لەزاڵبوونی بەسەرکێشەکەدا.

هەرچەندە تێکەڵکردنی کێش لەشیعرێکدا لای عەرەب و فارس کەم بەرچاودەکەوێت، بەڵام لای شاعیرانی کورد نەك هەر لەعەروزدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵکو کێشی خۆماڵیشی گرتۆتەوە، ئەم دیاردەی تێکەڵکردنە (بەتایبەتی لای شاعیرانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بەرچاو دەکەوێت، وەکو: ئەدەب، سافی، ناری، ویسالی، شێخ نوری شێخ ساڵح، گۆران، دڵزار). (٢٣٥) تێکەڵکردنی کێشەکان بەزۆر شێوە هاتوون کە سافی زۆر لێهاتووانە توانیویێتی چەند شێوەیێکی تێدا بەکار بهێنێت، بێ ئەوەی هیچ ساتمەیێك لە ڕیتمی کێشی شیعرەکانیدا بەدی بکرێن. بۆ نموونە:

**لەبەر چاوی کاڵت لە عیشقی جەماڵت**

ᴗ – –    ᴗ – –    ᴗ – –    ᴗ – –

فعولن    فعولن    فعولن    فعولن

**دەمێ شەیدام دەمێ ریسوام عەزیزم(*)**

ᴗ – – –    ᴗ – – –    ᴗ – –

مفاعیلن    مفاعیلن    فعولن



---

(٢٣٤) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، ل ٢٣٥ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٥ .

(*) پارچە غەزەلی بەقامەت خەرامان لە سەر ئاوازی مەقامی"راست" وتراوە، کە "مەلا ئەسعەد" و "سێوە" لە ئاهەنگ و کۆڕ و دانیشتنی دۆست و یاراندا چڕیویانە . جگە لەوەش مامۆستا تاهیر تۆفیقیش چڕیوێتی . بڕوانە، کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوە، ل ٥٧ . یان طاهر توفیق، ئاوازی بەجۆش"گۆرانی فۆلکلۆری کوردی"، ل ١٨ .

واتە لێرەدا شاعیر لەدێرە شیعرێکدا نیوە دێرێکی لەسەر موتەقاریبی هەشتی تەواو داناوە و نیوە دێرەکەی تری لەسەر هەزەجی شەشی مەحزووفە، تاکو کۆتایی شیعرەکە بەم جۆرە دەبێت. سافی جگە لەم شێوەیە تێکەڵکردنی دێر بەدێریش لەشیعرەکانیدا بەدی دەکرێت کە لەسەرەتاوە تاکۆتایی شیعرەکە دێرێکی لەسەر کێشێك و دێرەکە تری لەسەر کێشێکی تر دەبێت.
بۆ نموونە:

به ئەبرۆت کوژواووم دڵم پڕ زوخاوە
برینـــی دەروونم دووبـــارە کـــولاوە
⏑ – –   ⏑ – –   ⏑ – –   ⏑ – –
فعولن   فعولن   فعولن   فعولن

بەو دووچاوە دڵ کـوژاوە
یار بەقەتلم ئەمـری داوە   ۲۰۸
– ⏑ – –   – ⏑ – –
فاعلاتن   فاعلاتن

واتە ئەم شیعرە تا کۆتایی دێری یەکـەمی لەسـەر موتـەقاریبی هەشـتی تـەواوە و دێـری دووەمـی شـیعرەکەش لەسـەر ڕەمـەلی چـواری تـەواوە. ئـەوەی لێرەشـدا جێگـای سـەرنج بێـت ئەوەیـە کـە سەرەڕای تێکەڵکردنی دووکێشی جیاواز، دەبینین کە ڕیتمی شیعرەکە ڕەوانە و بێ ئەوەی لـەکاتی خوێندنەوەی یان بیستنیدا، ساتمەیێکیشی تێدا بکەین.

دەشتوانین بڵێین: ڕەنگە شاعیر جگە لەمەبەستەکانی تری، ئەم تێکەڵکردنانەی کـە دەیکـات بۆ ئەو شیعرانە بێت کە بۆ گۆرانی داینـاون، لـەم حاڵەتەشـدا گاریگـەری مۆسـیقا لەسـەر شـیعر و شیعریش بەسەر مۆسیقا بەئاشکرا بەدی دەکرێت.

## ـ سەروا:

سـەروا ڕەگـەزێکی مۆسـیقی شـیعرە لەگـەڵ کـێش وەك دوو کۆڵەگـەی سـەرەکی ڕۆڵێکـی کاریگـەر لەدروسـت کردنـی ڕیتمـی دەرەوەی شـیعردا دەبیـنن، چـونکە (سـەرواش وەك کـێش بنەڕەتێکە لە بنەڕەتەکانی شیعر)[٢٣٦] بۆیـە لێـرەدا تـەنیا بـاس لـەڕیتمی سـەروا و پێکهاتنـەکانی سەروا دەکەین کە دەبنە هۆی دروست بوونی بەشێك لەو ڕەهەندە مۆسیقییەی کە لەشیعردا بـەدی دەکرێـت. سـەروا گـەلێك پێناسـەی جۆربـەجۆری بـۆکراوە، بـەڵام لێـرەدا ئـەم پێناسـەیە بـە گونجاوترینیان دەزانین کە دەڵێ: (سەروا بریتی یە لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەی لەکۆتایی وشـە سەروادارەکان دووبارە دەبنەوە، ئەمە بەتایبەتی لـەکۆتایی لـەت یـان دێـرە شـیعر و هەنـدێ جـار لەناوەوەش دێ).[٢٣٧] لەم پێناسەیەدا سەروا لەناوەوەی دێرە شیعریشدا دێـت، جگـە لـەوەی کـە کۆمەڵە دەنگێکە لە کۆتـایی لـەت یـان دێـرە شـیعر و شـوێنی وەسـتان و کۆتـایی هـاتنی شـەپۆڵە ئاوازەی شیعرەکاندا دێت، کەواتە سەروا (ترپە و ئاوازی شـیعر زیـاد دەکـات و لەنگـەری شـەپۆلی دەنگەکانی دێرە شیعر ڕادەگرێ و دەبێ بە زایەڵەو دەنگدانەوەی دەنگـە هاوجنسـەکانی تـری نـاو هەمان دێر و دەنگە هاوبەشەکانی دێڕەکانی تر، دووبارەبوونەی دەسـتە دەنگێـك جـۆرە ڕیتمێکـی ئاوازەیی دروست دەکات و هەست و سۆزی هەڵچووی ناوەوە ڕێك دەخات و بـەرەو ئامـانجی خـۆی ئاراستە دەکات بەتایبەتی لەخوێندنـەوەی بـە دەنگـدا کـە پێـداگرتنی تێدایـە لەسـەر هەڵکشـان و داکشـانی ئاوازەکـە و نیشـتنەوەی لەسـەر دەنگـە هاوبەشـەکانی دواوە).[٢٣٨] لەسـەروادا بەخۆپاراستن لەهەر هەڵەیێك، ئەویش بە ڕەچاوکردنی بنچینەکانی و پێدانی مۆسـیقاکەی دەبێـت، چونکە ئەگەر ڕەچاوی مۆسیقاکەی نەکرێت ئەوا شیعرەکە تەواو نابێت.[٢٣٩]

بۆیـە شـاعیرانی کلاسـیك زۆر پێوەسـت بـوون بـە بـەکارهێنانی سـەروا، چـونکە لەناخـەوە هەستیان بەوە دەکرد کە سەروا مۆسیقای شیعر بەهێز دەکـات و بەتـەنیا کـێش بـۆ تـەواو کردنـی مۆسیقاکەی کافی نییە. جگە لەوە بەکارنەهێنانی سەروا بەنەنگی دادەنـدرا. سـەبارەت بـە ڕیتمـی سـەرواش ئـەوا دوو ڕیتمـی دەبێـت، (یـەکێکیان ڕیتمـی سـەروایە کـە خـۆی لـەدووبارە کردنـەوە یەکسـانی سـەروا دەبینێتـەوە ئـەویتریان ئـەو وەسـتانەیە کـە لـە کۆتـایی دێرەکانـدا دروسـت دەبێت).[٢٤٠] کەواتە سەروا و پێکهاتەکانی ڕۆڵێکی مۆسیقی بە شیعرەکە دەبەخشن.

---

(٢٣٦) عەبدوڵڵا خدر مەولوود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٦٤ .

(٢) عەزیز گەردی، سەروا، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٢٦ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩ .

(٤) محمود علی السّمان(د)، العروض القدیم"اوزان الشعر العربي و قوافیه"، طبعة ٢، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦، ص ٢١٤ .

(٥) حسن الغرفي، البنیة الایقاعیة في الشعر حمید سعید، دار الشؤون الثقافة العامة، ؟، ١٩٨٩، ص ٩٦ .

بۆیــه دەبیــنین ســەروا وەك ڕەگــەزێكی گرنگــی شــیعری كلاســیكی كــوردی هــەر لــە زووەوە بەكارهاتووە، كە لای هەندێك نەتەوە بەو شێوە نییە، هەرچەندە سەروا دیاردەییكە تایبـەت نییـە بە تاكە زمانێك و زمانەكانی تر لێی بێبەش بن، بەڵام عەرەبەكان هەر لـە كۆنـەوە پێوەسـت بوونـە بە سەروا و ناسیویانە، پێش ئەوەی كێشی چەندیش بە دەستیان بگات.[241]

بۆیە زۆرجاریش وا ڕێك دەكەوێت شاعیر بۆ بەهێز كردنی ڕیتمی سەروا، (سەروا ڕادەكێشـێتە نــاوەوەی دێــڕە شــعر جگــە لــەدەنگی ڕەوی چــەند دەنگێكــی دیكــە شــان بەشــانی ڕەوی دووبارەدەكاتـەوە كـە لـە هونـەری ڕەوانبێـژی پـێ ی دەڵـێن "لزومیـات" ، وەیـان بـۆ ناوەڕاسـتی دێرەكـان و هونـەری كـەرتكردنی پـێ ئـەنجام دەدات. ئـەو مۆسـیقا و ئـاوازەی بـەهۆی گونجـان و تەبایی وشەكانی دێڕە شیعرێك دروست دەبێت هەموو لەیەك خاڵدا كۆتـایی دێـت ئـەویش سـەروایە كــە نیشــانەی كۆتــایی هــاتنی دێــرە).[242] دووبارەكردنــەوەی ســەرواش لەبەرامبــەر مــەودا مۆسیقییەكانە لەمۆسیقادا كە لەرینەوەكانی بەرگوێی بیسەر دەكـەوێت، بیسـەریش لەرینـەوەییێكی لەم شێوەیەی بەرگوێ دەكەوێت لەماوەییێكی كاتی ڕێكخراو، ئەویش لەدوای ژمـارەییێكی دیـاریكراو لەو بڕگانەی كە خاوەن سیستەمێكی تایبەتن كە بە كێش ناو دەبرێن.[243]

هەندێكیش (سەروا و پێدا كوتانی كۆرسی مۆسیقا بەیەك كردەوە دەزانن، واتە سـەروا وەكـو پێ داكوتانی كۆرسی مۆسیقا وایە بۆ زەیتی ڕیتم و وروژاندن و ئاگاداركردنەوەی بیسـەر لـەكۆتایی هاتنی ڕیتمێـك و دەسـت پێكردنـەوەی ڕیتمێكـی تـر بـەكاردەهێنرێ).[244] واتـە سـەروا وەك خـاڵی هۆشیاركەرەوە و گردكردنەوە و بەیەكگەیاندنی ڕیتمەكان و ڕاگرتنی ڕیتمی شیعرەكە خۆی پیشان دەدات.

بۆیە لێرەدا ئەو ڕیتم و مۆسیقایەی سەروا دروسـتی دەكـات. دەتـوانین بیگێڕینـەوە بـۆ ئـەو ڕۆڵــەی كــە هەریــەك لــە:( ڕەوی و وشــەی ســەرواكە خــۆی و پــاش ســەروا) دەیگێڕێــت، وەكــو پێكهاتــەكانی ســەروا و ڕۆلیــان لەدروســت بــوونی ڕیتمــی دەرەوەی شــیعردا هەیــە. بۆیــە لێــرەدا هەوڵدەدەین باس لە رۆلی هەر یەكێكیان بەجیا بكەین:

---

(٢٤١) محمد عوني عبدالرؤوف(د)، القافية والاصوات اللغوية، مطبعة كيلاني، القاهرة، ١٩٧٧، ص ٧٩ .

(٢) هیوا نورالدین، بنیادی ریتم، ل ٤٠ .

(٣) ابراهيم أنيس(د)، موسيقى الشعر، ص ٤٠ .

(٤) عەزیز گەردی، سەروا، ل ٢٦٤ .

## ١ـ ڕەوی:

یەکێکە لەو دەنگانەی کە ڕۆڵێکی کاریگەر و گرنگیان هەیە لە پێکهێنانی سەروادا کە ڕۆڵیان جیا لەوانی تر ڕۆڵێکی سەرەکییە لەدروست بوونی ڕیتمی سەروادا. بۆیە زۆرجار لەبەر گرنگی ڕۆلەکەیێتی کە قەسیدە و غەزەل بەناوی دەنگی ڕەوییەوە ناو دەبرێت وەك: قەسیدەی واوی یان قەسیدەی لامی، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە لە قەسیدە و غەزەل تەنیا پێڕەوی یەك سەروا دەکرێت و لەسەرەوە تا خوارەوە یەك دەنگی ڕەوی دەبێت و گۆڕانکاری بەسەر نایەت.

بۆیە شوێنکەوتنی ڕەوییێکی نەگۆڕاو یارمەتیدەرە بۆ هاوسەنگی لەنێوان ڕستە شیعرییەکان و کۆتایی هێنانیان بە دەنگێکی سنووردار، کە لە فیکری بیسەر جێگیری دەکات و دەیچەسپێنێتەوە.[٢٤٥] واتە هاتنی بە شێوەیێکی بەردەوام و دووبارەکراو لەکۆتایی دێردا یەکگرتنی لەگەڵ سەروادا ڕیتمێکی بەهێزتر بە شیعرەکە دەبەخشن. بۆیە ڕەوی (دوا دەنگی بنچینەیی و وشەیی ڕەسەنی سەروایە و هۆنراوەی لەسەر بنیات دەنرێ).[٢٤٦]

ڕەوی بنیات نەری سەروای شیعرەکەیە، دوا دەنگی ڕەسەنی وشەی سەرواکە دەبێت، ئەگەر هاتوو هەر مۆرفیمێکی ڕێزمانی لەدوای ڕەویدا هات ئەوا دەبێت بە پاش ڕەوی. کەوایە (سەروا دەشێ تەنیا یەك دەنگ بێ و دەشێ زیاتر، زیادەکە دەشێ لەپێشەوە هاتبێ "پێش ڕەوی" کە لەئەسڵی وشەکە دایە و دەشێ لەدواوە هاتبێ "پاش ڕەوی" کە مۆرفیمی ڕێزمانین و لەڕووی وشە و ڕۆنانەوە پێوەندیان بە وشەی سەرواوە نییە و دەشێ زیادەکە لەپێشەوە و لەدواوەی ڕەوی هەبێ).[٢٤٧] ڕادە و جۆری ئەو دەنگانەی کە شاعیران بۆ ڕەوی بەکاری دەهێنن لە شیعر دانانیاندا لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت.

بۆ ڕەوی ئەم نموونەیە نیشان دەدەین:

**لەبەر مەیلی مەیی عیشقی تووە یاری وەفادارم(*)**

**لە تەکیە و خانەقا دەرچووم خەریکی دەیر و زیننارم** ١٦٨

دەبینین لەم دێرەدا دەنگی / ر / بۆتە ڕەوی هەرچی / م /ە، کە مۆرفیمێکی ڕێزمانییە، ئەوا پاش ڕەوییە، / ا /ش کە بزوێنێکی درێژە، ئەوا بۆ دەنگی / ر / ڕەوی بۆتە پێش ڕەوی بۆ قوڵکردنەوەی ئاوازە و بەهێزکردنی شیعرەکە هاتووە.

---

(١) عبدالله محمد الغزامی(د)، الصوت القدیم الجید، الهیئة المصریة العامة للکتاب، مصر، ١٩٨٧، ص ١٤٩ .

(٢) عەزیز گەردی، سەروا، ل ١١٢ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١– ١١٢ .

(*) یەکێك لە مەرجەکانی ڕەوی ئەوەیە کە دەبێت دەنگەکە لە ئەسڵی وشەکە بێت و نەك مۆرفیمی ڕێزمانی بێت .

## ٢ـ وشەی سەروا:

ئەو وشەیە کە لەکۆتایی لەت یان دێرە شیعردا دێت، دەنگی ڕەویش کە چەقێکە بۆ چڕبوونەوەی ئاوازەکان و بناغەیێکە بۆ سەروا دەکەوێتە ناو ئەو وشەیە، هەر لەبەرئەوەشە هەندێك جار سەروا بەدەنگی ڕەوی دەبەستنەوە، بەزۆریش وشەی سەروا تاکە وشەیێکە، بەڵام هەندێك جاریش سەروا بەسەر دوو وشەدا دابەش دەبێت. هەرچی سەبارەت بەو سەروایانەی کە سافی لەشیعرەکانیدا پێڕەوی کردوون دابەشی سەر دوو بەشیان دەکەین:

### أ ـ یەکێتی سەروا:

ئەوەیە کە لە غەزەل و قەسیدەدا شاعیر سەروای شیعرەکەی لەسەرەوە تاخوارەوە بەشێوەیێکی یەکگرتوو لەسەر یەك سەروادا داڕشتبێت. واتە شاعیر شیعرەکەی لەسەر یەك سەروا ڕێکدەخات و کۆتایی هەموو دێرە شیعرەکان بەیەك سەروا کۆتاییان پێدێنێت. لەم جۆرە سەروایەدا کە شاعیرانی کلاسیك پێڕەوییان دەکرد پشت بە دووبارەکردنەوەی سەروا لەسەرجەم دێرەکەدا دەبەستێت. ئەمەش ئاشکرایە کە هەموو ئەو (غەزەل و قەسیدانە دەگرێتەوە کە هەموو لەتەکانیان یان هەموو دێڕەکانیان لەسەر یەك سەروا بێ).[٢٤٨] کەوایە سەروای گشتی غەزەل و قەسیدەکان لەسەر سەروای دێری یەکەمدا ڕێکدەخرێت. واتە نیوەدێرە جووتەکان وەکو هەردوو نیوەدێری یەکەمن و نیوە دێرە تاکەکان جیان.

### ب ـ سەروای پارچە گشتیەکان"کۆپلە بەند" :

مەبەستمان لێی ئەو پارچانەن کە لەچەند کۆپلەیێك پێکهاتوون بەپێی سیستەمێکی تایبەت و دیاری کراوی سەروا بەیەکەوە بەستراون. ئەو پارچانەش (ناوی تایبەتییان بۆ دانەنراوە، بەڵکو بەناوی ژمارەی لەتەکانەوە ناو دەبرێن و هەیە کە بە پێی سەروای لەتەکانی چەند جۆرێکی هەیە).[٢٤٩] سافییش چەند شیعرێکی لەسەر شێوەی پارچە" کۆپلە" نووسیوە کە لەخوارەوە دەیانخەینەڕوو:

---

(١) عەزیز گەردی سەروا، ل ١٠٥ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٤ .

### ١ـ چوارخشتەكی:

هونەرێكی شیعر نووسینە، كە پارچە شیعرێكی درێژە بەسەر چەند كۆپلەیێكی چوارینەدا دابەش بووە، هەموو پارچەكان بەسەریەكەوە واتای گشتی شیعرەكە پێك دێنن. واتە لەڕووی واتاوە سەربەخۆ نییە جیاوازە لە" چوارین" لەوەی كە (چوارین یەكەیەكی سەربەخۆی هەیە كەچی چوارخشتەكی سەربەخۆ نییە، بەندێكە لەهۆنراوەییێكی دوور و درێژ كە بەسەر كۆمەڵێك پارچەی چوار لەتیدا دابەش دەبێ).[٢٥٠] كەواتە چوارخشتەكی لەچەند كۆپلەییێك پێك دێت سەروای نیوەدێری كۆتایی هەموو كۆپلەكان لەگەڵ سەروای كۆپلەی یەكەم دا وەكو یەك دەبن. ئەم وەك یەكییەش لەسەروادا سەرەڕای بەستنەوەی هەموو شیعرەكە بەیەكتری، ڕیتم و مۆسیقاییێكی چێژبەخش و توند و تۆڵ بە شیعرەكە دەبەخشێت.

وەرنە تەماشا دۆست و ئەحبابان
ئەو بێ رەحمییەی دیم لەموحیبان
خەبەری دەردم چەنددا تەبیبان
دەرمانیان نەكرد زامی غەریبان

بولبول كە دائیم بە شین و زارە
حەقیە كە غونچەی لەدەست ئەغبارە
ئەو گوڵ هەموو دەم هەر لەلای خارە
بۆ شەرم ناكا لەعەندە لیبان



### ٢ـ پێنجین:

جۆرە هونەرێكی تری شیعرییە كە بریتی یە لەچەند كۆپلەیێك، هەر كۆپلەییێكیش لەپێنج نیوەدێر پێك هاتووە، كۆپلەی یەكەمی یەك سەروایان دەبێت، بەڵام كۆپلەكانی تری چوار نیوە دێریان لەسەر یەك سەروان و نیوەدێری پێنجەم لەسەر سەروایێكی ترە كە ئەو سەروایە لە كۆتایی هەموو پارچەكانی پێنجینەكەدا وەك یەك خۆی دووبارە دەكاتەوە. ئەم وەك یەكی و خۆدووبارەكردنەوەیەش ڕیتمی شیعرەكە بەهێز دەكات، چونكە ئەم ڕێكەوتنییە لەسەروادا هەموو شیعرەكە بەیەكەوە دەبەستێتەوە و یەك جۆرە ڕیتم لەكۆتایی هەموو دێرەكاندا دووبارەدەكاتەوە

---

(١) عەزیز گەردی ، كێشی شیعری كلاسیكیی كوردی، ل ٢٦٧ .

که ئاوازەی هەموو شیعرەکە خۆش نەواتر دەکات و دووبارەکردنەوەشیان بەشێوەیێکی هونەری و بەردەوام جۆرە ڕیتمێکی ئاوازەیی بە شیعرەکە دەبەخشێت. گەرچی "پێنجین" و "پێنج خشتەکی" هەردووکیان دەکرێن بە چەند کۆپلەیێکی پێنج نیوەدێری بەهەمان شێوە، بەلاّم جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە "پێنجین" ئەوەیە کە هەموو شیعرەکە هی شاعیرەکە خۆییێتی، کەچی "پێنج خشتەکی" لەهەر پێنج نیوە دێرەکەی پارچەکەدا دوو نیوەدێری کۆتایی هی شاعیرێکی ترە وەری گرتووە و لەسەر هەمان کێش و سەروادا سێ نیوە دێری خۆی بۆ زیاد دەکات.

سافی لەم جۆرە هونەرەدا دوو پێنجینی داناوە کە بەشێوەیێکی هونەری وا دایڕشتووە. جگە لەسەروای گشتی شیعرەکە چەند وشەیێکی هاوسەرواش لەشیعرەکەدا بەدی دەکرێت کە ڕیتمی شیعرەکەی پێ ڕازاندۆتەوە.

سەبەب چی ئەی دڵی دێوانە دووبارە پەشێواوی
لەعەقڵ و فەهمەوە دەرچووی لەعەیب و عارەوە ماوی
مەگەر مەحکومی یاری وا لەبەر ئیعدامی ترساوی
وەکو کوشتەی قەصاب ئەی دڵ چییە وا غەرقی خوێناوی
لەگۆشەی بێکەسی دائیم لەغەمدا ماو و داماوی

لەموڵکی حوسن و ئیقلیمی مەلاحەت تاکە ئەم شۆخە
عەجائیب شاه و عارض ماه و طینە ت پاکە ئەم شۆخە
دلاّ سەد کوشتەیی وەك تۆی لەژێر پێ خاکە ئەم شۆخە
ئەگەر فەرمووی لەقەتلی عاشقان بێباکە ئەم شۆخە
هەزاری کوشتەییە وەك تۆ قەددی لاولاویوو لاوی

## ٣ـ پێنج خشتەکی:

مەبەستمان لێی ئەو هونەرە شیعرییە کە تێیدا شاعیرێك سێ نیوەدێری خۆیان خستۆتە سەر دوو نیوەدێری شاعیرێکی تر و جەخت دەکاتەوە لەسەر هەمان کێش و مەبەست و ناوەرۆکی شیعرەکە، ئامانجیش لێی فراوانکردنی ناوەرۆك و دەوڵەمەند کردن و دەرخستنی توانای شاعیر و تامەزرۆیی شاعیر بەرامبەر بە شیعرەکە و شیکردنەوەی زیاتری شیعرەکە. پێنج خشتەکی لەشیعری کلاسیکیدا شتێکی باوە و زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردیش پێنج خشتەکیان لەسەر شیعری شاعیرانی تر چ لەنێو خۆیان و چ لەسەر شیعری شاعیرانی غەیرە کوردا داناوە.

کەوایە پێویستە شاعیری دووەم سێ نیوە دێرەکەی خۆی بەشێوەییێکی هونەری بە دوو نیوەدێرە وەرگیراوەکە دەبەستێتەوە، نەك هەر لەڕووی کێش و سەرواوە، بەڵکو لەڕووی ناوەرۆکیشەوە، بەڵام ئەوەی گرنگ بێ لێرەدا ئەوەیە کە شاعیری دووەم دەبێت بە شێوەییێکی وەستایانە بتوانێت ئەم بەستنەوەیە بە ئەنجام بگەیەنێت و نەهێڵێت خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی یان بیستنی تووشی هیچ ساتمەیێك بێ لەنێوان کاری خۆی و کاری ئەو شاعیرەی کە شیعرەکەی لێ وەرگرتووە.

ئەمەش ڕێك وەك شیعرەکەی "بە غەمزەی چاوی مەخموری" کە ناری دایانناوە، ئینجا سافی هاتووە کردوویێتی بە پێنج خشتەکی و هەردووکیان دەبن بە خاوەنی پێنج خشتەکیەکە. ئەمە جگە لەوەی سافی پێنج خشتەکیشی لەسەر شیعری عەونی داناوە.

**من و دڵ ئیمڕۆ ئەو شۆخە لەخۆشی یەك بەدەی کردین**
**لەجامی لەعلی سەرخۆش و موقیمی مەیکەدەی کردین**
**هەتا مەحشەر خومار و مەستی ناز و نەشئەی کردین**
**بەغەمزەی چاوی مەخموری سیاهی مەستی مەی کردین**
**بەماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین** ٢٩٣

لێرەشدا سەرەڕای یەك کێش و سەروایی، ئەوا ڕیتمێکی بەهێز لەتێکەڵاوبوونی ئەو ڕیتمە جۆراوجۆرانە هەستی پێدەکرێت، چونکە ڕیتمی شیعری هەریەکێکیان بەناخی شاعیرەکەوە بەستراوەتەوە.

## ٣ـ پاش سەروا :

هونەرێکە لەو هونەرە ئاوازەییانەی دەقی شیعری کە جوانی بە شیعر دەبەخشێت و خۆش ئاوازەتری دەکات. پاش سەروا (ئەو وشە یان دەستەواژە  یان ڕستەیە یە کە دوای وشەی سەروا لەکۆتایی لەت یان دێرە شیعر بەهەمان مانا دووبارەدەبێتەوە).[٢٥١] واتە وشەیێکی سەربەخۆیە لەدوای سەروای شیعر بەیەك واتا لەگشت دێرەکاندا خۆی دووبارە دەکاتەوە و جیا لەسەروای شیعرەکە کە ڕۆلێکی سەرەکی لەپێکهاتی مۆسیقای شیعری دەگێڕێت.

دەتوانین بڵێین: ڕۆڵی یارمەتیدەرێك دەبینێت بۆ سەروا یان وەکو فاکتەرێك یارمەتیدەری دەبێت لەڕاگرتنی ڕۆڵی مۆسیقایی سەروادا. هەرچەندە نەتەوە موسڵمانە ناعەرەبەکان پێڕەوی ئەو یاساو دەستوورانەی غەزەل و قەسیدەی عەرەبیان لەزۆرلاوە کردووە، بەلاّم داهێنانی خۆشیان کردووە وەك پا ش سەروا کە یەکێکە لەو ڕەگەزە شیعرییانەی کە فارسەکان لەنەتەوەکانی تر زۆرتر بەکاریان هێناوە بەتایبەتیش لەچاو عەرەبەکان کە زۆر بەدەگمەن بەکاریان هێناوە یان ڕەنگە هەر نەیان بووبێت.[٢٥٢]

ئەگەرچی کێش و سەروا لەئەدەبیاتی زۆربەی گەلاندا بنچینەی شیعر پێك دەهێنن، بەلاّم پاش سەروا بۆ جوانی بەخشینە و دەبێت بەفریاد ڕەسی سەروا ڕۆڵی یارمەتیدەر دەبینێت. بۆیە بالاّترین ڕۆڵی پاش سەروا (بەخشینە بە مۆسیقای قافیە، شاعیر ڕەدیف بە فریاڕەسی مۆسیقای قافیە دەگەیەنێت و لەڕاگوزاری ئەم وەك یەکەدا شیعر خۆش نەوا دەکا).[٢٥٣]

بۆیە سافی پاش سەروای لەبەرهەمەکانیدا بەکارهێناوە. کە ئەمەش گومانی تێدا نییە کە کاری شیعری خۆش ئاوازەتر کردووە و یارمەتی شاعیری داوە کە لەگەڵ کێش و سەروادا مۆسیقای شیعر بەبەرزترین پلە بگەیەنێت. پاش سەرواش لەشیعری کوردیدا (دەکرێ ناو و پاشکۆکانی ناو و ئەدات بێت یان فەرمان بێت، یا رستە و شێوە رستە بێت).[٢٥٤] واتە شاعیر بەپێی پێویستی خۆی پاش سەروایێك هەڵدەبژێرێت کە تەواو لەگەڵ مەبەستەکانی خۆی یەك بگرێتەوە و بتوانێت بەهۆی ئەو پاش سەروایەوە مەبەستەکانی خۆی دابڕێژێت. ئەمەش وا دەردەکەوێت شاعیر لەسەرەتادا چوارچێوەیێك بۆ شیعرەکەی دابنێت، ئینجا کاری لەسەر بکات. لێرەشدا ڕۆڵی پاش سەروامان بە ئاشکرا بۆ دەردەکەوێت.

نموونەکانی پاش سەرواش لەشیعرەکانی سافیدا بەم شێوەیە:

---

(١) عەزیز گەردی، سەروا، ل ١٦٣ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١ .

(٣) لوقمان ڕەئوف، ڕەدیف لەشیعری کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٦١)، ٢٠٠١، ل ٤٠ .

(٤) معروف خزنەدار، کێش و قافیە، ل ٦٠-٦١ .

**١ـ ڕاناو:** شادیی قەلبــی حەزینم نووری چاوانم ئەتۆی
مەرهەمی زام و برینم دەرد و دەرمانم ئەتۆی ٢٥١

**٢ـ فرمان:** یاری خۆم لێ زیزە بۆیە حەز لەمەرگی نەو دەکەم
شەو کە بێ هۆشـم لەتاوی وا مـەزانە خـەو دەکەم ١٧٥

**٣ـ شێوە ڕستە" دەستەواژە" :** حـەبیبا دڵ گـــەلێ بیمـارە بێ تۆ
لەبەر دووریت لەرۆح بێزارە بێ تۆ ١٩١

**٤ـ ڕستە:** کە ڕۆژی وەصڵی ئاوابوو بەچاو گریان نەکەم چبکەم
شەوی هیجرانی واداهات کە دڵ بریان نەکەم چبکەم ١٧٠

بۆیە دووبارەکردنەوەی پاش سەروا شان بەشانی سەروا ڕیتمی شیعرەکە بەهێزدەکات و لـەئاکامی کاریگەری ئەم دووبارەکردنەوە و وەك یەکییەی پاش سەروا لە گۆکردن و واتادا مۆسیقای شـیعری پێك دێت، چونکە هەر لەسـەرەتاوە ئاوازەیێك لەمێشـکی خوێنـەر یـان بیسـەر دروسـت دەکـات و چاوەڕێی لێ دەکرێت جارێکی تر ببیسترێتەوە و هەستی پێ بکرێت. بۆیە دووبارکردنـەوەی هـەموو سـەرواکان بەسـەریەکەوە (سـەرنجی بیسـەر ڕادەکێشـێ، هەستەکانیشـی ڕام دەکـات ئـەویش لەئەنجامی بەدوای یەکدا هاتنی سەروا مۆسیقییەکانە لەدێرەکاندا).[٢٥٥] هەرئەم لایەنە ڕیتمییەشـە لەسـەروادا وادەکـات شـیعرەکە زووتـر وەربگیرێـن و دەرخ بکـرێن، چـونکە (وشـە سـەروادارەکان لەبەرئـەوەی دەنگـی دواوەیـان یەکـە، لەمێشـکدا باشـتر بـەرەو یـەکتر دەچـن و لەیـەك خانـەدا گیردەخۆن و زووتر دێنەوە بیر).[٢٥٦]
گەرچی سـافی وەك زۆربـەی شـاعیرانی کلاسـیکی پـێش خـۆی پێڕەوەی ئـەم جـۆرە سـەروایەیان کـردوە، ئـەم پابەنـد بوونـەی شـاعیرانیش وەکـو دیاردەیێـك وابـوو نـەدەبوو لێـی لابـدەن، واتـە

---

(١) عبدالحکیم عبدون، الموسیقی الشافیة للبحور الصافیة، العربي للنشر و التوزیع، القاهرة، ٢٠٠١، ص ٧ .
(٢) عەزیز گەردی، سەروا، ل ٣٨ .

پێڕەونەکردنی یەکێتی سەروا وەك نەنگییێك وابووە. سەرەڕای ئەوەش شاعیرانمان پێڕەوی عەرووزییان کردووە و عەرووزییش لەبنجدا هی عەرەبە و شیعری عەرەبیش هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە پێڕەوی یەکێتی سەروای کردووە.[٢٥٧] کەوایە هاتن و دووبارەبوونەوەی ئەم هەموو سەروایە بەسەریەکەوە لایەنێکی مۆسیقی ئامێز بەشیعرەکە دەبەخشێت. ئەمە سەرەڕای وەستان و چڕکردنەوەیەی ئاوازەی شیعرەکە.

سافی توانیوییێتی ڕیتمی سەروای شیعرەکانی بەهێز بکات و جگە لەسەروای گشتی هۆنراوەکە، ئەوا سەروای بەرەو ناوەوەی شیعرەکەش کێش بکات، تاکو هونەری کەرتکردنی پێ ئەنجام بدات. ئەمەش ڕەنگە پێشینەییێکی مۆسیقی و کارامەیی بوێت لەبەکارهێنانیدا. بۆیە سافی هەموو غەزەل و قەسیدەکانی لەسەر شێوەی یەکێتی سەروا بنیاتناوە کە ئەمەی خوارەوە نموونەییێکە لەشیعرەکانی:

جۆیباری چاوەکانم رووی زەمینی گرتووە
بۆیە سەحرای سینەکەم سەبزەی غەمی شین کردووە
ئەی رەفیقان مەنعی نالینم مەکەن بێ ئیختیار
حاڵەتێکە موبتەلایە دڵ لەدەستم دەرچووە ٢١٥

لەم شیعرەدا وشەکانی سەروا بریتین لە: "گرتووە، کردووە، دەرچووە، خوێندووە، کردووە، رابووە، هاتووە، لاچووە، نووستووە، دانیشتووە" واتە شاعیر لەم شیعرەدا پێڕەوی یەکێتی سەروای کردووە و لەکۆتایی هەموو دێرەکاندا سەرواکە لەسەرەوە تا خوارەوە بەیەك شێوە هاتووە.

(١) محمد حماسة عباللطيف(د)، البناء العروض في القصيدة العربية، دار الشروق، القاهرة ـ بيروت، ١٩٩٩، ص١٧٥ .

# تەوەری دووەم : ڕیتمی ناوەوە

**تەوەری دووەم:**

## ڕیتمی ناوەوە

ڕیتمی ناوەوەی شیعر لایەنێکی گرنگی مۆسیقای شیعری پێکدەهێنێت، ئەم جۆرە ڕیتمەش لەهەموو دەقە ئەدەبییەکاندا بوونی هەیە، چونکە لەو دەقانەی کە بێ کێش و سەرواشن هەست بەجۆرە ڕیتم و مۆسیقایێك دەکەین، بەڵام بەشێوەیێکی خاوتر لەو دەقانەی کە خاوەن کێش و سەروان. کەواتە ڕیتمی دەرەوە بەهاوکاری ڕیتمی ناوەوە مۆسیقای گشتی شیعرەکە پێکدەهێنن. هەرچی زاراوەی ڕیتمی ناوەوەیە لەبەرهەمە ڕەخنەییە کۆنەکاندا نابینـدرێن، بەڵام لەڕەخنەی عەرەبیدا بەگشتی و لە لێکۆڵینەوە و باسی بابەتە جیاجیاکانی ڕەوانبێژیدا، ڕاستەوخۆ لەدەوری ڕیتمی ناوەوە دەسورێنەوە.(٢٥٨)

هەرچەندە دەشتنیشان کردنی چەمکەکەی کارێکی ئاسان نییە، چونکە (لەسەر بنەماییێکی جێگیرنین و بەڵکو ئاڵۆز و تێکچڕژاون، ناتوانین وەك چوارچێوەیێکی پێش وەختە باسیان بکەین).(٢٥٩) بەڵام ڕیتمی ناوەوە خۆی لە دووبارەکردنەوەی چەندین جارەی دەنگەکان چ بزوێن یان نەبزوێن و ڕێکخستنی ورد و بژارکردنی وشەی جوان و ئاوازەدار و پاش و پێشکردنی وشەکان و بەدوایەکداهاتنی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی ناو دێرە شیعرەکان پەیدا دەبێت. وەکو پێناسەش (مۆسیقایەکی شاراوە و نادیارە، لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەو وشانە پەیدا دەبێت، کە شاعیر بەکاریان دێنێت لەداڕشتنی دەقەکە و ئەو ڕێککەوتن و گونجانەی لەنێوان پیت و وشە هەڵبژێردراوەکاندا هەیە).(٢٦٠) واتە ڕیتمی ناوەوە ڕیتم و مۆسیقایێکی نادیار و شاراوەیە، کە لەئەنجامی کاری بژارکردن و گەڕان بەدوای وشەی ئاوازەدار و بەکارهێنانیان بەشێوەیێکی هونەری و گونجاو پەیدادەبێت کە ئەمەش لێهاتوویی و دەست ڕەنگینی شاعیری پێویستە، چونکە (ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و عاتیفی ئەو شاعیرەیە کە خاوەن بیر و هەست و سۆزی تایبەتی خۆیەتی).(٢٦١) بۆیە ئەو پێکهاتانەی کە ڕیتمی ناوەوە دروست دەکەن بەپێی جۆری دەقە ئەدەبیەکە و نووسەرەکەی دەگۆڕێت، چونکە پێوەستە بە ناخ و دەروونەوە، ئەو بارەش لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازی دەبێت. کەوایە ڕیتمی ناوەوە جێگیر نییە و ئەم جۆرە ڕیتمە پێوەندی بە باری دەروونی و هەست و سۆزی شاعیرەوە هەیە.

---

(١) دلشاد علی(د)، بنیاتی هەڵبەست، ل ٨٧–٨٨ .

(٢) شاهو سعید، دلالات البناء الایقاعي في شعر، ص ٦٥ .

(٣) صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربالّ مەحموود، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩، ل ٦٥ .

(٤) عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، ل ٧٤ .

دیسانەوە پێویستی بەلێهاتوویی و توانا و دەسەڵاتی شاعیرەوە دەبێت تا دەنگ و وشەکان بەشێوەییێکی جوان و پوخت دابڕێژێت و بەکاریان بهێنێت. بۆیە (ئاوازی ناوەوە بەچاکترین ڕێگا دادەندرێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆز ، پێویستە ئەم هەست و سۆزەش لەسەر بناغەی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە لێی بکۆڵرێتەوە، چونکە هەست وسۆز و تاقیکردنەوەکانی شاعیر بەهۆی ئاوازی ناوەوە دەردەبڕێن).[(٢٦٢)] هەموو دەقێکی ئەدەبی بەگشتی و هەموو دەقێکی شیعری تەواو بەتایبەت، خاوەن ڕیتمێکی ناوەوەیە کە هەرچەندە لەو ڕیتمەدا ووردبینەوە زیاتر ئێستێتیکای دەقە شیعرییەکە بەدیاردەکەوێت. لەڕاستیدا دوو دێر لەشیعرێکدا نادۆزرێتەوە کە ڕێك لەڕووی دەنگەوە وەکو یەك بن، ڕەنگە لەڕووی لایەنی مۆسیقییەوە وەکو یەك بن، بەڵام لەڕووی بەهادەنگییەکانی ناوەوەیان جیاوازن، چونکە هەردێرێك دەنگ و سەدایێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە یەك ناگرێتەوە لەگەڵ دەنگ و سەدای دێرێکی تر، ئەمەش وامان لێدەکات هەست بە مۆسیقاییێکی جوان و خۆش نەوا بکەین.[(٢٦٣)]

ڕەفیق حیلمی هەرلەبارەی باس و خواسی مۆسیقاوە ئاماژە بەوەدەکات و دەڵێ: (ئەوانەی کە لەئاوازی موزیقە تێ ئەگەن وە لە مۆزیقەی شعرا، شارەزای یان هەیە، ئەلێن: ئینسان وەکو ئاو وەکو هەوا ئاتاجە بە موزیقە. لەکانی دلە بەرامبەر بەدەنگەکان" مەیل" یك هەیە کە نازانی لەبەرچی یە؟ گرمەی هەورە تریشقە و خوڕەی ئاو و لەرینەوەی گەلای دارەکان، هەریەکە بەجۆری کاری تێ ئەکا... یەکیکیان رای ئەچلەکینی وە دای دائەخورپینی، ئەویتریان موچرکیك ئەدا بەلەش وە یا "تەزو" یك ئەهینی بە "دل" یا. واتە لەهەندی دەنگ، دل رائەچەنی ئەگوشری، لەهەندیکیشیان خوشی یکی پی ئەگا و ئەگەشی تەوە، ئینجا ئەدەب ئەم دوو چەشنە دەنگانە لە یەك جیا ئەکاتەوە).[(٢٦٤)]

ئەم لایەنە گرنگەی مۆسیقای شیعریش کە ڕیتمی ناوەوەیە لە شیعرەکانی سافیدا ڕۆڵێکی گرنگی بە جوانکاری شیعرەکە بەخشیووە کە بۆتە هۆی ئەوەی ڕیتمی شیعرەکەی پێ بەهێز بکات و لایەنی مۆسیقی شیعرەکەشی پێ بگەیێنێتە بەرزترین ئاست. بۆیە سافی بەهۆی دووبارەکردنەوەی هەریەك لەدەنگ چ بزوێن یان نەبزوێن و وشە و دەستەواژە و ڕستە و بەهۆی هەندێك دیاردە و هەندێك لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی توانیوێتی بەشێوەییێکی هونەرییانە کارە شیعرەییەکانی خۆی پێ برازێنێتەوە و مۆسیقاییێکی خۆش نەوا و چێژبەخش بەشیعرەکە ببەخشێت کە لەمەودوا باسی یەکەیەکەیان دەکەین و نموونەشیان بۆ دێنینەوە.

---

(١) پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، ل ١٣٢ .

(٢) شوقي ضيف(د)، الفن و المذاهبه في الشعر العربي، ص ٧٨ .

(٣) ڕەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی،بەرگی یەکەم، چاپی ٢، چاپخانەی (التعليم العالي)، هەولێر، ١٩٨٨، ل ١٦-١٦٧ .

**ـ دووبارەکردنەوە:**

دووبارەکردنـەوە پێکهاتـەیێکی شـیعرە ڕۆڵ لـە دەوڵەمەنـدکردنی ڕیـتم دەگێڕێـت، چـونکە لەدووبارەکردنـەوەدا ئـەو کاریگەرییـە دەنگییـەمان پێـدەگات کـە دەبێتـە بەشـێکی گـرنگ بـۆ دەوڵەمەندکردنی ڕیتمی دەقـە شـیعرییەکە و لـەلایێکی تـرەوە بـەهۆی دووبارەکردنـەوە ئـەرکێکی دەلالی بەجێدەهێنرێت. دەتـوانین بڵـێین: لەدووبارەکردنـەوەدا دوو ئـەرك بەدیـدەکرێت، یەکـەمیان ئــەرکی ڕیتمــی و ئــەویتریان ئــەرکی دلالییــە، کەواتــە (لەهــەموو دووبارەکردنەوەیــەك جگــە لەبــەهێزکردنی واتــا مۆســیقاش شــان بەشــانی واتــا دەزرینگێتــەوە ئــەویش لەئــەنجامی دووبارەکردنەوەی ئاوازەی دەنگەکانە، دووبارەکردنـەوە پێوەندییـەکی بەهێزیشـی بەبەسـتنەوەی واتــاش هەیــە).(٢٦٥) دووبارەکردنــەوە لــەناو شــیعردا ڕۆڵێکــی بەرچــاوی هەیــە و بــوونی خــۆی سەلماندووە، چونکە کاردانەوەیێکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕیتمی نـاوەوەی شیعر و بەهۆیـەوە جۆرە ڕیتم و ئاوازەیێکی خـۆش بـۆ شـیعر دەسـتبەردار دەکرێـت، بۆیـە زۆربـەی ئـەو بنەمایانـەی بەشدارن لەدروست بوونی ڕیتمی دەرەوە و ناوەوەی شیعردا بەشێوەیێکی گشتی پشت بە بنەمای دووبارەکردنەوە دەبەستن.(٢٦٦)

ئەگەر هەڵوەستەیێك لەسەر هەموو دیاردە دووبارەکراوەکانمان بکەین هەموویان بە دووبارەکردنەوە بژمێرین، ئەوا دەبێت بزانین کامیان ئێستێتیکا باڵی بەسەر کێشاوە و دووبارەکردنەوەیێکی بێزارکەر نییە و چێژبەخشە، چونکە پێویستە لەسەر شاعیر زۆر بەلێهاتووییەوە مامەڵە لەگەڵ دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و دەستەواژە و ڕستەدا بکات و بەشێوەیێکی سەرکەوتووانە بەکاریان بهێنێت تاکو ببنە مایەی سەرنج دان و چێژ بەخشین. کەوایە (بۆئەوەی جۆرە ئاواز و ئیقاعێکی سیحراوی، لەشوێنێ، لەساتێ، لەپارچەیەکی نێو قەسیدەکە دروست بکا و ببێ بە مزراحێك و خەون و تەجرەبەکانی شاعیری لەسەردا بخولێتەوە..! یان تا ئەو خەون و تەجرەبانە، دەها پتر قوڵ بکات و بیزاخێنێ بیخاتە دنیای ڕووناکی یەوە بۆ هەڵخستنی لایەنێ لەلایەنەکانی بیر و تاسە و هەڵوێستی شاعیرەکە بەرامبەر بە وشە و بەجۆری جوڵانەوەی کات و شوێنی ئەو وشەیە... هەندێ جاریش بۆ" ئارایش دان" ی وشەیەك، پیتێك، یا کۆپلێتە شیعرێك ئەم دیاردەیە خۆی دووبارە ئەکاتەوە، بێ ئەوەی هیچ چەشنە تەئسیرێك بکاتە سەر ڕۆح و جەستەی قەسیدەکە).(٢٦٧) واتە دووبارکردنەوە لەناو دەقی شیعریدا هەر هیچ نەبێت ئەوا ڕەهەندێکی ئێستێتیکا بەدەقەکە دەبەخشێت.

---

(١) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ١٩ .

(٢٦٦) صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحموود، ل ٨٢ .

(٣) محمود زامدار، لەبانێژەی شیعرەوە– بیروڕاو سەرنج، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی(٥)، چاپخانەی "جریدة العراق"، ١٩٨١، ل ٥٥–٥٦ .

**دووبارەکردنەوەی دەنگ:**

بریتی یە لە دووبارەکردنـەوەی چـەند جـارەی دەنگێـك لـەدێرێك یـان پارچـە شـیعرێك یـان لەسەرتاپای شیعرەکە، کە شاعیر جەختی لەسەردەکاتەوە بـۆ ئـەوەی مۆسـیقای شـیعرەکەی پـێ بــەهێزبکات و ببێتــە مایــەی چێژبەخشــین. ســافی توانیــوییێتی مامەڵــەیێکی ژیرانــە لەگــەڵ دووبارەکردنەوەی دەنگدا بکات کە بۆتە هۆی ئـەوەی جـۆرە ئـاوازەییێکی خـۆش و چـێژبەخش بـە شیعرەکە ببەخشێت. بۆیە لێرەدا چەند دووبارەکردنەوەییێکی دەنگی دەخەینەڕوو:

**أ- هاوبزوێنی:** ئەوەیە کە دوو وشە یا زیاتر بزوێنی سەرەکییان یەك بێت. ئەم دیاردەیـە لەشـیعردا ئەرکی چڕکردنەوەی مۆسیقای شیعر دەبینێت، جا هەربزوێنێك بێت و لەهەرکوێی دێـرە شـیعرەکە بێت، گرنگ ئەوەیە دەنگە دووبارەکراوەکە لەتەك یەك یان نزیـك یـەك بـن.(٢٦٨) هەرچـەندە ئەگـەر هاوبزوێنی بەقەد هاونەبزوێنیش بەکارهاتبێت، ئەوا کاریگـەری مۆسـیقی هـەر لـەو کـەمتر دەبێـت، چونکە ئەم دیاردەیە دەوری لەخێراکردن و یان هێدی کردنـەوەی ڕیتمـی شـیعرەکەدا هەیـە. واتـە ئەگــەر بزوێنــە درێــژەکان زۆر دووبارەببنــەوە، ئــەوا جــۆرە هێــدی بوونــەوەییێکی مۆســیقی یــا خاوبوونەوەییێك بە ڕیتمی شیعرەکە دەبەخشـن.(٢٦٩) سـافی لەبەشـێکی شـیعرەکانیدا بزوێنـەکانی دووبارەکردۆتەوە بۆ نموونە لەم دێرە شیعرەدا:

**سحری دڵی مارووتە کەشەیدایی عوزارە**

**فیکری دڵی هاڕووتە لە ریسوایی دیــارە** ١٩٦

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر (٨) جار بزوێنی (ی) دووبارەکردۆتەوە، (٦) جار بزوێنی درێـژی (ا) و (٢) جار (و) و (٢) جار بزوێنی درێژی (وو) دووبارەکردۆتەوە کە بەهۆیەوە ڕیتمی شیعرەکە خاوبونەوەییێکی بەخۆیەوە بینیوە.

**دلبەرا دڵ بێ قــەرارە چاوەکــــانم گــریە بــارە**

**سینەکەم هەر داغدارە یار یەکە غەم سەد هەزارە** ١٩٣

شاعیر لێرەدا ( ٩ ) جار بزوێنی درێژی ( ا ) ی دووبارەکردۆتەوە.

---

(١) عەزیز گەردی، سەروا، ل ٦٣ .

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣ .

ب ـ **هاونەبزوێنی:** ئەم دیاردەیە بریتییە لە دووبارەکردنەوەی چەندین جارەی دەنگی نەبزوێن لەدێرە شیعرێکدا یان لەسەرتاپای شیعرەکەدا، ئەم دەنگانەش بەهەموویانەوە ڕیتمی ناوەوەی شیعر بەهێزدەکەن و جۆرە ئاوازەیێکی خۆش بە شیعرەکە دەبەخشن. هەرچەندە لەسەرەتادا هاونەبزوێنی بریتی بوو لەدووبارەکردنەوەی هەمان دەنگ لەسەرەتای وشەدا، بۆیە بە سەروای سەرەتا یان سەروای سەرەوە ناو دەبران، بەڵام دواتر گۆڕانی بەسەرداهاتوو و دووبارەکردنەوەی دەنگی لەیەك نزیکی وەك (س، ز) و (ش، ژ) یش بگرێتەوە، جا لەهەر شوێنێکی وشەدا بێت.[٢٧٠] دیاردەی هاونەبزوێنیش لەزۆربەی شیعرەکانی سافیدا بەدیدەکرێت بۆ نموونە:

قەددی شەنگ و شۆخ ئەگەر بێ سەروی بوستانی توە
باغی سێو و خۆخ ئەگەر بێ نەو گوڵستانی توە ٢٣٢

لەم دێرە شیعرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە شاعیر پتر لە دەنگێکی دووبارە کردۆتەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی مۆسیقای شیعرەکە بەکارهێناوە، دەبینین (٤) جار دەنگە نەبزوێنی (س) دووبارە کردۆتەوە و (٤) جار دەنگی (گ) و (٤) جار دەنگی (ب) و (٤) دەنگی (ن) ی دووبارەکردۆتەوە، لەکاتی دووبارەکردنەوە یان هەست بەئاوازەیێکی خۆش دەکەین، جگە لەمەش گونجانی وشەکانی (شۆخ) و (خۆخ) لەگەڵ یەکتر و نزیکی دەنگەکانیان لەیەکترەوە کە ڕەگەزدۆزی ناتەواویان پێکهێناوە.

دەردی دووریم چەشتووە ژەهری فیراقم نۆشییە
بۆیێ کە خۆشیم نەخۆشی و نەخۆشیم خۆشییە ٢٢٨

لەم دێرە شیعرەدا شاعیر بەمەبەستی پتەوکردنی ڕیتمی شیعرەکەش (٦) جار دەنگی نەبزوێنی (ش) دووبارەکردۆتەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر مۆسیقای شیعرەکە و بەهێزی دەکات و ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکەی پێ خۆش نەوادەکات. بۆیە هەندێك جۆر و ئەندازەی دووبارەکردنەوەی دەنگ هەن کە زۆربەی جار لە شیعرێکدا بوونیان دەبێت ئێمەش لێرەدا هەموو ئەو ئەندازانەمان لەسەر شیعرەکانی سافیدا دەستنیشان کردووە کە بریتین لە:[٢٧١]

---

(١) عەزیز گەردی، سەروا، ل ٦٥ .

(٢) صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرەکانی پیرباڵ مەحموود، ل ٨٥ .

**١ـ ئەندازەی ڕیتمی "الهندسة الایقاعیة"** : بریتی یە لە دووبارەکردنەوەی چەند دەنگێك لەوشەی سەرەتا و وشەی پێش کۆتایی هەردوو نیوەدێر، وەك:

**شیفتەیـی نووری جەمالم مـاهی تابـان وەرە**
**ئارەزووی شەهدی ویصالم جانی جانانم وەرە** ٢٠٠

**٢ـ ئەندازەی کۆتایی" الهندسة الخاتمـة"** : هـەمان دەنـگ لـە کۆتـایی هـەردوو نیـوە دێـر دووبـارە دەبێتەوە، وەك:

**خونچەیی نەو بەهاری گوڵ دەرچوو لەدەستی باغەوان**
**بولبـولـی دەردەداری دڵ زاری گــەیشــتە ئـاســمـان** ١٨٧

**٣ـ ئەندازەی دەستپێکدرن "الهندسة الفاتحة"** : هـەمان دەنگـەکان لەسـەرەتای هـەردوو نیـوەدێر دووبارەدەبنەوە، وەك:

**گوڵزارە لەگوڵــزاری بۆ خونــچە گـوڵــی زاری**
**گوڵ کەوتە شەکەرباری وا گوڵ شەکەرێکم بوو** ١٩٠

**٤ـ ئەندازەی چوارچێوەیی "الهندسة المحیطـة"** : دووبارەکردنـەوەی دەنگێك یـا چـەند دەنگێکـە لەسەرەتا و کۆتایی نیوە دێری دووەم، وەك:

**گەدا زادەی تووە سافی حــەقی ئـازادییە قوربان**
**خەڵاتم گەر سیاسەت بێ بەمـەمنوونی ئەوا هاتم** ١٦٧

**٥ـ ئەنـدازەی پێوەسـت" الهندسـة الرابطـة"** : دووبارەکردنـەوەی دەنگێـك یـان چـەند دەنگێکـە لەکۆتایی نیوەدێری یەکەم و سەرەتای نیوە دێری دووەم، وەك:

**سافی تۆی شادی بەئاوی چاوی دەیچێنیٚ و کە چی**
**چی بکا لەم طالیعە؟ خـاشاکی غـەم وا شین دەکا** ١٤٧

**٦ـ ئەندازە کۆبوونـەوە" الهندسـة التألیفیـة"** : کۆبوونـەوە یـا دووبارەکردنـەوەی هـەمان کۆمەڵـە دەنگە لەبەشی کۆتایی نیوەدێری یەکەم" عەرووز" وەك:

**بۆچـی نەگری دڵ لەسـەر ئـەم شـێوە پـە شـێوە**
**وا حەپسە لەنێو چینی چەمی پەرچەمی چەمدا** ١٤٢

هەندیٚ جاریش ئەم دووبارەکردنەوەی دەنگە چ بزوێن یا نەبزوێن لەسـەر ئاسـتی بەنـد یـان پارچـە دەبێت، شاعیر لەپارچەیێکدا دەنگێك یان چەند دەنگێك زیاتر دووبارەدەکاتەوە لەچاو پارچـەکانی تر، بۆ نموونە:

**نیگارا ڕوویی رەحمیٚ گەر لەسەر ئەو عەهد و پەیمانی**
**دڵـی بیٚ چارەکەم مەعـلولی تۆیـە چی لە لـوقمانـی**
**وەرە بەشـــقی خـــودا یا بیـــکوژە یا بیکـە دەرمانـــی**
**فیدات بیٚ ئەو روحی شیرین هەتا کـەی دڵ پەرێشانی**
**بەڵایی وات بەسەرهێنام چ کــەس دەرمـانـــی نـازانی** ٢٨٣

شـاعیر لـەم پێنجینەیـدا (٢٦) جـار دەنگـی (ی) دووبارەکردۆتـەوە لـەم بەنـدەدا بـەراورد لەگـەڵ بەندەکانی تردا ڕێژەی جیاوازی دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگەش پێوەستە بەباری دەروونی شاعیر و مەبەستی شیعرەکە.

## ـ بەریەککەوتنی دەنگەکان:

جۆرێکی تری دووبارەکردنەوەی دەنگە، ئەم جۆرەش لەوشەیێکدا یان دوو وشەی هاوسێ ڕوودەدات کە دەنگەکانیان بەریەکدەکەون و ڕادەی دەنگە بەریەککەوتووەکە دوو ئەوەندەی ڕادەی خۆی لێدێت، گەرچی دەنگە بەریەککەوتووەکان لەکاتی خوێندنەوە و بیستن وەك یەك دەنگی لێدێت. ئەم دیاردەیەش بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕیتمی ئەو تاکە وشە یان ئەو دوو وشەیەوە دەبێت کە دەکەونە پاڵ یەکترییەوە و دەبنەهۆی هاتنە کایەوەی ڕیتم و مۆسیقاییێکی چێژبەخش و کاردەکەنە سەر دەروونی خوێنەر یان بیسەری دەقە شیعرییەکە.[٢٧٢]

### ١ـ بەریەککەوتنی دەنگ لەناو یەك وشەدا:

"صافی" لەبەر دەرگانەکەت کەوتە سەر خاکی زیللەت

چاوەڕێی لوطفی تۆیە جانا لەڕێ ی خوداوە ٢١٣

دوو دەنگی / ل/ لە وشەی" زیللەت" بەریەککەوتوون و دەنگەکانیان کەوتوونەتە ناو یەك وشەوە.

### ٢ـ بەریەککەوتنی دەنگ لەناو دوو وشەدا:

ئەو عالەمە نەی ڕەنگە دەبینی کە چەند دەنگە

سەرپاکی جودا ڕەنگە لەو باووك و دایێکە ٢٦١

لەم دێرە شیعرە پێبینی ئەوە دەکرێت کە دوو دەنگی / د / لەکۆتایی وشەی" چەند" و لەسەرەتای وشەی "دەنگ" کەوتوونەتە تەنیشت یەکەوە و بەریەککەوتون ڕادەی دەنگەکەش دوو ئەوەندەی ڕادەی خۆی لێهاتووە و درێژدەکرێتەوە، واتە دوو دەنگەکە هەمان دەنگییان هەیە و ئاوازەکەی لەدەربڕیندا درێژ دەکرێتەوە.

## ـ دیاردەی پێویستی شیعری" الضروات الشعرية" :

(١) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ٢٤ .

هەندێك دیاردە هەن كە شاعیر بە پێویستی دەزانێت بۆئەوەی گونجانێك لەنێوان وشە و كێش و سەروای شیعرەكە دروست بكات. واتە شیعرەكە پێویستی بەو دیاردانەیە بۆ خزمەتكردنی شیعرەكە كە زۆربەی كات ئەم دیاردەیەش لەخزمەتی لایەنی مۆسیقای شیعرەكە خۆی دەبینێتەوە، بۆیە هەندێك لەو دیاردانەی كە لە شیعری سافیدا بوونیان هەیە دەیانخەینەڕوو:

**١ـ دیاردەی قرتاندنی "كرتاندن" دەنگ:** بریتییە لەوەی كە شاعیر دەنگێك یان چەند دەنگێك لە وشەیێك كەم دەكاتەوە بەمەبەستی ئاسانكردنی دەربڕین یان بەمەبەستی ڕێكخستنی كێش و سەروای شیعرەكە یاخود ئەمە فاكتەری ناوچەیی جوگرافیای لەپشتەوەیە، كە ڕاستەوخۆ كاریگەری لە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەكە دەبێت و تام چێژێكی تایبەتی لێوەردەگیرێت، وەك:

**ئەگەرچی دڵ بەڕۆژی عاریضت سووت**

**وەلێ وا عادەتە بۆ عاشقی رووت** ١٥٨

لەم دێرە شیعرەدا وشەی "سووت" لە بنچینەدا "سووتا" وە، كە پێتێكی قرتێنراوە.

یاخود لەم دێرە شیعرەدا دەڵێ:

**ئەگەر شەمعی ویصاڵی تۆم نەبێ ڕۆژم شەوی تارە**

**بینایی نووری چاوانم ئەتۆی ماهی ضیادارم** ١٦٩

وشەی "تار" دوو پیتی لێقرتێنراوە، لەبنچینەدا "تاریك" ە.

**٢ـ دیاردەی گۆڕینی دەنگ:** ئەم دیاردەیەش بریتییە لە گۆڕینی دەنگێك یا چەند دەنگێك بۆ هەمان ئەو مەبەستانەی پێشوو، وەك لەم دێرە شیعرەدا هاتووە:

**مەڵێن "صافی" كە ئێستێكە لەیادی یار نیە یاران**

**لەدڵدا فكری دڵدار و لەناوی زیكرەكا ناوی** ٢٥٠

وشەی" ئێستاكە" بووە بە" ئێستێكە" ، واتە شاعیر دەنگی /ا/ ی گۆڕیوە بۆ دەنگی /ێ/، جگە لەمانەش "زیكرەكا" پیتێكی لێقرتێنراوە.

**ـ دووبارەكردنەوەی وشە:**

دووبارەکردنـەوەی وشـە ئەوەیـە چـەندجارێك خـۆی دووبارەبکاتـەوە بەهـەمان واتـا لـەناو پێکهاتەی دەقە شیعرییەکە، ئینجا ئەو دووبارەکردنەوەیە هەر جۆرە مەبەستێکی لـەدواوە بێت، چـونکە هـیچ دووبارەکردنـەوەیێك بـەبێ مەبەسـت نییـە شـاعیر ئـەو وشـەیەی کـە دەیهێنێتـەوە مەبەستێکی لەپشتەوەیە پێوەستە بەباری دەروونی شاعیرەوە. سەرەڕای ئەمـەش دەقەکـەی پـێ دەڕازێندرێتـــەوە و شـــێوەییێکی جـــوان بەدەقەکـــە دەبەخشـــێت. دەبێـــت ئـــەوەش بڵـــێین: دووبارەکردنەوەی وشە چوارچێوەییێکی فراوانتری هەیە لەچاو دووبارەکردنـەوەی دەنگی، چـونکە لـەنێو هـەموو دووبارەکردنـەوەییێکی وشـەدا دووبارەکردنـەوەی دەنـگ خـۆی تێـدا ئـاخنیووە، ئەوکاتـەش چڕبوونەوەی دەنـگ وشـە دروسـت دەکـات، بۆیـە هەرچـەندە ژمـارەی دەنگـەکان لـە پێکهاتەی وشەدا زیاتربێت، بەها و ڕیتمی دووبارەکردنەوەی وشە زیاتردەبێت.[(٢٧٣)]

سـافیش لـە شـیعرەکانیدا توانیـوێتی بەشـێوەییێکی سـەرکەوتوانە سـوود لـەم جـۆرەی دووبارەکردنەوەیەدا ببینێـت و ڕیتمـی نـاوەوەی شـیعرەکانی پـێ تونـدوتۆڵ بکـات. بۆیـە (شـاعیر وشـەیەك دووبارەدەکاتـەوە مەبەسـتی جـەخت کردنـەوەی زیـاترە لەسـەر مانـا و مەبەسـتی ئـەو وشەیە، بەمەش مۆسیقای وشەکە پتەوتردەکات و خوێنەریش زیاتر سەرنجی دەداتـێ).[(٢٧٤)] بۆیـە لێرەدا دووبارەکردنەوەی وشە لەهەردوو ئاستدا بە نموونەوە دەخەینەڕوو:

**١- دووبارەکردنەوەی وشە لەئاستی ئاسۆییدا:**

لەم ئاستەدا دووبارەکردنەوەی وشە بەهەمان واتا دووبارە دەکرێنەوە لەیەك دێرە شیعردا کەیەك بەدوای یەکدا دێن یاخود بەشێوەییێکی پەرش وبڵاو دوور لەیەکترییەوە دێن، وەك:

**سەردەمێ مەست و خومارە خـادیمی مـــەیخـانەیە**
**وەقتی تەسبیحی لە دەستە صۆفییە حەی حەی دەکا** ١٥٦

ئەگەر سەیری ئەم دێرە شیعرە بکەین لە نیوەدێری دووەمدا وشەی "حەی" دووجار بەدوای یەکدا دووبارەکراوەتەوە بەشێوەییێکی ڕێك بەدوای یەکدا هاتوون و ڕیتمی شیعرەکەی پـێ خـۆش نـەواتر کردووە.

**یان وەك لە دێرێکی تردا هاتووە:**

**لـەو پەرچـەمـی شـێواوی داوی دڵـــی دنـــاوە**

(١) هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل ١١١ .

(٢) صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردیەکانی پیرباڵ مەحموود، ل ٨٧ .

بەو غەمزەی دوو چاوی کون کون جگەرێکم بوو      ١٩٠

وشەی "کون" لە نیوەدێری دووەمدا بەشێوەییێکی ئاسۆیی بەدوای یەکدا خۆی دووبارە کردۆتەوە ئاوازەییێکی خۆشی بەدێرە شیعرەکە بەخشیوە. هەندێك جاریش یەك وشە زیاتر لە جارێك خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەمەشیان (بۆ چەسپاندنی واتاکە لە مێشکی گوێگر و بردنە دڵیەوەن یان بۆ پیشاندانی داخ و خەفەت و پەرۆشی، یان بۆ دامەزراندنی کێشی هۆنراوە، یان بۆ بڕینەوەی هۆنراوە و بەجێهێشتنی کاریگەرییێکی بەهێز یاخود بۆ داگرتنی هەموو لایەنێکی شتە باسکراوەکە) یە.[٢٧٥] وەك:

چاوەکەم چاوم لە بۆ چاوی تۆ خوێن باری دەکا
وا منیش هەر لەحقە بۆ تۆ شین و واوەیلا دەکەم      ١٧٣

لەم دێرە شیعرەدا جگە لەوشەی "چاوەکەم" ئەگەر سەیری وشەی "چاو" بکەین بەشێوەییێکی ئاسۆیی لەنیوە دێری یەکەمدا بەدوای یەکدا (٢) جار خۆی دووبارەکردۆتەوە، ئەمەشیان سەرەڕای مەبەستی شاعیر خۆی لایەنێکی جوانکاری و ئێستێتیکای بەشیعرەکە بەخشیووە.

**٢- دووبارەکردنەوەی وشە لەئاستی ستوونیدا:**

لەم ئاستەدا دووبارەکردنەوەی وشە بەهەمان شێوە و واتا دووبارە دەکرێنەوە کە تەنیا لە سنووری دێرێکدا نامێننەوە، بەڵکو بەشێوەییێکی فراوان سەرتاپای شیعرەکە دەگرێتەوە. جا ئەم دووبارەکردنەوەیەش بەشێوەییێکی یەکسان بێت، یان بەشێوەییێکی نایەکسان گرنگ ئەوەیە بەهۆی ئەم دووبارەکردنەوەیە ڕیتمێکی تایبەت بەشیعرەکە دەبەخشرێت، وەك:

خەلقی ئەرواحی هەموو عالەم نەتیجەی حبی تۆن
ئەی هەموو ئەرواحی عالەم بێ بە قوربانی توە      ٢٣٥

لەم دێرە شیعرەدا وشەی "عالەم" بەهەمان شێوە و واتا خۆی دووبارەکردۆتەوە بەشێوەییێکی یەکسان هاتوون، بەڵام ئەگەر سەیری هەردوو وشەی "ئەرواحی" و "هەموو" بکەین خۆیان بەهەمان شێوە و واتا دووبارە کردۆتەوە، بەڵام بەشێوەییێکی نایەکسان هاتوون، کە بە هەموویان

---

(١) عەزیزگەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم"جوانکاری"، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥، ل ٤٧–٥٠ .

ڕیتمی شیعرەکەیان ڕیتم ڕێژکردوە. دەشگونجێت ئەم دووبارەکردنەوەیە لەدێرێکدا هەر لەسەرەتای هەردوو نیوە دێرەکەدا بەشێوەییێکی یەکسان و هاوشوێن بێت، وەك وشەی "سەرین" لەم دێرە شیعرەدا:

سەری خاڵی لەسەوداکەت چلۆن سەودا ئەکەم جانا
سەری بازاڕی ئەغیارم نییە موحتاجی کالأتم ١٦٧

یاخود لەدێرێکدا بەشێوەی نایەکسان و شوێن جیاواز خۆی دووبارەکردبێتەوە، ئەمەش وەك وشەی "سەر" لەم دێر شیعرەدا:

سەر لەسەر سەودایی تۆ و دڵ لەپایی پێیەکەت
بۆ چمە جانا سەر و دڵ هەردووکیان ریسوا دەکەم ١٧٣

جاری واش هەیە وشە دووبارەکراوەکان وشەییێك یان ئامرازێك دەکەوێتە نێوانیان کە ئەمەش یەکێکە لەجوانترین شێوەکانی دووبارەکردنەوەی وشە، وەك:

هەستاوی کە هەستاوە قیامەت بە قیامت
ڕۆییوی کە ڕۆییوە دەمم لەو دەم و دەمەدا ١٤٢

هەندێك جاریش وادەبێت کە شاعیر دووبارەکردنەوەی وشەکە لە سەرەتای هەموو دێرەکانی شیعرەکە بەشێوەییێکی پچرپچر دووبارەدەکاتەوە، وەك لەم شیعرەی سافی کە تەنیا لەدوو دێری سەرەتا نەبێت، ئەگینا "بە" ی لەسەراتاپای شیعرەکە دووبارەکردۆتەوە، ڕیتمێکی تایبەتی بەشیعرەکە داوە.

وەك لەم شیعرەدا دەڵێ:

ئەگەرچی دڵ بە ڕۆژی عاریضت سووت
وەلێ وەعادەتە بۆ عاشقی رووت

نییە ئیحتیاجی پا بەندیم بە قوربان
کە گیراووم بەداوی تاری گێسووت
بەناری عیشقەوە مەمنێژە جانا
دەسوتێنێ بە "باللە" کفن و تابووت
بەغەمزەی تۆ برینی من هەزارە
موژەت بەسیە لەگەڵ ئەبرۆت مەکە جووت
بەکوفری زولفەکەت دڵ وەرمەگێڕە
کەوا سالێکە بۆ میحرابی ئەبرووت
بە خەنجەر چارەی دڵ ناکرێ وا
گرفتارە بە سیحری چاوی جادووت
بەسەر سەودا دەکا سافی بە رووی تۆ
میانی پێچی پەرچەم خاڵی هیندووت ١٥٨ ـ ١٦٠

لەم شیعرەدا تەنیا لەدوو دێری سەرەتاوە نەبێت، ئامرازی" بە" لەسەرەتای نیوە دێری یەکەمی هەموو دێرەکانی شیعرەکەدا دووبارە کردۆتەوە کە ڕیتمی شیعرەکەی پێ پتەوکردووە. زۆرجاریش دووبارەکردنەوەی وشە لەکۆتایی نیوەدێری یەکەم و سەرەتای نیوەدێری دووەمم دەبێت، ئەم هونەری دووبارەکردنەوەیەش لەعەرەبیدا" رد الصدر على العجز" پێ دەڵێن، جا چ وەك خۆی دووبارەبکرێتەوە یان چ گۆڕانێکی کەمی بەسەردا هاتبێت، بەمەش ڕۆل لە گرێدانی دێرە شیعرەکان دەبینێت، وەك:

گوڵزارە لە گوڵزاری بۆ غونچە گوڵی زاری
گوڵ کەوتە شەکەر باری وا گوڵ شەکەرێکم بوو ١٩٠

ئەم دێرە شیعرە بەهۆی دووبارەکردنەوەی وشەی"گوڵ" ەوە بەگۆڕانکارییەوە بەزۆر لاوە بەیەکەوە بەستراونەوتەوە بەتایبەتی لەبەستنەوەی هەردوو نیوە دێرەکە و گرێدانیان بەیەکتریەوە، لەم دووبارەکردنەوەیەش ئاوازەیێکی خۆش بە مۆسیقای شیعرەکە دەدرێت.

**ـ دووبارەکردنەوەی دەستەواژە:**

شاعیر دەستەواژەیێك بەشێوەی ستوونی یان بەشێوە پچر پچر لە دێرێکدا یان لەسەرتاپای شیعرەکە دووبارە دەکاتەوە، بۆیە مەرجە کە ئەم دەستەواژانە بەهەمان شێوە و واتا خۆیان

دووبارەبکەنـەوە. هـەروەها (ئەگـەر دووبارەبوونـەوەی وشـە، گرنگـی خـۆی لەسـازاندنی ڕیـتم و بەهێزکردنی دەلالەتی واتایی نێو پێکهاتەی دەق هەبێت، ئەوا دووبارەبوونەوەی فرێز لەسـەرێکەوە ڕایەڵە و تەلی ڕیتم درێژدەکاتەوە و لەلایەکی دیکەش ڕەهەنـدی واتـایی قـوڵتر دەبێتـەوە و دەسـت ڕەنگینی نووسەر لەنیشـاندانی وێنەیـەکی پـڕ ئیسـتاتیکا و جوانکـاری زیـاتر نیشـان دەدات).(٢٧٦) لەشیعری سافیدا دووبارەکردنەوەی دەستەواژە بەرچاودەکەوێت، وەك:

یادی وەفایی کێ بکەم؟ مەیـلی هـەوایی کێ بکـەم
چارە لەلایی کێ بکەم؟ غەیری خودایی موستەعان ١٨٨

" کێ بکـەم" وەك دەسـتەواژەیێك لـە دێرێـك خـۆی دووبارەکردۆتـەوە کـە ڕیـتم و مۆسـیقاییێکی تایبەتی بەشیعرەکە بەخشیووە. یاخود لە پێنجینەکانیدا دەڵێ:

لە بێ عەهد و وەفایی بـوو وەها منفــووری تۆیە دڵ
لە ڕەسمی پڕ جەفایی بـوو کەوا مەهجووری تۆیە دڵ
خــودا هەڵنــاگرێ جـانا پەشـێوی دووری تۆیە دڵ
زەمـانێکە لـە گۆشەی بێکەســی ڕەنجووری تۆیە دڵ
حەبیبم کەعبە کەچ نابێ ئەگەر خۆت بێیە سەردانی ٢٨٣

"تۆیە دڵ" وەك دەسـتەواژەیێك لەهـەر چـوار نیـوەدێری پێنجینەکـەدا خـۆی دووبارەکردۆتـەوە. ئەمە جگە لەوەی وەك پاش سەرواش هاتووە، تەنیا لە نیوەدێری پێنجەمی نەبێت کـە سـەرواکەی دەچێتەوە سەر سەروای پارچەی یەکەم و سەروای هـەموو نیـوە دێرەکـانی تـری بەهـەمان شـێوە دەبێت. بۆیە لێرەدا سەدای مۆسیقاییێکی خۆش دەبیستین.

## ـ دووبارەکردنەوەی ڕستە:

دووبارەکردنەوەی ڕستە قورسایی زیاتری هەیـە لەچـاو دووبارەکردنـەوەی دەنـگ و وشـە و دەستەواژە، چونکە هەموو ئەو دووبارەکردنەوانە لەناو دووبارەکردنەوەی ڕستەدا خۆیان دەنوێنن.

---

(١) هێمن عومەر خۆشناو، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل ١٢٣ .

بۆیە (دووبارەبوونەوەی ڕستە لەنێو دەقدا، واتە ڕەفتارکردن لەگەڵ دەقێکی نێو دەق، کە لایەنێکی جوانکاری بەڕوووکارەکەی دەبەخشێ و هەڵگری دەلالەتێکیشە، گەورەتر لەدەلالەتی وشە).[٢٧٧] ئەگەر سەرنج لە شیعرەکانی سافیدا بدەین، ئەوا دووبارەکردنەوەی ڕستە زۆر بەدەگمەن دەبیندرێت، شاعیر لەچاو دووبارەکردنەوەکانی تر کەمتر بەکاری هێناون، وەك:

دولبەرا دڵ بێ قەرارە چاوەکانم گریە بارە
سینەکەم هەر داغدارە یار یەکە غەم سەد هەزارە
مورغی دڵ بۆت کەوتە داوە عەقڵ و هۆشی پێ نەماوە
بۆیێ سەرتاپا سووتاوە دولبەرا دڵ بێ قەرارە
دۆستان بۆم کەن دوعایە زامەکەی دڵ بێ جەفایە
قەد خەیاڵ ناکەم شیفایە دلبەرا دڵ بێ قەرارە
جارێ ناپرسی لەحاڵم عاشقی نووری جەمالم
کەی دەبێ یا ڕەب ویصاڵم دولبەرا دڵ بێ قەرارە
کەی دەبێ خۆت بێیە لامان دوڵبەری شۆخی خەرامان
تا بگا دەستم بەدامان دولبەرا دڵ بێ قەرارە
"سافی"بۆت بوو شێت و شەیدا دڵ بەدەرد و سەر بەسەودا
ڕەحمەکی پێ بکە لەڕێی خوا دولبەرا دڵ بێ قەرارە ١٩٣-١٩٤

## - ڕەگەزدۆزی:

هونەرێکی جوانکارییە، بریتییە لەوەی (کە دوو وشە یان پتر بێنی لەڕواڵەتدا وەکو یەك بن یان بەیەك بچن، بەڵام هەر یەکەیان واتای تایبەتی خۆی هەبێ کە جودا بێت لەواتای وشەکانی

(١) هێمن عومەر خۆشناو شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل ١٢٨ .

تر).[٢٧٨] واته ڕاستییتی ڕەگەزدۆزی ئەوەیە کە (دوو وشە هاوشێوەکە یەك بگرن لەپیتەکان یان نزیك یەك بن بەمەرجێك کە هەر وشەیەك واتاییکی هەبێت و جیاوازبێت لەواتای وشەی دووەم).[٢٧٩] بۆیە ڕەگەزدۆزی لایەنێکی گرنگ لەبنەماکانی پێکهاتەکەی ڕیتمی ناوەوە پێکدەهێنێت، بەو ڕەنگەی کە وشە وەك یەك و لێك نزیکەکان و دەنگەکانیان خۆیان دووبارە دەکەنەوە لەئەنجامدا دەبنە هۆی بەهێزکردنی ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکە و ڕیتم و مۆسیقاییێکی پتەو بەدەقە دەبەخشن. واتە ڕەگەزدۆزی بەهەموو جۆرەکانیەوە ڕۆلێکی گرنگ لە پێکهاتەی ڕیتمی مۆسیقای شیعردا دەگێڕێت.

بۆیە سافی بۆ جوانکاری لە شیعرەکانی وەك زۆربەی شاعیرانی تری کلاسیك ئەم هونەرەی بەکارهێناوە. ئەمەش بۆ گرنگی دانیان بەلایەنی جوانکاری و مۆسیقی شیعرەکە کە لەئەنجامی دووبارەکردنەوەی دەنگە هاوشێوە و دەنگە هاوچەشنەکانی نێوانیان دروست دەبێت. هەرچەندە کە ڕەگەزدۆزی لەزۆربەی شیعرەکاندا بوونی هەیە و ئەوەی لای شاعیر سافیش بەکارهاتووە بریتییە لە:

**١ـ ڕەگەزدۆزی تەواو:** بریتییە لەوەی کە دوو وشە یان زیاتر لەدێڕێك یان لەسەرتاپای شیعرەکە وەك خۆی بەکاربێت و بەواتای جیاوازەوە، ئەو وشانەش لەچوار شتدا یەك بن، وەك:

أ. ژمارەی پیتەکان
ب. جۆری پیتەکان
ت. شێوەی پیتەکان
پ. چۆنییێتی ڕیزبوون و ڕێکخستنی پیتەکان[٢٨٠]

واتە وشەکان دەبێت لەچوار خاڵدا یەك بن، ئینجا ڕەگەزدۆزی تەواو دروست دەبێت، ئەم جۆرەشیان لای شاعیر زۆربەکارهێنراوە، وەك:

**وردە خاڵی ئێستەکێش نازی لەسەر پەروین دەکا**

(١) عەزیزگەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، ل ٧ .
(٢) محمد ابو شوارب و احمد المصری، قطوف بلاغية، دار الوفاء للدنيا الطابعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦، ص ١٣٢ .
(٣) الشيخ معروف النودي، الجوانب البلاغية، دراسة والتحليل، رؤوف عثمان، مطبعة بابان، سليمانی، ٢٠٠١، ص ٢٠٩ .

وشەی "باز" دوو جار خۆی دووبارەکردۆتەوە لەجاری یەکەمدا هـەر واتـای "بـاز" دەگەیـەنێت، جـاری دووەمـیش واتـای "وازی و گاڵتـە پێکـردن" دێـت. شـاعیر لـە شـیعرێکی تـردا شـاعیر لەسەرتاپای شیعرەکە چەند جارێك یەك وشە خۆی دووبارە دەکاتەوە، وەك:

ئەو پەرچەمە پڕچینە هەموو عەسکەری چینە
بـۆ غارەتــی مـاچینە کە ئــەم چینە ســــوارە ١٩٧

تەنیا لەم دێرە شیعرەدا "چینە" چەند جارێك خۆی دووبارەکردۆتەوە، لەجاری یەکەمدا واتـای " چین چین" دەگەیەنێت و لەجاری دووەمدا بەواتای لەشکری چینە. جگە لەوە ئەم دێـرە خـاوەنی تایبەتمەندییێکی جوانکاری دەنگیشە، کە دیاردەییێکی مۆسیقی بنیاتنەری پێکهێناوە.

**٢ـ ڕەگەزدۆزی ناتەواو:** ئەمەش ئەوەیە کە ئەو وشانەی ڕەگـەزدۆزی پێکـدێنن، یـەکێك لـەو چـوار مەرجانـەی تێـدا نـەبێت کـە ڕەگـەزدۆزی تـەواوی لەسـەر دادەمـەزرێت. واتـە لەیـەکێك لەچـوار مەرجەکان جیاوازبن یان دەشێت زیاتر لەمەرجێکدا جیاواز بن و لـەوانی تـر وەکـو یـەك بـن، جگـە لەوەش مەرجە لەڕووی واتاشـەوە لەیـەك جیـاوازبن. لـە شـیعرەکانی سـافی ئـەم شـێوانەییمان بـۆ بەرجەستە دەبێت:

بۆ مانیعی غـەم کافییە ئەو نووری جەبینی
بۆ دەفعی ئەلەم شافیە ئەو شـەهدی لەبانی ٢٥٢

"کافی" و "شافی" ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەجۆری جودا بەجیاوازی پیت دروست دەکەن.

یان دەڵێ:

لەتاوی چاوەکەی مەستت دوو چاوم پڕ لـەخوێناوە
حەنایی پەنجەکەی دەستت بەخوێنم ڕەنگە هێناوە ٢١٣

وشەکانی "مەست، دەست" ڕەگەزدۆزین هەریەکەیان کەوتۆتە نیوەدێڕێکەوە. جگە لەوەش هاوتەریبی یەکتریش هاتوون، ئەمەش ڕیتمی شیعرەکە زیاتر پتەودەکات، یان دەڵێ:

ئەگەرچی دڵ بەڕۆژی عاریضت سووت
وەلێ وا عادەتە بۆ عاشقی رووت ١٥٨

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە وشەی سەروا سەرەڕای ڕیتمی مۆسیقی خۆی کە سەروا ڕۆلێکی گرنگی تێدا دەبینێت، وشەکانی " سووت، رووت" ڕەگەزدۆزیشیان پێکهێناوە. لێرەدا هەموو ڕیتمەکان یەکدەگرن، بۆئەوەی ڕیتمی شیعرەکەی پێ خۆش نەواتر بکات، چونکە (ڕەگەزدۆزیش هەر وەکو هاوتەریبی، پشت بە ڕەگەزی دووبارەکردنەوە دەبەستێت).(٢٨١) یاخود شاعیر لە دێڕێکی تری شیعرەکانیدا دەڵێ:

ئەی بادی صەبا هەستە لەحالم بەوە هوشیار
شەرحی دڵی ماتەم زەدەکەی من بەرە بۆ یار ١٦٣

وشەکانی "هوشیار، یار" وشەی ڕەگەزدۆزی ناتەواون لەجۆری زیاد، چونکە وشەی یەکەم بەسێ پیت لەویتریان زیاترە. لەدێڕێکی تردا دەڵێ:

لەو دڵارامە بپرسن وا دڵ ئارامی نەما
جارێکی چارێکی دەردم کا دەخالەت بەو دەکەم ١٧٦

وشەکانی "دڵارام، دڵ ئارام" کە ڕەگەزدۆزی زیادە و لەگەڵ وشەکانی "جارێکی، چارێکی" ڕەگەزدۆزی جودایە لەیەك دێردا هاتوون، ئەمەش ئەوپەڕی ڕادەی مۆسیقی بەشیعرەکە دەدات و سەرنجی خوێنەر و بیسەری پێ ڕادەکێشرێت.
شاعیر لەدێڕێکی تری شیعرەکانیدا دەڵێ:

گوڵناری روخت رەشکی بە گوڵزاری ئیرەمدا

---

(١) نیعمت الله حامد حامد نهێلی، شێوازگەری تیۆر و پراکتیك، چاپخانەی حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٣٢٩ .

وشەکانی " گوڵنـار، گـوڵزار" وشـەی ڕەگـەزدۆزین لـە جـۆری داتاشـراو، چـونکە هـەردوو وشـەکە بنەمای دروستبوونیان یەك وشەیە، بەڵام بەدوو واتـای جیـاواز هـاتوون. لەیەکـەم بـەواتای" گـوڵی هەنار" لەدووەم بەواتای "باغ" هاتووە. دەتـوانین "گوڵنـار، گـوڵزار" وەك ڕەگـەزدۆزی جـوداش سـەیریان بکـەین، چـونکە تـەنیا لـە پیتێکدا جیاوازیـان هەیـە، بۆیـە لێـرەدا جـۆرە مۆسـیقاییێکی ئاوازەدار لەمۆسیقای ناوەوە دروست دەکات. یاخود لەدێرێکی تردا دەڵێ:

من و دڵ ئیمڕۆ ئەو شۆخە لەخۆشی یەك بەدەی کردین
لـەجامی لـەعلی سەرخۆش و موقیمی مەیکـەدەی کردین ٢٩٣

وشــەکانی "شـۆخ، خـۆش" وشــەی ڕەگـەزدۆزین لــەجۆری ئــاڵۆز، چـونکە شـێوەی ریزبـوونی پیتەکانیان پێچەوانەی یەکترن، ئەمەش جۆرە مۆسیقاییێکی تایبـەت و خـۆش ئـامێز بـە شـیعرەکە دەبەخشێت، هەرچەندە کە شاعیر زۆر بەکەمی سوودمەند بووە لێی و کەم بەکاری هێناوە.

**ـ دژیەك:**

بریتی یە لە هێنانەوەی دوو وشـە کـە لـەڕووی واتـاوە پێچـەوانەی یـەکتربن، بـەواتاییێکی تـر (کۆکردنەوە لەنێوان دوو دژیەك، واتە دوو واتای دژیەك لە ڕستەدا ئەمەشیان بە دوو وشـە دەبێـت لە یەك جۆردا).[(٢٨٢)] دژیەکیش لە شیعری زۆربەی شاعیراندا هەیە، بەتایبەتی ئەوانـەی کـە توانـای شاعیرییێتی خۆیان دەرخستووە زیاتر گرنگیان بە ڕووخساری شیعرەکانیان داوە.

سـافی لـە شـیعرەکانی بـەڕادەییێکی زۆر دژیـەکی بـەکارهێناوە، ئەمـەش توانـاو دەسـەڵاتی شـاعیر دەردەخـات، بـەو هۆیەشـەوە توانیـوێتی مۆسـیقای شـیعرەکانی پتـەوتر و جـوانتر بکـات، (چونکە دژیەك ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی هەیـە بـۆ پێکـەوە لکانـدنێکی ڕاسـتەوخۆ لـەنێوان هـەردوو وشە دژ واتایەکە، کە ئەمەش لەلایەن خۆیان جۆرە چڕبوونەوەیەك دروست دەکەن و ڕەنگدانەوەی لەسەر مۆسیقاکە هەیە).[(٢٨٣)] دژیەکیش دوو جۆری هەیە:

**١ـ دژیەکی فەرهەنگی:** لەعەرەبیدا " طباقی ئیجابی" پێدەڵێن کە بریتییە لەبوونی دوو وشە هەر لەبنجـدا دژ و پێچـەوانەی واتـای یـەکتربن، هـەروەك بـاش و خـراپ، پـاك و پیس...هتـد. ئـەم جۆرەشیان لای شاعیر زۆر بەکارهاتووە، وەك لەم دێرە شیعرانەیدا هاتووە:

**ڕۆژ لە فیکری عاریضی خۆراکی من خوێنی دلە**
**شەو بـەیادی زولفـەکانی نوسـتنم بـــیـداریيە** ٢٢٩

وشەکانی "ڕۆژ و شەو" هەر لەبنجدا دژیەك و پێچەوانەی یەکترن، وشەکانی "نوستن و بێدار" یش بەهەمان شێوەیە.

**ئەوەندەم "عجز" و شادی وەصل و هیجران دیوە ئەی یاران**
**لەڕۆژی حـــەشردا ئەصلا نەجـاحـــەت جەننەت و نـــارم** ١٦٩

وشـەکانی "عجـز و شـادی" و "وەصـل و هیجـران" و "جەننـەت و نـار" دژیـەکی فەرهـەنگییان دروست کردووە کە دژ واتا و پێچەوانەی یەکترن.

---

(١) جلال الدین، محمد بن عبدالرحمن القزوینی( ٧٣٩هـ – ١٣٣٨م)، الایضاع في علوم البلاغة، قدم له و بوبه و شرحه، علی بو ملحم(د)، دار المکتبة هلال، بیروت – لبنان، ٢٠٠٠، ص ٢٨٧ .

(٢) ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٧٩ .

**٢ـ دژیەکی نافەرهەنگی:** لەعەرەبیدا "طباقی سەلب" ی پێدەڵێن، کەواتە (بریتییە لەبوونی دوو وشەی" دژیەك" پەیوەندی نێوانیان پەیوەندیەکی دروستکراوی لەسەر بنەمای ئەریٚ و نەرێی دوو وشەکانە).[(٢٨٤)] واتە دوو وشەکە لەبنجدا دژی یەکتر نین، بەڵکو بەهۆی ئامرازێکی نەرێیەوە کە دەخرێتە پێش وشەکەوە دژی واتاکەی خۆی دروست دەبێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

**دەردی دووریــم چەشتووە ژەهری فیراقم نۆشیە**
**بۆیێ کە خۆشیم نەخۆشی و نەخۆشیم خۆشییە ٢٢٨**

وشەکانی "خۆشی و نەخۆشی" دژیەکی نافەرهەنگین، شاعیر لەدێرە شیعرێکی تردا دەڵێ:

**پەیغامی دڵم زانی گۆتی تۆ موسـڵمانی**
**لەم عەشقە کە نازانی تۆ باسی گیاییێکە ٢٦٠**

"زانی و نازانی" یەك بنجیان هەیە کە بەهۆی ئامرازی نەرێی" نا" کراونەتە دژ واتای یەکتر.

**قەط مەڵێن یار بێ وەفایە وا بە ناحەق دەیکوژێ**
**بیــکوژێ یـا نەیــکوژێ "صافی" فیداکاری دەکـا ١٥٥**

لەم دێرە شیعرەدا هەردوو وشـەی "بیکـوژێ و نـەیکوژێ" دژواتـای یـەکترن کـە بـەهۆی ئـامرازی نەرێوە یەکێکیان بۆتە دژی ئـەویتریان و جـۆرە ڕیـتم و مۆسـیقاییێکی بـەجۆش و خرۆشـی بـەدێرە شیعرەکە داوە، چونکە جارێکیـان بـەهۆی هـاتنی وشـەکە و دژەکەیـەوە، جـارێکی تـریش بـەهۆی چەندجارە دووبارەکردنەوەی وشەکەوە مۆسیقای شیعرەکەی پتەو و پاراوتر کردووە.

---

(١) ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا، ل ٨١ .

## ـ بەرامبەری:

ئەوەیە کە (وتاربێژ بەڕێز چەند شتێکی موتەناسیب بڵێ جا موقابیلەکانیشیان بەشوێنی ئەوانا بێنێ).(٢٨٥) بەرامبەری ئەو هونەرە جوانکارییەیە کە بۆ ڕازاندنەوەی شیعر بەکارهاتووە و جۆرێکیشە لە دژ یەك (ئەوەندە هەیە جۆرە دژیەکێکی تایبەتیە، لەدژیەك تەنیا یەك وشە دێت و دژەکەی بەشوێنەوە دەهێنرێ، بەڵام لەبەرامبەری وا نیە، بەڵکو لەپێشاندا چەند وشەیەك دێنێ، ئینجا بەڕێکی یەکەیەکە دژەکانیان دێنێت، بێگومان ئەمەشیان جۆرە پێچان و کردنەوەیەکە).(٢٨٦) واتە جۆرە دژیەکێکی تایبەتییە کە لەپێشدا وشەکان دێنێت و دوایش بەڕێکی دژەکانیان دێنێتەوە، هەروەها هێنانی دژی وشەکانیشی بە کردنەوە داناوە، وەك:

ڕۆژ بە یادی رووی هەتا هێوارە هەر هاوارمە
شەو لە فیکری زولفی صوبحەینێ صوحبەت لەو دەکەم ١٧٥

لەنیوە دێری یەکەم سافی وشەی "ڕۆژ، هێوارە" ی هێناوە بەرامبەر بە وشەکانی" شەو، صوبحەینێ" لەنیوە دێری دووەم وەستاندوویێتی وەك پێوەندییەکی دژیەکییانە. سەرەڕای ئەمەش وشەکان هاوتەریبی یەکترن و ئەو کەشە دژیەکییە و دووبارەبوونەوەیان ئەوەندەی تر مۆسیقای شیعرەکە تەڕ و پاراوتر دەکەن. ئەمەش بریتی بوو لە بەرامبەرکردنی دووشت بە دژەکانیان واش دەبێت کە زیاتر بێت واتە سێ شت بەرامبەری یەکتری بکرێن، وەك:

شەوی هیجرانی خەیاڵی یار دەکا ئەصلا خەوی نایێ
بەیادی ڕۆژی وەصڵی حەز لە بێداری نەکا چیبکا ١٤٨

لەنیوە دێری یەکەمدا سافی وشەکانی "شەو، هیجران، خەو"ی هێناوەتەوە، دواتر بەدوای ئەوانەوە بەڕێکی یەکە یەکە دژەکانی لە نیوەدێری دووەم هێناوەتەوە کە وشەکانی "ڕۆژ، وەصڵ، بیدار" یە، بەمەش پێوەندییەکی دژیەك و هونەری بەرامبەر یەکتری دروست کردووە.

---

(١) مەلا عەبدولکەریمی مدرس، بەدیع و عەروزی نامی، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغداد، ١٩٩١، ل ١١ .

(٢) عەزیز گەردی، جوانکاری، ل ٧٤ .

## ـ جێگۆڕکێ"العکس":

ئەوەیە کە وشـەکان پێچـەوانەی یـەکتر دووبارەبکرێنـەوە، (بریتـی یـە لەپێشخسـتنی بەشـە ئاخاوتنێـك و پاشـان بەپێچـەوانەوە، کەواتـە پێشخسـتنی ئـەو بەشـەی کـە دواخرابـوو، پاشـان دواخستنی ئەو بەشەی کە پێشخرابوو)[٢٨٧] کەوا شـاعیر لەسـەرەتاوە دوو وشـە دەهێنێـت، دواتـر هەمان ئەو وشانە پێچەوانەی یەکتر دەکاتەوە، ئەم یاری کردنەش بەوشەکان جۆرێك لە لێهـاتوویی شاعیر پیشان دەدات، سەرەڕای ئەو ڕیتمە بەهێزەی کە بە شیعرەکە دەگەیەنێت.

بۆیە سافی لەم بارەیەوە زۆر وەستایانە دەست ڕەنگینی خۆی نیشان داوە ڕیتمی نـاوەوەی شیعرەکانی پێ ڕازاندۆتەوە و بەهێزی کردووە. ئەم هونەرەش لـەناو شـاعیرانی کلاسـیکیدا بـوونی هەیە و زۆربەی شاعیرانی کلاسـیك بـەکاریان هێنـاوە، جـا بـۆ بـەهێزکردنی واتـا، یـان بـۆ جـەخت کردنەوە لە وشەکاندا بێت.[٢٨٨] ئەم هونەرەش لای سافی بەم شێوانەی خوارەوە هاتوون:

**لەسەر صەفحەی جەمالی یار بەخەططی زولفی نوسرابوو**
**لە ڕێـی عیـشـقا مـوسڵمـان کـافرە کـافر مـوسڵمـانە** ٢٠٣

لەدێری دواتری هەمان ئەو پارچە شیعرە دووبارەی کردۆتەوە، وەك:

**عەجائیب خاتەمێکە لەعلی لێوی یـــارەکەم بۆیێ**
**لەدەرگانەی سولەیمان ئاصەفە ئاصەف سولەیمانە** ٢٠٣

یـاخود شـاعیر لـەم هونـەرەدا لەوکاتـەی جێگـۆڕکێ ی وشـەکانی کـردووە، لـەکاتی پـاش و پـێش کردنیان توانیوییێتی گۆڕانکاری بەسەر وشەکان بهێنێت، وەك:

**"صافی" لەبەرئەم خاڵەیە خاڵی لەخەیاڵە**
**یا کێمی بــەزۆردایــە وە یا زۆری بـەکەمـدا** ١٤٣

## ـ سەرواسازی ناوەوە:

---

(١) جواهر البلاغة للسيد احمد الهاشمي، علق عليه ودققه، سليمان الصالح، دار المعرفة، بيروت– لبنان، ٢٠٠٥، ص ٣٥٢ .

(٢) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ٣٢ .

## ـ كەرت كردن:

هونەرێكی جوانكارییە شاعیران بەمەبەستی ڕازاندنەوەی شیعرەكانیان بەكاریان هێناوە كە هەر دێرە و یان نیوە دێرە شیعرێك دابەشی سەرچەند كەرتێكی سەروادارەوە دەكەن. جگە لەهەبوونی سەروای گشتی شیعرەكە ئەو كەرتانە هاوسەروا دەبن و زۆرجاریش هاوكێش دەبن. كەواتە (هونەر بێجگە لەسەروای گشتی هۆنراوەكەی لەكاتی هۆنینەوەی هۆنراوەدا سەروادار بەكاردێنێ و ئەم هونەرەش پێ ی دەگوترێ "كەرت كردن"، چونكە لەبەر سەروادارەكانەوە وا دەردەكەوێ كە هۆنراوەكە كەرت كەرت كرابێ).[289] كەرت كردن واتە سەروادارکردنی شیعر لەناوەوە، بەمەش شیعرەكە وادەردەكەوێت كە كەرت كراوە بەهۆی سەروادارکردنەكەوە. هەرچەندە ئەم جۆرەدابەشكردنە زیاتر لەپەخشاندا هەیە، بەڵام كە لەشیعردا بەكاردێت بۆ بەهێزكردن و پتەوكردنی ڕیتمی شیعرەكەیە. گەرچی شیعر بەبێ ئەمجۆرە كەرت كردنەش هەر ڕیتمی خۆی هەیە، بەڵام ئەم كەرت كردنە زیادە ڕیتمێكی دەخرێتە سەر ڕیتمی گشتی شیعرەكە.[290]

سافیش هەروەك زۆربەی شاعیرانی كلاسیكی كوردی ئەم هونەری كەرت كردنەی بەكارهێناوە بەمەبەستی پتەوكردنی مۆسیقای شیعرەكانی و دەرخستنی توانای شیعری خۆی (شاعیری بەتوانا هونەرەكە بەجۆرێك ئەنجام دەدات جگە لە بەهێزكردنی مۆسیقا، كەرت كردنەكەش لەخزمەتی واتا بەكاردەهێنێ بۆ زیاتر سەرنج ڕاكێشانی خوێنەر لەشوێنی وەستانەكاندا).[291] ئەم كەرت كردنەش جۆری زۆرە ئەوەی كە زیاتر لەلای سافی بەرجەستە بووە، ئەو جۆرەیانە كە شاعیر دێری شیعرەكەی دەكاتە چواركەرتی یەكسان كە سێ كەرتی یەكەمی بە پیتێك یان چەند پیتێك سەروادار دەكات، بەڵام سەروای كەرتی چوارەمی لەگەڵ سەروای تێكڕای شیعرەكە دەبێت، ئەمەشیان لەشیعری كوردیدا گەلێك زۆرە. كەوایە دەتوانین بڵێن: سافی تەنیا كەرت كردنی چواری بەكارهێناوە، بەڵام بەچەند شێوەیێك هاتووە كە لێهاتوویی و توانای شاعیری دەرخستووە ڕیتم و ئاوازەیێكی خۆشی بەناوەوەی شیعرەكە بەخشیوە بەتایبەتی لەوكاتەی كە لەگەڵ وەستانی عەروزی و واتایی یەك دەگرنەوە بەیەكەوە مۆسیقای شیعرەكە تەڕ و پاراوتر دەكەن.

بۆیێ سافی لەشیعرێكدا دەڵێ:

---

(١) عەزیز گەردی، جوانكاری، ل ٤٠ .

(٢) هیوا نورالدین، بنیادی ڕیتم، ل ٤٤ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤ .

غونچەی نـەوبـەهاری گـوڵ دەرچوو لــەدەستی باغـەوان
بـولـبـولـی دەردەداری دڵ زاری گـــەیشـتـە ئـاسـمـان
بایـی خەزانــە دەنـگ ئەدا گوڵ کە بەزەردی ڕەنـگ ئـەدا
بولبولە سەر لەسەنگ ئەدا خونچە لـەبـــاغیدا نەمـان
ئەو دڵـی بێقـەرارەکـەم کـەوتە هــــەوایـی یـارەکـەم
صەبرێ لـەکێـوە چارەکـەم زەحـمــەتە دەردی وا گـران
دەوری فـەلەك بەحیلە بوو فەصلی بەهاری برد و چـوو
رەنـگی خەزانـی دامـە روو جوملــە بەڵایی خستە جـان
دووری لـەیاری خونـچە دەم خستییە سـەر دڵــم ئەلـەم
وا "أسفا" لـەدەوری غــەم دەردی فیـراق ئــەدا نیـشـان
هیـجر و فیـراقـی دوولبــەرم داویە لـەسینە خەنجـەرم
شەکـوا بـەلایی کـێ بـەرم روو لـە چ لا کەم؟" الامــان"
یـادی وەفایی کـێ بکەم؟ مەیـلـی هــەوایـی کـێ بکـەم
چارە لـەلایی کـێ بکەم؟ غـــەیری خـودایـی موستەعان
ئەی فـەلەکـا خــەتـــام نییە کینەیی تـۆ لـەمن چییە
زوڵمی وا کەس نەکردییە، دەرهەق بەمن لە ئینس و جان
" صافی" لـەدەردی فیـرقەتە چارەیـی حاڵـی زەحمەتە
زامـی بە ئێش و ئەزیـــەتە دڵ بــەبریــن و ئێش و ژان ١٨٧ ـ ١٨٨

ئەگەر سەرنج لەو شیعرەی سافی بدەین دەبینین شیعرەکە دابەشی سەرچـوار بـەش کـراوە، جگـە لەدێری یەکەمی سەرتاپای شیعرەکە دابەشی سەرچوار کەرت کراوە، سەرەوای سێ کەرتی یەکـەمی یەك سەروان و جیـاواز لەسـەرەوای کـەرتی چـوارەم کـە چۆتەوە سـەر سـەرەوای گشـتی شـیعرەکە. هەرچی دێری یەکەمی شیعرەکەیە، ئەوا هەر کەرت کردنی چوارییە، بەڵام کەرتی یەکەم و سێیەمی بەجیا هاوسەروان و کەرتی دووەم و چـوارەمیش بـەجیا هاوسـەروان کـە ئەمەشـیان بەشـێوەیێکی جیاواز سەیر دەکرێت. شاعیریش نەك تەنیا لـەم شـیعرەدا، بـەڵکو دەتـوانین بڵـێین: لـە سـەرەتای دێری یەکەمی زۆربەی شیعرەکانی ئەمەی دووبارەکردۆتەوە، ئەگەر شیعرەکە کـەرتیش نـەکرابێت، ئەوا شاعیر لەیەکەم دێردا بەسەرنج ڕاکێشان و خۆش کردنی مۆسیقای شیعرەکە ئـەم کـارەی هـەر کـردووە کـە ئەمـەش جوانکـاری بەشـیعرەکە دەبەخشـێت و زیـادە ڕیتمێـك دەخاتـە سـەر ڕیتمـی سەرەکی شیعرەکە و خۆش نەواتری دەکات. سافی لە شیعرێکی تردا تـەنیا یەکـەم دێـری کـردووە

به چوار کەرتی یەکسان، کە سەروای کەرتی یەکەم و سێیەم یەك سەروای هەیە و کـەرتی دووەم و چـوارەمیش سـەروای تایبـەت بـەخۆیان هەیـە. دواتـر تێکـڕای شـیعرەکە بەشـێوەیێکی ئاسـایی داڕێژراوە، واتە هونەری کەرت کردنی بۆ بەکارنەهاتووە، وەك لەم شیعرەدا هاتووە. (*)

شادیـی قەلبـی حەزینم نـووری چـاوانم ئـەتۆی
مەرهەمی زام و بـرینم دەردو دەرمـــانـم ئەتۆی
وا لـــەتاریکی فیـراقت ڕێـگەکــــەم ون کــردووە
شەمعی بەزمی جان و دڵ ماهی درەخشانم ئەتۆی ٢٥٣

بەهــەمان شـێوە پێچەوانەکەشـی بـەدی دەکرێـت. واتــە کــە دێـری یەکـەمی شـیعرەکە ئاسـایی داڕێژرابێت، دواتر سەرتاپای شیعرەکە بەسەر چوار بەش دابەش بووبێت و کەرتی یەکـەم و دووەم و سێیەم یەك سەروایان بێت و کەرتی چوار سـەرواکەی وەکـو سـەروای گشـتی شـیعرەکە دەبێـت، بەڵام ئەم شێوەیان زۆر کاراتر کاردەکاتە سەر مۆسیقای شیعرەکە و بەهێزتری دەکات. وەك:

ئەی موطریبی حەریفان دەستکە بەنەغمە خوانی
ئـــاوازی تـۆیــە بـۆ دڵ وادەفع ئـەکـا غەمـــــانی
بەزمــت شیفایـە ســادەی بۆم لێدە بەربوط و نەی
ئەو دەردەی دڵ هـەتاکەی چـــی ماوە عـومری فانی ٢٥٣

جاریش واش هەیە شاعیر دێرە شیعرەکە دابەشی سەرچوار کەرتی یەکسان دەکات و کەرتـەکانیش هاوسەروا دەکـات، ئـەم شـێوەیان یـەکجار بەکـەمی لای شـاعیر دەردەکـەوێت، تـەنیا لەشـیعرێکدا دەتوانین ئەوە بەدی بکەین، چونکە دێری یەکەم و دووەم بەم شێوەیە ڕێك کەوتووە، وەك:

دولبــەرا دڵ بــیٚ قــەرارە چـاوەکانم گـریە بــارە
سینەکەم هەر داغدارە یار یەکە غەم سەد هەزارە ١٩٣

هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاعیر سەروای کەرتی یەکەم و دووەم و سـێیەمی لـە دێـری یەکەم و دووەمدا چۆتەوە سەروای کەرتی چوارەم کە سەروای گشت شیعرەکەیە. شێوەیێکی تـری کەرت کردنی چواری لای شاعیر بەدی دەکرێت، بەڵام زۆر بەکـەمی بـەکاریهێناوە، ئـەویش دابـەش

---

( * ) بۆیە تەنیا دوو دێرمان لەشیعرەکەی هێناوەتەوە تاکو درێژدادڕی نەکەین .

کردنی دێڕە شیعرە بۆ چوار کـەرت کـە کـەرتی یەکـەم و دووەم و چـوارەم هاوسـەروا دەبـن و کەرتی سێیەمیش سەروای سەربەخۆ دەبێت بەپێی پێویستی شاعیر گۆڕانکاری بەسەردێت. وەك:

**بەو دوو چـاوە دڵ گـوژاوە**

**یار بە قەتلم ئەمـری داوە** ٢٠٩

کەرت کردن بەهەموو شێوەکانیەوە، سەرواسازی ناوەوەی شیعر پتەوتر دەکەن و ڕیتمێکی بـەهێز بە شیعرەکە دەبەخشن.

## ـ وشەی هاوکێش و هاوسەروا:

بریتین لەو وشانەی کە یەك کێش و سەروایان هەیە، جاری وا هەیە وشەکان تـەنیا هـاوکێش دەبن و جاریش واش هەیـە تـەنیا هاوسـەروا دەبـن هەنـدێك جـاریش وا ڕێکدەکـەوێت کـە وشـەکان هاوکێش و هاوسەروا بن لەیەك کاتدا لەدێرە شیعرێکدا یان لەسەرتاپای شیعرەکە چ بەشـێوەییێکی پچڕپچڕ یان بەردەوام بەتایبـەتیش لـەدێری یەکـەمی شـیعردا دێـن ئـەم جـۆرە وشـانە تەواوکـەری لایەنی مۆسیقی دەبن و ڕیتم و مۆسیقاییێکی بەگوڕ و تین تر بەشیعرەکە دەبەخشن، چونکە وشەی هـاوکێش و سـەروا لەگـەڵ ڕەگـەزدۆزی و ڕەهەنـدە مۆسـیقییەکانی تـری نـاو شـیعر بەیەکـەوە چڕدەبنەوە و مۆسیقای شیعرەکە پتەو و پاراوتر دەکەن. ئەگەر لەشوێنێکیش ڕەگەزدۆزی بەرچاو نەکەوێت، ئەوا ئەم جۆرە وشانە شوێنیان دەگرنـەوە و مۆسـیقای شـیعرەکە ڕاگیردەکـەن. کەوایـە (وشـەی هـاوکێش و هاوسـەروا بـۆ لەبـەرکردن ئاسـانتر و زیـاتر سـەرنجی دەوروبـەر بـۆ خۆیـان ڕادەکێشـن بـەهۆی ئـەو ترپـە و ئـاوازەی لـەناو وشـەکەدا دروسـت دەبێـت بـەهۆی کـێش و سەرواوە).[٢٩٢] ئەم وشانەش لەیەك شوێندا نایەن، بەڵکو لەشوێنی جیاجیای دێرە شیعرەکە جا چ لەسەرەتا یان ناوەڕاست یاخود لەکۆتایی دا دەردەکەون، وەك:

**بەیادی چاوەکانی بوو کـە دڵ شـەیدایی بۆ روودا**

**لەقەیدی زولفەکانی وا ئەسیری حەبس و زیندانە** ٢٠٢

وشەکانی "بەیادی، بەقەیدی" هاوکێش و سەروان و وشەکانی "چاوەکانی، زولفەکانی " هاوکێشـن و هاوسەروان.

**نەقدی روحەکەم بۆ نارد کالآیی وەفـاکەی بێ**

(١) صافیە محەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیرباڵ مەحمود، ل ٧٧ .

وشەکانی "وەفاکەی، جەفاکەی" هاوکێش و هاوسەروان. هەندێك جاریش شاعیر لەدێرێکدا یان سەرەتاپای شیعرەکە چەندین وشەی هاوکێش و هاوسەروا کۆدەکاتەوە کەڕیتمی شیعرەکە خۆش ئامێزدەکات، وەك:

چاوی کاڵە لێوی ئاڵە روو بەخاڵە دولبەرم
زولفی خاوە لێم بەداوە یارەکەی ئەغیارەکەم ١٧٨

لەم دێرە شیعرەدا وشەکانی "کاڵە، ئاڵە، خاڵە" هاوکێش و هاوسەروان لەگەڵ وشەکانی "چاو، خاو، داو" کە ئەوانیش وشەی هاوکێش و هاوسەروان و ڕیتمی شیعرەکەیان بەهێزکردووە. سەرەڕای ئەوانەش وشەکانی "کاڵە، ئاڵە، خاڵە" لەگەڵ وشەکانی "خاوە، داوە" وشەی ڕەگەزدۆزین ئەرکێکی ڕیتمی زۆرباش دەگێڕن و ئەوەندەیتر ڕیتمی ناوەوەی شیعرەکەیان تەڕ و پاراوتر کردووە. زۆرجاریش ئەم وشە هاوکێش و هاوسەروایانە لەکۆتایی دێردا دەردەکەون، ئەمەش لەعەرەبیدا پێ ی دەڵێن "تصریع"، ئەویش ئەوەیە کە (شاعیر لەنێوان "عەرووز و زەرب" گونجانێکی دروست کردووە لەکێش و سەروادا).(٢٩٣) واتە (وشەکان کێشیان هاوسەنگ بێت و کۆتاییەکانیشیان وەك یەك بێت یان لەیەك نزیك بن).(٢٩٤) ئەم هونەرەش لە شیعری کلاسیکیدا باوە کە دێری سەرەتای شیعرەکەیان بەمەبەست هاوکێش دەکەن، چونکە (تەسریع دەبێت تەنیا لەسەرەتای قەسیدە بێت، یان لەکاتی گواستنەوە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر لەهەمان قەسیدەدا، چونکە ئەمەش بەسەرەتای قەسیدەیێکی نوێ هەژمار دەکرێت).(٢٩٥) جگە لەوەش دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشان و بەهێزکردنی ڕیتمی شیعرەکە.

وەك لەم دێرەدا شاعیر دەڵێ:

ئەی نیگارا بەسیە با دەرگای وەفا بکرێتەوە
تا بەکەی دڵ هەر لەزیندانی جەفا بکزێتەوە ٢١٧

---

(١) صفاء خلوصی، فن التقطيع الشعر والقافية، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧، ص ٥١ .

(٢) احمد مطلوب و حسن البصير، البلاغة والتطبيق، مطبعة مدرية دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، ١٩٨٢، ص ٤٢٢ .

(٣) صفاء خلوصی، فن التقطيع الشعر والقافية، ص ٥٠ .

وشـەكانی "بكرێتـەوە، بكزێتـەوە" هـاوكێش و هاوسـەروان و هونـەری "تصـریع" یـان دروسـت كردووە، چونكە لەم دێرە شیعرەدا "عەرووز و زەرب" وەكو یـەكن، هـەروەها وشـەكانی "وەفـا، جەفا" هاوكێش و هاوسەروان سەرەڕای ئەمانەش هەرچوار وشـەكانی "بكرێتـەوە، بكزێتـەوە" و "جەفا، وەفا" وشەی ڕەگـەزدۆزین و ئـەم جـۆرە ئاوێزانیـە لـە ڕیتمـدا مۆسـیقاییێكی پـڕ جـۆش و خرۆش بە شیعرەكە دەبەخشێت. یاخود زۆرجـار شـاعیر هاوسـەنگییێك لـەنێوان وشـەكانی هـەردوو نیوەدێری یەكەم و نیـوەدێری دووەمـدا دروسـت دەكـات، ئـەم هونـەرەش بـە "ترصـیع" نـاوزەد دەكرێت، ئەویش ئەوەیە (شاعیر بەرامبەر هەموو وشەكانی نیوە دێری یەكەمی دێرە شیعرێك، یـان زۆربەیان وشەی هاوكێش و هاوسەروا لەنیوە دێرەكەی تردا ببینێتـەوە).(٢٩٦) گەرچـی لـە هەنـدێك سەرچاوە تەنیا هاوسەروا بوون دەكەنە مەرج بۆ وشەكانی "ترصیع" نەك هاوكێشی.(٢٩٧)

لەم هونەرەشدا بەهۆی هاوكێش و هاوسەروابوونی وشەكانی ناو هەردوو نیوەدێرەكەدا جۆرە ڕیـتم و مۆسـیقاییێكی سـەرنج ڕاكـێش و چـێژبەخش دروسـت دەبێـت و ئیسـتێتیكاییێكی جـوان بەشیعرەكە دەبەخشێت، ڕەنگە شاعیر ئەم كارەش بەمەبەست بەئـەنجام بگەیـەنێت، بـەڵام (ئـەم هونەرەش كاتێك جوان دەبێت، ئەگـەر لەبەیتێكدا شـوێنێكی گونجـاوی هـەبێت، چـونكە لەهـەموو شوێنێك و هەموو بارێك یان ئەگەر پەشۆكانێك یان پێوەست بوونێكی تـەواو لەبەیتەكانـدا هـەبێت، ئـەوا گونجـاو پەسـند نییـە، ئەمـەش ئەگـەر بـوو ئـەوا دەبێتـە شـتێكی دەسـت كـرد یـان شـتێكی بـەزۆركراو).(٢٩٨) ئـەوەش دەبێـت بڵـێین: هاوشـوێن بـوونی وشـەكان مەرجـە بـۆ ئـەوەی هونـەری "تەرصیع" پێـك بهێنێـت، چـونكە (زۆرجـار شـاعیر ڕیتمـی نـاوەوەی شـیعرەكانی بـەهێز دەكـات بەهۆی دووبارەكردنـەوەی وشـەی هـاوكێش و هاوسـەروا بـەبێ ئـەوەی ئـەم دووبارەكردنـەوە بـەر هونەری "ترصیع" وەیاخود "تصریع" بكەوێت، چونكە ئەم هونەرانە لەسەر بنـەمای هاوشـوێنی دروست دەبن).(٢٩٩)

بۆیە لەم هونەرەدا ڕەنگە چـەند وشـەیێك بـەدوای یەكدا بێت و دواتـر وشـەكانی تـری هـاوكێش و هاوسەروای بەرامبەر بوەستێت، ئەمەش لەشیعردا زۆرە و بەتایبەتیش لە دێـری یەكـەمی شـیعردا، وەك:

شیفتەیی نوری جەمالم مـــاهـی تابانم وەرە
ئارەزووی شەهدی ویصالم جانی جانانم وەرە



(١) حسن محمد نورالدين(د)، العقد البديع فى الفن البديع، دار الواسم، ؟، ٢٠٠٠، ص ٢٩٣ .

(٢) مختار عطية، علم البديع والدلالات الاعتراض في الشعر البحترى، دار الوفاء الطباعة والنشر، الاسكندرية، مصر، ٢٠٠٤،ص١٢٧ .

(٣) احمد مطلوب، البلاغة العربية "المعاني والبيان والبديع" وزارة التعليم العالي وبحث العلمي، العراق، ١٩٨٠، ص ٢٧٨ .

(٤) هيوا نورالدين، بنیادی ڕیتم، ل ٥١ .

لەم دێرە شیعرەدا کە سەرەتای دێرە شیعرەکەیە دەبینین وشەکانی نیوەدێری یەکەم ڕێك بەرامبەر وشەکانی نیوەدێری دووەم وەستاوە، هاوکێش و هاوسەروان و ڕیتمی شیعرەکەشیان بەرەو بەرزترین ئاست بردووە. یان لەدێرە شیعرێکی تردا شاعیر دەڵێ:

**ئەی پرتەوی ڕەنگت بەمەثەل عەینی چرایە**

**وەی حەلقەیی زولفت شەبەهی دامی بەڵایە** ٢٢١

لەم دێرە تەنیا وشەکانی "بەمەثەل، شەبەهی" هاوکێشن، جگە لەمە هەموو وشەکانی تر لەنیوەدێری یەکەمدا بەرامبەر نیوەدێری دووەمدا هاوکێش و هاوسەروان و ڕیتمی شیعرەکەیان پڕ جۆش و خرۆش کردووە. یاخود زۆرجار وشە هاوکێش و هاوسەرواکان لەدێرەکانی تردا بەشێوەی پچڕپچڕ لەشوێنی جیاجیای دێرەکە لەگەڵ وشە هاوشوێنەکانی تری بەرامبەری دێت و ئەم هونەرە پێك دێنن، وەك:

**ڕەنگ و هەوایی تۆیە دەنگ و صەدایی تۆیە**

**کەیف و صەفایی تۆیە بۆ عەیشی جاویدانی** ٢٥٤

"هەوایی، صەفایی" هاوکێش و هاوسەروان و هونەری "تصریع" یان دروست کردووە، چونکە سەرەڕای هاوکێشی و هاوسەرواییان، وشەکان هاوشوێنیشن، ئەم هاوشوێنییەش مەرجە بۆی، کەچی وشەکانی "هەوایی،صەدایی" هەرچەندە کە هاوکێشیشن، بەڵام لەبەرئەوەی هاوشوێن نین ئەم هونەرە پێك ناهێنن. هەروەها ڕاناوی "تۆیە" ی یەکەم لەگەڵ "تۆیە"ی دووەم بەهەمان شێوە هاوشوێن نین و تەنیا هاوکێشن، کەچی ڕاناوی" تۆیە"ی یەکەم لە هی سێیەم هاوکێش و هاوسەروان بەهۆی هاوشوێنیانەوە هونەری "تصریع" یان دروست کردووە، وشەکانی "ڕەنگ، دەنگ" وشەی ڕەگەزدۆزین، ئەم هەموو ڕیتمەش بەسەریەکەوە ئەوەندەی تر مۆسیقای شیعرەکەی جوانتر کردووە و بۆتە مایەی سەرنج ڕاکێشان و چێژ بەخشین.

## - هاوتەریبی پێکهاتەیی:

هاوتەریبی ڕەگەزێکە لەو ڕەگەزانەی دەچێتە ناو چوارچێوەی دووبارەکردنەوە و بەهاییێکی ڕیتمی بە شیعرەکە دەبەخشێت، بۆیە (هاوتەریبی ڕەگەزێکی بنیاتییە لەسەر دووبارەکردنەوەی هەندێك پارچەی یەکسان دەوەستێ لەئەنجام دا ئاوازەییێکی مۆسیقی بە شیعرەکە

دەبەخشێ).[300] کەوایە هاوتەریبی یەکێکە لە میکانیزمی دروست کردنی بنیاتی شیعری، چونکە بنیاتی شیعر هەرخۆی بنیاتێکی هاوتەریبی بەردەوامە.[301] هاوتەریبی جۆرێکە لە دووبارەکردنەوە و خۆی لەناو هاوشێوە بوون دەبینێتەوە نەك یەکسان بوون، چونکە هاوشێوە بوون لەیەکسان بوون فراوانترە و هەموو یەکسان بوونێك هاوشێوەییە، بەلام هەموو هاوشیوەییێك واتای یەکسان بوون ناگەیێنێت. بەواتاییێکی تر (هاوشێوە بوونەکە کت ومت وەك یەك نییە، واتە لەژمارە و جۆری دەنگ و واتادا وەك یەك نییە، بەڵکو هاوپێگە و هاوشێوەی ئەرکییە. بەیەك تەرز و ڕیتم و ڕێڕەوی دەرچوون تەریبی یەکتر دەبن).[302]

گەرچی دووبارەکردنەوە و هاوتەریبی نابنە یەك شت، بەلام پێوەندیشیان لەنێواندا هەیە خۆی بەڕیتمەوە بەستۆتەوە، واتە تەنیا دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشەکان نییە ئەوەندە کە دووبارەکردنەوەی بنیاتی دەربڕینەکان دەگەیەنێت، ئەمەش ڕەنگە دووبارەکردنەوەکە بگەیەنێتە بەرزترین پلە لە پلەکانی هاوتەریبی. بەواتاییێکی تر (دووبارەبوونەوە زۆرجار هاوتەریبی دروست دەکات و ڕێگا خۆش دەکات بۆئەوەی شێوەییێکی بەرامبەری دروست بێ، کە خۆی بەهۆی چەمکە دووبارە بووەکان سەقامگیر و بەهێز دەکات، هەروەك چۆنیەتی سیستەمی ئەو وشانە و ڕیزبوونیان ڕەگێکی هاوتەریبی دێنێتە کایەوە، هاوکات لەگەڵیدا جولە و ڕیتمێك بەدەقەکە دەبەخشێت. ئەمەش وادەکات لەڕووی ڕیتم و دووبارەنەوە و ستریسەوە ڕۆڵێکی ئەندازەیی ڕێکخراو بەدەربڕینی نێو دەق بدات).[303] کەوایە هاوتەریبی تەنیا هاوشێوە بوونی دەنگی ناگرێتەوە، بەڵکو هاوتەریبییە لەسەرجەم لایەنە دەنگییەکان و لایەنی عەرووزی و لایەنی ڕێزمانی و لایەنی واتایش دەگرێتەوە، ئەمەشیان سەرەڕای جوانکاری و چێژ بەخشینەکەی، ئەوا لەگەڵ پێکهاتەی وشەکاندا پێوەندییێکی قووڵ پەیدا دەکات.

بۆ ڕوونکردنەوەی هاوتەریبی ئەم دێرە شیعرەی شاعیر وەك نموونە وەردەگرین:

سیحری دڵی ماررووتە کە شەیدای عوزارە
فیکری دڵی هارووتە لە ریسوایی دیارە 196

(١) نعمت الله حامد بهێلی، شێوازگەری تیۆر و پراکتیك، ل ٢٣٧ .

(٢) یاسرێ حەسەنی، بنیاتێ ڕیتمی د شعرا نوویا کوردی دا"دەڤەرا بەهدینان ١٩٧٠– ١٩٩١"چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٤٣ .

(٣) هێمن عومەر خۆشناو، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل ١٦٤ .

(٤) سەرچاوەی پێشووی، ل ١٦٧–١٦٨ .

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێزبوونی کەرستەی ڕێزمانی هەردوو ڕستەکە | سیحر | ی | دڵ | ی | مارووت | ە | کە | شەیدایی | عوزار | ە |
| | فیکر | ی | دڵ | ی | هارووت | ە | لە | ڕیسوایی | دیار | ە |
| | ناو | ئامراز | ناو | ئامراز | ناو | کـــاری ناتەواو | ئامراز | ئاوەڵناو | ناو | کـــاری ناتەواو |

دەبینین هاوشێوەبوونێکی تەواو لەنێوان هەردوو نیوەدێرەکە لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە بەدی دەکرێت. لەڕووی عەروزیشەوە هاوشێوەن و لەڕووی هاودەنگیشەوە، واتـە ڕێکـەوتنی پارچـەکانە لەدەنگ، ئەوا بەتەواوی هاوشێوەن و تەنیا ئەوە هەیـە کـە ناگاتـە ڕادەی یەکسـانی بـوونی تـەواو، هەرچەندە لەڕووی ژمـارەی برگەیـەوە یەکسـانن، بـەڵام لـەڕووی دەنگـەوە دەبیـنین لـەکۆی (٤٧) دەنگ، ئەوا (١٨) دەنگیان هاوشێوەن. هەرچی لەئاسـتی دەلالیـەوە ئەگـەر سـەیری واتـای دێـرە شیعرەکە بکەین، ئەوا هەردوو نیوە دێر تـەریبی یـەکترن، شـاعیر لـەنیوە دێـری یەکەمـدا "سـیحر، مارووت" تەریبی "فیکر، هارووت" کردووە، بۆیە جۆرێك لەهاوشێوەیان پێوەدیارە.

# بەشی سێیەم

# ڕەنگدانەوەی مۆسیقا لەنێو شیعردا

## تەوەری یەکەم : ڕەنگدانەوەی زاراوە و ئامێرە مۆسیقاییەکان لە شیعرەکانی (صافی) دا

## بەشی سێیەم:

# ڕەنگدانەوەی مۆسیقا لەنێو شیعردا

دیاردەی ڕەنگدانەوەی مۆسیقا لەنێو شیعری شاعیرانی کورد شتێکی حاشاهەڵنەگرە و ڕەنگە کەم تا زۆر هەر یەکێك لە ئێمە هەستی بەو لایەنە و پێشینە مۆسیقاییە کردبێت کە شاعیرانی کوردمان هەر لە کۆنەوە هەیانبووە. جا ئەمەش هەر تەنیا بە ناوهێنانیان بێت، یان بەبۆنەی ئەوە بێت شاعیرانمان خاوەن پێشینەیێك و شارەزاییێکی باش بووبن، ئەوا نکۆڵی لە بوونی ئەو پێشینە مۆسیقاییەیان ناکرێت کە هەر یەکێکیان بەشێوەیێك ناوی زاراوە و ئامێری مۆسیقا و ناوی مەقامەکان و لق و پۆپەکانیان هێناوە. هەندێکیان ڕێك دەچێتەوە ئەو لایەنەی ددان بەوە دابنێن کە لەو بوارەدا شارەزا و بەتوانا بوونە و ئەم کارەیان زۆر بە ئاگاییەوە کردووە.

کەوایە باشترین بەڵگە بۆ ئەو قسانە، ئەوا نموونە شیعرەکانیانە کە لە دوای خۆیان جێیان هێشتووە، تەنیا ئەوەی پێویستە کە بەلێکدانەوەیێکی ورد و بە شارەزاییەوە دەستکاری ئەو لایەنە بکەین، چونکە بواری هونەری مۆسیقا بوارێکی فراوانە و پێویستی بە پێشینەیێکی هونەری هەیە و ناکرێت بە نەشارەزاییەوە خۆمان لە قەرەی ئەم بوارە بدەین. ئەگینا ڕەنگە بەو هۆیەوە تووشی لێکدانەوەی هەڵەبین و نەمان گەیەنێتە ئامانج و مەبەست و بەرەو لایەنێکی ترمان ببات. ئەمە جگە لەوەی مۆسیقا خۆی ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە و هەر لە دێر زەمانەوە وەك دراوێکی دوو دیو یان وەك دوانەیێك وان کە بەیەکەوە هاتبن.

بۆیە سافی یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆر لێهاتوانە خۆی لە قەرەی ئەم بوارە داوە کە هونەری مۆسیقا لەکارە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، چونکە هەر لەسەرەتاوە عیشقی بەرامبەر بەهەردووکیان بووە، واتە هەر لەسەرەتاوە دوو عیشقی هەبووە عشقێکیان بۆ ئەدەب و عەشقێکی تری بۆ هونەر بووە، بۆیە لەشیعرەکانیدا هەردووکیانی ئاوێزانی یەکتری کردووە. کەوایە پێشینەی سافی شارەزایی لەبواری مۆسیقادا، ئەوا زۆر بەڕوونی لەدوو بواردا دەردەکەوێت: یەکێکیان بەڕوونی لەژیانی شاعیر و بەسەرهاتەکانی کە لەلایەن ئەدەب دۆستان و ڕووناك بیرانەوە دەگێڕنەوە. دووەمیان زۆر بە ڕوونی لە شیعرەکانیدا ئەوە دیاردەکەوێت کە سافی خاوەن پێشینەیێکی مۆسیقایی بووە. ئەگینا نەیدەتوانی بەو شێوەیە و ناوی ئامێر و زاراوە مۆسیقاییەکان بهێنێت و ڕیزیان بکات و هەر بەهۆی ئەوانیشەوە توانیویێتی مەبەستی تایبەتی خۆی پێ دەربڕێت و وەزیفەی تریشیان پێ ببەخشێت.

## تەوەرەی یەکەم:

# ڕەنگدانەوەی زاراوە و ئامێرە مۆسیقاییەکان
# لە شیعرەکانی (صافی) دا

گەلی کوردیش وەك گەلانی تر هەستێکی مۆسیقییان بووە، دیارە ئەم هەستەش بە شێوەی جیا جیا دەربڕدراوە دەتوانین بلێین: بە چەند قۆناغێك تێپەڕیووە و هەر قۆناغێکیش بۆ کات و سەردەمێك دەگەڕێتەوە کە زۆر جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێت، واتە (گەلی کورد لەسەرەتای بوونیەوە تاکو ئەمڕۆی، خاوەنی هونەر و ئاواز و گۆرانی تایبەتی خۆی بووە و، ئەو هونەرەیشی بەپێ ی قۆناغ و سەردەمی ژیانی وەك ڕاستی یەك، هەردەم لە بازنە و بواری ئەم سەردەمەیدا سووڕاوەتەوە).[1] بۆیە هەر لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ هەستی بە دەنگە خۆشەکان کردووە، جا ئەو دەنگ و ئاوازە خۆشانە چ لە قورگ و چ لە ئامێرەکانەوە دەرچووبێت خوتووکەی گوێچکەی داوە و سەرنجی ڕاکێشاوە و کاریگەری لە سەریان جێهێشتووە، چونکە (مرۆڤ لە کاتی تەنیایی و خەمناکی و هەست کردن بە خۆشی و شادمانیدا بەبێ ئەوەی خۆی بەخۆی بزانێ نەخوازراونە هەوڵ دەدات دەنگ و ئاوازێك دابەزێنێ! جا ئەم دەنگانە با بەزمان و لێو و گەروو بێ یان پێکدادانی دوو لکدار یان هەر شتێك کە دەنگی لێ بەرز بێتەوە).[2] کەوایە مرۆڤ هەمیشە بۆ حەساندنەوەی ڕۆحی پەنای بردۆتەوە بەر دەنگ و ئاوازی خۆش بەتایبەتیش (لە کات و ساتەکانی پەژارە و خەمۆکی دا بۆی بۆتە ئاوپرژێنی کوڵی دڵی لێوڕێژ لە مەراق و هێور بوونەوە و دابەزین و فێنك کردنەوەی پلەی هەڵچوونی خوێن و هەناوی لە کوڵی، هەر لەهەمان کاتیشدا دەنگ بێژی حەساندۆتەوە و سەمای ڕۆحی پێکردووە و جولەی وە جەستە و لەش و لاری مرۆ خستووە)[3].

بۆیە ئەگەر لەمۆسیقا وردبینەوە دەبینین کە هەموو هەست و نەست و جولەیێکی ژیانمانی داگیر کردووە، سەرەڕای ئەوەش دەتوانین بڵێین: تەنانەت گەردوونیشی گرتۆتەوە کە جولەکانی ڕیتمێکی ڕێك و پێکی یەك بەدوای یەکی مۆسیقییە. مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە بە مۆسیقا ئاشنا بووە و کردوویێتی بە هاوڕێی نزیك و شیرینی خۆی کە لەزۆربەی کاتەکانی ژیانیدا پەنای بۆ بردووە ئەگەر لەسەرەتاوەش قورگی مرۆڤ ئەم کارەی بەجێهێنابێت، ئەوا دواتر ئامێرە مۆسیقییەکان شوێنیان گرتۆتەوە، چونکە (مرۆڤ خاوەن کۆئەندامی دەنگی تەواوە، ئەم کۆئەندامەش هەندێك

---

(١) کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتیدا، چاپخانەی(حسام) ، بغداد، ١٩٨٢، ل ٥ .

(٢) ناسح بهرام بەگی، میتۆدی فێربوونی ئامێری نایە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩ ، ل ٥ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو. ل ٦ .

پێی دەڵێن " قورگ" کە لەم قۆناغە زووەدا یەکەم ئامێری مۆسیقای مرۆڤە کە لە توانای دابوو لەم کۆئەندامە دەنگییەدا ئاوازی جۆراوجۆر و جیاواز دەربکات، کە دەرچوونیان لە ئامێرێکی مۆسیقی دەستکرد ئەستەمە. مرۆڤەکانیش گۆرانی وتن و تەرتیل هەر لە زووەوە دەزانن و پێشی دروست بوونی ئامێری مۆسیقا یان داهێنانی ئامێری مۆسیقا کەوتووە).[٣٠٤] مۆسیقا هۆکارێکە لە هۆکارەکانی ئیحا بەخشین، کە توانای بۆ گوزارشت کردن لە هەموو شتێکی قوڵ و سادەی ناو دەروون هەیە. بۆیە بە یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکان دادەنرێت کە دەسەڵات و کاریگەری بەسەر دەروونەوە هەیە. لەلاییێکی ترەوە جگە لەوەی مۆسیقا گوزارشت بووە لە دەروونی مرۆڤ و هەستەکانی، ئەوا یەکێکیش لە گرنگترین هۆیەکانی لاسایی کردنەوەی سروشت بووە. بۆیە (ماهییەتی مۆسیقا و گرینگییەکەی لەوەدایە کە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و پتەوی بەسەرجەم زانستە سروشتی و کۆمەڵاتیەکانەوە هەیە. جا لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەوا هونەری مۆسیقا کە وەك هونەرێك دەتوانێت پەیوەندییەکی ئۆرگانی ببەستێت لەگەڵ گشت هونەر و زانستێك).[٣٠٥]

ڕەنگە کەسێك هەمان بۆچوونی بەرامبەر بە ڕۆڵ و کاریگەری مۆسیقا نەبێت و پێی وابێت کە دەتوانێت خۆی لەو جیهانە دابڕێت، بەڵام ئەمە هێشتا ناگاتە ئەوەی کە خۆی بەیەك جاری لەم جیهانە گەورەیە دابڕیبێت، چونکە مۆسیقا گەردوون و هەموو لایەنەکانی ژیانمانی گرتۆتەوە، تاکو ئەوەی میکانیزمی دروست بوونی دەنگە ئاساییەکانی دڵ و دەنگە نائاساییەکانی و مەڕمەڕ، هەروەها ئاوازی لێدان و تێکچوونی ئاوازی ئاسایی لێدانەکانی دڵ، ڕیتم و ئاوازی ئاسایی خۆی هەیە.[٣٠٦] واتە (لەگەڵ لێدانی ترپەکانی دڵ بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و یەك بەدوای یەکدا جۆرێك لە ڕیتم بە گیانی مرۆڤەکەدا دەنەخشێت کە هیچ ڕیتم ژەنێك بەو سیستەمە نایژەنێت، لێرەوە ڕاستیەك هەیە کە ڕەگەزی هەرە سەرەکی لە جیهانی هونەردا بە گشتی و هونەری گۆرانی و میوزیك ئەویش ڕیتمە، کە بەبێ ڕیتم مەحاڵە بەرهەمێکی هونەری بخوڵقێت).[٣٠٧]

کەوایە دەتوانین بڵێین: هەموو ئەمانە قسەگەلێکن بۆ ئەوەی بووترێت مۆسیقا (ئەو زەمانە موجەڕەدەیە، کە ئەلتەرناتیڤی هەموو ئەو لێشاوەیە کە جارێك لە ناخدا بەشێوەی هەست و لە دەمدا بەزمانەکان و لە هزر و دەماغدا لە شێوەی ئەو وێنانەن و لە دواییەمین هەنگاویشدا دەرگاو دەلاقە و پەنجەرەکان بۆ کەسی وەرگر دەکاتەوە).[٣٠٨] ئەو زمانەش لە ڕێگای دەنگە مۆسیقییەکانەوە بەجێدەهێنرێت.

---

(١) طارق حسون فريد(د) ، تأريخ الفنون الموسيقيه، جزو الاول، ؟ ، بغداد ، ١٩٩٠ .

(٢) ستاری پیرواودی، خوێندنی میتافۆر، چاپی ٢، چاپخانەی خانی، دهۆك ، ٢٠١٠، ل ٧٦ .

(٣٠٦) Stanley Davidson "1894 - 1981", Davidson's principles and practice of medicine, 20th edition, 2006, printed in India , p ,558-572 .

(٤) دیاری قەرەداغی، ئاستەنگەکانی بەردەم هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٢٨ .

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣ .

سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی مۆسیقا لە دەقە شیعرییە کوردییەکان، ئەوا هەر لەکۆنەوە هەستیان بەو لایەنە گرنگەی مۆسیقا کردووە و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیان داوەتەوە، واتە وەك شارەزاییێك باسیان لە ساز و ئاواز کردووە و ناوی هەندێك لە ئاواز و ئامێرە هونەرییانەیان لەشیعرەکانیاندا هێناوە. ئەمەش بایەخدانی شاعیرانمان بەرامبەر بەو لایەنە دەردەخات و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگاکەی بەسەریانەوە بە ئاشکرا بەدیار دەخات، چونکە (هیچ داب و دەستوورێکی خۆشی و شادی خەڵکەکە بەبێ ئاواز و گۆرانی و گۆرانی بێژان مەیسەر نەبووە، هیچ شاعیر و گووەندی بووك گواستنەوە و ئاهەنگی شەوارە و سونەتانە، بەبێ ساز و ئاوازی دەهۆڵ و زوڕنا یان بلوێر و شمشاڵ و گۆرانی خۆشخوانان نەگێڕدراوەو،هیچ حەڵقەیەکی زیکری و ئاهەنگی خوێندنەوەی مەولوودنامەی پێغەمبەر، بەبێ ئاوازی دەف و دەنگی زوڵاڵی مەقام بێژی هونەرمەند نەگێڕدراوە).[٣٠٩] کەواتە (تەمەنی گۆرانی کوردی، وەك تەمەنی گۆرانی هەر گەلێکی تری سەر ڕووی ئەم دنیایە، لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی کورد – دایە).[٣١٠] گۆرانی و مۆسیقاش چۆتە هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی کوردەوارییەوە هەروەك چۆن شایی و ئاهەنگیان پێ سازکردوە، شین و شەپۆڕیشیان پێ گێڕاوە. ئەمە جگە لەوەی لە کاروباری ڕۆژانەیان بەدەم کارکردنی وەك: گەڕی ساوار کوتان و چنین و چەکوش وەشاندن و کاری جوتیاری ... هتد وتوویانە.

سەرەڕای ئەوانەش مۆسیقا سرووتە ئایینییەکانیش بەڕێوە دەبات. بۆ نموونە (مۆسیقا، لای ئەهەلی هەق، تاقانە سروودی ڕۆح و بزوێنەری هەستی مرۆڤانەی مرۆڤە، بەرامبەر بە چارەنووسی خۆی. مرۆڤ لە هەموو ڕاز و سکاڵا و سوپاس و داد و گازاندەکانیاندا، مۆسیقا دەکات بە سروود و پەیامی نێوان خۆی و کردگار. هەر بۆیەش لە پێڕەوانی ئەهلی حەق دا، تا شۆڕی دەکەنەوە بۆ ناو گۆڕەکەی، مۆسیقا"تەموورە"ی بۆ دەژەنن).[٣١١] ڕەنگدانەوەی مۆسیقاش وەنەبێت تەنیا لای شاعیرانی کۆن و نوێمان دەرکەوتبێت، بەڵکو لە پەندی پێشینان و هەندێك بەرهەمی ئەدەبی تردا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە (هەمیشە ناوی ئەو ئامێر و گۆرانییە ڕەسەنانە لەناو گۆرانی فۆلکۆری کوردی و شاعیرە کوردەکاندا هاتووە، شانازی پێوەکراوە).[٣١٢] کەوایە ئەم ڕەنگدانەوەیە هەر زوو لەلایەن شاعیرانمانەوە هەستی پێکراوە. جگە لەو لایەنانەی باسمان کردن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆشیان هەڵیان قۆزیوەتەوە و مەبەستی تایبەتی خۆشییان پێدەربڕیووە. ئەمەش وردبینی و لێزانینی پێویستە تا درك بە هەموو ئەو لایەنانە بکەین کە شاعیر درکاندوونی، چونکە (تا ئێستاش

---

(١) کەریم شارەزا، مەقامەکانی شێوەی هونەرمەندی کورد، ل ٦. یان، جەمیلە جەلیل، گۆرانیەمیللییەکانی کوردی، ل ٩ .

(٢) محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، ل ٤٣ .

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣ .

(٤) عەلی ئەسغەر نەسروڵلا پوور، وەرگێڕانی ستار کەریم، ئامێری مۆزیکی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧ ، ل ١٧ .

هەژاری و بێدەسەڵاتی خوێندنەوەی ئێمە بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی دەقێك وامان لێدەکات کە لە کەنار و پەراوێزی ئەو حەقیقەتدا بین).[٣١٣] خەتاکەش هەر ئەوەندەیە بە زانیارییێکی کەمەوە دەستکاری شتە جوانەکان دەکەین.

سافیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەدەقە شیعرییەکانیدا بایەخی بە مۆسیقا بە گشتی و زاراوە و ئامێرە مۆسیقییەکان بە تایبەتی داوە. ئەمەش لە بەسەرکردنەوەی دەقە شیعرییەکانیدا بەڕوونی دەردەکەوێت. دەتوانین بڵێین: سافی بەوپەڕی ڕێز و شکۆییەوە باس لەمۆسیقا دەکات. لەلایێکی تریشەوە ئاوڕێکی لەزاراوە و ئامێرە مۆسیقییەکان داوەتەوە و ڕوویێکی گەشی ئەم لایەنەی بە بەرزی نرخاندووە. واتە سافی زۆر هۆگری ساز و ئاواز و گۆرانی بووە،(چونکە گۆرانی و مۆسیقا هۆیەکە لە هۆیەکانی ساف بوونەوەی گیان و سڕکردنی هەست و بێ ئاگایی سۆفی و بەرز هەڵچوونی لەڕێگەی گەیشتن بە خۆشەویستدا).[٣١٤] بۆیە زۆر جا (کە دەبیست گۆیندەیەکی نایاب لە شوێنێك هەیە تا نەیهێنایە ئارامی نەدەگرت. هەلابچوایە دەبوا لەگەڵ بوونایە ... هەموو دەم کۆڕی دیوەخانەکەی بەهۆی نەوا خوانانەوە دەتوت دیوەخانی خانەدانی پەروێزە ! ).[٣١٥] واتە شاعیر شەیدای دەنگ و ئاوازی خۆش بووە و نەیتوانیووە ساتێك بەبێ گوتنی خۆش ئۆقرە بگرێت. بۆیە بۆ هەر شوێنێك بچووبوایە، ئەوا گۆیندە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ خۆی دەبرد بەتایبەتی "حاجی عەبدوڵڵای دەفژەن و فەقێ خدر و دەروێش مستەفا" کە بەدەنگ و ئاوازی خۆشیان ئەو ناوەیان دەهێنایە جۆش و خرۆش.[٣١٦]

سەرەڕای ئەمانەش سافی گوێچکەی پڕ بوو لە دەنگ و ئاوازی خۆش و نەوای شیعر و گۆرانی جوان کە لەگوێچکەیدا زرنگاوەتەوە. بیستنی ئەو دەنگە ئاوازانەش زیاتر شاعیری خستۆتە سەرکەف و کوڵی عەشقی دەروێشانەی و گڕ و تینی زیاتری پێبەخشیووە و دڵی ئارام کردۆتەوە، چونکە ئەمە ئاشکرایە کە (لە نێوان مۆسیقا و تەسەوفدا پێوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە، فەیلەسوف و زانایانی ئایین پێوەندی مۆسیقا و خۆشەویستی خوایان بەوە کردووە کە مۆسیقا بزوێنەری خۆشەویستیە).[٣١٧] بۆیە زۆرجار دەبیستین کە لە تەریقەتی قادریدا کۆڕ و زیکرەکانیان بەدەنگ و ئاواز و نەوا بەخشینەوە ڕێکدەخران کە هەموو جۆرە لاواندنەوە و ستایشێکی دینی بۆ

---

(١) دیاری قەرەداغی، ئەو وتارانەی لە هونەر دەدوێن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٨٦ .

(٢) عەبدولرەزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە(٤٨٣) ، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٢٩ .

(٣) صافی (دیوان) ، پێشەکی لە نووسینی علاءالدین سجادی .

(٤) سەردار ئەحمەد حەسەن، سافی ژیان و بەرهەمی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٣، ل ٢١-٢٢.

(٥) عەبدولرەزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، ل١٢٧ .

خودا و پێغەمبەری تێدا دەکرا. ئەو کۆڕ و زیکرانەش بەدەنگی دەف و ئاهونالەی دەروێشانی تەریقەت بەجۆش و خرۆش تر دەبوون.

سافی لەدەقە شیعرییەکانیدا ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە ئامێرە مۆسیقاییەکان و ناوەکانی پێوەست بە مۆسیقا داوە، ئەمەش شارەزایی و لێهاتویی شاعیرمان بۆ دەردەخات، چونکە ئەم ئاماژە پێکردنانە تەنیا لە بۆتەی وشە و ئاخاوتن و وەرگرتنی لە شاعیرانی ترەوە نییە، بەڵکو ئاماژەکردنی شاعیر بەو خەستییە و بەم ڕێژەیە نیشانە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شارەزایی لەسەریان بووە و بەکردەوە تێکەڵاوبوونی سافی لەگەڵ مۆسیقادا دەردەخات. سەرەڕای ئەوەش دەوڵەمەندی لایەنی مۆسیقی لەشیعرەکانیدا وای کردووە زۆربەی موتریبەکان شیعرەکانی سافی بکەن بە گۆرانی،[*] بۆیە شیعرەکانی لەڕووی ڕەوانی و سواری و پوختی و ئاوازەداری و ڕاوێژ شیرینییەوە و بەتایبەتی لەلایەن کێش و هەموو بابەتێکەوە دلگیرن و پەسند کراون.[٣١٨] کەواتە (هەر لەبەر ئەم سافی و ڕەوانییەیە، شیعری سافی بێ ئیزن چۆتە دیوەخانی ئەدەبیات و کۆڕی بەزمی گۆرانی بێژان. کەوا لەسەردەمێکی زووەوە چەند شیعرێکی بە بەستە و مەقام گۆیندەکان گووتوویانە).[٣١٩]

کەوایە شاعیر خاوەن هەستێکی مۆسیقی بووە، حەزیشی لەو جۆرە شیعرانە بووە و خۆی بۆ تەرخان کردووە. بەتایبەتیش (لەبژارکردنی وشەی گەوهەری و بەکارهێنانی ڕوون بێژی بە هەموو توانایێك لە درکە و لێك چوون و خوازە و خواستن لەگەڵ چینێکی نەوا ئامێز بۆ جوانکاری وشەکان لە داڕشتنی شیعری بەلێهاتووانە و بەجۆرێك کە لە زیرەکی قوتابخانەی کۆنی نالی بابانییەکان دەچێت).[٣٢٠] کەواتە (سافی شاگردێکی زیرەکی قوتابخانەی نالییە).[٣٢١] سافی و داڕشتنی شیعرەکانیشی لەسەر بنیاتی هونەری تۆکمە و بژارکردنی وشەی ناسك و ئاوازدار و وێنە جوانکارییەکانی و مۆسیقای شیعری پتەو و پاراو دامەزراندووە.

شارەزایی سافیش هەر لە شیعر و هۆنینەوە نەبووە، بەڵکو لە ناساندنی ئامێر و ئاوازە کوردییەکاندا کە دیاردەیێکی ناشاراوەی شیعرەکانی بووە بەئاشکرا بەدی دەکرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی شاعیر دەفژەنێکی چاك و شارەزایی باشی لەمەقامات بووە.[**] دەتوانین بڵێین: ژیانی سافی لە هەندێك لایەنەوە جیاوازە لە ژیانی هەندێك لە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی،

---

(*) بەشێوەیێکی گشتی گۆرانی بەهەموو جۆرەکانییەوە لەسێ بەش پێك دێت کە هەر بەشێك ئەویتریان تەواو دەکات و هەرگیز لەیەکتر دانابڕێن ئەویش : شیعر، ئاواز، گۆرانی بێژ .

(١) صافی (دیوان) ، گیوی موکریانی، چاپی دووەمین، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٥، ل ٥ .

(٢) عەبدولرەزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، ل١٠٢ .

(٣) محمد ملا مصطفی هیرانی، دراسة جدیدة عن الشاعر الکلاسیکی صافی هیرانی، مجلة زاگروس، العدد(١٦) ، ١٩٩٩، ص ٣٠.

(٤) مارف خەزنەدار(د) ، مێژووی ئەدەبی کوردی، ل ٣٢٩ .

(**) بروانە، سەردار ئەحمەد گەردی، سافی ژیان و بەرهەمی، ل ٢٣ .

ئەمەش لە ئەنجامی زۆر بایەخدانیان بە ئاواز و گۆرانیە دینییەکانیان کە بەسەر خوا و پێدا هەڵگوتنی پێغەمبەرەوە دەیانوت لەگەڵ غەزەلە پڕ لە عیشقییەکانی کە خاوەن ڕێچکەیێکی خوازەیی بوون لە کۆڕ و تەکیەکاندا. جا ئەمەش لە تەکیەی هیران بێت یان لە شوێنەکانی تری وەك: هەولێر، ڕەواندز، کۆیە، یان لە موسڵ و بەغدا، بەتایبەتیش لەکات و ساتی زیارەتەکانی بۆ حەزرەتی گەیلانیدا.[٣٢٢]

کەوایە (بەهەر جۆربێ بێ سافی وەکو پیرێکی خواناسی پایەبەرز بوو ئاشنا و عاشقی دەنگی خۆش و جەمالی گەشی تەبیعەتی گوڵ و نەوای کەو و بولبولیش بوو. لەکاروانەکانی بەغدا و بارەگا گەیلانیدا کە بەناو کۆڵان و بازاڕدا تێدەپەڕی و دەنگێکی خۆشی بەر گوێ دەکەوت ئیتر ئاوڕی لەوە نەدەدایەوە کە ئەو شوێنە چ شوێنێکە و ئەو دەنگە چ دەنگێکە دەبوایە بچوایە بۆ لای و بەدەنگی گریانی خۆی دەنگی گۆیندەی نەهێشتایە).[٣٢٣] ئەوەندەش بەسە بۆ شاعیر کە ئەو هەموو وشە جوانانەی شیعرەکانی بۆ جێهێشتووین کە پڕن لە سۆز و خۆشەویستی و وەفا و هونەری بەرز و پاکی و پاراستنی کەلتوور و ئاوازە و مۆسیقا. بۆیە چ شیعر و چ ئاوازی موتریبان نەك تەنیا خۆشی بەخشن بگرە بایەخ بەژیان و تێکۆشان دەدەن. لەبەر ئەوەشە کە نەتەوەکەمان بەنەتەوەی شیعر و ئاواز دەناسرێت، شاعیرانیشمان تاکی ئەم کۆمەڵگەن و کاریگەری لەسەر ئەوانیش دەبێت. ئەوەی لێرەدا جێگای سەرەنج و تێرامان بێت ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی شاعیران بە ئاوازەوە شیعرەکانیان دەوتەوە لە شیعرەکانیاندا ناوی زۆربەی ئامێر و ئاوازە مۆسیقییەکانیان بۆ تۆمار کردووین بەتایبەتیش ئەوانەی کە ئاشناو بەکارهاتووی ناو کۆمەڵگەکەی بووە، وەك : دەف و دەهۆڵ و شمشاڵ و نای و ساز و عود و چەنگ و ... هتد کە ئاوازی گۆرانی و مەقامەکانیان پێ سازکردوون. ڕەنگە ئەمانەش سەرەڕای چێژبەخشین، ئەوا شاعیرانمان بە مەبەستی تایبەتی ئەم کارەیان کردبێت.

بۆیە دەبینین سافی کە ئاوێتەی جیهانی تەسەوفە ئامێرەکانیشی وەك ڕەمز "نیشانە" بەکارهێناوە، چونکە ("سافی" ئاواز و مۆسیقی کوردی بەلایەنە "تەصەوفی" و خواپەرستی یەکەی خۆی بەڕادەیەکی وەها ئاشنا کردووە کە قبوڵی ئەوە ناکات کە بگوترێ وشکە صۆفی بووە).[٣٢٤] ئەمەش تەنیا لە شیعرەکانی سافیدا بەدەرناکەوێت، بەڵکو ڕوون و ئاشکرایە کە لە شیعری هەندێك لەشاعیرانی تریشدا بەدی دەکرێت.

---

(١) طاهر مصطفى، ديوان"صافى" مشروع ادبى منجز، لكنه ينتظر النور، مجلة گولان العربى، العدد (٥٢) ، ٢٠٠٠، ص ١٦٧ .

(٢) صافى (ديوان) ، پێشەکی لە نوسینی علاءالدين سجادى .

(٣) صافى (ديوان) ، محەمەدی مەلا مصطفى هيرانى، ل ٩١ .

بۆیه دەبینین سافی بۆچوونه ژوورەوەی لەم باسەدا ناوی ئەو ئامێره مۆسیقاییانەی بەکارهێناوه کە لە کۆمەڵگا و دەوروبەرەکەی خۆی دەناسرێت و بەکارهاتووه. واته (کە ناوی ئامێره مۆسیقییەکانی هێناوه له نێو شیعرەکانیدا "توظیف" ی کردوون هەریەکە وەسفێکیشی داونەتێ له پلەی "کارتێکردن" و هەژاندن کە چۆن ئەو ئامێرانە تێکڕا بە دەنگی خۆش خەیاڵی عاشق بەرەو عالەمی باڵا دەبەن).(٣٢٥) کەوایە شاعیر چ بەمەبەست یان بێ مەبەست بێت، ئەوا خۆی لە قەرەی هونەری مۆسیقاداوه و کاریگەریشی بەسەرەوه جێهێشتووه. بۆیه شاعیر لەدێرێکدا دەڵێ:

گوێم له ساز و عود و نەی چاوم له ساقی و بادەیه
خادمی پیری موغانم بۆیه وا پەیڕەو دەکەم ١٧٦

لێرەدا شاعیر بەناو هێنانی ئەم ئامێرانه و بەستنەوەیان بە جیهانی تەسەوفەوه پێمان ڕادەگەیەنێت کە دەنگ و ئاوازەکان کاریگەرییان لەسەر ڕۆح هەیە، چونکه هەرخۆی دەنگ بەتایبەتیش دەنگی خۆش نیعمەتێکی خواییه پێمانی بەخشیووه، بۆیه خۆشی دەنگ بەباش بەکارهێنانییەوه جوانیمان پێدەبەخشێت. جگه لەوه دەبینین شاعیر لەبەر گرنگی هەستی بیستن "گوێ" ی پێش "چاو" خستووه، ڕەنگه ئەم کارەش زۆر بەئاگاییەوه پێش خرابێت(*)، چونکه دڵ و گیان و دەروونی دوای ناسك بوونی هەستی بیستن لە جیهانی سەرەوەدا دەکەن، بەڵکو بەهۆیەوه هەستی بیستنی مۆسیقی تر بێت بۆ ئەوەی گیان و دەروونی ئارام بگرێت. شاعیر ئاوازەکانی ساز و عود و نەی بەگوێچکەی ڕۆحی دەبیستێت، بەڵام ئەم کۆڕه ڕۆحانییه تەواو نابێت بەبێ مەست بوون لەسۆفی گەریدا . بۆیه بۆ ئەم مەبەسته شاعیر کەش و هەوایێك دروست دەکات کە تێیدا دەبینێت کە ساقی جامی بادەی بۆ دڕێژدەکات. پاشان شاعیر بەرزدەبێتەوه بۆ ئەوەی هۆکاری عیشقی بۆ ئەم جۆره کارانه ڕوون بکاتەوه دەڵێت: من خزمەتکاری "پیری

(١) صافی (دیوان) ، محەمەدی مەلا مصطفی هیرانی، ل ٩٤ .

(*) به بەدوا داچوون به ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا دەبینین که خوای گەوره هەستی بیستنی پێش هەستی بینین خستووه، له هەموو ئەو ئەو شوێنانەی که باسی ئەم دوو هەستەی کردووه، که دەفەرموێت ﴿قُلْ هُوَ الَّذِي أَنشَأَكُمْ وَجَعَلَ لَكُمُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَالْأَفْئِدَةَ قَلِيلاً مَّا تَشْكُرُونَ﴾ { الملك : ٢٣ }. خوای گەوره کاتێك باسی ناو و سیفەته جوان و بەرزەکانی خۆی دەکات. دەبینین دیسان هەر هەستی بیستنی پێش هەستی بینین خستووه، ئەمەش هەر لەبەر گرنگی ئەم هەستەیه، تەنیا له یەك شوێن نەبێت که خوای گەوره هەستی بینینی پێش هەستی بیستنی خستوه که دەفەرموێت : ﴿قُلِ اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا لَبِثُوا لَهُ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَبْصِرْ بِهِ وَأَسْمِعْ مَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَلِيٍّ وَلَا يُشْرِكُ فِي حُكْمِهِ أَحَدًا﴾ {الكهف :٢٦ }. ئەگەر "سمع" و "بصر" به هەموو شێوەکانییەوه هەژمار بکەین دیسانەوه ژمارەی هاتنی "سمع" که (١٠٣) جار و "بصر" (٦٦) جار لەقورئانی پیرۆزدا هاتوون. بڕوانه، محمد سعيد اللحام، المعجم المفهرس الالفاظ القرآن الكريم، ص ٦٠٩-٦١١.

موغانم" که لێرەدا ئەو ڕابەری ڕۆحییە ... ئەم ڕابەرەش داوات لێدەکات کە ببیستین و شەڕابی ئیلاهی بنۆشێت.[٣٢٦]

لە دێڕێکی تردا شاعیر دەڵێ:

دڵ لەبەر دەردی فیراقی یارە مەیلی مەی دەکا
گوێی لە دەنگی ساز و عود و بەزمی نای و نەی دەکا[*] ١٥٥

شاعیر لێرەدا سکاڵا لە دەردی دابڕان دەکات، بەڵام کامە دابڕان؟ ئەمە ئەو دابڕانەیە کە کۆی چارەنووسی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە بە دوورکەوتنەوەی لەشوێنە ڕەسەنەکەی خۆی، کاتێك نەیتوانی گوێڕایەڵی فەرمانەکان بێت و پەیمانی خۆی شکاند. کەوایە تا ئێستاش ڕۆحەکان بە حەسرەت و بەکەف و کوڵن بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنی مەبەست و ئازاری پێدەخۆن. لێرەشدا مەبەست لەمەی ئەو مەیە دنیاییە نییە، بەڵکو مەبەست لێی وەرگرتنی زانیارییە بەرزەکانە و چێژوەرگرتنە لێیاندا، بەڵکو بەوهۆیەوە دڵی جوڵە بکات و نزیك بێتەوە لە خوای پاك و بێگەرد و ڕەزامەندی بەدەست بهێنێت.[٣٢٧]

بۆیە سافی کاتێك دەکەوێتە ئەو جۆش و خرۆشە، پەنا بۆ دەنگی ئامێرە مۆسیقاییەکان دەبات و دەیەوێت گوێ لە ئاوازی ساز و عود و نەی بگرێت. لێرەدا شاعیر مەبەستی ئامێری سازە، ئەویش ئامێرێکە لە خێزانی ئامێری تەنبوور کە جۆر و شێوەی جیاوازی هەیە و لە زۆربەی پارچەکانی کوردستاندا بەکاردەهێندرێت. جگە لەوەش ساز بە واتای تریش هاتووە.[٣٢٨] هەرچی عودە کە ئامێرێکی وەتەری مۆسیقایە، لە ئامێرە گرنگەکانی مۆسیقایە و بە ڕیشە دەژەندرێت، بەڵام زانا ڕۆژئاواییەکان بۆ کۆمەڵێك لە ئامێرە وەتەرییەکانی نزیك لە شێوەی عود بەکاردەهێنن وەك : کۆمەڵە خێزانی تەنبوور و ساز و تار و ... هتد. کەواتە زۆرترین ئامێری وەتەری دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ئەو ئامێرەوە، جا ئەگەر بە ڕیشە یان بە قەوس بژەندرێت.[٣٢٩] بەڵام نای یان نەی

---

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عوسمان ڕەشاد موفتی، ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١٤، شەممە، سەعات(١١) پێش نیوەڕۆ .

(*) ئەم غەزەلە کە بەم دێرە دەستپێدەکات، یەکێکە لەو مەقامانەی کە مامۆستا عەلی مەردان بە مەقام "نەهاوەند" تۆماری کردووە، کە توانیوێتی بە دەنگێکی هێمن و پڕ سۆز وێنەی شیعری و سەرەتاکانی دینامیکیەتی هەڵپەی دەروون و هەڵچوونی شاعیر تێکەڵ بە پێوەندی نێوان ئەو تۆنە دەنگییانە بکات. بڕوانە، نایف محەمەد، تیشکێك لەمەڕ گەوهەرە شاراوەکانی مەقام زانی گەورەی کورد عەلی مەردان، ڕۆژنامەی برایەتی "ئەدەب و هونەر"، ژمارە (٨٨) ،١٩٩٨، ل ٦ .

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عوسمان ڕەشاد موفتی، ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١٤، شەممە، سەعات(١١) پێش نیوەڕۆ .

(٣) مهدی ستایشگر، واژەنامە موسیقی ایران زمین، جلد دوم، چاپ دوم، انتشارات اصلاحات، تهران، ١٣٨٥ .

(٣٢٩) سوبحی انور رشید، الالات الموسیقیة، ص ٣٦ .

ناوی یەکێکە لە ئامێرە دارە فودارەکان کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر ڕۆخی لێوەکانی فوتێکەرەکەوە. ئەویش لە ئامێرە فودارە گرنگەکانە و مێژوێکی کۆنی هەیە و لە هەندێك سەرچاوە بەکۆنترین ئامێری فوداری دەزانن.(٣٣٠)

بۆیە سۆزی دەنگی ئەم ئامێرانەش دەبنە هۆی دڵنەوایی و حەسانەوە بۆ ڕۆحی زامداری سافی، چونکە (لەکۆڕی تەسەووفدا "سەماع" جارێك دەرد و دەرمانی ئەو کەسەیە کە ڕیازەت و خەڵوەتی دوور و درێژ ئاوێنەی دڵ و دەروونی مشتومالٚ دەکەن و لەپەڕەی گوڵ و هەستی هونەرمەند و تریفەی مانگ ناسکتر دەبێت. ئیتر هەر شایەنە لە ئاوازدا بتوێتەوە و خۆراکی ئاواز ببوژێتەوە).(٣٣١) پێشتریش ئەوەمان ڕوونکردەوە کە ڕووێکی تری گەشی تەسەووف بە تایبەتی لە شیعرەکانی سافیدا دەنگ و ئاواز و مۆسیقایە.

کەوایە هەرکاتێك گەشتێك بە شیعرەکانیدا بکەین، سافی بەشێوەی تریش ناوی ئامێرەکانی مۆسیقای هێناوە بەهۆیەوە واتا و مەبەستی تایبەتی خۆی لە ڕێگایەوە دەربڕیوە. لەلایێکی ترەوە هەر کاتێك کەوتۆتە بیری دابڕان و دڵی پەژموورده بووە پەنای بۆ دەنگی خۆش بردووە جا " چ لە ئامێرێکی مۆسیقا یان لە قوڕگی موتریبەکانەوە بێت" کەوا بەستەی دڵ و دەروونی بووە و لەگەڵیدا ژیاوە. کەوایە موتریبەکان کەسانێکی دەنگ خۆشن بەهۆی چڕینی ئاوازی خۆش ناخی بونەوەر خۆش و ئارام دەکەنەوە.

ڕەنگە ئەم هونەرەش لەم سەردەمەدا کارێکی ئاسان نەبووە و پێویستی بە شارەزایی و لێهاتوویی زۆر بووە، چونکە دەبایە بچێتە لای کەسانێکی شارەزا و خەریکی خۆڕاهێنانی بوایە تا بگاتە ئەو پلەیەی بەو ناوە ناو ببرێت. دەتوانین بڵێین: ئەو کەسانەش سەرەڕای ئەوەی دڵخۆشکەر و چێژ بەخش بوونە، ئەوا دەستێکی گەورەشیان لە پاراستنی ئاوازی ڕەسەنی کوردییدا هەبووە و لە فەوتان فەرامۆشی ڕزگاریان بکەن. دیسان دەستیان هەبووە لە پاراستنی زمان و ئەدەبی کوردی کە زۆر لەو وشە و زاراوانەیان پاراستووە کە لە سەردەمانێکی زۆرەوە سینگ بە سینگ پارێزراو بوونە و ئەوانیش توانیویانە بیگەیەنن، بەڵام دیسانەوەش ڕۆڵی شاعیر دێتەوە پێشەوە بەتایبەتی ئەگەر شیعرەکانیان هی شاعیرێکی سەردەمی خۆیان بووبن.

جا ئەوەی لێرەدا مەبەستە، ئەوەیە سافی چ وەك شاعیر و چ وەك ئەوەی کە خۆی بەشێوەیێکی ڕاستەوخۆش موتریبی نەکردبێت، ئەوا مورید و دەروێشێکی زۆری پێگەیاندووە و ئەو ئەرکە گرنگەشیان بەجێ هێناوە. بۆیە ئەگەر لە پارچە غەزەلی "ئەی موتریبی حەریفان" وردبینەوە دەبینین نموونەیێکی سۆزی دەروێشانەی سافییە کە هێناویەتە سەر کاغەز .

---

(٢) محمود احمد الحفنی، علم الالات الموسیقیه، ص ٩٤ .

(٣) عەبدولرەزاق بیمار ، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، ل ١٣١ .

(چونکە غەزەلەکە دەڵێی کۆمەڵە ترپەیەکی مۆسیقای پڕ لەجۆشی ڕێکوپێکە لە ئەنجامی تێکەڵ و پێکەڵ بوونی وشەکانی ڕستەی هۆنراوەدا "مانا" لەنێو هەوای خرۆشاویدا تێکەڵ بەیەك بووە. واتە گوێگر هەر گوێی لە دەنگی ترپەی دەف و تەپڵ و زرنگەی پیتەکان بێت و پێویستی بەزۆر وردبوونەوە نەکات لە مانا و لە جیاکردنەوەی وشەکان ... خۆیشی کە هەر حاڵەتێکی بێ ئاگایی ون بوونە، ئەمەش سەرباری سیفەتی سواری و هەڵقولاوی شیعری شاعیر و تەڕدەستی لەدەربڕیندا).[٣٣٢] شاعیر لەم پارچە غەزەلەیدا کۆمەڵێك وشە و ڕستەی مۆسیقاداری وای لەم شیعرەدا بەکارهێناوە کە بەبێ بەربەست دەچنەکانی دڵەوە.

ئەی موطریبی حەریفان دەستکە بە نەغمە خوانی
ئاوازی تۆیە بۆ دڵ وا دەفع ئەکا غەمانی[*] ٢٤٧

دەبینین سافی چۆن داوا لە موتریبانی هاوخوماران دەکات کە دەست بە گۆرانی وتن بکەن، کە تەنیا دەنگ و ئاوازی ئەوی بەلابەری غەم و پەژارەکانی زانیووە.

بەزمت شیفایە سادەی بۆم لێرە بەربوط و نەی
ئەو دەردی دڵ هەتاکەی چی ماوە عومری فانی ٢٤٧

واتە ئەو ئاوازانەی تۆ چاریە بۆ دڵی زادارم، دەسا ئامێری بەربەت و نایم بۆ لێبدە تاکەی دڵ بەو ئێش و دەردەوە بناڵێنێت، تەمەن زۆری نەماوە. کەوایە شاعیر لەلایێك هانا بۆ موتریب دەبات کە بەدەنگی خۆشی ئاوازی خۆش بچرێت و شادی و خۆشی بخاتە دڵی حەزینییەوە، لەلایێکی تر داوا دەکات بە ئامێرە مۆسیقاییەکەی بەربەت کە ئامێرێکی مۆسیقای ژێدارە وەکو عود وایە، کە لەلای عەرەبەکان بە عود ناوزەد دەکرێت، زۆر جار زاناکان پێی دەڵێن "بربط"، ئەم وشەیەش وشەیێکی فارسییە پێك دێت لە دوو برگە بە واتای "سنگی مراوی" کە شێوەکەشی بۆ عود دەگەڕێتەوە.[٣٣٣]
هەروەها بەئامێری نای کە خاوەنی دەنگێکی سۆزدار و هەست بزوێن و بە ئامێری شادی هێنەر و بەزمیش ناسراوە مۆسیقای بۆ بژەنێت.

---

(١) عەبدولرەزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، ل ١٣٠ .

(*) ئەم گۆرانییە یەکێکە لە گۆرانییە ناودارەکانی مامۆستا تاهیر تۆفیق کە لەسەر مەقامی حیجاز چڕیوێتی .

(٢) بڕوانە ، محمود احمد الحنفی، علم الالات الموسیقیە، ص ٧٣ .

موطریب بەساز و نەی بێ ساقی بە جامی مەی بێ
تـا عــاجـزیـمە طه ی بێ روو کـەینە شـادمــانی ٢٤٧

دیسانەوە بانگی موتریب دەکاتەوە کە بە ئامێری "ساز و نەی" یەکەیەوەبێت، بـەڵام ئـەمجارەیان داوا لە ساقیش دەکات کە بە جامی شەرابەوە بێت تا کۆڕێکی پڕ لە خۆشـی و شـادی سـاز بکـەین کە ئەو دڵتەنگی و پەژارەیە بپێچرێتەوە و نەمێنێت و خۆشی و شادی ڕوومان تێ بکـات. کەوایـە چ "مۆسیقا" ئەگەر بە ڕووکەشی وەری بگرین، چ "مەی" ئەگەر لـە ناوەرۆکـەوە تێـی بـڕوانین، ئـەوا دەبنە مایەی خۆشی و شادی و غەم و پەژارەش لە دڵ دەردەکەن.

ڕەنگ و هەوایی تۆیە دەنگ و صەدایی تۆیە
کەیف و صەفایی تۆیە بۆ عەیـشی جاویدانی ٢٤٨

دەبینین کە شاعیر بادە نۆشان و ساقی و موتریبان لە مەیخانەی سۆفییەکان دا دەدوێنێت کە ئەو گەیشتووە بەدواکارییەکان لە دانیشتنەکان و خواردنەوەی شەراب و بیسـتنی ئاوازەکـانی ئەوانـدا. پێی وایە کە جۆراوجۆری ئاوازەکـانی و سـەدای دەنگـی و خۆشـیەکان ئەمانـە هـەمووی بەیەکـەوە بەرەو ژیانی هەتا هەتایی دەمانبەن.

بۆم لێدە چەنگ و عودە ڕەمزە لە یا "ودودە" (*)
بۆ کوێریـێ حەسوودە ئەم سـیـڕڕە با نەزانی ٢٤٨

لێرەدا سافی (بەڕەمزێکی خودای دادەنێ بۆیە حەز ناکا حەسوود گوێ ی لێ بێ وە دەڵێ گـۆرانی بێژ چەنگ و عودم بۆ لێدە، ئەم مۆسیقایە ڕەمزێکە لە خواوە با حەسوود کـوێر بـێ و ئـەم نهێنیـە نەزانێ).(٣٣٤) بۆیە داوا لە موتریب دەکات کە بە عود و بە ژێیـەکانی چـەنگ کـە ئـامێرێکی ژێـداری

(*) ناوێکە لەناوەکانی خوای بەزەییدار کە چاوگەکەی "الود"ە. بۆیە ناوی "ودود" کە لە "الود" هاتووە بەواتای خۆشەویستی دێت. بڕوانە، محمد راتب النابلسي، موسوعة اسماء الله الحسنى، ج (١) ، الطبعة الخامسة، دار المكتبي، ٢٠٠٧ ، سورية، ص ٥٧١-٥٩١ .

(١) سەردار ئەحمەد حەسەن، سافی ژیان و بەرهەمی، ل ٢٧٩ .

بەپێستە ڕووپۆش کراوە کە ژێیەکانی بەهەندێك داوە موو بەستراون بۆی بژەنێت. سەرەڕای ئەوەش "ودود" بۆ خودایە لە ناوە جوانەکانێتی کە شاعیر بژاری کردووە، چونکە واتای بەسۆزی و بە ڕەحمی و چاودێری ... هتد لە خۆدەگرێت، لەلاییێکی تریشەوە ڕەنگە سەرواکەی وا پێویستی کردبێت کە ئەم ناوەی هەڵبژێرێت.(٣٣٥)

سافی لە شیعرێکی تردا دەڵێ :

ئەو عالەمەی نەی رەنگە دەیبینی کە چەند دەنگە
سەر پاکی جودا رەنگە لەو باوك و دایێکە
هەر کەس کە لەهەر جێیە هەر ئێکە بە نەوعێیە
هەر سەر لە هەوایێك و هەر سینە صەدایێکە ٢٦١

سافی لە دێری یەکەمدا بە چواندنی خەڵکی بە (نەی ڕەنگ)(*) مەبەستی لەو خەڵکانەیە کە لە مەڕاسیمی دینی و مەناسکی مەزهەبیدا هەرییێکە بەدەنگ و ئاوازێکەوە و بەڕەنگی جیاوازەوە دوعا و زیکر و نزای خۆیان دەکەن. هەرچەندە هەموویان لە دایك و باوکێکەوە هاتوونەتە دنیاوە. هەرچی دێری دووەمە مەبەستی ئەوەیە کە ئەو خەڵکە هەرییێك لە شوێنێك هەرییێك بە جۆرێکە هەر سەرێکیش مەستی عیشقێکە، بۆیە هەر سینەییێکیش ئاوازێکی تایبەتی خۆی هەیە. کەوایە دەنگ و سەداو ئاوازەکان یەك لەگەڵ یەکدا جیاوازیان هەیە لە ئاستی بەرزونزمی و خۆشی و ناخۆش و ساز و ناساز و...هتد، چونکە هەر یەکێکیان سۆزێکی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەمە جگە لەوەی لە سینەدا دڵ وەك پاشاییێك عیشق و سۆز و ڕیتمی تایبەتی خۆی هەیە و خێرایی لێدانی ئەو ڕیتمەش پێوەستە بەو نزاو پاڕانەوەیە.

---

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عوسمان ڕەشاد موفتی، ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١٤، شەممە، سەعات(١١) پێش نیوەڕۆ .

(*) دوعا و زیکر کردن لە ئایینی زەردەشتی، بریتییە لە هەندێك مەڕاسیمی دینیی و دوعا و نزای تایبەت. بڕوانە، حسن عمید، فرهنگ عمید، مؤسسة انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٧٧ .

# تەوەری دووەم : ڕەنگدانـەوەی مەقـام

# لە شیعرەکانی (صافی) دا

## تەوەرەی دووەم :

## ڕەنگدانەوەی مەقام لە شیعرەکانی (صافی) دا

بەرلەوەی بچینە سەر باسی ڕەنگدانەوەی مەقام لە شیعرە کوردییەکانی سافیدا پێمان باشە بزانین مەقام چییە؟ چی دەگەیەنێت؟ چونکە چەند زانیاریمان لەسەری زیاتر بێت، بابەتەکە لەلامان ڕوونتر دەبێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین: مەقام وشەیێکی عەرەبییە و لەناو میللەتانی ڕۆژهەڵاتی وەك: کورد، عەرەب، تورك، فارس ... هتد بەکاردەهێنرێت. کە لەناو فارسدا "دەسگا" ی پێدەڵێن، هەرچەندە لەناو کوردا دەستگا و مەقامیش بەکاردەهێنن، بەڵام مەقام زیاتر بەربڵاوترە، چونکە مەقام زاراوەیێکی زۆر کۆنە و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەکاری دەهێنن، ئەم زاراوەیە بناغەی داکوتاوە لەلایەن زۆربەیان هەر بە مەقام ناسراوە. (هەر چەندە لە هەندێ وڵاتی عەرەبی دیکە دا وشەی "نەغەم" هەندێکی دی وشەی "تەبع" و ئی دیکە وشەی "دەور" لە جیاتی وشەی "مەقام" بەکاردەێنن... لە کوردیشدا لە زۆر جێگا وشەی "هەوا" بەکار دەهێنن).(٣٣٦)

کەوایە لەبارەی مەقامەوە هاتووە کە (مەقام پەیژەیەکە میانەی دەنگەکانی بەشێوەییێکی یەك لەدوای یەکی دیاری کراودا دێن، هەر گوڕانێکیش بەسەر ماوەی میانەی ئەو نەغمانەدا بێت، ئەوا مەقامێکی تری سەربەخۆی لێ دروست دەبێت).(٣٣٧) یاخود لەبارەی مەقامەوە وا هاتووە کە (مەقام ئەو "بنچینە ـ بناغە"یە کە ئاوازەکانی لەسەر بنیات دەنرێت و لەیەك لەدوای یەکدا هاتنی هەر حەفت دەنگی مۆسیقا پێك دێت، لەگەڵ هەشتەمدا، کە دووبارە دەنگی یەکەمە و دەبێتە دەنگی بەرزبۆی، ئەم هەشت دەنگە لە عەرەبی دا "دیوان" و لەکوردیشدا "چینی دەنگ" و لای زۆربەی میللەتانیش "ئۆکتاف – octave" ی پێدەڵێن).(٣٣٨) کەوایە بنەماییێکە و کۆمەڵە نەغمەییێك بەخۆیەوە دەگرێت. هەرچی لەبارەی واتاکەییێتی بەزۆر شێوە هاتووە، مەقام واتا شوێن پێ، یان بەواتای ئەو شوێنەش دێت کە شاعیر یان گۆرانی بێژ لە کاتی شیعر خوێندنەوە یان گۆرانی وتندا لەسەری ڕادەوەستن، واتە بەشوێنی ڕاوەستانیش دەوترێت.(٣٣٩)

---

(١) وریا ئەحمەد مەقام، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٢٣) ، ١٩٨٩، ل ١٥٧ .

(٢) الحاج هاشم محمد الرجب، المقام العراقي، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦١، ص ١١ .

(٣) حبيب ظاهر العباس، نظريات الموسيقي العربية، دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٦٨، ص ٢٩ .

(٤) الحاج هاشم محمد الرجب، المقام العراقي، ص ١١. یان، محمد نوری عارف، فەرهەنگی دیوانی شاعیران، ل ٨٧١ .

هەر چۆنێك بێت ئەوەی زیاتر مەبەستمانە ئەوەیە کە دوو واتای هەیە:[٣٤٠]

١- وەك پەیژەیەکی موزیك کە بەشێوەیەکی دەستنیشانکراو میانەکانی پەیژەکە دیاریکراوە. ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناو پەیژەکەدا دروست دەکرێن ناو و جۆری پەیژەکەش دەگۆڕێت.

٢- وەك شێوازێك لە گۆرانی گوتنی بێ ڕیتم کە موزیکزان یان گورانیبێژ بە پێ ی شارەزایی خۆی لەسەر پەیژەیەکی موزیك بە شارەزایی و جوانکارییەوە گۆرانی بە "ئیرتیجال" دەڵێ و گوتنی ئەم بابەتە لە چڕیندا پێویستیەکی باشی بە شارەزایی لەو بوارەدا هەیە، بە زانستی و هەمیشە دەما و دەم بە لەبەرکردن لەبەری کردووە و دەیچڕێتەوە.

مەقام (لەنێوان دوو دەنگدا بەربەست کراوە کە دەنگی یەکەم دەنگی بنکەیە، پێی دەگوترێت "قرار" و دەنگی دووەم دەنگی کۆتاییە کە پێی دەگوترێت "جواب" و لە نێوان دەنگێك و دەنگێکی تر، دووریەك هەیە کە زۆر گرنگە، چونکە بەهۆیەوە دەتوانین جۆری مەقامەکە دیاری بکەین، زۆر جار ئەم دووریە بە شێوەیەکی بیرکاری دەپێورێت، وەك ٣/٤ و ٤/٤، بەڵام پێوانەی ئەم دووریە بەیەکەی دەنگی پێی دەوترێت: کۆما).[٣٤١]

هەرچی لەڕووی ژمارەی مەقامەکانیشەوەیە، ئەوا ڕای جیاواز لە نێوان شارەزایانی بواری مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیدا بەدی دەکرێت. بۆیە هەندێك دەڵێن: (مەقامە سەرەکییەکان نۆ مەقامن، هەندێکی دی دەڵێن یازدە مەقامن، بەڵام لە ڕاستی دا حەوت مەقامی سەرەکی هەن، کە هەر یەکەیان چەند لقێکی لێ دەبێتەوە).[٣٤٢] وەکو ئاشکرایە جیاوازی لە ڕاو بۆچوونەکاندا هەیە لەبارەی ژمارەی مەقامە سەرەکییەکانەوە.[*] سەرەڕای بیرەبۆچوونی جیاواز دەگەڕێتەوە بۆ فەرامۆش کردن و گوێ پێنەدانی ئەو لایەنە، لەلاییکی ترەوە بۆ دیار نەبوون و بەردەست نەکەوتنی مەقامەکان بەهۆی زۆر بەکارنەهێنانیانەوە فەوتاون. کەواتە زۆربەی ڕایەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە لە زانستی مۆسیقا و مەقامەکاندا حەوت مەقامی سەرەکی هەن.

---

(١) ئەنوەر قەرەداغی، سەرەتایەك بۆ مەقامە کوردیەکان، گۆڤاری چلاواز، ژمارە (٤١) ، ٢٠٠٩، ل ٢٠ .

(٢) محەمەد عومەر ئەمین، پێگەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵات، چاپخانەی هیوا، ڕانیە، ٢٠٠٩، ل ٣ .

(٣) وشیار ئەحمەد ئەسوەد، قەیرانی مەقام و مەقام بێژی، ڕۆژنامەی برایەتی "ئەدەب و هونەر"، ژمارە (٧٥) ، ١٩٩٨، ل ٧ .

(*) لەبارەی بیرو بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر مەقامە سەرەکییەکان بڕوانە، مهین ابراهیم الجزراوي، خصائص اللحنية و الايقاعية في الاغاني المرافقة للمقام العراقي، ص ٨٧ .

هەرچی مەقامەکانی ترن ئەوا لق و پۆپن و لە مەقامە سەرەکییەکانەوە دەردەچن. بەشێکیان لە یەك مەقامەوە هەڵێنجراون و بەشێکی تریان لە چەند مەقامێکی سەرەکییەوە دروست دەبن.[٣٤٣] گومانیش لەوەدا نییە هەر بەشێك لەو بەشانە جیاوازییێکی وردیان هەیە لە تام و چێژێکی تایبەتیشیان لیێ بەدی دەکرێت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ناوێکی تری لێبنرێت و وەك مەقامێکی سەرەکی و سەربەخۆ سەیر بکرێن. واتە لق و پۆپەکان دەبێت جیابکرێنەوە و بڵێین سەر بە فلاَن مەقامی سەرەکییە. بۆیە دەبینین هەندێك لە مەقامە کوردییەکانیش هەر لەو بابەتەن و لەمەقامە سەرەکییەکانەوە جیا دەبنەوە. هەرچەندە لەلای خۆمان وەکو مەقام ناسراون و بەوەی کە مۆرکی ڕەسەنایێتی بەڕوون و ئاشکرایی پێوە دیارە.[٣٤٤] واتە لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە مەقامە کوردییەکان لقن و لە مەقامە سەرەکییەکان بوونەتەوە، بەڵام ڕەسەنایەتیان لە شێواز و ئەدا کردنیان وەك مەقامێکی سەربەخۆ لەلای کورد تۆمارکراون.

کەواتە مەقامە لاوەکییەکان زۆر لەیەك دەچن جیاوازی لەنێوانیاندا زۆر کەمە، زۆربەی مەقامە لاوەکییە تێکەڵاوەکان چەندین ناویان بۆ یەك مەقامی مۆسیقایی داناوە، بۆیە پاش لیێ ورد بوونەوەیان دەردەکەوێت کە ئەو مەقامە مۆسیقاییانە زۆربەی لەیەك پۆلی مەقاماتن و هیچ جیاوازییێکیان نییە، جگە لەوەی تەنیا بە هەمان میانەی پلە دەنگییەکانی لەسەر پلە دەنگییەکی تر بنیات نراون.[٣٤٥] بۆیە (تەنانەت لە زۆر جێگادا وشەی مەقام جێگای وشەی فۆرمی وەرگرتووە، یان ناوی هەندێك مەقام وەك خۆی هەن، بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە جیاوازییەکی ئاشکرایان هەیە).[٣٤٦] کەواتە گۆڕانکارییێکی لاوەکی لە مەقامە سەرەکییەکە نابێت ببێتە هۆی ئەوەی ناوێکی تازەی بەسەردا ببڕین، چونکە هەر لە سەر هەمان ناوی یەکەمی مەقامە سەرەکیەکە دەمێنێتەوە.

سەبارەت بە ناوی مەقامەکانیشەوە ئەوا دەبینین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، واتە هەر شوێنێك بەپێی دەستوری زمانەکە و دەمار گرژی ناوچەییەوە ناوێکی تری بۆ هەمان مەقام بەکارهێناوە کە لە شوێنێکی تر ناوێکی تری هەیە.

---

(١) هەریەکە لە مەقامەکانی "سەفەر، ئای ئای، حەیران، هیجران" دەچنەوە سەر ڕەگەزی مەقامی بەیات. مەقامی "خاوکەر و قەتار" لە دوو مەقامی لێکدراوی سەرەکییەوە دەردەچن، لە پەردەی یەکەمدا خاوکەر لە ڕەگەزی بەیاتە، لە پەردەی دووەمیدا کە دەبێتە " بەرزە قەتار" دەچێتەوە سەر ڕەگەزی مەقامی حیجاز . وشیار ئەحمەد ئەسوەد، جوگرافیای مەقامە کوردیەکان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٤٧) ، ل ٢٧٤ .

(٢) رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتیەکانی کورد، گۆڤاری رۆشنبیری نویێ، ژمارە(٨١) ، ١٩٨٠، ل ٣٩–٤٠ .

(٣) سەلاّح رەئووف، تیۆرەکانی موزیك، ل ٣٢ .

(٤) ئەنوەر قەرەداغی، سەرەتایەك بۆ مەقامە کوردیەکان، ل ٢٨ .

بۆ نموونە:[٣٤٧]

- ئەوەی عەرەبەکان پێی دەڵێن عەجەم فارسەکان پێی دەڵێن ماهور .
- ئەوەی فارسەکان پێی دەڵێن هومایۆن، عەرەبەکان پێی دەڵێن حەسار.
- ئەوەی عەرەبەکان پێی دەڵێن نەهاوەند، تورکەکان پێی دەڵێن فەرحفەزا.

ئەمە لەکاتێکدا (هەر مەقامێکیش ڕیزکردنی تایبەتی خۆی هەیە، ئەمە لەلایەنی ئەو میانانەوە کە دەکەونە نێوان دەنگێك و ئەوەی پێش یان دوای خۆیەوە، کە بەهۆیانەوە لە مەقامەکانی دیکەی جیا دەکەینەوە، ئەو نۆتە یا خۆش دەنگەش کە مەقامەکەی لەسەر دەوەستێت و ئەو گرێ و ڕەگەزانەی لە ناو مەقامەکەدان، هەموویان سیما و جۆر و دواتر ناوی مەقامەکەش دەردەخەن).[٣٤٨] کەواتە سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر ناوی مەقامەکاندا هاتووە، دەتوانین ئەوە بەدی بکەین کە زۆربەیان لەڕووی ناوەوە جیاوازن.

هەرچی سەبارەت بە میللەتی کورد و مەقامەوە هەیە، ئەوا کورد هەر لەدێر زەمانەوە ئەو مەقامانەی ناسیوون و گوتوویانە بەو پێیەی کە میللەتی کورد لە میللەتە کۆنەکانی ناوچەکەی خۆییێتی و زۆر وەستایانەش زۆربەی مەقامەکانی ئەو ناوچەییەی بەکارهێناوە[*].جگە لەوەش (هونەری ئاواز و دەنگیش بەهەموو ڕەنگ و جۆرەکانیەوە ڕەگێکی قوڵی لە ویژدانی و کەسایەتی مرۆڤی کورد داکوتیووە، دەنگ و سەدا ڕەسەنەکەشی هەمیشە مۆرێکی زەق و پیرۆز و گران بەها بووە بە نێوچەوانیەوە و پەرژینێکی بێ خەوش و ناسکی پاراستن و مانەوەی قەبارەی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو گەلە خێر نەدیوە بووە، هەرواش دەمێنێتەوە).[٣٤٩]

هەرچیش ڕەنگدانەوەی مەقامە لە شیعرە کوردییەکانی سافیدا، ئەوا زۆر بە ئاشکرا و بەڕوونی لەشیعرەکانیدا بەدی دەکرێت،چونکە (شارەزایی "سافی" لە ئاواز و ناساندنیان شتێکی نەشاراوەیە و بە ئاسانی لەشیعرەکانیدا دەستنیشان دەکرێت، هەروەها لە زۆربەی مەقامە

---

(١) ع. ج. سەگرمە، لاپەڕەیەك لەبنەماكانی موزیكی كوردی، ل ١٠٣–١٠٤. یان، سەلاح ڕەئووف، تیۆرەکانی موزیك، ل ٣٠– ٣٢. یاخود، محەمەد عومەر ئەمین، پێگەکان، ل ٦ .

(٢) وریا ئەحمەد، مەقام، ل ١٥٧ .

(*) بۆیە وریا ئەحەمەد کە نموونە بە سێوەی هونەرمەند دێنێتەوە کە هەموو گوتنەکانی تام و بۆی ڕەسەنایەتی لێ دەتکێت و دەڵێ: (باوەڕناکەم "سێوە"ی نەمریش هەموو ئەو گوتنانەی لە خۆیەوە داهێنا بێت، چونکە وەك لە گەڕانی مەیدانی دا بۆم دەردەکەوێت پێش سێوەش بلیمەتانی وەك"مەڕبین و حەنیلە خڕە و مەلا ئەسعەد و زۆری دیکە" هەبوونە و هەمان ئەو شێوە گوتنانەیان بە ئوستادی خوێندووە) . بڕوانە، وریا ئەحمەد، مەقام، ل ١٦١– ١٦٢ .

(٣) نایف محمەد ئەحمەد، ئایا گوتن و "ئەدا" کردنی مەقام بە زمانی نۆتە دەنووسرێتەوە؟، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٠) ، ١٩٩٨، ل ١٥٩ .

ڕەسەنەکاندا کەرەستەیەکی زۆری هەبووە لە "اصول المقامات". ئەو جۆرە مەقامانەی ناوی هێناون. هەمیشە لە شیعرە وەصفی شەکواییەکانیدا دووبارە دەبنەوە، لەهەمان کاتدا لێزانینێکی زۆریان پێوە دیارە لە بەکارهێنانی دا).(٣٥٠) کەواتە سافی شارەزایی لە مەقامەکاندا هەبووە،(*) چونکە مەقام هەوێنی ئاواز و گۆرانییە، ئەوانەش خۆیان لە قەرەی ئەم بوارەدا دەدەن، پێویستە کە شارەزاییان لەسەری هەبێت، (لە کاتێکدا فێربوونی مەقامەکان فاکتەرێکی یارمەتیدەرە بۆ بەکارهێنانی گۆرانیی سەرکەوتوو، فێربوونی مەقامەکان زەرورەتێکی بنچینەیی هەر دەنگێکی گۆرانییە و ناسینەوەیان هەنگاوی یەکەمە بۆ شارەزا بوون تێیدا).(٣٥١) کەواتە سافی هەر لە سەرەتاوە دوو عیشقی بووە، یەکەمیان بە شێوەیێکی گشتی بۆ "هونەری مۆسیقا" کە هەر لە منداڵیەوە خاوەنی چێژێکی هونەری مۆسیقی بەرز بووە، دووەمیان بە شێوەیێکی تایبەت بۆ "ئەدەب" ی بووە.

سەبارەت بە یەکەمیان ئەوە سافی دەنگ و ئاوازی خۆشی بە پەرچەکرداری ڕۆح زانیوە، هەمیشە وا هەستی دەکرد کە ڕۆحی بریندارە و خوێنی لێدەچۆڕێت، چونکە لەدەروونیدا ئاگرێکی مەعنەوی بووە، ئەو ئاگرەش کاریگەری خۆی بووە کە سەر و ماڵ و خۆپەرستی تێدا بەدی ناکرێت. سافی هەمیشە لەو بازاڕەدا بریندارە، برینداری ئەوانە و چارەکردنی برینیان هەر دەنگ و ئاوازی خۆش بووە تا برینیان بکولێنیتەوە و دەست لە برینیان وەربدەیت و ئازاریان بدەیت، ئەوا زیاتر لە مەبەستی خۆیان نزیك دەبنەوە. ڕەنگە زۆرجار بگاتە ئەو ئاستە کە خواردنی خۆشی پێ خۆش نەبێت، بەڵام دەنگی خۆشیان پێ خۆشە.(٣٥٢)

سافی لەشیعرەکانیدا هانا بۆ موتریب و ئامێرەکەی دەستی دەبات، کە بە دەنگی خۆشی خۆیی و ئامێرە مۆسیقاییەکەی ئاوازی خۆشی بۆ بچڕێت. بۆیە دەنگ و ئاوازی مۆسیقای هەڵبژاردووە، چونکە مۆسیقا باشترین هۆیە بۆ گوزارشت کردن لە پێداویستییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ یان پاکترینیانە بۆ لێکچواندنی. جگە لەوەش شتێکی بەرجەستە و دیارە و مناجاتیشی پەسەندە. هەرچی دووەمیانە کە ئەدەبە ئەوا شیعری هەڵبژاردووە، چونکە خۆی لەوەدا زیاتر بینیوەتەوە، وەك شاعیرێك ویستوێتی لە ڕێگای شیعرەکانەوە هەستی پاکی دڵ و دەروونی خۆی بەیان بکات.

---

(١) صافی (دیوان) محەمەدی مەلا مصطفی هیران، ل ٨٩ .

(*) لەبارەی سافی و شارەزایی لە مەقامەکاندا دەگێڕنەوە: (جارێکی کاك مصطفی هیرانی لە دیوەخانی (ملا حوێزاغا) دانیشتبوو، ملا أسعد دەشتیەکی دەگوت، کاك گۆچانەکەی دابووە بەرسەری و سەری خۆی داخستبوو، وە بەتەواوی گوێی دابوویە، لە شوێنێکا ملا أسعد غەڵەتیك دەکا، کاك دەڵێ: "أسعد بگەڕێوە" ئەویش دەگەڕێتەوە و ڕاستیەکەی دەڵێ). بڕوانە، طاهر احمد حوێزی، مێژووی کۆیە، ل ٢٦٩ .

(٢) وشیار ئەحمەد ئەسوەد، جوگرافیای مەقامە کوردییەکان، ل ٢٧٤ .

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ سانی شێخ عەلی هیرانی، ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/٧، شەممە، سعات (٤) ی پاش نیوەڕۆ .

دەروونە پاکەکەشی لەشیعرەکانیدا بەڕوونی بەدی دەکرێت. کەواتە بە هاوئاهەنگ کردنی جیهانی مۆسیقا و شیعر، ئەرکێکی دیار و بەرچاوی شاعیر بووە. بۆیە دەتوانین بڵێین: شیعر یەکەیێکی گرنگی ئاوازەکانە "جا چ گۆرانی یان مەقام بێت" ، تێگەیشتنیش لە بەها و جوانییەکانی شیعر هۆکارێکە بۆ بەرز ڕاگرتنی بەشێکی گەورەی ئاوازەکان، چونکە لە شیعر گەیشتن بە تەنیا مانای خوێندنەوە و چڕینێکی ڕووت نییە، ئەگەر لەواتای گشتی و واتا جوانەکانی ڕەوانبێژیەکەی نەگەیت ناتگەیەنێتە لەزەتی شیعر.[٣٥٣] کەوایە شیعر لێرەدا چ لەم لایەنانەی باسمان کردن و چ وەك ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە پێکهێنانی مەقامەکەدا هەیە، بەتایبەتی ئەگەر لە شێوە ئیرتیجالییەکەیەوە لێی بڕوانین، چونکە شیعرەکە جڵەوی بەدەست دەبێت چ وەك واتاکەی و چ وەك ڕیتمی شیعرەکەی کاریگەری لەسەر موتریبەکە دەبێت و جڵەوکێشی دەکات، چونکە (هیچ شیعرێك نییە باوەش بۆ ئاوازێکی ڕیتم ئامێز یاخود ئەدلیب "Adlib" نەکاتەوە).[٣٥٤] کەواتە لە دوای تێگەیشتنی بەهاو جوانییەکانی شیعر موتریب زیاتر دەکەوێتە کاریگەری شیعرەکە و شیعرەکە موتریب جڵەو کێش دەکات. لێرەشدا کەف و کوڵی دەروونی شاعیر کە لە ڕیتمی شیعردا دەردەکەوێت تێکەڵ بە ڕیتمی ئاوازەکان دەبێت و هەردوو ڕیتم جیهانێکی پڕ لە جوانی دێننە ئاراوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کار لە هەست و سۆز بکات و دڵ و دەروون بهێنێتە جۆش و خرۆشەوە.

هەرچی لەبارەی ناوهێنانی ناوی مەقامەکانە، ئەوا سافی توانیوێتی ناوی مەقامەکان لە شیعرەکانیدا بهێنێت مامەڵەیێکی هونەریانەشی لەپاڵدا بکات، ئەو ناو هێنانەش بەبێ ئاگایی نەبووە، کە هەڕەمەکییانە ئەم کارەی کردبێت و بەس!، بەڵکو شاعیر لەو پەڕی ئاگاییەوە ئەم کارەی کردووە. بۆ نموونە سافی لە شیعری "دڵم پەژمووردەیە ئێستێ دەخیل موتریب صەدایێ بێ ... .ڕەنگە باشترین بەڵگە بێت بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە و نیشاندانی توانا و دەسەڵاتی شاعیر لە ئاواز و مەقام ناسیدا، بەوەی کە لەم شیعرەدا توانیوێتی ناوی زۆربەی مەقامەکان بهێنێت و بە لق و پۆپەکانیەوە، واتە ناوهێنانی زۆربەی مەقامە سەرەکی و هەندێك لە لق و پۆپەکانی لە شیعرەکانیدا هێناوە، وەك : ڕاست و بەیات و حیجاز و ماهور "عەجەم" و صەبا و چوارگا و کورد و قەزاز و دیوان و ئورفاو حەیران و لاوك و قۆریات و ... هتد.

---

(١) دیاری قەرەداغی، ئەو وتارانەی لە هونەر دەدوێن، ل ١٧١ .

(٢) هەر لەم بوارەدا ئامانج غازی دەڵێ: (لەبواری ئاواز داناندا بۆ هەر دەقێکی شیعری دوو جۆر مامەڵەی هونەری هەن یەکێکیان لە کاتی ئاواز داناندا، ڕەچاوی ڕستەیەکی شیعری دەکرێت و بە پێ ی بڕگەکانی دەتوانرێت ئاوازەکە ڕێك بخرێت و ئەویتریان کە بە ڕای من زۆر ئەستەم و دژوارە ئەویش بە ئاوازکردنی وشە وشەی دەقە شیعرییەکە، ئەم کارەش هەرگیز لە قوڵ بوونەوەی هونەری بابەتەکە دانابڕێت و پێویستی بە ئامادە باشییەکی لایەنی ڕۆشنبیری تەواو هەیە). ئامانج غازی، هارمۆنیای دەنگ و میلۆدی کوردی، ل ٥١ .

ئەمە جگە لەوەی (هەبوونی گروپێکی دەنگخۆشان لە دەوری صافی ئەوە دەگەیەنێ کە زۆر ڕێنومایی پەروەردەکردنی بۆ دەنگخۆشانی کردبێ و خۆشی تامەزرۆی دەنگ و صەدای ئەوان بووبێ، چونکە بەبێ ئەوان سەردانی هیچ شوێنێکی نەدەکرد. ئەو هەموو گڕ و سۆزی عەشقە تێکەڵ بە صەدا و "ترنم"ی صەبا و حیجاز و غەمەن گێز و حەیران و دەشت و چوارگا، دۆخێکی تایبەتی شەوق و زەوقی بە "صافی" بووە).[٣٥٥]

بەستنی ئەو کۆڕ و ئاهەنگانەی[*] بۆ غەزەل خوێندنەوە دەکرا بەڵگەیێکی ترە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە. ئەو شیعرەی سافیش "دڵم پەژموردەیە" کە لێرەدا وەك بەڵگەیێك کاری لەسەر دەکەین، ڕەنگە پێشتر هەروەك شیعرێکی ئاسایی تری سافی هاتبێتە بەرچاو، بەڵام ئێمە لێرەدا بەهەند وەریدەگرین و مامەڵەیێکی تری لەگەڵدا دەکەین بەوەی بە لێکدانەوییێکی تر لەو شیعرە دەڕوانین، چونکە لەوپەڕی گرنگی و بایەخێکی هونەری و ئەدەبیدا ئەم شیعرە داڕێژراوە.[**] ئەم شیعرەش ئەگەر لە ڕووی ناوەرۆکەوە تێی بڕوانین، ڕەنگە تەنیا هەر ئەو مەبەستە نەدات کە لێرەدا زیاتر بەهەند وەرگیراوە، بەڵام ئێمە زیاتر دەچینە ئەو بنج و بناوانەوە لەو لایەنەوە لێی دەکۆڵینەوە لەگەڵ هەندێك ئاماژەی بچوکی لایەنێکی تری ئەم شیعرە کە بە خۆیەوە گرتووە. هەرچۆنێك بێت پێویستە لە دواشتەکانی ئەو بەرهەمە ئاگادار بین، وەك کات و سەردەمی بەرهەمەکە و مەبەستەکانی بەرهەمەکە، چونکە وا پێویستە بۆ لێکدانەوەی شیعرەکە زۆربەی ڕەهەندەکانی ئەو لایەنانەت لەلا ڕوون و ئاشکرا بێت، بۆ ئەوەی بابەتیانە و زانستیانەتر بچینە ناو باسەکەوە.

---

(١) صافی دیوان، محمەدی مەلا مصطفی هیرانی، ل ٩١ .

(*) (لە ساڵی ١٩٣٧ مەلا مەحمودی بێخود هاتە شاری کۆیە بۆ سەردانی سەید عەبدول قادری مەئموری ئەوقاف کە شەمە خانی خوشکی بێخود خوشکی بوو. ئەوەندەی پێنەچوو کاك مستەفای هیران هاتە کۆیە وە میوانی ماڵی مەلا ئەحمەدی مام سلێمانی غەفور بوو کە ئەوسا مدیر بەلەدیە بوو. هەردوو شاعیر بۆ یەکەمین جار بەیەکتر شاد بوون. ڕێکەوتن کە ئاهەنگێکی شیعر و غەزەل خوێندنەوە سازبکەن بۆ ئەم مەبەستە (عبد جاسم) یان هەڵبژاردووە، دوو ئەرکیان خستە ئەستۆی، یەکەم ئاهەنگەکە بەڕێوە ببات، چونکە شارەزاییەکی باشی لە مەقامات هەبوو. دووەم هەموو ئێواران پاش نوێژی عیشا بچێ سێوە بێنێ وە کە ئاهەنگ تەواو بوو بیباتەوە ماڵەوە، چونکە بەشەو سێوە دەترسا. ئاهەنگەکە لە باخچەی مەلا حەوێزی سازکرا و بیست شەو بەردەوام بوو و تەنیا شیعر خوێندنەوە و مەقامات بوو. شاعیر و مەقام بێژەکانی کۆیە بەشداریان تیادەکرد). بڕوانە، سەردار ئەحمەد حەسەن، سافی ژیان و بەرهەمی، ل ٣٢ ـ ٣٣ .

(**) لێرە دەمانەوێت بڵێین: تەنیا سافی وە نەبێت تاقە سواری ئەم مەیدانە بێت و تەنیا ئەو خۆی لە قەرەی ئەم کارە دابێت و کەسی ترمان لەم مەیدانەدا نەدیبێت، بەڵکو ئەوەی لەبەر دەستماندایە، لەبەرهەمی شاعیرانی ئەو سەردەمەمان ئەوەمان تێدەگەیەیێنن، کەوا زۆربەیان بە سافیشەوە لێرە و لەوێ زۆربەی شیعرەکانیاندا کەم تا زۆر پەنجەیان بۆ ئەم بابەتە درێژ کردووە.

شاعیر دەشێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی لـەم شـیعرەدا چـەند مەبەسـتێکی هـەبووبێت و خـۆی تـەنیا بەیـەك مەبەسـت نەبەسـتبێتەوە، بـەڵام ئـەوەی زۆر ڕوون و ئاشـکرایە لـەم شـیعرەدا ڕەنگدانەوەی ناوی مەقامەکانە کە بە شێوەیێکی تایبەت ناوەکانی یەك بەدوای یەکدا ڕیزکـردوون. ئەمەش پێویستی بە پێشینەیێکی باش هەیە، چونکە ئەگەر شـارەزا نەبووایـە شـاعیر نەیـدەتوانی خۆی لە قەرەی ئەو کارە بدایە و بەو شێوەیە دایانبڕێژێت. ئەمە جگە لەوەی کۆکردنەوەی هـەموو ناوەکان لە شیعرێکدا بەڕێك و پێکی و لە چوارچێوەیێکی پتەوی زەنجیرەداری زانستیانەی بـەرز و پتەو و پاراودا بەشـێوازێکی ئـەدەبی هونەرمەندانـەی پەسـەندەوە، بەڵگـەیێکی حاشـا هەڵنـەگرە، بۆیە دەست ڕەنگینی شاعیرمان لەم بارەیەوە بۆ دەردەخات.

شاعیر لە شیعرەکەیدا دەڵێ :

دڵم پەژمووردەیە ئێستێ دەخیل موطریب صەدایێ بێ
لـەتـاو هیـجرانی یـارم نیو نـەفـەس مـاوە وەفایێ بێ ٢٤٠

شاعیر هەر لەسەرەتاوە ئەوەمانی بۆ دەرخستووە کە دڵی مات و غەمگینە، بۆیە هانـا بـۆ موتریـب دەبات دەڵێ: دەخیلت بم دەنگت بەرزکەرەوە با گوێم لەدەنگت بێـت، چـونکە لـە دووری یـار هـەر ئەوەتە ماوم، ئـادەی بەدەنگـە بەسـۆزەکەت بمهێنـەوە جـۆش و خـرۆش. کەواتـە شـاعیر هـەر لـە سەرەتاوە پێوەندییە بەتینەکەی خۆی و موتریـب دەردەخـات کـە چـۆن شـاعیر ئـاڵودەی دەنگـی بووە و چاوەڕێی دەنگ و ئاوازی خۆشی لێدەکات، بۆ ئەوەی کەمێك لە ئازار و مەینەتی دووری لێ کەم بکاتەوە، بەڵام شاعیر پێویستی بە دەنگ و ئاوازێکە کە چێژی تەواوی پێ ببەخشێت. ئەمەش نیشـانەیە بـۆ جوانییـەکان، جـوانی سروشـت و گـەردوون، چـونکە ڕەنگـە هـەمان دەنـگ و ئـاواز بەشێوەیێکی ناساز "نەشاز" (*) نەمانگەیەنێتە هەمان پلەی چێژبەخشین.[٣٥٦]

بۆیە بەبێ ئـەو دەنـگ و ئـاوازە خۆشـانە ناتوانرێـت چـارەی دڵـی شـەیدای بکرێـت، چـونکە نەخۆشـییەکەی دابڕانـە، ئـەویش بـەوە نـەبێت چـارە ناکرێـت. ئەمـە لـەلایێك، ئەگـەر لـە لایێکـی تریشەوە بمانەوێت دەتوانین هـەموو ئـەو شـتانە بـەئامرازێکی شـاعیر بـزانین کـە وەك ڕەمزێـك بـۆ مەبەستی تر بەکاری هێناوە و ئامانجی تری خۆی پێ پێکاوە. بەوەی کە شاعیر دابـڕاوە و سـۆزی غەریبی گرتوییێتی و دڵ تەنگ و غەمگینی کردووە.

---

(*) ئەوەیە کە گوێچکە قبوڵی نەکات و چێژی تەواو نابەخشێت .

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عوسمان ڕەشاد موفتی، ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١٤، شەممە سەعات (١١) پێش نیوەڕۆ .

بۆیە دەنگ و ئاوازی خۆشی موتریبی کردۆتە ئامرازێك کە بەهۆیەوە تێکەڵ بە جیهانەکەی خۆی ببێت و چێژی پێببەخشێت، جا بە هەرلاییێکەوە سەیری بکەین، ئەوا ڕۆڵی موتریب لە هەردوو باردا بە بەرزی دەنرخێندرێت.

لەباتی شادی و خۆشی گەلێ بیمار و غەمناکم
مەگەر بەو لاوك و حەیران و نیوە شەو بۆم شیفایێ بێ ۲٤۱

شاعیر لێرەدا خۆی لە دڵخۆشی و شادمانی بێ بەری کردووە، بەوەی کە غەمگینی خۆی ڕاگەیاندووە. بۆیە لە هانابردنی بۆ موتریب داوای لاوك و حەیران و نیوەی شەوی لێدەکات، کە ببێتە چارەییێك بۆی، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە شاعیر لە سەرەتادا بەرلەوەی ناوی هیچ یەکێك لە مەقامەکانی هێنابێت ڕووی لە لاوك و حەیران کردووە کە دوو هونەری ڕەسەنی کوردین. واتە جۆرە مەقامێکی ڕەسەنی کوردین کە بۆن و بەرامی ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە. ڕەنگە ئەم ڕوولێنانەشی بەرەو چەند ئاڕاستەییێکمان ببات، چونکە هەر لە سەرەتای ناو هێنانییەوە بۆ خۆی دەرگای ترمان بۆ دەکاتەوە لەسەر ئەوەی شاعیر لە ژینگەکەی خۆی بێجگە لە زیکر و تەهلیلەی تەکیەکەی و ڕێوڕەسمە ئایینەکانیدا، ئەوا گوێچکەی بەو هونەرانە کراوەتەوە. بۆیە حەز بە بیستنی دەکات، چونکە بیستنی ئەو جۆرە هونەرانە بۆ ئەو خۆشی دەبەخشێت بەو ئاستەی کە بۆ ئەو دەبێتە هۆی لابردنی غەم و پەژارە و گەیاندنی بەمەبەست و مەرامی خۆی.

لەلاییێکی ترەوە دەتوانین ئەمە بە هەستێکی جوانی شاعیر بزانین کە هەوڵی پاراستنی ئەم هونەرانەی داوە، هەتاکو ئەوەی بە ناوهێنانیشیان بێت ئەم کارە ئەنجام بدات. دیسان ئەگەر بەوردی لەلاوك و حەیران وردبینەوەدەبینین لەسەرێکەوە پێوەندییان بە هونەری مۆسیقاوە هەیە و لەسەرێکی دیکەشەوە پێوندیان بە ئەدەبەوە هەیە، لەئەدەبەکەشدا گەلێك پێوەندی بەتینیان بەجۆرەکانی ئەدەبەوە هەیە، ئەگەر لێیان بکۆڵینەوە زۆر ڕەگەزی هونەری وەك: وێنەی شیعر و ڕووداو و بەسەرهات و دەنگی جیاواز... و شێوەکانی گێڕانەوەیان تێدا بەرچاو دەکەون.(۳٥۷)

دیسانەوە تێکەڵکردنی دنیای لاوك و حەیران بەدنیای مەقاماتەوە کارێکی تری شاعیرە لە شیعرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، چ وەك ئەوەی کە ئەم هونەرانە لەسەر چ مەقامێکەوە

(۱) زاهیر رۆژبەیانی، شیعرییەت لەدەرەوەی شیعر، بلاوکراوەی ئاراس – ژمارە(۷٥۰) ، هەولێر، ۲۰۰۸، ل ۱۱۱– ۱۱۹ .

دەگوترێن(*) یان چ وەك ئەوەی شاعیر شارەزاییانە لەگەڵ ناوی مەقامەکان تێکەڵی کردوون. ئەمەش دیاردەیێکی بەرزی جیهان بینی شاعیرمان بۆ دەردەخات کە تاچەند بە بیرێکی ئاسۆییانە لە دوارۆژی ڕوانیووە، چونکە ئەگەر لە هەردوو هونەردا وردبینەوە دەبینین کەوا "لاوك و حەیران" ئاوازن و بەشێکن لە ئاوازە ڕەسەنەکانی نەتەوەی کورد، کە ئاوازیش بن ئەوا لەرینەوەی دەنگیان تێدا دەبێت و هەست و سۆز دەگەیەنن، بۆیە پێویستە بەبێ بەربەست بخرێنە ناو چوارچێوەی زانستی و مۆسیقاوە، دیارە لە زانستی مۆسیقاشدا هەموو ئەو دەنگانەی کە لە ژێیەکانی قورگی مرۆڤەوە دەردەچن و لەرینەوە و ئاوازیان تێدا دەبێت و دەشێت بەشێوەیێکی کردار بەزمانی مۆسیقا بنوسرێتەوە.(٣٥٨)

بۆیە سافی هەستی بیستنی بە لاوك و حەیرانەوە گۆشکراوە و چێژی بیستنی بەو دەنگ و ئاوازانەوە کراوەتەوە، لەبەر ئەوەشە کە هەر زوو لەسەرەتادا ناوی بردوون. بە دووریشی نازانین شاعیر مەبەستی ئەوە بووبێت کە لەڕێگای ئەم ئاوازانەوە موتریب کەمێك لە ئێش و ئازاری دووری کەم بکاتەوە و خەیاڵ بەرەو جیهانی باڵای بەرێت و هەریەکێك لەم ئاوازانە ببێتە دڵنەواییێکی گەورە بۆ شاعیر ئارامی بەدڵی ببەخشێت.

غەمی هیجرانی تاکەی بێ صەدای نەی موطریبا سادەی

بەیات و شوور و ماهوور و قەزاز و دەستگایێ بێ    ٢٤١

شاعیر نیگەرانی خۆی لەدەست دابڕان و دەردی دووری دەردەبڕێت. بۆیە غەمی دووری دایگرتووە و داوای دەنگ و ئاوازی نەی دەکات کە هەر ئێستا بۆی لێبدەن، لێرەشدا شاعیر لەناو هەموو ئامێرەکان هانای بۆ نەی بردووە لەلاییێك لەبەر ئەوەی ئەم ئامێرە ماجەراییێکی گەورەی لەگەڵ ژیانی شاعیران بەگشتی هەیە و لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە کە چۆن نەی هاوار و شکایەت لەدەست دووری و دابڕان دەکات.(*) بۆیە تیماری دەردی شاعیر لەلای ئامێری نەیە، بەهۆی ئەو

---

(*) سەبارەت بە "لاوك" ئەوا بە شێوەییێکی زیاتر بە مەقامی "بەیات" دەگوترێت، گەرچی هەندێك جاریش، بە مەقامی حیجاز دەگوترێت، بەڵام"حەیران"، ئەوا لەسەر پەیژەی مەقامی بەیات دەگوترێت و سروشتی ئاوازەکە ڕێگە نادات بە مەقامی تر بگوترێت، چونکە ئەو تام و چێژە ڕەسەنەی کە هەیێتی لە دەستی دەدات. هەرچەندە بیستوومە کە گوایە بە مەقامی تریش گوتراوە .

(١) جەمیل سنجاوی، حەیران و چەند بۆچونێکی تر، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠، ل ٤٥ .

(*) جەلالەدین ڕۆمی دەڵێ :    بشنو از نی چون حیکایت میکند

از جداییها شکایت میکن

رنو لدین نیکلسون، مثنوی معنوی، ص ١ .

دەنگە پڕ لە سۆزەی هـەیبەتی دەتوانێت دڵ و دەروونـی شـاعیر هێـور بکاتـەوە، لـەلایێکی تـرەوە ئامێری نەی مێژوویێکی کۆن و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە ئامێری نەی لەسەر شێوازی بـۆڕی قورگی مرۆڤ دروست کـراوە. هـەر لەبـەر ئـەو هۆیـەش لـە ڕوانگـەی نەغمـەوە نـزیکترین دەنگـە لـە دەنگی مرۆڤ بچێت. بۆیە فارابی قورگی مرۆڤ بە گەورەترین ئـامێری مۆسـیقی نـاو دەبـات دەکـات، دووەمین ئامێریش بەلای ئەوەوە ئامێری نایە.(٣٥٩)

پاشـان ڕووی دەمـی لـە موتریـب دەکـات، بـەوەی تـۆش لـە ڕێگـای هەریـەك لـەو نەغمـە و ئاوازانەوە کـە مـەقامی "بـەیات" یـان شـوور کـە یەکێکـە لـە مەقامـە سـەرەکییەکان و مـەقامێکی بەربڵاوە و لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتدا بە شـێوەیێکی زۆر بـەکاردێت،(٣٦٠) یـان "مـاهوور" کـە یەکێکـە لەمەقامە سەرەکییەکان، ئەم مەقامەش بەرامبەر پەیژەی گەورەی مێجەرە، بە زۆریش پێی دەڵێن "عەجەم"، بەڵام فارسەکان بەماهوور ناوی دەبەن کە بەواتای مانگ دێت.(٣٦١) یاخود بـە "قـەزاز" کە گۆشە مەقامێکە، ئەوا دڵنەواییم بکە، چونکە هەر نەغمە و ئاوازێك کە دەردەچێت بێگومان هەر لە ڕێگای مەقامە سەرەکییەکان یان لە ڕێگای لق و پۆپەکانییەوەیە.

دەشگونجێت کەوا شاعیر لێرەدا تەنیا مەبەستی دوورییەکەی لە شوێنە ڕەسەنەکە بێت کـە خۆشەویسـتی جـوانی ڕەهـای تیادەبینێت. شـاعیریش بۆیـە هانـای بـۆ نـەی بـردووە، ڕەنگـە زۆر بەهاوخـەمێکی نزیکی خـۆی زانیبێـت بـەوەی هـەردووکیان هاوسـۆزن، سـۆزی شـاعیر بـۆ شـوێنی مەبەست و سۆزی نەیەکـەش بـۆ دارەکـەیێتی، بۆیـە هـەردەم لـە هـاوار و ناڵەیـە. یـاخود دەشـێت شـاعیر ئـامێری نـەی و سـۆزی مەقامـەکانی کردبێتـە ئامرازێـك وەك ئـەوەی بڵێـت بـەو شـتە بەرجەستەیە کە نەیە بەو سۆزەی مەقامانە بەرەو جیهانێکی ترم ڕاپێچ بکەن.

بـەبێ ئـاوازی تـۆ ئەصلا نییە چـارەی دڵی شـەیدا<br>دەخیل دەنگی صەبا و ڕاست و حیجاز و چارگا یێ بێ ٢٤١

---

(١) بهرام نفری ، اطلاعات جامع موسیقی، ص ١٢٢ .

(٢) الحاج هاشم محمد رجب، المقام العراقی، ص ١٠٥ .

(٣) بهرام نفری، اطلاعات جامع موسیقی، ص ٨٥ .

لێرەدا شاعیر زۆر بەڕوونی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو دڵە شەیدایەی ئەو بەبێ ئاواز ئۆقرە ناگرێت. بۆیە داوا لە موتریب دەکات چ بەهۆی ئامێرەکەیەوە یا بەهۆی سۆز و ئاوازی مەقامەکانییەوە بێت، ئەوا چارەی دڵی شەیدای بکات، بۆیە دەڵێ : دەخیل، واتە شاعیر جەخت دەکاتەوە کە بەڕێگای هەریەك لەمەقامەکانی "سەبا" کە بەیەکێك لە مەقامە زۆر بەکارهاتووەکانی ڕۆژهەڵاتی دەژمێرن.(٣٦٢) یان "ڕاست" کە یەکێکە لە مەقامە سەرەکییەکان بە مەقامێکی چڕو پڕ ناو دەبرێت، لەبەر ئەوەی لقێکی زۆری لێدەبێتەوە.(٣٦٣) یان "حیجاز" کە مەقامێکی سەرەکییە و یەکێکە لەو مەقامانەی کە بە شێوەیەکی زۆر لەڕۆژهەڵاتدا بەکاردەهێنرێت.(٣٦٤) یاخود "چوارگا" یەکێکە لە لقەکانی مەقامی عەجەم کە لە نەغمەی پێنجەمی مەقامی عەجەم وەردەگیرێت، ئەویش دەنگی چارگا "فا" یە، لەفارسیدا چارگا بەواتای دەنگی چوارەم دێت،ئەم مەقامەش لەمەڕاسیمی ئایینیدا زۆر بەکاردەهێنرێت.(٣٦٥) گوێچکە مۆسیقییەکەی سافی پڕ لە دەنگ و ئاوازی خۆش بکات.

ئەوەی جێگای بایەخدانە ئەوەیە کە شاعیر زۆر شارەزاییانە مامەڵەی لەگەڵ مەقامەکان و چۆنییەتی ڕیزکردنیشی کردووە، چونکە چاوی هەست و ژیری سافی لە شیعردا زۆر لەوە زیاتری بڕی کردووە، ڕەنگە ناوهێنانی ئەو مەقامانەش لە حەزی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە هەریەك لەو مەقامانە کات و ساتی خۆی و تام و چێژی خۆی و کاریگەری دەروونی خۆی هەیە. بەوەی کە هەیانە ناسکی و نەرمیەك بەدەروون دەبەخشێت، هەیانە هێز و ئازایەتی دەوروژێنێت. هەشیانە کاریگەری لەسەر جۆری حوزن و دابڕان هەیە.(٣٦٦) دەشێت ئەوە ناوی ئەو مەقامانە بن کە لەو دەوروبەرەدا ڕەنگدانەوە بووە و لە بۆنە ئاینیەکان و کۆڕ و تەکیەکاندا کاری پێ کراوە.(*) ئەم شارەزاییە بەتەنیا نادەینە پاڵ سافی، چونکە زۆربەی ئەو مورید و دەروێشانەی لەوسەردەمەدا لەگەڵ سافیدا بوونە کەم تا زۆر ئاگاداری ئەو بوارە بوونە. کەوایە هەر لە کۆنەوە

---

(١) الحاج هاشم محمد رجب، مقام العراقی، ص ١٤٣. یان ، محەمەد عومەر ئەمین، پێگەکان، ل ٢٠-٢١ .

(٢) بهرام نفری ، اطلاعات جامع موسیقی، ص ٨٥-٨٦ .

(٣) محەمەد عومەر ئەمین، پێگەکان، ل ٣٦ .

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩ .

(٥) صفی الدین الارموی، کتاب الادوار، شرح و تحقیق، الحاج هاشم محمد رجب، ص ١٥٧ .

(*) لەسەردانێکمان بۆ هیران ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە هەندێك لەو مەقامە سەرەکییانەی کە شاعیر لەشیعرەکەیدا ناوی هێنابوون، لەوێدا بەئاشکرا ڕەنگدانەوەی بەسەر بانگ و زیکرە ئایینی بیەکانەوە دیاربوو. ئەمە جگە لەوەی کە نەوەییێکیان بەناوی "دڵشاد عمر" کۆمەڵێك ئاوازی خۆشی بۆمان چڕی، بینیمان هیچ یەکێکیان خۆی لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو مەقامانەدا نەبینییەوە کە شاعیر ناوی هێناون، جگە لەوەش کۆمەڵێك کاسێتی تۆمار کراویان لەلابوو بەدەنگی مورید و دەروێشانی تەکیەی هیران، وەك : حاجی عەبدوڵلا و شێخ عەبدولکەریم... هتد بەهەمان شێوە لەمانیش هەمان شتمان ڕەچاو کرد، بەڵام بەزیاتر بەکارهێنانی ژمارەی مەقامەکان بە بەراورد لەگەڵ نەوەکەیدا.

زۆربەی ئەو مورید و دەروێشانەی لەژێر دەستی شارەزایان فێری ئەم سەنعەتە بوون و ئەگەر کەسێکیش مەقام خوێن نەبووایە، لەخۆی ڕانەدەدیت لەم کۆڕ و مەجلیسانەدا شوێنی خۆی بکاتەوە.

سەرەڕای ئەوەش هەریەکێکیان لەوتنی مەقامدا هەوڵیداوە کە ڕەچاوی دەستووری مەقام بکەن و جگە لە بەپیرۆز زانینی کارەکەیان، ویستوێتی بۆ ئامادەبوان بسەلمێنێت کە لە دەنگ و مەقام گۆڕین و چینە جۆربەجۆرەکانی دەنگ و ... هتد لەویتریان شارەزا و بلیمەتترە.

لەپاش مردن "وەصییەت" بێ لە جێیی یاسین و تەلقینم
صەدای دیوان و عورفا و دەنگی کورد و قۆریایێ بێ ٢٤٢

سافی لێرەدا ئەوەندە تێکەڵی دنیای نەغمە و ئاوازەکان بووە حەزی بۆی گەیشتۆتە ئەوەی کە لە جێگای تەلقین دەنگ و ئاوازی هەریەك لە مەقامەکانی وەك: "دیوان" کە مەبەست لێی مەقام حیجاز دیوانە. ئەمەش لە کاتێکدا وای پێدەڵێن، ئەگەر هاتوو ئەو مەقامی حیجازە وەك بناغەیێك ئاوازەکانی لەسەر بنیات دەنرێت، دەنگی هەشتەمیش وەربگرێت کە دووبارەی دەنگی یەکەمە و دەبێتە دەنگێکی بڵند بۆی، ئەم هەشت دەنگەش لە عەرەبیدا "دیوان" ی پێدەڵێن. یان "عورفا" هەر مەقامی بەیاتە کە ئێستا زیاتر بە ئورفا ناودەبرێت. یان "کورد" مەبەست لێی مەقامی کوردە، دەشێت سافی تاکە شاعیری سەردەمی خۆی بێت کە ناوی مەقام کوردی هێنابێت، ئەوەش بۆ شارەزایی و وردبینی شاعیر دەگەڕێتەوە. ئەم مەقامەش مۆرك و ڕۆحیەتێکی کوردی هەیە لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیدا جێگاییێکی ناسکی گرتووە. گومانیش نابەین بێگایەنێکی وا دڵسۆز بە کورد هەڵکەوتبێت و لەبەر چاوی کاڵی کورد ئەو مەقامەی ناو نابێت "کورد" یان زۆر لە ئەقڵەوە دوورە کەبێگانەیێك ئەم کارە بکات، بۆیە لە هەندێك سەرچاوەش ئەم مەقامە بە مەقامی سەرەکی ناوبراوە.(٣٦٧) یاخود "قۆریات" کە هونەرێکە هەر لە کۆنەوە چەشنی ئاوێنەیێکی ئەدەبی توانیوێتی زۆر وێنەی کۆمەڵاییێتی و خۆشەویستی و کەساسی و دەربەدەری و ئاوارەیی و باری ڕامیاری بەدەربخات. ئەم هونەرەش بەزۆر مەقام دەوترێت لە ئاهەنگی تایبەتی نێو ماڵان "ئەگلەنجە" لە شایی و سەیران و لە مەولوود و شەوانی بۆنە ئایینییەکان، لەکاتی لاواندنەوە و شینی مردوواندا و ... هتد.

---

(١) ئامانج غازی، هارمۆنیای دەنگ و میلۆدی کوردی، ل ١٨ . یان ، عثمان شارباژێری، لێدوانێکی کورت لە مەقام و مۆسیقای کوردی، ل ٧-٨ .

هەرچەندە قۆریات لە هەندێك سەرچاوەدا بە هی تورکمانی دەزانن، بەڵام لە هەندێکیشیان بە هی ئەوانی نازانن بەوەی هەر لەکۆنەوە زۆربەی هەرە زۆری قۆریات بێژان کورد بوونە[٣٦٨]. ئەوا هەموو ئەو نەغمە و ئاوازانە بە گوێچکەیدا بدەن، چونکە پێی وایە ئەو تا لە سەر دنیادا بووە بە عیشق و تاسەوە گوێی لێ گرتووە و بە چاوێکی بەرز و پیرۆز لە زۆربەی بۆنە و دانیشتنەکانی کەڵکی لێ وەرگرتووە بە تایبەتی لەو کاتەی کە سۆزی خۆشەویستی بۆ یار هەڵساوە. بەهۆیەوە نزیك بونەوەییێکی ڕۆحی لەنێوانیاندا ڕوویداوە، دەشگونجێت شاعیر وەك سکالاییێك ئەمەی کردبێت، چونکە گوێچکەی مۆسیقی ئەو شتی نەشازی قبوڵ نەکردووە کە ڕەنگە ئەم مەراسیمی تەلقین و کفن و دفنەش لەو کاتەدا بە شێوەییێکی کرچ و کاڵ بەڕێ کرابێت کە ببێتە هۆی ئەوەی سکاڵا بەرامبەر ئەم حاڵەتە دەر ببڕێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین: بەشێوەییێکی گشتی تام و چێژی لە دەنگی خۆش وەرگرتووە جا ئەو دەنگە لە قوڕگێکی ساغی مۆسیقییەوە بێت کە توانای ئەوەی بووبێت بەشێوەییێکی وەستایانە ئەدای ئاوازەکانی کردبێت و ئاگاداری بەرزی و نزمی ئاوازەکە و چۆنێتی وتنەکانی بووبێت، یاخود ئەو ڕەنگە لەدەست و پەنجەی دەف ژەنە دەروێشەکانەوە بەر گوێیان خستبێت، چونکە دەروێشان شیعرەکانی سافیان بەدەفەوە دەخوێندەوە.[٣٦٩] لێرەشدا ڕیتمی دەف و ڕیتمی شیعرەکانی ئاوێتەی یەکتر دەبوون و ئەوەندەی تر شیعرەکانی شاعیریان جوان و ڕازاوەتر دەکرد.

بۆیە لێرەدا بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەییێکی دروست بۆچوونەکانمان هەڵسەنگێنین و بەنموونەوە کاریگەری مۆسیقا و شیعر بەسەریەکەوە بیخەینەڕوو، وا پێویستە کە لەپێشدا هەندێك بابەتی ڕووتی مۆسیقایی وەك: ڕیتمی ئاوازەکە و جۆری ئاوازەکە...هتد. ڕوونبکەینەوە کە بۆ شیکردنەوەی شیعرەکەش بایەخێکی زۆریان دەبێت بەتایبەتیش لەبارەی ئەوەی کە کورتی و درێژی بڕگەی شیعری کار لە بنچینەی ڕیتمی مۆسیقا دەکات.

"سروود فوئاد" ڕای وایە و دەڵێ: هیچ کاتێك بڕگەی شیعری کار لە بنچینەی ڕیتم (ترپەی بەهێز و ترپەی بێهێز) ناکات، تەنیا لە ترپەگۆڕکێ (سینکۆب)دا نەبێت، کە ئەم تەکنیکە تەنیا دانەری موزیکی بەکاری دەهێنێت بەتایبەتی لەموزیکی ئەوروپاییدا، دەتوانین بڵێین: ئەم تەکنیکە زۆر بەدەگمەن لەگۆرانی و موزیکی کوردیدا بەکاردێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر دەستکاری بنچینەی ڕیتمی موزیکیمان کرد، ئەوا کار لە بڕگە شیعرییەکان دەکات. کەوایە ئەگەر بپرسین ئایا ئەو کاریگەرییانە چین کار لەگۆڕینی کورتی و درێژی هەریەك لەبڕگەی شیعری و نۆتەی موزیکی

---

(١) بڕوانە، عثمان سەربەست، قۆریات و هونەری میللی، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٧٧) ، ل ٣٥-٣٩ .

(٢) عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، "هەژار" چێشتی مجێور، چاپخانەی؟ ، پاریس، ١٩٩٧، ل ٤٣٧ .

دەکات، کەوایە بەگوێرەی ئەو شتانەی کە تێبینی دەکرێت، لە چەند خاڵێکدا کۆدەبێتەوە، کە ئەمانەن:

١ـ ئاوازی گۆرانیەکە: واتە ئاوازدانەر کاتێك شیعرێك هەڵدەبژێرێت و کاری موزیکی لەسەر دەکات لەمیانەی دابەشکردنی بڕگە شیعرییەکان بەسەر نۆتە موزیکییەکان، ئەوا دانەر بەئارەزووی خۆی "لەچوارچێوەی ڕەوتێکی نەگۆڕی ڕیتم" کورتی و درێژی بڕگەکان دەستنیشان دەکات. ئەم حاڵەتەش زۆرە، بۆیە زۆرجار تێبینی ئەوە دەکەین شیعرێك زیاتر لە ئاوازێکی بۆ دانراوە، لە هەر ئاوازێکیش کورتی و درێژی بڕگەکانی جیاوازن.

٢ـ ڕیتمی موزیکی ئاوازەکە: لێرەدا دوو نموونە بەکاردێنین بۆ شیکردنەوەی ئەم خاڵە، نموونەی یەکەم بریتییە لە نۆتەی گۆرانی (ئەی موطریبی حەریفان) بە ڕیتمە سەرەکییەکەی خۆی کە (١٠/١٦ جۆرجینا) یە، نموونەی دووەم گریمان تەنیا وەك نموونەیێك ڕیتمی (٧/٨ گەڕیان) بێت. پاش سەرنجدان و شیکردنەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر شیعرێك بۆ دوو ئاوازی ڕیتم جیا دابنرێت، ئەوا کورتی و درێژی بڕگە شیعرییەکان لەکاتی ئەداکردندا دەگۆڕێت بۆ نموونە: لە نموونەی ژمارە (١) و (٢) سەیری مازوورەی(*) یەکەم بکە لەهەردوو نمونەکە دەبینین کە بڕگەی **(ئەی)** دەبڵ کرۆشە، **(مط)** کرۆشە، **(ڕی)** کرۆشە، **(بی)** کرۆشی خاڵداره لە ڕیتمی جۆرجینەدا واتە نمونەی ژمارە (١)، بەڵام بڕگەی **(ئەی)** نواڕە، **(مط)** کرۆشە، **(ری)** نواڕە ، **(بی)** نواڕە، وەك نمونەی ژمارە (٢).

کەواتە بەراوردەکەمان بەم شێوەیە: بە ڕیتمی (١٠/١٦) **(ئەی)** یەك چارەکە ترپەیە، بەڵام بە ڕیتمی (٧/٨) یەك ترپەی تەواوە، و **(مط)** نیو ترپەیە بەڕێکەوت یەکسانن، **(ڕیٚ)** لە (١٠/١٦) نیو ترپەیە، لە (٧/٨) یەك ترپەی تەواوە، **(بی)** لە (١٠/١٦) سێ چارەکە ترپەیە، لە (٧/٨) یەك ترپەی تەواوە، کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی ڕیتم دەبێتە هۆی جیاوازی کورتی و دڕژی بڕگەی شیعری لەکاتی ئەداکردنی گۆرانیدا.

---

(*) واتە (بار یان خانە) کەوتۆتە نێوان دوو هێل کە نۆتەی موزیکی تێدا دەنوسرێتەوە:



٣ـ ئەدای گۆرانی بێژ: زۆرجار دەبینین گۆرانییەك زیاتر لە گۆرانی بێژێك دەیڵێت، دەبینین جیاوازی هەیە لە درێژکردنەوە و کورتکردنەوەی بڕگە شیعریەکاندا، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ئەداکردنی ئەو گۆرانیبێژە، لێرەدا بەراوردێك دەکەین لە نێوان نموونە (١) و (٣) لە مازوورە ژمارە (٧) ، زۆر بەڕوونی دیارە کە گۆرانیبێژی نموونە (١) ئەم چوار بڕگەیەی دابەشی سەر هەشت نۆتە کردووە و گۆرانیبێژی نموونە (٣) چوار بڕگەی دابەشی سەر پێنج نۆتە کردووە، هەروەها بڕگەی یەکەم لە نموونە (١) سێ چارەکە ترپەیە ، لە نموونە (٣) نیو ترپەیە. جا بۆیە دەتوانین بڵێین ئەدای گۆرانیبێژ کاردەکاتە سەر درێژکردنەوە و کورتکردنەوەی بڕگە شیعریەکان.

نموونە ژمارە(١) مەقام : حیجاز

ئـەی موطـریبی حـەریفان



نموونە ژمارە(٢)

تەنیا وەك گریمانێك



نموونە ژمارە(٣)



(ناوی *بابەتێکی تریش هەیە وا پێویستە باسی بکەین ئەویش وەستانە لەمۆسیقادا کە بە (پشوو) دەبرێت، بۆیە زۆرجار ڕستە مۆسیقییەکان لە دوو دەستەواژەی مۆسیقا یان زیاتر پێکدێت، یان زیاتر پێکدێت، لەنێوان ئەم دەستەواژانەش زۆرجار وەستانێك هەیە کە لە یەك ترپە ( ) بڕوانە مازووڕە (٥) و (٩) لە نموونە (٤):

<u>نموونە ژمارە (٤)</u> مەقام: بەیات

**ئەو پەرچەم و ئەگریجە**



کەوایە وەستانە شیعرییەکە کاریگەری بەسەر وەستانە مۆسیقییەکە بووە و دەبینین لەهەردوو نموونەی ژمارە(١) و (٢) دا یەکسان وەستاون. بۆیە دەتوانین بڵێین کاریگەری مۆسیقا بەسەر شیعر و شیعریش بەسەر مۆسیقا وەك تەواوکەرێکی یەکتر بەئاشکرا دەردەکەوێت.

---

(*) پشوو: واتە وەستان لەمۆسیقادا بۆ نموونە نیشانەی ( ) پشووی نوارە، واتە بێدەنگی بۆ ماوەی یەك ترپە یان یەك لێدە.

# ئــه نجــام

## ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

١. چەمکی ڕیتم بە شێوەیێکی گشتی چەمکێکی گەورە و فراوانە، بەتایبەتیش لە چەمکی شیعردا کە لە ڕوانگەیێکی ڕەخنەیی نوێوە تێیدەڕواندرێت، بەوەی کە لە جغزی کێش و سەروا و ئاستی بیستراوی شیعر دەربازی دەکات، چونکە ڕیتمی بیستراوی تریش لە ڕیتمی پیتەکان و سەرواسازی ناوەوە پەیدا دەبێت.

٢. ڕیتم ڕۆلێکی گرنگ و بەرچاوی لە هونەر و ئەدەبدا بە گشتی و شیعر بە تایبەتیدا هەیە، چونکە ڕیتم خەسڵەتی هاوبەشی نێوان هەموو هونەرەکانە و ڕەگەزێکی گرنگ و سەرەکی شیعر و مۆسیقایە.

٣. دیاردەیێکی کێشی شیعرەکانی ئەوەیە شاعیر دوو کێشی عەرووزی لەیەك شیعردا تێکەڵ کردووە، بێ ئەوەی ساتمەیێك لە ڕیتمی شیعرەکەدا بکەین. ئەمەش لەوکاتانە بووە کە ڕیتم و ئاوازی شیعرەکەی پێش واتاکەی هەڵقولابێت.

٤. سافی هەوڵیداوە سەرواکانی بە وەزیفە دەلالییەکان دەوڵەمەند بکات و بیکاتە بنیاتێکی سەرەکی بۆی.

٥. سافی بۆ تەعبیرکردن لەبارە دەروونییە جیاوازەکان و هەستە دیارەکانی، ئەوا دووبارەکردنەوەی بەشێوەیێکی زۆر بەکارهێناوە. بۆیە زۆربەی جۆرەکانی دووبارەکردنەوە وەك: "دەنگ، وشە، دەستەواژە، ڕستە" لەشیعرەکانیدا بەدیدەکرێت.

٦. مۆسیقا لە کۆڕ و حەڵقەی زیکر و جەزبەی سۆفییەکان جیانەبۆتەوە، هەربۆیە لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری جیانابێتەوە. شیعری سافیش بەشێکی سەر بە ئەدەبی سۆفیگەریە و مۆسیقا بـە تەواوی باڵی بەسەردا کێشاوە.

٧. سـافـی ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە نـاوی زاراوە و ئامێرە مۆسیقاییەکان و ناوەکانی پێوەست بە مۆسیقا داوە، تەوزیفی کردوون و هەریێکەیان وەسفێکی لە پلەی کارتێکردن و هەژاندنی داونەتێ و بەمەبەستی تایبەتیش بەکاری هێناون. ئەمەش شارەزایی ئەو لەبواری مۆسیقادا دەردەخات.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

## یەکەم: بەزمانی کوردی:

### أـ کتێب:


١. ئازاد احمد محمود(د)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ١٩٨٥ ـ ٢٠٠٥، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠٠٩.

٢. ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

٣. ئامانج غازی، هارمۆنیـای دەنگ و میلۆدی کوردی، زنجیرە کتێبی کەلەپووری دەزگـای موزیك و کەلەپوری کورد، ژمارە(١٧)، چاپخانەی دارا، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤. ئەرستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە، عزیز گەردی(د)، چاپخانەی ڕەنج، ٢٠٠٤.

٥. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، بەرهەمە زمانەوانییەکان، بەرگی یەکەم "کتێب و نامیلکە"، چاپخانەی ئاراس، سلێمانی ، ٢٠٠٢.

٦. ئیدریس عەبدوڵڵا، جوانکاری لە ئەدەبی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، هەولێر، ٢٠٠١.

٧. ئیمۆجن هاڵسن، وەرگێڕانی، ع. ج.سەگرمە، چاپی ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥.

٨. باراشکیف خادجییف، وەرگێڕانی، توانا خورشید، هارمۆنی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٩. پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٠. پەرێز سابیر(د)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێـکردنەوەی شیعر، دەزگـای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

١١. جەمیل سنجاوی، حەیران و چەند بۆچونێکی تر، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٠.

١٢. جەمیلە جەلیل، گۆرانیە میللییەکانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

١٣. حەمەنوری عومەر کاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.

١٤. حسێن محەمەد عەزیز، یاقووت و زمرووتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، سلێمانی، ٢٠٠٣.

١٥. دلشاد علی(د)، بنیادی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ١٩٩٨.
١٦. دلێر ابراهیم، تیۆری مۆسیقا، چاپی ٢، چاپخانەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٣.
١٧. دیاری قەرەداغی، ئاستەنگەکانی بەردەم هونەری گۆرانی و موزیکی کوردی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٨. دیاری قەرەداغی، ئەو وتارانەی لە هونەر دەدوێن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٩. رەفیق حلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی٢، چاپخانەی(التعلیم العالي)، هەولێر، ١٩٨٨ .
٢٠. زاهیر ڕۆژبەیانی، شیعرییەت لە دەرەوی شیعر، بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ ژمارە(٧٥٠)، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢١. ستاری پیرداودی، خوێندنەوەی میتافۆر، چاپی ٢، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠١٠.
٢٢. سەلاح ڕەئووف، تیۆرەکانی موزیك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٣. صافی (دیوان)، گیوی موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٥.
٢٤. صافی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی، محمدی مەلا مصطفی هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
٢٥. صافی (دیوان)، محسن دزەیی، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٥٣.
٢٦. طاهر احمد حویزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، (مطبعة منیر)، بغداد، ؟.
٢٧. طاهر توفیق، ئاوازی بە جۆش "گۆرانی فۆلکلۆری کوردی"، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٨.
٢٨. ع. ج. سەگرمە، لاپەڕەیەك لەبنەماکانی موزیکی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢٩. عبدالرزاق بیمار ، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، (دار الحریة) للطباعة، بغداد، ١٩٩٢.
٣٠. عبدالکریمی مدرس، بدیع و عەروزی نامی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بغداد، ١٩٩١.
٣١. عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی "هەژار"، چێشتی مجێور، چاپخانەی ؟، پاریس، ١٩٩٧.
٣٢. عەبدولرەزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس ـ ژمارە (٤٨٣)، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣٣. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا(د)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی ڕێزمانییەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣٤. عەبدوڵڵا خدر مەلوود، الا يا ايها الساقی و دەبابەتی تر" لێکۆڵینەوەی ئەدەبی"، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠١.
٣٥. عەبدوڵڵا خدر مەولوود(د)، عەروز یا کێشناسی، چاپخانەی پاك، هەولێر، ٢٠١٠.
٣٦. عەبدوڵڵا خدر مەولوود، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤.
٣٧. عەبدولوەهاب خالید موسا، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.
٣٨. عەزیز گەردی، ڕابەری کێشی کلاسیکی کوردی، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٣٩. عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی دووەم "جوانکاری"، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥.
٤٠. عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩.
٤١. عەزیز گەردی، سەروا، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩.
٤٢. عەلی ئەسغەر نەسروڵڵا پوور، وەرگێڕانی، ستار کەریم، ئامێری موزیکی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
٤٣. عثمان شارباژێری، لێدوانێکی کورت لەمەقام و مۆسیقای کورد، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلیمانی، ١٩٧٢.
٤٤. علاء الدين سجادی، خۆشخوانی، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدين، ؟، ١٩٨٦.
٤٥. علاء الدين سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٩.
٤٦. غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، چاپخانەی ( الاديب البغدادی)، بغداد، ١٩٨٤.
٤٧. فواد رەشید، دەقی ئەدەبی" ئەدگار.چێژ.بەها "، بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژمارە(٦١٩)، هەولێر، ٢٠٠٧.
٤٨. کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتی دا، چاپخانەی (حسام)، بغداد، ١٩٨٢.
٤٩. مارف خەزنەدار(د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، بڵاوکراوەی ئاراس (٣٦٥)، هەولێر، ٢٠٠٥.
٥٠. مەحمود زامدار، لەبانێژەی شیعرەوە ـ بیروڕا و سەرنج، کۆمەڵەی ڕۆشەنبیری کوردی(٥)، (مطبعة جريدة العراق)، ١٩٨١.
٥١. مەلا عەبدولکەریمی مدرس، بەدیع و عەروزی نامی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغداد، ١٩٩١.

٥٢. محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.
٥٣. محەمەد عومەر ئەمین، پێگەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵات، چاپخانەی هیوا، ڕانیە، ٢٠٠٩.
٥٤. محمد بکر(د)، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٥٥. معروف خزنەدار، کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی وەفا، بغداد، ١٩٦٢.
٥٦. ناسح بهرام بەگی، میتۆدی فێربوونی ئامێری نایە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٠٩.
٥٧. نعمت الله حامد نهێلی، شێوازگەری تیۆر و پڕاکتیك، چاپخانەی حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٥٨. وریا عومەر ئەمین(پ)، ئاسۆیەکی تری زمانەوایی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٥٩. ولیەم لوفلەك، وەرگێڕانی، ع.ج.سەگرمە، چاپخانەی داناس، سلیمانی، ٢٠٠٠.
٦٠. هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە، حمید عزیز، چاپی دووەم، چاپخانەی چوار چرا، سلیمانی، ٢٠٠٥.
٦١. هێمن عمر ئەحمەد خۆشناو، شیعرییەت لە کۆ چیرۆکی" نامەکانی ژاکۆن" ی "جەبار جمال غریب" دا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
٦٢. یاسرێ حەسەنی ، بنیاتێ ڕیتمی د شعرا نوویا کوردی دا"دەڤەرا بەهدینان ١٩٧٠-١٩٩١"، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٦٣. یاسین عومەر و شێرکۆ بێکەس، چەمکێك هەڤپەیڤین" ئەزمون " ١٩٨٥-٢٠٠٠"، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

**ب ـ گۆڤار:**

٦٤. ئازاد دلزاد، ڕیتم و خاڵبەندی لە شیعر و مۆسیقادا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٥)، ١٩٩٨.
٦٥. ئەنوەر قەرەداغی، ئیقاع و ژیان، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٦٤)، ١٩٨٨.
٦٦. ئەنوەر قەرەداغی، سەرەتایەك بۆ مەقامە کوردییەکان، گۆڤاری چلاواز، ژمارە(٤١)، ٢٠٠٩.
٦٧. ئیحسان فوئاد(د)، دوو کێشی عەرووزی لەشیعری کوردی تازەدا، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژمار(١٥)، ١٩٧٢.

٦٨. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، ئەحمەدی خانی و زانستی عەرووز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٧)، ٢٠٠٧.

٦٩. باکوری، پێوەندی نێوان مۆسیقا و ئەدەب، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١٢)، هەولێر، ١٩٩٧.

٧٠. حمید عزیز، ئەدەب و هونەر لەلای ئەرەستۆ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(٦٥)، ١٩٧٨.

٧١. رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتییەکانی کورد، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە(٨١)، ١٩٨٠.

٧٢. شاهۆ سەعید ڕیتم لەنێوان شیعر و موزیکدا، گۆڤاری ئاینده، ژمارە(٥٠– ٥١)، ٢٠٠٠.

٧٣. صەلاح رەوف، تیۆرەکانی مۆسیقا، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٥٣)، ١٩٨٧.

٧٤. صلاح رؤوف، تیۆرەکانی مۆسیقا، گۆڤاری کاروان، ژمار (٤٥)، ١٩٨٦.

٧٥. عەبدولرەزاق بیمار، سێ کێشی عەرووز لە هەڵبەستی کوردیدا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١١٠)، ١٩٨٦ .

٧٦. عەبدوڵلا خدر مەولود، کێشی شیعری دیوانی حەمدی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٧)، ١٩٩٧.

٧٧. عثمان سەربەست، قۆریات و هونەری میللی، گۆڤاری بەیان، ژمارە(٧٧)، ١٩٧٩.

٧٨. کەریم دەشتی، "موزیك، دەنگ، رۆح" گۆڤاری چلاواز، ژمارە(٥٦)، ٢٠١٠.

٧٩. لوقمان ڕەئووف، ڕەدیف لە شیعری کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٦١)، ٢٠٠١ .

٨٠. محمەدی مەلا مستەفا،"صافی"ی هێرانی و دیوانەکەی، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٢١)، ١٩٨٤.

٨١. نایف محەمەد ئەحمەد، ئایا گوتن و "ئەدا" کردنی مەقام بەزمانی نۆتە دەنووسرێتەوە؟، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٢٠)، ١٩٩٨.

٨٢. نزار سابیر، گەشت لەگەڵ دوو کێشی عەرووزدا بەناو گوڵزاری شیعری کوردیدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە(٧٥)، ١٩٨٩ .

٨٣. وریا ئەحمەد، مەقام، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٢٣)، ١٩٨٩.

٨٤. وشیار ئەحمەد ئەسوەد، جوگرافیای مەقامە کوردییەکان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٤٧)، ٢٠٠٠.

**پ ـ ڕۆژنامە:**

٨٥. احسان فواد(د)، ئەدەب و ڕەگەزەکانی ئەدەب، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(٦٠٥)،١٩٨١.

٨٦. ئازاد عەبدوالواحد، هونەری شیعر خوێندنەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(٤٧٢)، ١٩٧٩.

٨٧. کارۆخ خۆشناو، شیعر لەنێوان " کێشی مۆسیقی" و "بەمۆسیقابوون"دا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە(٨٤)، ١٩٩٨.
٨٨. م . نوری، ادبیات کوردی، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە(٢٧)، ١٩٢٦.
٨٩. نایف محەمەد، تیشێك لەمەڕ گەوهەرەشاراوەکانی مەقام زانی گەورەی کورد عەلی مەردان، ڕۆژنامەی برایەتی " ئەدەب و هونەر"، ژمارە(٨٨)، ١٩٩٨.
٩٠. وشیار ئەحمەد ئەسوەد، قەیرانی مەقام و مەقام بێژی، ڕۆژنامەی برایەتی"ئەدەب و هونەر"، ژمارە(٧٥)، ١٩٩٨.

**ت ـ فەرهەنگ:**

٩١. تالیب حسێن علی(د)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی(٢٨)، هەولێر، ٢٠٠٥.
٩٢. محمد نوری عارف، فەرهەنگی دیوانی شاعیران"نالی سالم کوردی"، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس ـ ژمارە(٨٦٤)، هەولێر، ٢٠٠٩.

**ج ـ نامەی ئەکادیمی:**

٩٣. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، سافی ژیان و بەرهەمی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٣.
٩٤. صافیەمحەمەد ئەحمەد، شێوازی شیعرە کوردییەکانی پیربالْ مەحموود، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩.
٩٥. هیوا نورالدین عزیز، بنیادی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی عبدالله بەگی مصباح الدیوان (ئەدەب) دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی:

**أـ کتێب:**

٩٦. ا.دانهاوزير، نظرية الموسيقا، ترجمة، محمد رشاد بدران، مكتبة نهضة مصر، فجالة ـ مصر، ؟.
٩٧. ابراهيم انيس(د)، الاصوات اللغوية، مكتب الانجلو المصرية، مصر، ٢٠٠٧.
٩٨. ابراهيم انيس(د)، من اسرار اللغة، طبعة ٨، مكتبة انجلو المصرية، القاهرة، ٢٠٠٣.
٩٩. ابراهيم انيس(د)، موسيقى الشعر، طبعة ٥ ، مكتبة الانجلو مصرية، مصر، ١٩٧٨.
١٠٠. ابن سينا، جوامع علم الموسيقا "من كتاب شفاء"، تحقيق، زكريا يوسف، مطبعة الاميرية، القاهرة، ١٩٥٦.
١٠١. ابو السعود سلامة ابو السعود، الايقاع في الشعر العربي، دار وفاء، الاسكندرية، ٢٠٠٣.
١٠٢. ابى عثمان عمرو بن بحر الحاحظ (١٥٠– ٢٥٥)، البيان و التبين، تحقيق و شرح عبدالسلام محمد هارون، جزء الاول، طبعة ٥ ، مطبعة المدني، القاهرة، ١٩٨٥.
١٠٣. ابى نصر محمد بن محمد بن طرخان الفارابي، المتوفي ٣٢٩ هجرى ، تحقيق غطاس عبدالملك خشبه، دار الكاتب العربى، القاهرة، ؟.
١٠٤. احمد رجائي(د)، اوزان الالحان باللغة العروض و توائم من القريض، دار الفكر للطباعة و التوزيع و النشر، سوريا، ١٩٩٩.
١٠٥. احمد سليمان ياقوت(د)، التسهيل في علم الخليل، دار المعرفة الجامعية، مصر، ١٩٩٩.
١٠٦. احمد مختار عمر(د)، دراسة الصوت اللغوى، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٧٦.
١٠٧. احمد مطلوب و حسن البصيري، البلاغة و التطبيق، دار الكتب للطباعة و النشر، موصل، ١٩٨٢.
١٠٨. احمد مطلوب(د)، بلاغة العربية "المعاني و البيان و البديع"، وزارة التعليم العالى و البحث العلمي، العراق، ١٩٨٠.
١٠٩. اسامة اديب المتني، دراسات في علم الايقاع، دار علاءالدين للنشر، سوريا، ٢٠٠٨.
١١٠. اسعد محمد على، بين الادب و الموسيقا "صور و التنوع و الاداء"، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٩.
١١١. الحاج هاشم محمد رجب، المقام العراقي، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦١.
١١٢. الخطيب التبريزى، كتاب الكافي في العروض و القوافى، تحقيق، الحساني حسن عبدالله، طبعة٣، الناشر مكتبة الخانجى، القاهرة، ١٩٩٤.
١١٣. السيد احمد الهاشمي، جوهر البلاغة، علق عليه و دققه، سليمان الصالح(د)، دار المعرفة، بيروت – لبنان، ٢٠٠٥.

١١٤.السيد احمد الهاشمي، جوهر البلاغة، قرأه وقدم له، يحي مراد، مؤسسة مختار للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٥.

١١٥.الشيخ المعروف النودى، الجوانب البلاغية، دراسة و تحليل رؤوف عثمان، مطبعة بابان، السليمانية، ٢٠٠١.

١١٦.برويز ناتل خانلرى(د)، حول وزن الشعر، ترجمة و دراسة، محمد محمد يونس(د)، مجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٣.

١١٧.بيتر لاد فوجد، عناصر صوتيات موجات الكلام، ترجمة، محمد العناني(د)، دار جرير للنشر، الاردن، ٢٠٠٩.

١١٨.جابر العصفور(د)، مفهوم الشعر، الطبعة ٥، مطابع الهيئة المصرية العامة، مصر، ١٩٩٥.

١١٩.جلال الدين محمد بن عبدالرحمن القزوينى، (٧٣٩هـ – ١٣٣٨م)، الايضاح في العلوم البلاغة، قدم له وبوبه و شرحه، على بو ملحم(د)، دار المكتبة هلال، بيروت – لبنان، ٢٠٠٠.

١٢٠. جلوريا.ج بوردن(د) و كاترين س. هاوس و لورنس ج.رافائيل، اساسيات علم الكلام، ترجمة، محى الدين حميدى، دار المدى للثقافة و النشر، دمشق– سوريا، ١٩٩٨.

١٢١.حبيب ظاهر العباس، نظريات الموسيقى العربية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٦.

١٢٢.حسن الغرفي، البنية الايقاعية في الشعر حميد سعيد، دار الشؤون الثقافة العامة، ؟، ١٩٨٩.

١٢٣.حسن محمد نورالدين(د)، العقد البديع في الفن البديع، دار الواسم، ؟، ٢٠٠٠.

١٢٤.حيدر عبدالمجيد مؤمنى، الصوتيات و الستوديبات الاذاعية، دار التنوير العلمى للنشر، الاردن، ١٩٩١.

١٢٥.خالدة سعيد(د)، حركية ابداع "دراسات في ادب العربي الحديث"، طبعة ٢ ، دار عودة، بيروت، ١٩٨٢.

١٢٦.خلدون ابو الهجاء(د)، فيزياء الصوت اللغوى و وضحه لاسمعى، عالم الكتب الحديث، عمان، ٢٠٠٦.

١٢٧.رجاء العيد(د)، الشعر و النغم، دار الثقافة للطباعة و النشر، قاهرة، ١٩٧٥.

١٢٨.روز غريب، تمهيد في النقد الحديث، دار المكشوف، بيروت – لبنان، ١٩٧١ .

١٢٩.سامي الشوّا، القواعد الفنية في الموسيقى الشرقية والغربية، مطبعة جبرائيل ف. جبري و ولده، مصر، ؟ .

١٣٠.سليم الحلو، الموسيقى النظرية، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٦٢.

١٣١.سيد شحاته(د)، علم الجمال موسيقا، مطابع الاهرام التجارية، مصر، ٢٠٠٦.

١٣٢.شكرى محمد عياد(د)، موسيقا الشعر العربي، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٦٨.

١٣٣.شوقي ضيف(د)، الادب و النقد، دار المعارف، القاهرة، ١٩٩٩ .

١٣٤.شوقي ضيف(د)، الفن و المذاهبه في الشعر العربي، طبعة ١٣، دار المعارف، القاهرة، ؟.
١٣٥.صبحي انور رشيد(د)، تاريخ الموسيقى العربية"السلم الموسيقى - الايقاع - الآلات"، الجزء الاول، مؤسسة باڤاريا للنشر والاعلام، المانيا الاتحادية، ٢٠٠٠.
١٣٦.صبحي انور رشيد(د)، الآلات الموسيقية في العصور الاسلامية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٥.
١٣٧.صفاء خلوصي(د)، فن التقطيع الشعر و القافية، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧.
١٣٨.صفي الدين عبدالمؤمن الارموي البغدادي، كتاب الادوار، شرح و تحقيق، الحج محمد رجب، دار الرشيد للنشر، ١٩٨٠.
١٣٩.طارق حسون فريد(د)، تاريخ الفنون الموسيقية، جزء الاول، ؟ ، بغداد، ١٩٩٠.
١٤٠.عبدالحكيم عبدون، الموسيقا الشافية للبحوث الصافية، العربي للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠١.
١٤١. عبدالرحمن تبرماسين(د)، العروض و ايقاع الشعر العربي، دار الفجر للنشر و التوزيع، قاهرة، ٢٠٠٣.
١٤٢.عبدالله محمد الغزامى(د)، الصوت القديم الجيد، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ؟ ،١٩٨٧.
١٤٣.على الشوك، الموسيقا الاليكترونية، منشورات وزارة الثقافة و الفنون، العراق، ١٩٧٨.
١٤٤.على يونس(د)، دراسات عروضية، دار غريب للطباعة والنشر والوزيع، القاهرة، ٢٠٠٥.
١٤٥.على يونس، النقد الادبي و قضايا الشكل الموسيقا في الشعر الحديث، هيئة المصرية العامة، مصر، ١٩٨٥.
١٤٦.قاسم البرسيم(د)، منهج النقد الصوتي في تحليل خطاب الشعري، دار الكنوز الادبية، ؟ ، ٢٠٠٠.
١٤٧.كمال ابو ديب(د)، في البنية ايقاعية الشعر العربي، طبعة ٣ ، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٧.
١٤٨.لاسل ابر كرومبي، قواعد النقد الادبي، ترجمة، محمد عوض محمد، طبعة ٢، بغداد، ١٩٨٦.
١٤٩.ماسيل دوبرى، ترجمة الاب فليب هيلايى، تحليل التوافق الصوتي " هارمونى"، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٩٠.
١٥٠. محجوب موسى، الميزان، الناشر مكتبة مدبولى، القاهرة، ١٩٩٧.
١٥١. محمد ابو شارب و احمد المصري، قطوف بلاغية، دار الوفاء للدنيا الطابعة و النشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦.
١٥٢. محمد حماسة عبدالطيف(د)، البناء العروض في القصيدة العربية، دار الشروق، القاهرة - بيروت، ١٩٩٩.

١٥٣.محمد راتب النابلسي، موسوعة اسماء الله الحسنى، جزء الاول، الطبعة الخامسة، دار المكتبي، سورية، ٢٠٠٧.

١٥٤.محمد زغلول سلام، النقد العربي الحديث، الناشر منشاة المعارف بالاسكندرية، القاهرة،١٩٨١.

١٥٥.محمد صابر عبيد، القصيدة العربية الحديثة بين البنية الدلالية و البنية الايقاعية، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠١.

١٥٦.محمد عبدالمنعم الخفاجي(د)، موسيقى الشعر و اوزانه "دراسات في الشعر العربي"، مجلة الاقلام، العدد(٥)، ١٩٩٠.

١٥٧.محمد عبدالمنعم الخفاجي(د)، موسيقى الشعر و اوزانه " دراسة في الشعر العربي"، دار الاتحاد الاتعاونى للطباعة، ؟ ، ١٩٩٦.

١٥٨.محمد على الخولى(د)، الاصوات اللغوية، مكتبة الخريجى للنشر و التوزيع، القاهرة، ٢٠٠٣.

١٥٩.محمد عونى عبدالرؤوف(د)، القافية و الاصوات اللغوية، مطبعة كيلانى، القاهرة، ١٩٧٧.

١٦٠. محمد محمود سامى حافظ، قواعد الموسيقى الغربية و تذوقها، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ؟

.

١٦١.محمود احمد الحفنى، علم اللآلات الموسيقية، الهيئة المصرية للتأليف والنشر، مصر، ١٩٧١.

١٦٢.محمود على السمان(د)، العروض القديم "اوزان الشعر العربي و قوافيه"، طبعة ٢، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٦.

١٦٣.محمود فاخورى(د)، موسيقا الشعر العربي، مطبعة الروضة، دمشق، ١٩٩٦.

١٦٤.مختار عطية(د)، علم البديع و ادلالات الاعتراض في الشعر البحترى، دار الوفاء للطباعة و النشر، الاسكندرية، مصر، ٢٠٠٤.

١٦٥.مقداد محمد شكر قاسم، البنية الايقاعية في شعر الجواهرى، دار دجلة، عمان، ٢٠٠٨.

١٦٦.مهيمن جزراوى، خصائص اللحنية و الايقاعية في الاغاني المرافقة للمقام العراقي، مطبعة الانعام، بغداد، ٢٠٠٤.

١٦٧.ميشال عاصي(د)، الفن و الادب، دار الاندلس، بيروت– لبنان، ١٩٦٣.

١٦٨.هالة محجوب(د)، جماليات فن الموسيقى عبر العصور، دار الوفاء للنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٧.

١٦٩.يحيى عبدالرزاق الخوثاني، علم التجويد، طبعة ٤، مؤسسة الراضى للطباعة، دمشق، ٢٠٠٤.

١٧٠.يوسف اسماعيل(د)، البنية الايقاع في الخطاب الشعري، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ٢٠٠٤.

ب ـ گۆڤار:

١٧١. بسام قطوس، البني الايقاعية في المجموعة محمود درويش"حصار لمدائح البحر"، مجلة الابحاث اليرموك " سلسلة الاداب و اللغويات"، المجلد(٩)، عدد(١)، ١٩٩١ .

١٧٢.حاتم صگر (د)، مالا يؤديه صدفة "بحث في ايقاع و الايقاع الداخلي"، مجلة الاقلام، عدد (٥)، ١٩٩٠ .

١٧٣.خالد سليمان، الايقاع في الشعر خليل حاوى، المجلة ابحاث يرموك" سلسلة الاداب و اللغويات"، المجلد(٧)، العدد(٢)، ١٩٨٩.

١٧٤.طاهر مصطفى، ديوان"صافى" مشروع منجز لكنه ينتظر النور، مجلة گولان العربي، العدد(٥٢)، ٢٠٠٠.

١٧٥.عبدالكريم المجاهد، العلاقة بين الصوت و المدلول، مجلة الاقلام، عدد(٨–٩)، ١٩٨٢.

١٧٦.غيورغى غاتشف، ترجمة نوفل نيوف، الوعى و الفن، مجلة عالم المعرفة، عدد(١٤٦)، الكويت، ١٩٩٠.

١٧٧.محمد ملا مصطفى هيرانى، دراسة جديدة عن الشاعر الكلاسيكى صافى هيرانى، مجلة زاگروس، العدد(١٦)، ١٩٩٩.

١٧٨. موسى ربابعة(د)، التكرار في الشعر الجاهلي "دراسة اسلوبية"، مجلة مؤتة للبحوث و الدراسات، المجلة (٥)، العدد(١)، ١٩٩٠.

پ ـ فەرهەنگ:

١٧٩.حبيب ظاهر العباس، اعلام و مفاهيم موسيقية، جزء الاول، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠١٠.

١٨٠.حسن سعيد كرمى، القاموس المغني الأكبر، مطبعة مكتبة اللبنان، بيروت، ١٩٩٧.

١٨١.حسين علي محفوظ(د)، قاموس الموسيقى العربية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.

١٨٢.رينهارت دوزى، تكملة المعاجم العربية، ترجمه و علق عليه، جمال الخياط، جزء العاشر، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ٢٠٠٠.

١٨٣.مجدي وهبة، معجم مصطلحات الادب، مكتبة لبنان ـ بيروت، ١٩٧٤ .

**ت ــ نامەی ئەكادیمی:**

١٨٤.شاهۆ سعيد فتح الله، دلالة البناء الايقاعي في الشعر، رسالة ماجستير، كلية اللغات، جامعة السليمانية، ١٩٩٩ .

## سێیەم: بە زمانی فارسی:

**أـ كتێب:**

١٨٥.بهزاد نقيب سردشت، سازشناسى موسيقى كردى، انتشارات توكلى، تهران، ١٣٨٥.
١٨٦.پرويز ناتل خانلرى(د)، وزن الشعر الفارسى، چاپ هفتم، چاپخانه حيدرى، تهران، ١٣٨٦.
١٨٧.رينولداين نيكلسون، مثنوى معنوى، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٧٨.
١٨٨.عبدالمحسن زرين كوب، شعر بى دروغ شعر بى نقاب، چاپ هشتم، چاپخانه مهارت، تهران، ١٣٧٩.
١٨٩.عبدالخالق پر هندى، وزن شعر كردى، چاپخانه سحاب ـ صحافى، تهران، ١٣٨٥.
١٩٠.محمد حسين خان محمدى، اشنايى با عروض قافيه، چاپخانه جهاد دانيشگاهى، اورمية، ١٣٨٣.
١٩١.محمد شفيعى كدكنى، موسقى شعر، چاپ يازدهم، مؤسسة انتشارات اگاه، تهران، ١٣٨٨.

**ب ـ فەرهەنگ:**

١٩٢.حسن عميد، فرهنگ عميد، چاپ دوازدهم، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٧٧.
١٩٣.سيما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبى، چاپى سوم، انتشارات مرواريد، تهران، ١٣٨٥.
١٩٤.مهدى ستايشگر، واژەنامه موسيقى ايران زمين، جلد دوم، چاپ دوم، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٨٥.

## چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی:

**أ ـ كتێب:**

**195.** Geoffrey Finch, Key Concepts in Language and Linguistics, Great Britain, Creative Print & design (Wales), 2005.

**196.** Stanley Davidson " 1894 – 1981", Dvavidson`s principles and practice of medicine, 20th edition, 2006, printed in India.

**ب ـ فەرهەنگ:**

**197.** A. S Hornby- oxford Advanced Learner's, Dictionary, oxford university press, 2000.

**198.** David crystal, A dictionary of linguistics and phonetics, Black Well publisher, UN, 2003.

**199.** J. A. Cudddon, A dictionary of literary of term, penguin books, Andre Deutsch LTD, 1979. 

**پێنجەم: دیمانە تایبەتییەکان:**

۲۰۰. چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ سانی شێخ عەلی هیرانی، ڕێکەوتی ۲۰۱۱/٥/۷ ، شەممە، سەعات(٤)ی پاش نیوەڕۆ.

۲۰۱. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عوسمان ڕەشاد موفتی، ڕێکەوتی ۲۰۱۱/٥/۱٤ ، شەممە، سەعات (۱۱)ی پێش نیوەڕۆ.

۲۰۲. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا سرووت فواد، ڕێکەوتی ۲۸/ ۹ / ۲۰۱۱ ، چوارشەممە ، سەعات (۱۰) پێش نیوەڕۆ.

إقليم كوردستان ـ العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين ـ أربيل

# البعد الموسيقي
# في أشعار صافى الكوردية

رسالة

مقدمة إلى مجلس كلية التربية للعلوم الإنسانية في جامعة صلاح الدين ـ أربيل
كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في الأدب الكوردي

من قبل

عثمان عبدالله فرج ـ بكالوريوس ـ كلية التربية للعلوم الإنسانية ـ جامعة صلاح الدين ـ ٢٠٠٥

بإشراف

أ.م.د. عبدالله خدر مولود

جۆزەردان ٢٧١١ كوردى | رجب ١٤٣٢ هجرى | حزيران ٢٠١١ ميلادى

## ملخص البحث:


هذه الرسالة الموسومة بـ (البعد الموسيقي في أشعار صافي الكوردية) دراسة نقدية تحليلية، وقد اتخذت الرسالة لنفسها خطة مكونة من ثلاثة فصول اساسية فضلا عن المقدمة و النتائج التي انتهت اليها و قائمة بالمصادر و المراجع المستخدمة في البحث.

**الفصل الاول:** يقع تحت عنوان (الفن و الادب) وقد يدرس مفهوم كل من الموسيقي، الايقاع، الصوت، النبر، واللحن، ثم تحدث عن العلاقة بين الوزن و الايقاع، كما أوضع العلاقة بين الشعر و الموسيقى فضلا عن بيان دور كل من الايقاع و الهارمونية و الوقف في هذا الوسط.

**الفصل الثاني:** اختص هذا القسم بـ (موسيقى الشعر) و وقع في المحورين:

**المحور الاول:** مادة هذا المحور هي موسيقى الشعر فضلا عن الايقاع الخارجي الذي يضم كلا من الوزن و القافية و لاسيما وزن العروض العربي، كما عرض أوزان شعر صافي الكردي و قوالبها و القى الضوء على ايقاع القوافي التي استخدمها الشاعر في أشعاره.

**المحور الثاني:** الحديث في هذا المحور أقتصر على كل تلك التقنيات التي لعبت دورا في تكوين الايقاع الداخلي لأشعار صافي مثل (التكرار، الجناس، التضاد، التقابل، التبادل، التوازي).

**الفصل الثالث:** تناول هذا الفصل (أثر الموسيقى في الشعر) و تكون من محورين:

**المحور الاول:** تحدث هذا المحور عن انعكاس المصطلحات و الآلات الموسيقية التي وظفها صافي بأعراض خاصة و اعطى وصفا عن مدى اثرها في الشعر.

**المحور الثاني:** تحدث هذا المحور عن انعكاسات المقامات التي ذكرها صافى بوصفها مقدمة موسيقية. تجدر الاشارة هنا الى ان البحث يسعي الى اغناء الموضوع من خلال عرض النماذج الشعرية للشاعر و بيان مقدرته و تمكنه في هذا المجال.

**Abstract**

This thesis is an analytical-critical study about the musical dimension in the Kurdish poems of Safi.

The study consists of an introduction, three chapters and conclusion.

The first chapter is entitled ‘literature and art’ which deals with the concepts of musicality, rhythm, voice, stress and intonation. Later, the relation between rhyme and rhythm are explained. In spite of shedding light on the relation found between poetry and music, the role of rhythm, harmonics, and pause are also highlighted.

The second chapter is entitled ‘the music of poetry’ and it consists of two parts. The first part deals with the music of poetry and then it tackles the external rhythm which includes rhyme and rhythm (weight). In the rhyme the Arabic prosodic weights are dealt with, along with presenting the weights and weight patterns of Safi’s Kurdish poems. In the rhythm, light is shed on the rhythm of the rhymes that have been used by the poet. The second part is devoted to the aspects that play a role in establishing the internal rhythm in Safi’s poems such as alliteration, paradox, metathesis, words with the same weight, words with the same rhyme, structural parallelism.

The third chapter is entitled ‘the reflection of music in poetry’ and consists of two parts:

The first part deals with the reflection of the terminologies and musical instruments mentioned by Safi in his poems and used them to give each one of them a status of effect-making and arousing for specific purposes.

The second part is devoted to the reflection of the scales that are mentioned by Safi as a musical background. It has been attempted to enrich the study with instances from Safi’s poetry and present the poets background knowledge in this respect.

The study ends with a number of conclusions arrived at throughout the study along with a list of the references used for this work.

Kurdistan Region - Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University – Erbil

# Musical Dimension in the Kurdish Poems of Safi

**A Thesis**

Submitted to the Council of the College of Education for Human Sciences - Salahaddin University – Erbil as Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature

**BY**

**Othman Abdullah Faraj,** B.A. College of Education for Human Science - Salahaddin university – 2oo5

Supervised by

**Asst. Prof. Dr. Abdullah Khidr Maulood**

June 2011 A.D. Rajab 1432 Al-H. Jozardan 2711 K.